هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان

سکوڵی زمان/بەشی کوردی

# دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

نەریمان حەسەن حەمەکەریم

پێشکەشی سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشتیار:

پ.ی. مەحمود فەتحولا ئەحمەد

2715 کوردی — 2015 زاینی

***ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانكۆی سلێمانی ئامادەكراوە و بەشێكە لە پێویستیەكانی پلەی ماستەر لە زمانی كوردیدا.***

***ناو: پ.ی. مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد***

***ڕۆژ: / / 2015***

***بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.***

**ناو: د. كاروان عومەر قادر**

**سەرۆكی لیژنەی خوێندنی باڵا**

ڕۆژ: / / 2015

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتووێژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد، بڕیارماندا: کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. مەحمود فەتحولا ئەحمەد

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕۆژ:   /2015/11

ناو: پ.د. بەکر عومەر عەلی

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:   /2015/11

ناو: پ.ی.د. ئازاد ئەحمەد حسین

ئەندام

ڕۆژ :   /2015/11

ناو : پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزو

ئەندام

ڕۆژ:   /2015/11

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا

ناو:د. کاوان عوسمان عارف

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ:   /   /2015

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دەستە ماندووەکانی دایك و باوکم.
- هاوسەرەکەم شادان و دوو جگەرگۆشەکەم (ئیلان و ئیما) .
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە بەوانەکانیان واتایان بە ژیانم بەخشی.
- دۆست و هاورێ و خۆشەویستانم کە هاندەر و پشتیوانم بوون.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خوای مەزن دەکەم، کە زمانی پێبەخشیوین.
- سوپاسێك، کە شیاوی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم (پ.ی.د. مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد) بێت، کە ماندوو نەناسانە و لە خۆبوردوانە و هاوڕێیانە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆ گرت و هەموو هاوکاریەکی پێویستی کردم، تاوەکو نامەکە هاتە بەرهەم.
- ڕێز و وەفای خۆم بۆ بەڕێز (د. شیلان عومەر) دەردەبڕم، کە لە خۆبوردوانە لە کاتی پێویستدا ڕێنمایی دەکردم.
- بەڕێز (د. محەمەدی مەحوی ) شایانی ڕێز و سوپاسی بێپایانە، کە بە ڕێنماییەکانی بەهرەمەندی دەکردم.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی دەکەم، بە تایبەت ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە وانەیان پێگوتووم. زۆر سوباس بۆ د. کاروان عومەر و د. عبدالجبارمستەفا، د. وریا عومەر ئەمین، د. تالب حوسێن، کە لێیان سودمەند بووم.
- سوپاسی چەند مامۆستا و هاوڕێیەکی تایبەت دەکەم کە هەمیشە هاوکاریان کردووم، هانیان داوم بۆ سەرکەوتن. سوپاس بۆ سەرجەم خەمخۆرانی زانست و پەروەردە و فێرکردن.
- سوپاسی ئەو هاوڕێ و مامۆستا خۆشەویستانە دەکەم کە لە دابینکردنی سەرچاوەکاندا هاوکاریانکردووم.

- **سوپاسی تایبەتم بۆ بەڕێزان(د.غلام حسین کریمی دوستان: ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی تاران، د. یادگار کریمی، لە زانکۆی کوردستان لە سنە، د. خانم جهانبخشی لە زانکۆی (تربیت مدرس) لە تاران کەچوینەتە لایان، هەم ڕێنماییان کردین و هەم چەند سەرچاوەیەکیان بۆ دابینکردین**

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| referential theory | تیۆری ئاماژەبەندی |
| Sabjectification | ئاوەزسازی/مەزەندەکردنی ئاوەزی |
| denotational | ئاماژەیی |
| Ideational | بیری/خەیاڵی |
| situation context of | بارودۆخی دەقی |
| signific | بە بایەخی |
| conceptuali zation | بەچەمککردن |
| accomplishment | تەواوکردن |
| semantic Network | تۆڕی سێمانتیکی |
| coontative meaning | تویکڵە واتا |
| ideational theory | تیۆری بیر |
| correspondence theory | تیۆری پەیکاڵیبوون |
| propositional theory | تیۆری گوزارەیی/ڕستە ناوەرۆك |
| inferential theory | تیۆری هەڵهێنجان |
| componet | پێکهاتە |
| general term | زاراوەی گشتی |
| singular term | زاراوەی تایبەتی |
| context situational | دەقی بارودۆخی |
| cognitive | درکپێکردن |
| Structure | دروستە |
| structural semantique | دروستە واتاییەکان |
| semantics structure | دروستەی سێمانتیکی |

| | |
|---|---|
| Representational | دووباره پیشاندان/نواندن |
| formal approach | فۆرمەلەیی/گەلاڵەکراو |
| Conventional | ڕێکەوتن |
| Suprasegmental | سەروسەگمێنت |
| (sabjectification | ئاوەزسازی |
| degree restriction | سنوربەندی پلەیی/نمرەیی |
| eraluatrie restriction | سنوربەندی خەملاندن |
| conceptual semantics | سیمانتیکی چەمکی |
| frame semantics | سێمانتیکی چوارچێوەیی |
| lexical semantics | سیمانتیکی فەرهەنگی |
| regular polysemy | فره واتایی ڕێکخراو |
| Polysemy | فرەواتایی |
| Denotation | کرۆکەواتا |
| Content | ناوەرۆك |
| Prototype | نمونەی بنچینەیی |
| Representational | ڕونکردنەوەیی |
| Intentionality | نییەت و مەبەست |
| concept checking | هەڵسەنگاندنی چەمکی |
| Semiotics | هێمازانی |
| coded mening | واتای بە کۆدکراو |
| descoriptive meaning | واتای پەسەندکەرانە |
| emotive meaning | واتای جولاّو و وروژێنەر |
| psychological semantics | واتای دەرونی |
| meaning cognitive | واتای درکپێکردن |
| Denotational | پەیوەندی ئاماژەیی |
| conceptual meaning | واتای چەمکی |
| affective meaning | واتای سۆزداری/کاریگەری |
| semantics philosophical | واتای فەلسەفی |
| semantics polygenesis | واتای سیمانتیکی فرەسەرچاوەیی |

| | |
|---|---|
| Reference | ئاماژەبەندی |
| associative meaning | واتای یەکگرتوو |
| Implecatare | واگەیاندن/ بە خشکەیی دەربڕین |
| **path schema** | **وێنەی ئاوەزی جووڵەیی** |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 2 | ./1) ناونیشانی نامەکە: |
| 2 | 2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: |
| 2 | 3/0) بوار و سنوری نامەکە: |
| 2 | 4/0) کەرەستەی نامەکە |
| 3 | ./5) گرفتی نامەکە: |
| 3 | ./6) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە: |
| 3 | ./7) گرنگی نامەکە: |
| 3 | 8/0) بەشەکانی نامەکە: |
| 65 – 5 | بەشی یەکەم : سیمانتیك و واتا |
| 6 | 1/1) سێمانتیك و واتا |
| 7 | 2/1 ) پێناسەی واتا |
| 11 | 3/1 ) پێگەی واتا |
| 12 | 4/1) جۆرەکانی واتا |
| 14 | 1-4/1) واتای فەلسەفی |
| 14 | 1-1-4/1) تیۆری ئاماژەبەندی |
| 14 | 2-1-4/1) تیۆری بیر |
| 15 | 3-1-4/1) – تیۆری گوزارەیی/ڕستەناوەڕۆکی |
| 16 | 4-1-4/1) تیۆری بەکارهێنان |
| 18 | 5-1-4/1) تیۆری ژیری |

| | |
|---|---|
| 21 | 2-4⁄1 ) واتای لۆژیکی |
| 23 | 3-4⁄1) واتای زمانەوانی⁄واتای فەرهەنگی |
| 25 | 1-3-4⁄1) تیۆری مێژوویی زمانەوانی |
| 32 | 2-3-4⁄1) تیۆری بەرهەمهێنان |
| 36 | 3-3-4⁄1) تیۆری دروستەکاری |
| 40 | 4-3-4⁄1) تیۆری دروستەکاری نوێ |
| 49 | 5-3-4-1) تیۆری درکپێکردن |
| 52 | 5⁄1) پێناسەی سیمانتیك |
| 56 | 6/1 ) دروستەstructure |
| 56 | 7⁄1) دروستەی سیمانتیکی |
| 57 | 8⁄1 ) پێکهاتە |
| 58 | 9⁄1) مۆدێلێکی پەسەندکردنی واتا (مۆدێلی درکپێکردن) |
| 62 | 10⁄1) مۆدیلێکی پەسەندکردنی ڕێزمانی |
| 119 – 66 | بەشی دووەم : بنەماکانی شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا |
| 67 | 2) پێڕەو و بنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردن |
| 67 | 1⁄2) زمانەوانی درکپێکردن |
| 68 | 2⁄2) سێمانتیکی درکپێکردن |
| 70 | 3⁄2) بنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردن |
| 69 | 1-3⁄2) سیمانتیکی فەرهەنگی |
| 74 | 2-3⁄2) دروستەی چەمکی |
| 76 | 3-3⁄2) وێنە ئاوەزییەکان⁄زەینیەکان |
| 83 | 2-3-3⁄2) جۆرەکانی وێنەی ئاوەزی |
| 83 | 1-2-3-3⁄2) وێنە ئاوەزیی قەبارەیی |
| 85 | 2-2-3-3⁄2) وێنەی ئاوەزیی جوڵەیی⁄ڕێڕەوی |
| 86 | 3-2-3-3⁄2) وێنەی ئاوەزی هێزیی |
| 89 | 3-3-3⁄2) پەیوەندی وێنە ئاوەزیەکان و پراگماتیك |

| | |
|---|---|
| 91 | 4-3⁄2) نەخشەکان |
| 93 | 5-3⁄2) سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی |
| 98 | 6-3⁄2) پۆلکردن: |
| 100 | 7-3⁄2) کرۆکەواتا |
| 102 | 8-3⁄2) نمونەی بنچینەیی |
| 104 | 9-3⁄2) تۆڕی سێمانتیکی |
| 107 | 1-9-3⁄2) تۆڕی واتایی لە ئاستی فەرهەنگدا |
| 111 | 4⁄2) پۆلێنکردن |
| 114 | 1-1-4⁄3) پۆلی داخراو |
| 117 | 2-1-4⁄3) پۆلی کراوە |
| 179-119 | بەشی سێیەم: بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا |
| 120 | 3) بواری کارەکی |
| 120 | 1/3) ڕەگەزە واتاییەکانی کردار |
| 123 | 2⁄3) کرداری زمانی کوردی |
| 129 | 3-2/3) کرداری جێگیر: |
| 132 | 4-2/3) کرداری جولاو/داینامیکی |
| 135 | 3⁄3) ڕەگەزەکانی چەمکی تێهەڵکێشکردن |
| 136 | 4⁄3) تێهەڵکێشەکان بە پێی تیۆری سێپەلکی تالمی: |
| 136 | 1-4⁄3) تێهەڵکێشی حاڵەت و جوڵە |
| 144 | 2-4⁄3) تێهەڵکێشی جوڵە و ئاراستە |
| 149 | 3-4-3) تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و جوڵە |
| 152 | 5/3) هەندێك تێهەڵکێشی تایبەت بە زمانی کوردی |
| 153 | 1-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە و زەمینە |
| 153 | 2-5/3) تێهەڵکێشی هۆکارو جوڵە |
| 153 | 3-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+هۆکار+جوڵە |
| 154 | 4-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+هۆکار |

| | |
|---|---|
| 154 | 5-5/3)  تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+زەمینە: |
| 155 | 6-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+ئاراستە+جوڵە |
| 155 | 7-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+ڕەگەزی بەرجەستە+جوڵە |
| 155 | 8-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە+ جوڵەی هاوڕێ |
| 157 | 6/3) ناو |
| 158 | 1-6/3) تۆڕی سێمانتیکی واتای وشەی (دەم) وەك نمونەیەك لە ناوەکانی زمانی کوردی |
| 161 | 7/3) ئاوەڵکردار |
| 163 | 1-7/3) تۆڕی سێمانتیکی واتای وشەی (بەر) وەك نمونەیەکی ئاوەڵکردار |
| 167 | 8/3) تۆڕی سێمانتیکی واتایی پرپیۆزشنی (لە): |
| 171 | 9/3) لاگری دیارخەری (نیشانەی دیاریکردنی (ەکە) |
| 173 | 10/3) سەرسوڕمان |
| 177 | 1-10/3) جۆرەکانی ڕستەی سەر سوڕمان |
| 178 | 2-10/3) لێکدانەوەی واتای ڕستەکانی سەرسوڕمان |
| 183 | ئەنجام |
| 184 | سەرچاوەکان |
| 192 | الملخص |
| 193 | Abstract |

# پێشەکی

**1/. ) ناونیشانی نامەکە :**

ناونیشانی نامەکە (دروستەی سێمانتیك لە زمانی کوردیدا)یەو تایبەتە بە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی واتا و بواری واتایی دەربڕینەکانی زمانی کوردی. نامەکە ئاوەزیانە دەڕوانێتە ئەو واتاو ناوەرۆکانەی کە لە وشە و دەربڕینەکانی زمانی کوردییەوە بەرهەمدێت. دیوی قووڵی دەربڕینەکان و فۆرمەکانیان لە دروستەیەکدا لێکدەداتەوە. بۆ بەرهەمهێنانی واتای سێمانتیکی هەر دەربڕینێك پێویستە هەموو ئەو کاریگەرییانەی وەك (ئەزموون، ئاستی هۆشیاری، کۆزانیاری، ئاوەز) لەبەرچاو بگیرێن، تا بە باشی درك بە سەرجەم واتای ناو دروستەکە بکرێت.

**2/0) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

دەربڕینە زمانییەکان کە خاوەن واتای فەرهەنگی خۆیانن، بە هۆی واتاگەلی جیاوازەوە گۆڕانکاری لە فۆرمەکانیاندا دەهێننە ئاراوە، کە هەر یەکێك لەو واتایانە بۆ ڕونکردنەوەی مەبەستێکە، بەڵام ئایا سەرجەمی مەبەستەکە بە هۆی ئەو دەربڕینانەوە دەگاتە گوێگر/خوێنەر؟ واتای فەرهەنگی و کاریگەرییە واتاییەکان (ئەزموون، ئاستی هۆشیاری، کۆزانیاری، ئاوەز و ئەزموونەکان، پراگماتیك) چۆن ڕێکدەخرێن، تا واتای سیمانتیکی ئەو دەربڕنە بنوێنن؟ دیاریکردنی پێگەی هەر یەکێك لەمانە و ڕۆڵیان لە دروستکردنی دروستە سیمانتیکیەکەدا هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەن.

**3/0 ) بوار و سنوری نامەکە:**

بەگشتی بواری نامەکە تایبەتە بە لێکدانەوەی واتا بەو شێوەیەی کە درکپێدەکرێت لە لایەن گوێگر و قسەکەرەوە، لەپاڵ واتای فەرهەنگی وشەکاندا مەبەست و ئاوەز و ئەزموون لەبەرچاودەگیرێت، هەر وەك سێمانتیکی درکپێکردن جەختی لەسەر دەکاتەوە. بۆیە زۆرجار لە ڕستە کاندا توانیومانە، بگەینە ئەو واتایەی کە مەبەستمانە. لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەی بنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردنەوەیە، سنورەکەشی (بەشە ئاخاوتنەکانی وەك کردار، ناو، ئاوەڵکردا، پرییپۆزیشن، سەرسوڕمان)، لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە.

**4/0) کەرەستەی نامەکە :**

بریتییە لە زمانی ئێستای قسەپێکەرانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، بە تایبەتی شێوە زاری سلێمانی.

## ./5 ) گرفتی نامەکە:

بۆ دەسنیشانکردنی واتای فەرهەنگی وشەکانی زمانی کوردی پێویستە زۆرترین زانیاری دەربارەی ئەوە وشەیە بخرێتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە سەرچاوەکانی ئەو زنیارییانە دەبێت، بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن سەرچاوەگەلێکی زۆر باشن بۆ دەستخستنی زۆرترین زانیاری. بۆیە گرنگە لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی زانستی (کوردی – کوردی)دا، گرفتی کەمی زانیاری دەربارەی وشە فەرهەنگیەکان بەم پێڕەوە چارەسەر بکرێت.

## ./6 ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

ڕێبازی کارپێکردنی نامەکە وەسفی شیکارییە، بە پێی بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێردن لە زمانەوانی درکپێکردندا، کە بەشێکە لە زانستی درکپێکردن، دروستەی سیمانتیکی وشەکانی زمانی کوردی شیکراونەتەوە.

## ./7 ) گرنگی نامەکە:

دەسنیشانکردنی دروستەی سێمانتیکی هەر دەربڕینێك، کۆمەڵێك گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە لێکدانەوە و تۆمارکردنی واتای ئەو دەربڕینەدا، دروستە سیمانیکیەکە دەستنیشانی دەکات، کە قسەکەر بۆ گەیاندنی بیرەکەی ناو مێشکی سود لە کام فۆرم وەربگرێت. لە ڕەچاوکردنی کاتدا فۆرمێك کە چرکە ساتییە، یان ئاساییە بەکار دەهێنرێت؟ لە ڕەچاوکردنی جوڵەدا کام جۆری جوڵە لە دەربڕینەکەدا گرنگە؟ لە دەستنیشانکردنی پلەی فەرهەنگیبوونی فۆرمەکاندا کام میان فەرهەنگیترە؟ لە دیاریکردنی واتای بنچینەی وشەیەکەدا لە ناو سەرجەم واتاکانیدا کام واتا فەرهەنگییە؟ کام واتا واتای پرۆتۆتۆتایپی وشەکەیە؟ کاتێك فۆرمە سادەکان فەرهەنگیترین فۆرمی زمانن، لە نادسادەکاندا مەکۆی واتا دەکەوێتە کام بەشی فۆرمەکەوە؟ ئەمانەی و چەندین زانیاری دیکەی گرنگ، کە دەبنە پرۆفایلی وشەکان، سێمانتیك لێیان دەکۆڵێتەوە.

## 8/0 ) بەشەکانی نامەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە، لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا وەڵامی ئەم پرسیارانەمان داوەتەوە بەگشتی: ( واتا چ یە؟، کێشەکانی کامانەن؟، پێناسەی واتا چییە؟، مێژووی ئەم زانستە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟، خاوەن چ پێگەیەکە؟، جۆرەکانی واتا کامانەن؟ ). ئەوەی ئەم

بەشە لە لێکۆڵینەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە، کە لەم بوارەدا کروان، ئەوەیە کە هەوڵمانداوە لە بنەڕەتەوە لە بابەتەکان بدوێین، لە لایەکی دیکەوە پۆلێنێکی جیاوازمان بۆ واتا ڕێکخستووە و دابەشمانکردووە بۆ (واتای فەلسەفی ، واتای لۆژیکی، واتای زمانەوانی). لە باسی واتای فەلسەفی دا گرنگترین ئەو تیۆرانەمان خستۆتە ڕوو، کەلەو جۆرە واتایەوە پەیدا بوون، لەناو تیۆرەکەشدا باسی کەسە سەرەکیەکانی داهێنەری تیۆرەکەمان کردووە . بۆ جۆری واتای زمانەوانیش بەهەمانشێوە. لە کۆتای بەشەکەدا پێناسەی سێمانتکمان کردوە و باسی دروستە، دروستەی سێمانتیکی، پێکهاتەمان کردووە، پاشان لە کۆتای بە شەکەدا باسی زمانەوانی درکپێکردنمان کردووە، کە تێکردەیە بۆ بەشی دووەمی نامەکە.

بەشی دووەم تایبەتە بە شیکردنەوەی پێڕەوی نامەکە، کە بریتییە لە (زانستی سیمانتیکی درکپێکردن). لە سەرەتادا کورتەیەك لە زانستی زمانەوانیی درکپێکردنمان باسکردووە، دواتر باسی سیمانتکی درکپێکردن و پاشان سێمانتیکی فەرهەنگی و دروستەی چەمکی، کرۆکە واتامان کردووە. دوای ئەم تێڕوانینانە لەو ڕوانگەیەوە، بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێردنمان بە ڕادەی کارەکەمان شیکردۆتەوە، نموونەی کارەکیمان لە زمانی کوردیدا خستۆتە ڕوو، بۆ سەلماندنی پەیکالی بوونی ئەم بنچینانە لەگەڵ زمانی کوردیدا، وەك بنەمای تۆڕی واتای سێمانتیکی، وێنەی ئاوەزی و جۆرەکانی، نمونەی بنچینەیی/پرۆتۆتایپ، نەخشەکان، وێنەی فیچەرەکان، تێڕوانینی ئنسکلۆپیدیایی، پۆلکردن. دواتر کەرەستەکانی زمانی کوردیمان پۆلێنکردووە، تالە هەندێك لەو کەرەستانە نموونە وەربگرین و بە هەندێك لە بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێکردن لێکیان بدەینەوە.

بەشی سێیەم بە گشتی کارەکیە و کەرەستەکانی زمانی کوردی بە تایبەت (کردار)، لە ڕوانگەی بنەمای وێنەی ئاوەزی جۆری جوڵەوە، لە ڕوانگەی زانا (تالمی)ەوە شیکراوەتەوە، یاساکانی (تالمی) کە تایبەتە بە کرداری جوڵاو لە زمانەکانی هیندۆئەوروپیدا، کرداری جوڵاوی زمانی کوردی پێشیکراوەتەوە. بەشی سەرەکیی بواری کارەکی نامەکە تایبەتکراوە بە کرداری جوڵاو لە زمانی کوردیدا، بەڵام بۆ زیاتر شیکردنەوەی بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێکردن بەشە ئاخاوتنی ناو، پریپۆزشن، ئاوەڵکار، بە پێی تۆڕی واتایی سێمانتیکی، لاگری (ەکە) بە پێی خێزانی هاوشێوە، سەرسوڕمان بە پێی وێنەی ئاوەزی جۆری قەبارەمان لێکداوەتەوە.

دواتر ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەشتوین.

# بەشی یەکەم:

# سیمانتیک و واتا

## 1/1 ) سێمانتیك و واتا

سیمانتیك لێكۆڵینەوەی زانستی واتایە، زمان هۆكاری گواستنەوەی واتایە، كەواتە پێویستە بپرسین واتا چییە؟ جیاوازی بۆچوونەكان و بوونی تێڕوانینە جیاوازەكان، فاكتەری خولقاندنی فرە وەڵامی ئەم پرسیارەن. ئەگەر زمانەوانی لێكۆڵینەوەی زانستی بێت لە زمان، ئەوا واتاناسیش لێكۆڵینەوەی زانستیە لە واتا . زمانەوانەكان یەكدەنگن لەوەی كە لە هەر گۆشە نیگایەكەوە، یان بە هەر تیۆریەك لە واتا بڕوانیین پێویستە لە چوار چێوەی سیستەمێكدا بێت .

كاتێك دەربارەی واتا قسە دەكەین، لە ڕاستیدا لەو توانایە دەدوێین كەمرۆڤەكان بۆ تێگەشتن لە یەكتر لە ئەنجامی پەیوەندیكردنەوە هەیانە، كەواتە بەبێ لێكدانەوەی هێماكان لەلێكدانەوەی واتادا سەركەوتوو نابین. ئەم لێكدانەوانە دەیسەلمێنێنن، كە (واتا ) پێویستە لە دوو بواردا كاربكات:

یەكەم : پەیوەندی نێوان هێما و هێما بۆكراو؛ پەیوەندی نێوان زمان و بیر و ڕەفتار، كە زاراوەی (بە بایەخی significic) بۆدانراوە .

دووەم : لە گۆڕانكاری واتای وشەكان لە مێژوودا دەكۆڵێتەوە، چۆنیەتی لەیەكتر جیابوونەوەیان دەخاتە ڕوو، كە ئەمەش بۆ یەكەمجار(بریئال) ئەم لێكۆڵینەوەیەی ناونا (سیماسیۆلۆژی semasiology) ( سید خ لیل ساغروانیان:1369 :435)

ئەگەر كەسێك زمانی كوردی نەزانێت و بپرسێت بۆ نموونە دیوار چییە ؟ ئەوكات ئێمە بە دوو جۆر دەتوانین وەڵامی بدەینەوە: یەكەم: بەهۆی دەربڕینە زمانییەكانەوە، بە سود وەرگوتن لە وشە واتادارەكانیتر، كە لەفەرهەنگی زمانی كوردیدا هەیە، وشەی دیوار ڕوندەكەینەوە، بۆ نمونە دەڵێین (دیوار بەشێكە لە خانوو/دیوارلەكۆمەڵێك بلۆك/خشت پێكهاتووە. دووەم: بە هۆی جیهانی دەرەوەی زمان/نازمانی. بۆگەیاندنی واتا دەتوانین هێما نازمانییەكان بەكاربهێنین، ئەگەر بە هێما نازمانییەكان وەڵامی پرسیارەكەی سەرەوە بدەینەوە: لە هەوادا وێنەی دیوارێك دەكێشین، یان ئاماژە بۆ دیوارێك دەكەین كە نزیكمانە و دەیبینین. بەڵام كارەكە هەمیشە بەم شێوە سادەیە نییە، چونكە ئەگەر پرسیار كرا (فریشتە) چییە ؟ ئەو كات نمونەیەكی بەرجەستە نییە، ئاماژەی بۆ بكەین، لەوانەیە وێنەی گیاندارێك بكێشین كە دوو باڵی سپی هەیە، ئەگەرپرسیار كرا (ویژدان) چییە؟ ئەوكات نە ئاماژەی بۆ دەكرێت، نە دەتوانین وێنەیەكی خۆی یان پێچوێنراوێكی بكێشین، لەم كاتەدا پێویستە تەنها كەڵك لە

زمان وەربگرین. لە نمونەکەوە دوو جۆر واتامان دەستدەکەوێت. یەکەم: واتای زمانی. دووەم: واتای نازمانی. بەڵام هێشتا گرفتی دیکەی واتامان هەیە، سەرنجی ئەم نمونانە بدە:

1 -گڵۆپی سووری ترافیك ← بوەستە .

2 -ئەڵقە لە پەنجەدا ← هاوسەرگیری کردووە

3 -دووکەڵ ← ئاگر

4 -خوێی چێشت ← کلۆراتی سۆدیۆم

5 -کونی ڕووی دیوار ← پێشتر بزماری پێدا داکوتراوە .

6 -پژمین ← ئارامگرتن

7 -چەند تینوومە. ← هەندێك ئاوم بۆ بهێنە.

8 -هەڵتۆقین و سووربوونەوەی پێست ← نەخۆشی

9 -ئەم میوانییەم قورس لەسەرکەوت. ← خەرجی میواندارییەکە زۆر بوو.

ئەمانەو چەندین نمونەی دیکە، کە هەردەستەواژەیەك یان ڕستەیەك دەکرێت واتای جیاواز لەخۆ بگرێت، چونکە پێگە، دابونەریت، کلتور، بۆنە و یادگاری... دەتوانن واتا بگۆڕن، کاتێك (گوڵێکی سوور) لای گوڵفرۆشێکە ئەو واتا لە خۆ دەگرێت کە ڕوەکێکە و ناوی گوڵی لێنراوە، بەڵام کاتێك دەیکرِیت و پێشکەشی کەسێکی دەکەیت، ئەو ڕوەکە نییە و واتایەکی دیکەی لەخۆ گرت، کەواتە مەبەست لە واتا کام واتایە؟. زانستی واتا هێشتا ناتوانێت هەموو ئەو جۆرانەی واتا لێکبداتەوە و پۆلێنیانبکات و لە چوارچێوەیەکی سیستماتیکدا ڕێکیانبخات، بۆیە دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەوەی واتاسازی خۆی پێوە خەریککردووە تەنها واتا زمانەوانییەکانە، دەتوانین لە دروستەی ئەو دەربڕینانە بکۆڵینەوە کە بە شێوەی قسەکردن یان نووسین دەردەبڕدرێن، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەش تەنها بەمجۆرەی واتاوە -واتای دەربڕاوە زمانییەکان- خۆی خەریکدەکات.

### 2/1 ) پێناسەی واتا

لەگەڵ بوونی هەموو ئالۆزییەکانی واتا، زانایانی ئەم بوارە لە توێژینەوەکانیان بەردەوامن و خەریکی

ڕێکخستن و یاساسازین بۆ ئەم بوارە فراوانە، لەبەرئەم فراوانییە بۆ ئەوەی بە جیاجیا لێیبکۆڵرێتەوە (واتا) دابەشبووە بۆ واتای زمانەوانی لە زانستی زماندا و واتای فەلسەفی semantics philosophical بەشێکە لە

فەلسەفە و واتای دەرونی psychological semantics بەشێکی زانستی دەرونزانییە."هەموو زمانێکی ئاسایی لە بنەڕەتدا بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و سیستەم کە ئامانجی تێگەشتن و پێڕەوی و پەیوەندیکردنە comaniction systeme". ( جان لایز: 2006 ك37 ) دەتوانین هەموو ڕەفتارەکان بە واتا دابنێین، جیاوازی لە نێوان تێگەشتن بە هۆی زمان و تێگەشتن بە هۆی ڕەفتارەکانی ترەوە ئەوەیە، کە ڕەفتارەکان بە دوو ڕەگەزەوە پەیوەستن:یەکەم : نییەت و مەبەست intentionality . دووەم : ڕێکەوتن conventional، بۆ نمونە کە قرژاڵ تورە دەبێت چنگەکانی دەهاوێژێت، بەلاٌم کە مرۆڤێك تورە دەبێت شێوەی سوورهەڵدەگەڕێت و مشتەکانی دەنوقێنێت... یا بە زمان هێرش دەکات و دەڵێت :

- لەو کارەی کە کردت پەشیمان دەبیتەوە .

- ڕاتدەکێشمە دادگا .

- چۆن دەوێریت بەمشێوەیە هەڵسوکەوت بکەیت .

ئەمانە هەموو شێوازی ڕاگەیاندنی واتان، کەواتە دەربڕاوە زمانییەکان هەموو ئەو شتانە نیین کە واتای پێڕوندەکرێتەوە، ئەگەر بڕوانینە پەیکەرێك بە هۆی بوونی واتایەك لەو هێمابۆکراوەدا، کە بە هێمای پەیکەرێك ئاماژەی بۆ کراوە، پەیوەندییەك لە نێوان هێماو هێمابۆکراوەکەدا دەدۆزینەوە."واتای (واتا) فرە واتایە/فرە سێمە polysem، ئەم فرە واتاییەی واتا هۆکاری زۆری هەیە، چونکە واتا تەنها ئەو بابەتانە ناگرێتەوە کە زمان زانستیانە بەدواداچوونیان بۆ دەکات، بە لکو واتا بە پێی تێڕوانینی ژیربێژەکان، دەرونزانەکان، کۆمەڵناسەکان، زانستی هێما – زمانییەکان لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ دەکرێت. لێرەوە دەبێت گرنگی بە واتا گەل، ئاماژە بەندی، واتا بوون، واتا بەخشین، ناوەرۆك بە گشتی بدرێت. پێناسەی ( واتا ) پەیوەندی بە چوار هۆکاری سەرەکیەوە هەیە :

ا- لایەنی کەرەستەیی(دەنگ، گرافێمی) دەربڕینە زمانییەکان.

ب- لایەنی دەروونی، کەلە داڕشتنی چەمك و ناوەرۆکی ئاوەزی/هۆشەکیدا content mental بەشدارن

پ- چەشنەکان و بونەوەرەکان و بابەت و نیشانە و شتی دنیای ڕاستی و ڕاستەقینە، لە دەربڕینە زمانییەکان پەیوەستن پێیانەوە و ئاما<ەیان بۆ دەکەن .

ت- قسەکەر و دەقی تایبەتی دەوروبەر، کە تێیدا دەربڕینە زمانیەکان بەکار دەهێنرێن". (محەمەدی مەحوی: 2009 :27). ئەم تێکەڵبوونی واتای واتایە، بەسەریەکدا کەوتن و یەکتربڕینەی زاراوەی واتا، چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆ واتا هێناوەتە ئاراوە، لەوانە:

1- "لێکۆڵینەوەی واتا هۆیەکە بۆ تێگەشتن لە مێشکی مرۆڤ"(محەمەد مەعروف فەتاح : 1990: 157). فەرهەنگە گەورە و ئاوەزیەکەی مێشکی مرۆڤ، هەموو زانیاریەکانی سنووری خۆی بە تایبەتمەندی خۆیەوە تێیدا هەڵگیراوە، ئەم زانیاریە ئەبستراکتیانە، کاتێك دەدرکێنرێن لە ڕێگەی هێما زمانیەکان یان نازمانیەکان دەبن بە واتاو بیرەکە لە مێشکی قسەکەرەوە بۆ دەوروبەر دەگوێزنەوە، کەواتە لێرەدا زمان تەنها هۆکارێکە بۆ گەیاندنی بیرەکان، بەڵام ئەم هۆکارە هێندە گرنگە کە ئەگەر نەبێت ناتوانین بیرەکان کۆنکرێت بکەین .

2- فریناندۆ سۆسێر باوەڕی وایە"واتا توانای گشتی ناوەوەی مرۆڤە لە بەکار هێنانی سیستەمی هێماکان" ( فائقە شاە حسینی : 1392: 154 ). سۆسێر پێیوایە کە زمان بە شێوەی یەك سیستەم کار دەکات. ئەم سیستەمە شێوەی ڕێکەوتن لەسەر کراو/مارکە لێدراو ی هێماکانە. (واتا) ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان هێماو هێما بۆکراودا دێتە ئاراوە. بەمشێوەیە هەرفۆرمێك پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە (بیر)ەکەوە هەیە .

3-" (واتا ) زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندی سێمانتیکە و نرخی هێما و کرۆك و هێزی گەیاندنە، بە بێ واتا شێوەو بیچمی هێمایەك هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە. >واتا< بە هێزی وشەکان دانراوە" (محەمەدی مەحوی: 2009 :22) .

4-"هەر وشەیەك کە هەمانە یەك بیرمان بۆی هەیە، ئەو بیرە دەبێتە واتای ئەو وشەیە"(فرانك ر. پالمەر: 2006 :56). زانا پالمەر لە پێناسەکەیدا (بیر) یەکسان دەکات بە وشە، ئەم بیرە وەك ڕۆحی وشە سەیر دەکات، کاتێك ڕستێك دەنگ وشەیەك دروستدەکەن پێویستە ئێمە تەنها لە واتای ئەو وشەیە بکۆڵینەوە و ئەو واتایەی کە دەیبەخشێت پەسەندی بکەین. پێویست ناکات لە بەرانبەر هەر وشەیەك، وێنەیەکی هۆشەکی دروستبکەین، بۆ ئەوەی بگەین بە واتای وشەکە، بۆ نمونە کە دەڵێین (کورسی) تەماشای ئەم وشەیە دەکەین، کە ڕستێك دەنگە، بە پێی یاسا فۆنۆلۆژیەکان تەکیەکخراون، بۆ ئەوەی واتایەك ببەخشن، ئیتر پێویست بە وێنەی هۆشەکی کورسی ناکات لە مێشکدا دروستی بکەین، بۆیە پێیوایە، کە پەیوەندی هێما و هێما بۆکراو تەنها واتایە. ئەم پێناسەیە جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی پێناسەکەی (ڕیچاردز و ئۆگدن)، کە چوار کەرەستەی سەرەکی بۆ واتا لەبەرچاو دەگرن کە بریتین لە (مەبەست و هەستپێکردن و بیر و هێما بۆکراو) (تالیب حوسێن :2011 :28) پالمەر دەیەوێت ( واتای گشتی ) بۆ

وشەکان دیاری بکات ئەم دیاریکردنەش لە مەبەستی تاکەکاندا بەرانبەر وشەیەك ناجێگیرە و هەرگیز کۆنترۆڵ ناکرێت، هەر بۆیە (پالمەر) ئەم هەست و سۆزە لە لێکدانەوەی واتادا لەبەرچاو ناگرێت .

(ئۆلمان)یش، کە پێناسەی واتا دەکات و جەخت لەسەر وێناکردنی هۆشەکی دەکاتەوە و پەیوەندی نێوان هێما و هێما بۆ کراو بە پەیوەندییەکی ئالوگۆڕی واتای دادەنێت. جیاواز لەمانە (بلۆمفیلد) (وروژاندن و وەلامدانەوە) بۆ پێناسەکان زیاد دەکات. جەخت لەسەر باری دەروونی کەسەکە دەکاتەوە، پێیوایە هەموو ڕووداوێکی زمانی پێویستە کاردانەوەیەکی هەبێت و هەلوێستێك بخولقێنێت، پێناسەکەی لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتییەوە دەڕوانێتە واتا، لە سەر بنەمای وروژاندن و وەلامدانەوە دانراوە کە دەلێت:"واتا بریتییە لەو هەلوێستەی کە ڕوداوێکی زمانی دیاریکراوی تێدا ئەنجامدەدرێت، لەگەل ئەو کاردانەوەیەی/وەلامدانەوەیەی کە بە هۆی ئەو ڕوداوە زمانیەوە لە گوێگردا پەیدای دەکات، ئەو بۆچوونانەی کە جەخت لەسەر بوونی وێنە هۆشەکی یان باری دەروونی، یان مەبەست و هەستی مرۆڤەکان دەکەنەوە لە سێگۆشەی (ریچاردز و ئۆگدن)دا خراوەتە ڕوو. بڕوانە( هەمان سەرچاوە:28-29)




هێلکاری (1)

بۆچوونەکانی (فێرس) زیاتر لە (پالمەر)ەوە نزیکن، چونکە فێرس لە ڕوانگەی تیۆری دەوروبەرەوە دەڕوانێتە واتا. مەبەست لە (دەوروبەر)یش ئەوەیە، کە واتای وشەکە بەپێی ڕستەکە و دەوروبەر لێکبدرێتەوە."واتا بریتیە لە کۆمەلە پەیوەندییەکی سیاقی ئالۆز.( ئۆلمان: 1986: 64). بە شێوەیەکی گشتی لە پێناسەکانەوە دوو ڕاستی هەلدەهێنجین:

ا- ڕەچاوکردنی هەست و سۆز و لایەنی دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر، کلتور و ئاین...لە لێکدانەوەی واتادا.

ب- لێکدانەوەی هێما زمانییەکان، وەك هێمایەکی زمانی، کە چ واتایەکی لە خۆ گرتووە .

**ئەوەی کە بە سادەیی لەمانەوە پێیدەگەین:**

**- جۆرێك واتا هەیە کە پێی دەوترێت واتای دەربڕاوە زمانیەکان، کە بە واتای سیمانتیکی ناسراوە .**

**- جۆرێکی دیکەی واتا هەیە کە بە پێی دەوروبەر لێکیدەدەینەوە کە ئەویش واتای پراگماتیکییە.**[1]

**- ئالۆزی واتا و زۆری بۆ چوونەکان و جیاوازی بیروڕاکان، گرنگی هاتنە کایەی زانستی پراگماتیکیمان بۆ بەرجەستە دەکەن. ئەم زانستە هیچ نەبێت وەچە پۆلێکی واتایە، کە ڕێگەی لێکۆلینەوەکان ئاسانتر دەکات و دەتوانین (واتا) بۆ ( واتای سیمانتیکی ، واتای پراگماتیکی ) پۆلێنبکەین .**

## 3/1 ) پێگەی واتا

**(سوسێر) دەیویست زانستیانە لە(یاسای هێماکان) بکۆلێتەوە، بۆیە دەلێت:"سیمۆلۆژی semiologle زانستێکە لە ژیانی هێماکان دەکۆلێتەوە، لە ناو ژیانی کۆمەلایەتیدا "(حمید رضا شعیری: 1388: 11). بە پێودانگی پێناسەکەی (سۆسێر) سیمۆلۆژی کار لەسەر ج ۆر و ڕۆلی هێماکان لە کایە فەرهەنگی – کۆمەلایەتیەکەدا دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە مێژووییەکان**[2] **، سیمۆلۆژی لەسەرەتادا لە بری واتا بەکار دەهات. ئەم لێکۆلینەوەیە لە ڕەوانبێژی و ڕێزمان، تەمەنی دوو هەزارو پێنج سەدسال دەبێت، کە سەرقالی بابەتی واتایە، بەناوی سیمۆلۆژی و لە**

---

[1] واتای پراگماتیکی جۆرێکی گرنگی واتایە، ناکرێت باس لە واتا بکرێت و باسی ئەم جۆرەی واتا نەکرێت "ئەم واتایە لەسەر هەستەکان وەستاوە ، واتا لە خودی واقعی بەکارهێنانەکەوە لێدەداتەوە، ئەوەی کە وێنای دەکەین بە کردەوە. وێناکردنەکەش خۆی نابینرێت بەلام کاریگەریکەی دیارە، ئەم حالەتە وەك وزەی کارەبا وایە کە خۆی نابینرێت بەلام جێکەوتەکانی هەستپێدەکەین "بڕوانە (یحیی عبابنە:2005: 99 ). پراگماتیك "ناوێزەیی ونائاسایی هەندێك گوتن چارەسەر دەکات وچەند جۆرێکە"پراگماتیکی دەربڕین، پراگمانتیکی ئاخاوتن، پراگماتیکی گفتوگۆ. بڕوانە(عەبدولواحد مشیر دزەیی :2011 و 2014 ). لێرەدا لەبەر سنورداری باسەکە ناتوانین باسی ئەم زانستە گرنگە بکەین .

2- **مێژووی واتا:** سەر هەلدانی بابەتی واتا لە قولای مێژوودایە و لە هندییەکانەوە دەستپێدەکات، کە خاوەنی لێکۆلینەوەیەکی وردی زمانن، مەبەست لەم لێکۆلینەوەیە هێشتنەوەی کتێبی پیرۆزی ئاینەکەیان (ڤیدا) بوو، کەوەك پەرستشێك ئەم کارەیان ئەنجامداوە. دەتوانین بلێین (پانینی) لەم بوارەدا پێشەنگ بووە. هندییەکان واتایان بە دووجۆر لێکداوەتەوە، جۆری یەکەم (واتا)ی وەك بەخشش و سروشتی خودایی لێکدەدایەوە. جۆری دووەم بە داهێنانی مرۆڤی دادەنا. هندییەکان فۆرم و واتا لێکجیاناکەنەوە، بۆیە لەمەوە دوو بۆچوون پەیدا بووبوو، بۆچوونێکیان پێی وابوو کە پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا پەیوەندیەکی هۆییە. وەك پەیوەندی ئاگر و دوکەل. بۆچوونەکەی دی پێی وابوو پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا لەخۆوەیە. ئەم دوو بۆچوونە لەلایەن ئەفلاتوون و ئەرستۆوە جەختی لەسەر کرایەوە، ئەفلاتوون بۆچوونی یەکەمی پەسەند کرد."بەلای ئەم بیرمەندەوە دوو چەشنە (بوون) هەیە کە یەکێکیان گۆڕاوە و ئەویتریان نەگۆڕە، گۆڕاوەکە بریتیە لەو شتانەی، کە دەتوانین دەستیانلێبدەین و بیانبینین و بە هەستەکان درکیان پێبکەین، نەگۆڕەکانیش تەنیا بە عەقل دەتوانین درکیان پێبکەین، چونکە ئەوانە

ژێر کاریگەریی ژێربێژەکاندا ئاراستەی وەرگرت و خۆی بە لێکدانەوەی (هێمای زمانی، هێمای نازمانی ، هێمای دەمی، هێمای نادەمی ) خەریککردووە. بڕوانە ( موحەمەد مەحوی :2009 : 53 ) وەریگرتووە لە ( ئەفلاتوون :2003 : 55 )

سۆسێر، یلمسفك بارت، گریمس ڕۆڵیان هەبوو لە دانانی زاراوەی >> سیموتك << دا. Semiotigue لەبری سیمۆلۆژی و بەکارهێنانی لەبری واتا هاتە ئاراوە . بەکارهێنانی زاراوەی سیمولوژی و سیموتك لە ساڵی (1970) بە دواوە دووچاری گۆڕانکاری بوونەوە، بە تایبەتی کریستیان متز ( christianmetz)، کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی قووڵی واتا بوو لە سینەمادا، زاراوەی >> سیمانتیك << ی وەك ڕێگەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەی واتا بۆ (گیرمس) پێشنیازکرد. ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە (گرمیس) و هاوڕێکانی لە بواری سیمانتیکدا ئەنجامیاندا، دواتربە قوتابخانەی پاریس ناسرا. بڕوانە(حمید رضا شعیری: 1381: 11 )

هێمازانی ( Semiotics ) زانستێکی گشتییە، واتاناسی بەشێکی ئەو زانستەیە، کە بۆ یەکەمجار دی‌سۆسێر باسیکرد. هێمازانی بە گشتی زانستی درکپێکردنی واتایە، کە واتای زمانی بەشێکی ئەم زانستەیە، پیرس( کورش صفوی:1392 :35 ) یەکەم کەس بوو کە پۆلێنی یەکەکانی هێمازانی کرد، جیاوازیکرد لە نێوان (پەیکەر icon، پێرست index، هێما symbol). بە بۆچوونی (پێرس) لە (icon)دا، لەنێوان فۆرم و واتادا جۆرێك لە لێکچوونی وێنەیی هەیە، بە گشتی پێیدەڵێن نیشانەی وێنەیی، بۆ نمونە کێشانی وێنەی کەسێك ئاماژە بۆ خودی کەسەکە دەکات. لە( index )دا نیشانەیەکی هۆکاری لە نێوان فۆرم و واتادا هەیە، کە بە نیشانەی ئاسایی ناو دەبرێت، بۆ نمونە دووکەڵ نیشانەی بوونی ئاگرە. (symbol) نیشانەیەکە، کە لە نێوان فۆرم و واتادا پەیوەندیەکی بڕیار لەسەر دراو هەیە، کە کۆمەڵگە لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ نمونە گڵۆپی سەوزی هاتووچۆ واتە بڕۆ، یان بازنەیەکی

---

نەبینراون و نابینرێن . واتە نەبینراوەکە ڕۆح/گیانە و بینراوەکەش جەستەیە ".(مستەفا ڕەزا مستەفا :2013 :8 ) واتە بە هۆی کۆنکرێتکراوەکانەوە دەگەینە بوونە ڕاستەقینەکان، کەواتە هێماکان کە کۆنکریتکراون هۆکاریی گەشتنن بە واتا، کە لە جیهانە ئەبستراکتەکەدایە . ئەرستۆش بۆچوونی دووەمی لا پەسەند بوو. ئەرستۆ پێیوابوو کە واتا ئەو بۆچوونەیە کە لە مێشکی مرۆڤدایە دەربارەی فۆرمەکە .

هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان بەردەوام بوو تائەوی کە چەندین قوتابخانەی وەك ڕەواقیەکان، ئەسکەندەرییە، سکلاتی، پۆرترۆیاڵ و پاشان سەرهەڵدانی بۆچوونە تاکە کەسییەکان لەم بوارەدا وەك: ماکس مۆلەر، دی سوسور، چۆمسکی، ڕیچاردز و ئۆگدن و واتاناسەکانی زمانەوانی درککردن ... هتد .بڕوانە(عبدالواحد مشیر دزەیی: 2011: 19)

سوور كە ناوەكەی سپییە، بەواتای(چوونە ژوورەوە قەدەغەیە) دێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین، كە هێماكان(زمانی و نازمانی) پەیوەندیی تەواویان بە گەیاندنی واتاكانەوە هەیە .

**4/1 ) جۆرەكانی واتا :** فرە لایەنی و ئاڵۆزی واتا و پەیوەندی بە بوارە جیاوازەكانەوە، چەندین پۆلێنی[3] جیاوازی بۆ واتا هێناوەتە ئاراوە، كە لێرەدا ناتوانین هەموو ئەو پۆلێنانە باسبكەین و هەڵیانبسەنگێنین[4] ، بۆیە تەنها ئەو

---

[3] هەندێك لەو پۆلێنكردنانە وەك :- فرانك پاڵمەر، واتا دابەشدەكات بۆ چوار جۆر : (دركپێكردن cognitive ، ئەندێشەیی ideational ، ئاماژەیی denotational ، گوزارەیی propositional ) . ( فرانك پاڵمەر: 1387:68 ). جۆرج یول لە كتێبەكەیدا بە ناوی ( the study of language : 137 ) دوو جۆر واتای دیاریكردووە ( واتای فەرهەنگی، واتای باركراو ). تاڵیب حوسێن لە كتێبی (واتاسازی :2011: 21-26 )ە كەیدا سێ جۆر واتای دیاریكردووە (واتای هۆشەكی، واتای بابەتی، واتای باركراو )، واتای باركراویشی دابەشكردووە بۆ چوار جۆر (واتای لاوەكی، واتای شێوازی، واتای دەروونی، واتای ڕەنگدانەوەی)

[4] فەرهاد تۆفیق حەسەن لە نامەی ماستەرەكەیدا بە ناونیشانی (پەیوەندیە سیمانتیكیەكان و هەندێك دیاردەی واتای لە زمانی كوردیدا : 2010 : 13 ) ئاماژەی بە هەندێكی دیكە لەو پۆلێنكردنانەی واتا كردوو، كە بریتیە لە : "نەجم الدین قادر كریم(2006) لە (نضریة السیاق ) دا ( واتای وتراو ، واتای مەبەست ) ی دیاركردووە . حازم علی كمال الدین ( 2007) لە ( علم الدلاله المقارن )دا واتای بەسەر(بنەرەتی، نابنەرەتی ) دا پۆلێنكردووە. فایز الدایە (2006) (واتا و واتای مەجازی ) باسكردووە . ئبراهیم خلیل ( 2007) لە ( فی اللسانیان ونحو النص )دا باس لەوە دەكات كە ئیبن سینا جكە لەوەی واتای تاك و واتای لێكدراوی جیاكردۆتەوە سێ جۆر واتاشی دەستنیشانكردووە (واتای یەكسان ( ئینسان حەیوانی ناتق )، واتای لەخۆگرتن ( ئینسان حەیوانی ناتقیش لەخۆ دەگرێت یان، واتای پێویستی (كەوتمان كور ئەبێ باوكێك ودایكێك هەبووبێت ). ابراهیم ئەنیس (2004) چوار جۆر واتای دەستنیشانكردووە كە (واتای دەنگی واتای مۆرفۆلۆجیی واتای سینتاكسی واتای فەرهەنگی و كۆمەلایەتییە). ئەحمەد موختاریش (1982) لە( علم الدلاله )دا پێنج جۆر واتای باسكردووە ( واتای بنەرەتی واتای دووەم )، واتای شێوازی، واتای دەرونی (من برادەرێكم لە دەریادا خنكابێت دەریا لای من واتایەكی شومی هەیە واتە تاكە كەسیە )، واتای ئاماژەیی (كونەپەپوو نیشانەی شوومییە ـ رێكەوتنی كۆمەڵە). هادی نەهر (2008) لە ( علم الدلالةالتطبیقی فی التراث العربی ) دا باس لەجۆرەكای واتا دەكات و لەدیدی زمانەوان و موفەسیرو رەخنەگرەكانەوە واتا بەسەر سێ جۆردا پۆلێنكراووە ( واتای فەرهەنگی، خواستراو، باروحالەت ) لەدیدی زاناكانی ئوصولێ و لۆجێك و فەلفەسەدا واتای دەربراو واتای دەرنەراو جیاكراوەتەوە كەهەریەكێكیان چەند جۆرێكی تری هەیە . محمد معروف فەتاح (1990) لە(زمانەوانی) یەكەیدا سێ جۆر واتای باسكردووە (واتای هۆشەكی ، واتای كێشەتیەتی ، كەئەمەیش پێنج جۆرە(لاوەكی و یژدانی و شێواز، بیرەكی، تێكەڵ) واتای بابەتی) بێخاڵ عبدالله لەماستەرەكەیدا ( 1989) واتای پۆلێنكردووە (واتای هۆشەكی و واتای باركراو واتای بابەتی ) ئارا علی (2007) لەماستەرەكەیدا جۆرەكانی واتای بە (واتای بنچینەیی و لاوەكی ) داناوە ئەمە جگە لەوەی واتای لاوەكی بەپێی بۆچوونەكەی لیچ پۆلێنكردووە بۆ پێنج جۆری تر هەروەها سازان رەزا ( 2005) لەگەڵ ئەوەدا كەئاماژە بۆ دابابەشكردنەكەی لیۆنس دەكات كەدە جۆر واتای باسكر دووە خۆشی پۆلێنێكی بۆ واتاكردووەو چوار جۆر واتای دیاركردووە (واتای چەمكی واتای باركراو واتای دەروونی واتای شاراوە ) عەبدوولواحید موشیر(2009: 86) لە(واتاسازی )داحەوت جۆر واتای باسكردووە (واتای فەرهەنگی، باركرا و، شێوازی، دەرونی، ڕەنگدانەوەیی، هاورێیەتی، بلبەتی ). عەبدوڵلا عەزیز محەمەد (1990 :51-54) پێنج جۆر واتای باسكردووە"

پۆلێنە دەخەینە ڕوو، کە پەسەندترە و بابەتیانەترە، تا بابەتی واتا وردتر بکرێتەوە پۆلێنەکانیش زۆرتر دەبن، بۆیە ئێمە ئەو پۆلێنەی کە واتا ناسی ئێرانی (کورش صفوی:1392، 20-28 )کردوویەتی بە گونجاوی دەزانین، لەبەر سێ هۆ:

1) پۆلێنەکەی بەشێوەیەکی گشتی ڕێگەی زۆربەی هەرە زۆری بۆچوونەکانی تێدا دەبێتەوە .

ب) لەسەر بنەمای زانستەکان پۆلێنەکە ئەنجامدراوە (وەك زانستی فەلسەفە و لۆژیك و زمان و دەرونزانی )

ج) لەناو جۆری واتاکەدا گرنگترین تیۆرەکانی واتا، کە پەیوەندییان بەو جۆرە واتاوە هەیە، باسکراون.

کورشی صەفەوی واتا بۆ سێ جۆر دابەشدەکات :

1 – واتای فەلسەفی

2- واتای لۆژیکی 3- واتای زمانەوانی

**1-4/1 ) واتای فەلسەفی**

پەیوەندیی فەلسەفە و زمانەوانی بە تایبەت (واتا) پەیوەندییەکی مێژووییە، ڕەگی واتا لە ناو فەلسەفەدایە، بۆیە زۆربەی فەیلەسوفەکان پێش ئەوەی زمانەوانی وەك زانستێکی سەربەخۆ لێکبدەنەوە، باسی زمان و واتایان کردووە.(چۆمسکی) دەڵێت"شێوازی کار، پەیوەندیی فەیلەسوفان و زمانەوانان ئەوەندە لەیەك دەچن، کە بە باوەڕی من سادەییە ئەگەر، بەڕەهای باسی جیاوازیی ئەم دوانە بکەین0"(نوام چۆمسکی:1392، 16) پەیوەندیی ئەم جۆرە واتایە (واتای فەلسەفی) بەشێك لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی زمان پێکدەهێنێت. پێشینەیەکی مێژووی و دوور و درێژی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پ.ز، کە (ئەفلاتوون) لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی لە نامەکانی(کراتیلوس و لاخس)دا، خستوویەتییە ڕوو. لەناو ئەم تێڕوانینە فەلسەفییانەدا بەگشتی کۆمەڵێك بۆچوون پەیدا بوو کە بەسەرچەند تیۆرییەکدا دابەشبوون:

**1-1-4/1 ) تیۆری ئاماژەبەندی referential theory** : پێشینەی ئەم تیۆرە بۆ بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، لە هەمو کاتێکدا و تا ئێستاش ئەم تیۆرە بە زیندوویی ماوەتەوە، بەتایبەت لای فەیلەسوفەکانی زمان، بە تایبەتیتر لای واتا ناسە لۆژیکیەکان. دەقی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە وشەکانی زمان گوزارشت لە(شت)ەکانی جیهانی واقع دەکەن. واتە هەر وشەیەك ئاماژەیە/مارکەیە بۆ شتێك، ئاماژە بەندێکە لە جیهانی دەرەوە.(کورش

صفوی :1391، 259) ئێمە لە زمانی کوردیدا (شت) یکمان ناوناوە (سەگ) فارسیش پێی دەڵێت(سگ)، لە زمانی ئنگلیزیدا پێیدەوترێت(dog)، فەرەنسیەکان بۆ هەمان شت وشەی (chien) یان هەڵبژاردووە، ئەم هەڵبژاردنە خۆ ویستانەیە، دەکرا بڵێن(ساگ یان گاس ...)، کاتێك منداڵێکیش دێتە دونیا ئاسایی لە دەور و بەرەکەیەوە فێری ناوی هەر شتێك یان ڕوداوێك دەبێت و بەکاریان دەهێنێت.(ویلیام) پێیوایە کە"بە هۆی بوونی شتەکان لە جیهانی واقعدا قسەلەرانی زمانێك ئەو توانایەیان هەیە کەوا ژمارەیەکی زۆر لە ڕستە بەرهەمبهێنن و درکیپێبکەن، چونکە لە پرۆسەی (ئاماژەبەندی) دا سودمەند دەبن؛ واتە پرۆسەی تێگەیشتن بە هۆی بوونی (شت)ەکە لە جیهانی واقعدا کە پێکهاتە زمانییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، دێتە ئاراوە."(ولیام ج.لایکان:1391، 32،31)

2-1-4/1 ) **تیۆری بیر ideational theory** : بەشێك لە واتاناسان و فەیلە سوفەکان پێیانوایە، کە (واتا) بوونێکی(بوونایەتی/وجود) هەیە کە بوونایەتی/وجودی لە خودی خۆیدایە، کە دەڵێین فلان وشە دوو واتای هەیە وەك کەسێك وایە کە خودی کەسەکە دوو کلاوی هەبێت. ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ( واتا) بوونێکی هۆشەکی هەیە. بۆچوونەکانی (لاك) لە ساڵی (1960)دا بوو بە بناغەی دامەزراندنی ئەم تیۆرە، چونکە (لاك) باوەڕی وایە کە واتای وشەکان/ڕوداوەکان ئەو بیرانەیە کە لە هۆشدان .

(لکاف) دەربارەی ئەم تیۆرە دەڵێت :"ئێمە کاتێك واتای ڕستێك دەنگمان دەستدەکەوێت کە بە گوێلێبوونیان بگەینە بیرێکی ڕاستەقینە لە هۆشماندا. بەم شێوەیە دەربڕینە زمانییەکان ئاماژە بە شتێك دەکەن لە هۆشماندا" ( کورش صفوی:1391، 263). بەم پێیە بیرێك/بۆچوونێك لەوانەیە خەیاڵێك بە فۆرمێکی پێکهاتوو لە ڕستێك دەنگ واتایەك دروستبکات.

3-1-4/1 ) – **تیۆری گوزارەیی/ڕستەناوەرۆکی propositional theory** :

زمانزان و فەیلەسوفەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بە دواوە ، پابەندی تیۆرە باوەکانی واتا بوون، هەوڵیاندا لەوە دەربچن کە (واتا) وەك (بوون) سەیر بکەن. بۆیە (هەڵهێنجان)یان هێنایە ئارا، بۆ نمونە بە هۆی چەند هێڵێکەوە دەتوانین وێنەیەك بکێشین کەبە بینینی وێنەکە تەماشاکارەکە تێبگات ئەوە(ئەسپ)ە، لەو چەند هێڵەوە واتای ئەسپ هەڵدەهێنجێت، پێویست ناکات وێنەی ئەو هێڵانە لە هۆشماندا هەبێت. دەستکەوتی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە خۆی لە کێشەی وێنەی هۆشەکی ڕزگار دەکات. بە پێچەوانەی هۆشەکی بوون شتێکی نوێ پێشنیاز دەکات کە پابەند نییە بە تاکەوە. لە تیۆری گوزارەییدا چیدی باس لە هۆش و هۆشەکی بوون، ناکرێت،

بەڵکو قسە لەسەر گوزارە دەکرێت، لە تیۆری گوزارەدا (ناوەرۆکی ڕستەیەك) پێی دەوتریت گوزارە، گوزارە زیاتر مامەڵە لەگەڵ ڕستەدا دەکات، دەتوانین (ڕاسل 1905، مور، 1953) بە خاوەنی ئەم تیۆرە دابنێین. ئەگەر زنجیرەیەك وشە واتادار بن ئەوا خاوەن گوزارەیەکن، بڕوانە ئەم نمونەیە:

1- گۆران براکەی برد بۆ قوتابخانە. لە(1) دا، گوزارەیەك هەیە کە لە ئەنجامی ڕیزبوونی ڕێزمانیی وشەکانەوە هەڵدەهێنجرێت. 2- قوتابخانە خواردی گۆران شاخ براکەی. لە(2)دا هیچ گوزارەیەکی لێوە هەڵناهێنجرێت، چونکە هیچ ناوەرۆکێك بەدەست نەهاتووە (ناوەرۆك= گوزارە)/ناوەرۆك و گوزارە ڕاستەوانەن؛ کە توانیمان گوزارەیەك لە ڕستەکەوە هەڵبهێنجین، ئەوا ڕستەکە خاوەن ناوەرۆکێکە وەك لە (1) دا دەرکەوت، بەڵام کە نەمانتوانی گوزارە لە ڕستەکەوە هەڵهێنجین ئەوا ڕستەکە واتای نییە، وەك لە(2) دا دەرکەوت. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین ڕستە هاوواتاکان یەك گوزارەیان هەیە، بڕوانە ئەم نمونانە کەهەموویان یەك گوزارە و یەك واتایان هەیە:

ا- گۆران براکەی برد بۆقوتابخانە .

ب- کەسێك کە براکەی برد بۆ قوتابخانە گۆران بوو.

پ- ئەوە گۆران بوو، کە براکەی برد بۆ قوتابخانە .

ت- براکەی گۆران بەهۆی گۆرانەوە بردرا بۆ قوتابخانە.

ج- براکەی گۆران، گۆران خۆی بردی بۆ قوتابخانە .

دەگونجێت هاوواتاییەکە لە زمانگەلی جیاوازدا بێت و هەمان گوزارەیان هەبێت.

4/ا- بەفر سپییە . زمانی کوردی

ب- برف سفید است. زمانی فارسی

پ- snow is white زمانی ئینگلیزی

ت- Leneige est blanche زمانی فەرەنسی

ج- Derschneeist Weiss زمانی ئەڵمانی

ئەو ڕستانەی، کە فرەواتان، فرە گوزارەن. واتە یەك ڕستەی فرە واتا، دەگونجێت چەند گوزارەیەکی هەبێت .

### 4-1-4/1 ) تیۆری بەکارهێنان

پوختەی ئەم تیۆرە لە چەند دیدێکەوە دەخەینە ڕوو :

#### 1-4-1-4/1 ) دیدگای ویتگنشتاین :

ئەم فەیلە سوفە پێیوایە" واتا ئەوەیە کە لە کاتی فێربوونی زماندا فێری دەبین ."(کورش صفوی:1391، 269). خستنە ڕووی وەها پێناسەیەك دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە(واتا) شێوەیەکی ئاڵۆزی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانە. کەواتە هەر دەستەواژەیەك کەبەکاریدەهێنین لە چوارچێوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتیدایە. ویتگنشتاین نمونەیەك دەهێنێتەوە: (وەستا و کرێکارێك خانوویەك دروستدەکەن، بۆ پەیوەندی نێوانیان تەنها سود لە چوار وشە وەردەگرن(خشت، ستون، تەختە، تیرەك)لەگواستنەوەی واتادا تەنانەت سود لە جووڵەی جەستەشیان وەناگرن، کە وەستا دەڵێت(خشت) کرێکارەکە خێرا خشتی بۆ دەهێنێت. بە پێی سێ تیۆرییەکەی پێشوو(خشت) ئاماژەیە بە ڕاستییەك لە جیهانی واقعدا و وەستا و کرێکاریش بە بیستنی وشەی (خشت) واتاکەی درك پێدەکەن، ئەو واتایە دەبێتە گوزارەیەك کە تەنها بە هۆی یەك وشەوە دروستبووە، بەڵام (ویتگنشتاین) پێیوایە وشەی(خشت) ڕۆڵێکی نادیاری هەیە، ڕۆڵەکەشی بریتییە لەو پابەند بوونەی کرێکارەکە تا کارەکە ئەنجامبدات. بۆیە دەڵێت:"هەر ڕستەیەکی زمان کە دروستبووە، بۆ ئەوەیە کە گوێگر کاردانەوەیەك پیشانبدات." (هەمان سەرچاوە) ئەم فەیلەسوفە واتا و زمانی بە یاری چواندووە کە بە پێی کۆمەڵێك یاسا ئەنجام دەدرێت، لە زمانیشدا ئێمە یاری بە وشەکان دەکەین، ئەم یاریکردنە قسەکەر لە چوارچێوەی یاسادا ئەنجامیدەدات. سەیری یاری شەترەنج بکە سەرباز و وەزیر جووڵەی دیاریکراوی خۆیان هەیە، کە بە یاسا لە سەری ڕێککەوتوون، هەنگاوەکانی سەرەتا هەنگاوەکانی داهاتوو دیاریدەکات، بە هەمانشێوە واتای یەك دەربڕاوی زمانی پێکهاتوە لە کۆمەڵێك یاسای نهێنی کە لە بەکارهێنانی دروستدا حوکم دەکات.(بڕوانە ولیام جی لایکن :1391، 145)

#### 2-4-1-4/1 ) دیدگای سلارز

دەتوانین بە تیۆرییەکەی سلارز بڵێین (تیۆری هەڵهێنجان inferential theory). درکی واتا لای (سلارز) جۆرێکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی؛ قسەکەر بە یاسایەك دەچێتە ناو زمان و بە یاسایەك دەچێتە دەرەوە لە زمان، هەمیشە یاسا ئامادەیە لە زماندا. کەم و کورتی بۆچوونەکانی (ویتگنشتاین و سلارز) لەوەدایە، بۆنمونە لە

ڕوونکردنەوەی واتای ناوێکدا، ناتوانین کاردانەوەیەك پیشانبدەین، کەدەڵێین ( شێخ مەحمود )، تەنها درکی ئەم ناوە دەکەین، ناتوانین کاردانەوەیەك پیشانبدەین .

**3-4-1-4/1 ) ئاسین**

هەرچەندە (ئاسین) هەندێك جیاوازی لەگەڵ بۆچوونەکانی (ویتگنشتاین)دا هەیە، بەڵام تێڕوانینی بۆ واتا لەو خاڵەدا یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت"واتای یەك ڕستە تەنها ڕەفتارێکە کە لە سەر بنەمای ڕستەکە لێکدەدرێتەوە".

**4-4-1-4/-1 ) سرل**

**سرل** لە تیۆریەکەیدا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە واتا تەنها لە چوار چێوەی بەکارهێنانیدا جێگەی بایەخە. لەسەر ئەم بنەمایە هەمووەدەربڕینە زمانییەکان پەیوەست بەکاردانەوەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پێنج بەش دابەشدەکات :

1- نوێنەرایەتی Representative. > من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە گۆران ژنی هێناوە.

2- ئاراستەیی Directive. > داوا لە ئێوە دەکەم گوێ لە قسەکانی گۆران بگرن .

3- گرنگی Commissive. > بەڵێن دەدەم هەوڵبدەم .

4- دەربڕین . Expressive. > لەبەر ئەوەی کەوتم، داوای لێبوردن دەکەم .

5- لێدوان Declarative. > ئێوە بە حەوت ساڵ زیندان مەحکومدەکەم. (کورش صفوی:2013، 273)

**5-1-4/1 ) تیۆری ژێری**

بەشێك لە دەربڕاوە زمانییەکان ئاماژەبەندێکی زۆریان هەیە، کە ئێمە تەنها بە فۆرمێك/هێمایەك ئاماژەیان بۆ دەکەین، بۆنمونە بەو سەدان ج ۆرەی (بەرد) تەنها یەك فۆرمی(بەرد) بەکار دەهێنین، لێرەدا دەتوانین بەم جۆرە دەربڕاوانە بڵێین (زاراوەی گشتی general term) لە بەرانبەردا (زاراوەی تایبەتی singular term )مان هەیە کە تەنها یەك ئاماژە بەندی لە جیهانی دەرەوەی زماندا هەیە.(هەمان سەرچاوە :275) لێرەوەیە لە ڕێزماندا ناو دابەشکراوە بۆ ناوی تایبەتی و ناوی گشتی، بەڵام (ڕاسک) لە تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەرج

نییە هەموو دەربڕاوێکی زمانی ئاماژەبەندێکی لە جیهانی واقعدا هەبێت، بۆیە چوار گریمانەی بۆ ئەم مەبەستە داناوە :

ا- گەڕانەوە بۆ نابوونایەتی (لا وجود): واتای ڕستەکە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ ئاماژە بەندێك لە جیهانی واقعدا؛ نەبوونی ئاماژە بەند لە جیهانی واقعدا واتە نەبوونی ئاماژە بەند لە بوونی بوونایەتیدا .

ب- کەم و کورتی بوون:(پادشای عێراق بوونی نییە.) ئەم ڕستەیە لەبەر ئەوەی عێراق پادشای نییە ڕاستە؛ ئێمە سەبارەت بە پادشای ئێستای عێراق قسە دەکەین و سیفەتی (نەبوون)ی دەخەینە پاڵ، ئەگەر ئەم ڕستەیە ڕاستبێت، ئێمە نەمانتوانیوە دەربارەی پادشای ئێستا قسە بکەین، چونکە شتێك بە ناوی پادشای عێراق لە جیهانی واقعدا بوونی نییە کە بتوانێت ڕاست یان ناڕاستی ڕستەکەی پێساغبکەینەوە، بە نەبوونی پادشای عێراق لە بووندا ڕستەکە ناڕاست دەبێت، بەلاّم ئێمە چۆن توانیمان بگەینە ئەوەی ڕستەکە ناڕاستە، کاتێك پادشای عێراق لە ئێستادا بوونی نییە لە جیهانی دەرەوەدا تا بتوانین(نەبوون) ی بدەینە پاڵ، یان نەیدەین .

پ- هاوئاماژەیی: پەیوەندی دوو دەربڕاو لە لۆژیکدا هاوئاماژەیی دەسەلمێنن، بۆ نمونە (ئەحمەدی خانی )مان هەیە و بوونیشی هەبووە و درکیشی پێدەکەین، نوسەری(مەمو زین) یشمان هەیە، بە بەلگەی گەڕانەوە بۆ یەك ڕاستی لە پەیوەندییەکی هاوئاماژەیدان. (ئەحمەدی خانی) نووسەری داستانی مەم و زینە. بۆ ئەوەی بزانین ڕستەکە ڕاستە پێویستە ئەوە دەستنیشانبکەین کە(ئەحمەدی خانی) هەمان نووسەری داستانی مەم و زینە یان نا؟ وەگەرنا بە فەرهەنگی لۆژیکزانەکان دە گونجێت بارودۆخی تایبەت بێت، کە دوو ئاماژە لە دوو ڕستەدا دروستدەبێت :

1- ئەحمەدی خانی ئەحمەدی خانییە .

2- نوسەری داستانی مەم و زین، نووسەری داستانی مەم و زینە.

بۆ ئەوەی(1 و 2) هاوئاماژە بن پێویستمان بە سەلماندنی ئەو ڕاستییە هەیە، کە( ئەحمەدی خانی) و (نووسەری داستانی مەم و زین) پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و یەك شتن .

ت- جێگرتنەوە: ئەگەر دوو دەربڕاو ئاماژە بۆ یەك ڕاستی بکەن، لە بری یەکتری بەکار بهێنرێن و بە های ڕاستی ڕستەکە نەگۆڕێت، ئەوە جێگرتنەوەیە.

1- خاوەنی بەرهەمی(فرمێسك و هونەر) لە هەڵەبجە لەدایکبووە .

**2- دانەری بەرهەمی( ناڵەی دەروون)خەڵکی هەڵەبجەیە .**

**پەیوەندی ئەم دوو ڕستەیە ڕاستیەك بەرهەم دێنێت کە بریتیە لە: (گۆران)**

**خاوەنی بەرهەمی فرمێسك و هونەر و ناڵەی دەروون لە هەڵەبجە لە دایکبووە ) .ئەوکات لە ڕستەکاندا :**

**1- گۆران خاوەنی بەرهەمی فرمێسك و هونەرە .**

**2- گۆران خاوەنی بەرهەمی ناڵەی دەروونە .**

**6-1-4/1 ) تیۆری هۆکاری – مێژوویی (کریپکە : 1972 ) : مێژووی دروسبوونی دەربڕاوێك، هۆکاری پێدانی وێنەیەکی ئەو دەربڕاوەیە لای کەسانی دەوروبەر، (کریپکە) کار لەسەر ناو دەکات، پێیوایە هەموو ناوێك ببینرێت یان نەبینرێت، لە لایەن تاکەکانەوە وێنەیەکی بۆ دروستدەبێت، مێژووش ڕۆڵی خۆی هەیە لە پێدانی ئەم وێنەیەدا. بۆ نموونە کاتێك دایك وباوك منداڵێك ناو دەنێنن، خۆیان بانگی دەکەن و دواتر خەڵك فێری ئەو ناوە دەبێت، بە تێپەڕبوونی کات وێنەکەی دەمێنێتەوە. ئێستا کە ناوی ( ئەنشتاین ) دەهێنین ئێمە نەماندیوە، بەڵام دەگەینە ڕاستیەك کە لە یادگەماندایە، ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە بە ناوهێنانی (ئەنشتاین) فیزیکزانێکمان لا بەرجەستە دەبێت.**

**دەتوانین بڵێین پوختەی بیر و بۆچوونی فەیلەسوفەکانی زمان بریتی بوون لە دوو تێڕوانین، کە هەر تێڕوانینێکیان لە لایەن دەستەیەکەوە بەرگری لێدەکرێت :**

**ا- تێڕوانینێك، کە لێکدانەوەی لۆژیکیانەی جیهانی واقع لەبەرچاو ناگرن و لەناو خودی زمان خۆیدا کار دەکەن، بۆ دەستکەوتنی یەکەیەکی واتای پەنا بۆ خودی زمان لە ناو زماندا دەبەن، زمانەوانەکانیش شوێن یەکێك لەم دوو دەستەیە دەکەون.(دیسۆسێر) خاوەنی تیۆری زانستی زمان پێیوایە، کە دەبێت لێکدانەوەی واتا لە چوارچێوەی(هێما زمانییەکان)دا بکرێت، ئەم نیشانانەش لای سۆسێر پەیوەندییەکی لە خۆوەن، لە نێوان هێما و هێما بۆ کراودا؛ هێما وێنەیەکی دەنگییە لە یادگەماندا پاراستوومانە، هێما بۆکراویش بۆچوونێکە کە ئێمە بە ڕاستی دەزانین. لێکدانەوەی واتا بەم تێڕوانینەی ئەم دەستە لە فەیلەسوفان، ئەو کاردانەوانەیە، کە لە ئەنجامی بەکار هێنانی دەربڕاوە زمانیەکانەوە دێتە ئاراوە. کەواتە ئەم دەستەیە، یان تیۆرین، یان کاردانەوەین.**

ب- تێڕوانینی دەستەی دووەمی فەیلەسوفەکان کە تائێستاش بە بێ دوودڵی بەرگری لێدەکەن، بوونی ئەو جیهانی واقعەیە کە بەشێکی گرنگی لێکدانەوەی واتایە. ئەوەی کە فەیلەسوفەکان و زمانەوانەکان لەسەری یەکدەنگن ئەوەیە کە:

- قسەکەر دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە بەرهەمبهێنێت کە پەیوەستن بە ڕوداوەکان لە جیهانی واقعدا.

- ئەم ڕستانە بە هۆی بوونی سنووری ژینگەیی و جۆری مرۆڤەوە بە یاسای جۆراوجۆر بە پێی زمانەکان ڕێکدەخرێن.

- سروشتی مێشکی مرۆڤ لە هەردوو میکانیزمی(هەڵبژاردن و پێکهێنان) بەهرەمەندە، ئەم دوو خەسڵەتە کاری خولقاندن بۆ خاوەنەکەیان بەرهەمدێنن .

ئەمە گرنگترین ئەو بیروبۆچوونە فەلسەفیانە بوون کە پاڵپشتی زمانەوانەکان دەکەن لە لێکدانەوەی بیروبۆچوونەکانیان دەربارەی (واتا)، هەرچەند تا ئێستا هیچ تیۆرییەکی گشتگیر و تێروتەواو لە لایەن فەیلەسوفانی زمان و واتاناسان بەرهەم نەهاتووە کە وەڵامی کۆتایی هەموو پرسیارەکانی پێبێت، لەوانەیە هەرگیز بەرهەمیش نەیەت.

**2-4/1 ) واتای لۆژیکی:** ئەم جۆرەی واتا لۆجیکێکی ماتماتیکیانەیە، لە ڕوانگەی داهێنەرانییەوە، زمان هۆکارێکە بۆ قسەکردن دەربارەی شتەکانی دەرەوەی زمان، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەکانی دەرەوەی زمان ڕاستی و دروستی ڕستەکانی زمان دێنە ئاراوە، لەم جۆرەی واتا ناسیدا، واتا دەدرێتە پاڵ جیهانی واقع کە بە (واتای ڕاستەقینە denotational )[5] ناسراوە .

واتا ناسی وێنەیی، واتاناسی مەرجداری ڕاستی، واتا ناسی نمونەی تیۆری، یاسا و ڕێساکانی مۆنتاگیو، هەموو ئاماژەن بۆ واتا ناسی لۆژیکی، کە دەگەڕێنەوە بۆ بۆچوونەکانی(بوازلو :Bolzano، 1851، فرگە:1980،

---

[5] denotational: بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشە و ئەوەی دەیگەیەنێت، یان ئاماژەی بۆ دەکات لە شت، کەس، سیفەت، ڕوداو،... لە دەرەوەی سیستەمی زمانی. ئەو واتایەیە کە هەموو قسە پێکەرانی زمانەکە دەیزانن. بڕوانە (کورش صفوی:1391، 59)

ویتگنشتاین:1953، تارسکی:1956، گودل: 1930).(کورش سەفەوی:1391: 44)، ئەمانە بنیاتیاننا‌و بەردەوامیان پێبەخشی. زاراوەی(واتاناسی لۆژیکی) ناوێکە بۆ کۆمەڵێك تیۆری واتایی کە لە ڕێگەی لۆژیکەوە واتا لێکدەدەنەوە، (واتا) لە لۆژیك سود وەردەگرێت. لێکدانەوەی واتایەك، چۆنیەتی کارکردنی یادگەی مرۆڤە، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەریدەبڕێت. زمان تەنها ڕێگەیەکە بۆ ئاماژەدان بە بیرەکانی مرۆڤ، دووبارە بۆ ڕوونکراوەکانی ناو یادگەی مرۆڤ دەگەڕێت، بۆیە دەتوانین بەم کارەی کە زمان دەیکات بڵێین( نواندن representational )، چونکە (شت)ەکە کە لە یادگەدا هەیە، زمان تەنها پیشانی دەداتەوە، ڕۆڵی زمان ئەوەیە، کە هۆکارێکە بۆ قسەکردن لە جیهانی واقع، بۆیە درکی واتای درکێنراوێك تەنها ڕێکخستنی بیرەکەیە لەگەڵ ئەو شوێنەی کە پێویستە بیرەکەی تێدا بخرێتە ڕوو، بە هۆی دەربڕاوە زمانییەکانەوە بیرەکە لە شێوەی واتادا لە پێگەی گونجاوی خۆیدا دادەنرێت. لێکۆڵینەوە لەم زەمینەیەدا شێوازی پەیوەندی پێکهاتە زمانییەکانە بەو جیهانە واقیعەی دەرەوەی زمان. (جۆن لۆك) فەیلەسوفی ئینگلیزی کە بە یەکێك لە بنیادنەرانی ئەم جۆرەی واتا دادەنرێت دەڵێت:"بەکارهێنانی وشەکان دەبێت_هێمایەکی ورد و ڕاستەوخۆبن بۆ بیرەکان" (تاڵیب حوسێن:2011: 33). ئەو جیهانەی کە لە دەرەوەی زماندایە بریتییە لە بیر، کە بوونێکی سەربەخۆ، ئەرکێکی جیاواز لە ئەرکی زمانی هەیە؛ بیرەکان ئەبستراکتن، بۆ ئەوەی بیگەیەنین بەوانیتر پێویستە کۆنکرێتیانبکەین، پرۆسەی کۆنکرێتکردنەکە لە ڕێگەی دەنگەکانی زمانەوە دەبێت، تاهێمایەك/فۆرمێك دروستبکات و هێماکە بیرەکە لەخۆ بگرێت، چونکە زمان هۆکارێکە بۆ گەیاندنی بیرەکان. بەکارهێنانی بەردەوامی دەربڕینەکە واتایەکی تایبەت بە دەربڕاوەکە دەبەخشێت. وێنە هۆشەکییەکان بریتین لەو چەمکانەی کە لە مێشکی مرۆڤدان، ئەم چەمکانەش کاتێك دەبنە واتا کە لە ڕێگەی دەربڕاوە زمانیەکانەوە دەردەبڕدرێن، پرۆسەی گواستنەوەکە بە ڕەهای ناتوانێت هەموو چەمکەکە لە بیری قسەکەرەوە بۆ گوێگر بگوازێتەوە، بۆیە هەموو کاتێك واتا لە چەمك/وێنەی هۆشەکی بچوکترە .

واتاناسەکان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەم تیۆرە لۆژیکییە، سود لە (تیۆری پەیکاڵیبوون correspondence theory) وەردەگرن، ئەویش ئەوەیە، کە:"درکی واتای ڕستەیەك ئالاوە بە درکی پێگەکەی لە جیهانی واقعدا، کە دەبێت ڕستەکەو ڕوداو/بیرەکە، کە لە دەرەوەیە پەیکاڵ بن، ئەم پەیکاڵییە پێیدەوترێت ڕاستی، خۆ ئەگەر ڕستەکە و ڕوداوەکە پەیکاڵ نەبوون ئەوا بە ناڕاست ناو دەبرێت. بۆ نمونە دەڵێین (گۆران ژنی هێنا) پێویستە ئەو چەند وشەیەی، کە ڕستەکەیان پێکهێناوە، لەگەڵ جیهانی واقعدا گونجاو بن، گونجاوی ڕستەکەو هەلومەرجەکانی جیهانی واقع، واتە ڕاستی ڕستەکان، نەگونجانیان واتە ناڕاستی ڕستەکە. واتاناسانی ئەم بوارە

سنورێك/كۆمەڵێك هەلومەرجی زمانیهان لە نێوان ڕاستی و ناڕاستیدا دانەناوە، تەنها كار لەسەر گونجاندن لە نێوان دەربڕاوە زمانییەكان و جیهانی دەرەوەدا دەكەن. خستنە ڕووی ڕاستی و ناڕاستیی ڕستەكان، دەبێتە ئەركی قسەكەر وەك عبدالواحد مشیر دەڵێت:"لێرەدا واتا دەبێتە موڵكی قسەكەر، چۆن هێماكە لیكدەداتەوە."( عبدالواحد مشیر:2011: 77).

ئامانجە گشتییەكە گەیاندنی بیرەكانە لە قسەكەرەوە بۆ گوێگر، واتە دەبێت گوێگر درك بەو بیرە بكات، كە لە مێشكی قسەكەردایە، بیرەكەش لە ڕێگەی واتاوە بە هۆی دەربڕاوە زمانییەكانەوە دەگاتە گوێگر، ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر بیر و بۆچوونەكانی قسەكەر و گوێگر دەكاتەوە، تا بگەن بە واتایەكی دیاریكراو. كەواتە بۆ كۆنكرێتكردنی بیرێك كە ئەبستراكتەو لە مێشكدایە، زمان وەك هۆكارێك بەكار دەهێنرێت تا لە شێوەی واتادا لای گوێگر بخرێتە ڕوو. بۆچوونی لۆژیكی بۆ لێكدانەوەی واتا سێ قۆناغ لەبەر چاو دەگرێت:

ا- وەرگێڕانی ڕستەكانی زمانێكی ئاسایی بۆ زمانی لۆژیك، كە زمانە ئاساییەكە، خاوەن یاسا و ڕێسای سینتاكسی و سیمانتیكی بێت.

ب- جێگیركردنی شێوازێكی نمونەیی ماتماتیكیانە كە بتوانرێت هەموو كاتێك بە زمان لێكبدرێتەوە.

پ- ئەو شێواز و یاسا پێوانەییانە، بڕیار لەسەر دروستی و نادروستیی ڕستەكانی زمان و جیهانی دەرەوە دەدەن؛ واتە یاسابەندی بۆ دەستنیشانكردنی ڕاستی و ناڕاستی دەربڕاوە زمانییەكە و جیهانی واقع فەراهەمدەكەن.

## 3-4/1 ) واتای زمانەوانی/واتای فەرهەنگی lexical semantics

واتای زمانی بە بەشێكی زانستی زمانەوانی دادەنرێت، كە لە زاراوەی ( semantique) فەرەنسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ یەكەمجار(بریئال breal) ناساندی. لە واتاناسی زمانەوانیدا سەرنج لە خودی زمان دەدرێت، لە ڕێگەی لێكۆڵینەوەی واتاوە شێوازی كاری یادگەی مرۆڤ لە درككردنی واتا لە ڕێگەی زمانەوە دەخرێتە ڕوو. ئەم شێوازە بە (نواندن/نوێنەرایەتی representational ) ناسراوە ."بابەتی واتا تەنها واتای زمانەوانی دەگرێتەوە، واتای زمانەوانیش لە واتای وشە فەرهەنگییەكانەوە وەردەگرێت و دواتر گۆڕان و فراوانبوونی واتا لە ڕستە و دەقەكاندا دروستدەبێت."(كلوردجرمان، ڕیمون لویلون:1997 :8)

كەرەستەی كاری فۆنەتیك بریتییە لە دەنگ، كەرەستەی كاری مۆرفۆلۆژی بریتییە لە وشە، كەرەستەی كاری سینتاكسیش ڕستەیە، ئەوەی كە كەرەستەی كاری واتایە بریتییە لە(مۆرفیم و وشە و ڕستە). زانینی واتای

مۆرفیمەکان لە هەندێك حاڵەتدا واتای وشەکە/ڕستەکەمان پێدەگەیەنن، بۆ نمونە بە زانینی واتای مۆرفیمی(سەر) و (ئێش) لە واتای سەرئێشە دەگەین و لە (پێئێشە) و (قاچئێشە)جیایدەکەینەوە. زانینی واتای مۆرفیمی(من، ڕۆشت، م) لە واتای ڕستەی(من ڕۆشتم) تێدەگەین. بۆیە دەڵێین لە هەندێك حاڵەتدا، چونکە حاڵەتی دیکەمان هەیە کە هەرچەندە واتای مۆرفیمەکانیش بزانین، ناتوانین واتای وشەکەی پێلێکبدەینەوە. (گامێش، دەستفرۆش، نمەکگیر، نمەك بەحەرام). لە نمونەکانەوە ئەوە دەسەلمێت کە واتای مۆرفیمەکان ناتوانن واتای وشەکە شرۆڤە بکەن. بە هەمان پێرەو واتای وشەکان هەموو کاتێك ناتوانن واتای ڕستەکان لێکبدەنەوە.

1- یەك پێنووسم کڕی. (واتای ڕستە پێکهاتووە لە واتای وشەکان)

2- خوێ مەکە بە برینمدا. (واتای ڕستەکە واتایەکی ئیدیۆمیە نەك واتای وشەکان)

هەروەها خاڵێکی دیکەی گرنگ، کە کاریگەری لە سەر واتا دەربڕاوەکان هەیە(هێز/سترێس)ە .

(کابرایەکی دواکەوتووە، گۆران لە خوێندنگا دواکەوتوو) دەتوانرێت بە پێی شوێنی سترێسەکە چەندین لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕستەش بکرێت :

1- گۆران دەیویست شیرینی بکڕێت . ← کەسێکی دیکە نەیدەویست شیرینی بکڕێت .

2- گۆران دەیویست شیرینی بکڕێت . ← گۆران نەیدەویست شتێکی دیکە بکڕێت .

3- گۆران دەیویست شیرینی بکڕێت . ← گۆران نەیدەویست کارێکی دیکە ئەنجامبدات .

4- گۆران دەیویست شیرینی بکڕێت . ← گۆران شیرینیەکەی نەکڕی.(ئاوازە)

لە (1و2و3) دا، هێز کاریگەری خۆی هەبووە لە گۆڕینی واتای ڕستەکاندا، بەلاّم لە (4) دا کاریگەرییەکی دیکە واتای ڕستەکەی گۆڕیوە کە ئەویش( ئاوازە)یە. هەر ئاوازەیە دەتوانێت ڕستەیەکی هەواڵی بگۆڕێت بۆ پرسیاری. جگە لەو سێ هۆکارە هۆکاری دیکە هەیەن، کە بتوانێت ڕۆڵی لە گۆڕان و هەڵێنجانی واتادا هەبێت، وەك (ڕیتم بەخشین بە ڕستە، خێرایی لە قسەکردن، بەرزی و نزمی دەنگ، هۆکاری نازمانی/زمانی جەستە وەك:(جووڵەکانی چاو، پێکەنین، لار/بەجۆرێك سەیرکردن، لارکردنەوەی سەر، جووڵەی برۆکان...هتد [6] .

---

6- ئیبراهیم چگنی سێ جۆر هۆکار کە کاریگەرییان لە سەر گۆڕان و هەڵێنجانی واتا هەیە دیاریدەکات:

لەبەر ئەوەی زیاتر واتاکان لە دوو یەکەی سەرەکیدا خۆیان دەنوێنن، کە ئەوانیش (مۆرفیم و وشە و ڕستە)ن، لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی سترێس و ئاوازە و دەنگ لەسەر واتا، زیاتر لە وشە و ڕستەکاندا بە دیاردەکەوێت، لێکدانەوەی واتاش لە ئاستی وشە و ڕستە دا کاری سەرەکی واتاناسی زمانەوانییە. سیمانتیکی زمانی لە مێژوودا خاوەنی کۆمەڵێك زمانەوانی بەناوبانگە، مێژووەکەی و لایەنگرانی جۆراو جۆری ئەم بۆچوونە، زیاتر لە تێڕوانینێکی هێناوەتە ئاراوە، (دیرك گیرتس) لە چوار چێوەی چەند تیۆرێکدا ئەو تێڕوانینانەی خستۆتە ڕوو ، ئێمەش بە کورتی باسیان دەکەین. گرنگە، کە ئێمە ئەم تیۆرانە بخینە ڕوو چونکە لەم دەروازەیەوە دەچینە ناو بابەتی نامەکەمانەوە.

1-3-4/1 ) **تیۆری مێژوویی زمانەوانی :** قۆناغی یەکەمی واتای زمانی بۆ ساڵەکانی(1830 تا 1930ز) دەگەڕێتەوە لەم قۆناغە مێژووییەدا، گرنگی بە گۆڕانی واتای وشەکان دراوە، واتە لە هەر قۆناغێکدا واتای هەمان وشە چی بووە؟ (واتای وشەکە لەقۆناغێکدا) کرۆکی ئەم تیۆرەیە، کە ئاماژە بە دوو هۆکاری گرنگی مێژووی دەکات:

ا- بە هۆی بوونی واتای وشەکە لە مێژوویەکی دیایکراودا، پەیوەندیی نێوان زمانەکان ڕووندەکاتەوە.

ب- ئەگەر زەمینەی فەرهەنگی و مێژووی زمانەکە لەبەرچاوبگرین، دەبینین کە فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەرمان دەستدەکەوێت بۤ لێکدانەوەی دەقەکان. دەقە ئەدەبیە کۆنەکان بە نمونە، واتە واتای دەقەکان بە پێی مەبەستی

---

1- زمانە ناقسییەکان paralinguistics : لێکدانەوە /بەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان، وەك: شێوەکانی دەم و چاو، جووڵەکانی چاو، جووڵەی سەر و دەستەکان، ئەمانە بۆ گەیاندنی واتایەك یان گەیاندنی پەیامێکی تایبەت لە لایەن قسەکەرەوە بەکار دەهێنرێت

2- سەروسەگمێنت suprasegmental : درێژکردنەوەی بەشێکی یەکە دەربڕاوەکەیە بە دەنگ، وەك لە سترێس و تۆنەکاندا بەدیار دەکەوێت .

3- perlocutionary act : بەکارهێنانی ڕستەیەك بۆ جێبەجێکردنی کارێك. بۆ نمونە ئەگەر لە مەیدانی شەڕدابیت کەدەڵێن : ئەوەدوژمنە ← تەقەیلێبکە.(ابرهیم چگنی:2005: 406)

نوسەرەکە لە مێژوی خۆیدا لێکدەدرێتەوە. ئەم مێژووە نابێتە یەکەم چرکە ساتی واتای زمانی. لە قولاّیی مێژوودا شێوازی دیکەی جیاواز بۆ لێکدانەوەی واتا دەبینرێت، بۆنمونە (ڕەوانبێژی، ئەتیمۆلۆژی، فەرهەنگی زمان).

(بریئال) پوختەی بیر و بۆچوونەکانی ئەم تیۆرەی لە سێ تایبەتمەندیدا خستۆتە ڕوو :

1- واتا ناسی لەو کاتەدا دوور نییە، کە بە شتێکی مێژوویی لە بەرچاو گیرابێت. بریئال پێیوایە کە ئێمە بۆ درکی واتای ڕاست و دروستی وشەکان پێویستە زانیاریمان لەسەر پێشینەی مێژووی ئەو واتایانە هەبێت."تەنها مێژوو دەتوانێت ڕادەی ئاشکرایی ئەوەی کە ئێمە پێویستمانە بە وشەکان بدات، تا بتوانین بە پێی پێویست درکیان بکەین.(دیرك گررتس :1393، 51) لە ( بریئال : 1897 :124 ). (بریئال) داکۆکی لە ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی لە لێکدانەوی واتادا دەکات. ئەم لایەنگرییە دەروونیەی بریئال دوو تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت: یەکەم:پێیوایە کە واتای زمانی لە گشتەوە بەرهەمدێت. دووەم : گۆڕانی واتای لە دەرەنجامی کاردانەوە دەروونیەکانەوە بە دەستدێت. بە سەرنجدان لە لایەنی یەکەم پێویستە ڕەنگدانەوە دەروونییەکان لەبەرچاو بگیرێن، وەك جۆری ئەندێشە چونکە زمان عەینیەت بە ئەندێشە دەبەخشێت. کەواتە حاڵەتی هۆشەکیی واتای وشەکان، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەشێوازی کارکردنی بیرەوە هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین زمان پەیوەستە بە فەراهەمهێنانی ئاخاوتنەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتن لە خۆیدا جێدەکاتەوە، مرۆڤیش بە هۆی ئاخاوتنەکانەوە لە جیهان تێدەگات."زمان وەرگێڕانی واقعە، جۆرێك لە گواستنەوە و جێبەجێکردنە، بەپێی ئەو زمانە شتانێك لە ڕێگەی گشتاندن و پۆلێنکردن و ئەندێشەوە، توانای بەرجەستە بوونیان هەیە."(سەرچاوەی پێشوو). بەم پێیە زمان بەدیهێنراوێکی سەربەخۆ و خۆ دروستکەر نییە، بەڵکو کۆمەڵێك هەلومەرجە، کە پەیوەستە بە ناسینی خودی مرۆڤەوە، زمان ئەو هەلومەجە دەخاتە بەردەم مرۆڤ، تا بە هۆیانەوە تێگەشتنەکان لە جیهان باشتر درك بکرێن. زمان شێلراوە بە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهانی واقعدا. ئەگەر کارکردنی زمان بەمشێوەیە بێت و گۆڕانە واتاییەکان پەیوەست بە دەروونی مرۆڤەکانەوە ڕوودات، جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی پۆلبەندی مێژووی وشەکان بە دەستهاتبێت، ئەوا واتا بەدەستهاتووەکان لە ئەزموون و بیرکردنەوە و هۆشی مرۆڤەکانەوەیە. (بریئال) ئەم کردەیەی ناوناوە ( یاسای تێگەشتنی زمان ). مەبەستی لە یاسا، دەستوورێکی بێگۆڕانکاری و بە بێ چەند و چوون نییە، بەڵکو پیشاندەری هەل و مەرجەکانی بەردەستی مرۆڤە، بۆ درکاندن/قسەکردن بە ڕێگەیەکی دیاریکراو. زمان بۆیە دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن ئەندێشەکانیان تا ئاستێکی بالاّ و ڕەوا و گونجاو و ڕێگە پێدراو بەیانبکەن. کەواتە لەبەرئەوەی ئەزموون و بیرکردنەوە و لایەنی دەروونی کاریگەرییان لەسەر واتا هەیە، بۆیە پێویستە ئێمە

ڕەچاوی لایەنە مێژووییەکان بکەین، چونکە دەگونجێت وشەیەك لە قۆناغێکدا واتایەکی هەبووبێت، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەدا هەڵگری واتایەکی دیکە بوو بێت. بۆنمونە لە کۆندا لە زمانی کوردیدا وشەی(تەوەرە) بەکارهاتووە، کە بەردێکە، سەنتەری سوڕانەوەی کەرەستەکانی ئاشی ئاو بووە، کە دانەوێڵەیان پێهاڕیووە، بەڵام ئەم وشەیە ئێستا وەك زاراوەیەك لە بواری ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێت. کە دەڵێن(تەوەری بەرنامە) واتە چوارچێوە بەرنامەکە. ئەم تیۆرە جەخت لەسەر لێکدانەوەی وشە و دەستەواژەکان دەکات لە مێژوودا نەك وەك مێژوو.

2- کەرەستەی سەرەتایی واتای زمانی، ئەو دەقانەیە، کە لە زمانەکانەوە بەجێماون، یەکەم وێنەی ئەم نووسراوانە دەبێتە واتای بنچی دەقەکە. کاتێك دەتوانین واتای گۆڕاوی دەقەکە دەستنیشانبکەین کە سەردەمەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەوکات دەزانین بەپێی سەردەمەکە/قۆناغە مێژوویەکە واتاکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەرکی زمانەوانە مێژووییەکانیش دەستنیشانکردنی واتایە لەو سەردەمەدا. ئامادەیی ئەزموون و باری دەروونی نووسەر/قسەکەر بە پێی سەردەمەکان دەگۆڕێت، هەر بۆیە گۆڕانیش لە واتادا دروستدەبێت. ئاراستەی ئەم لێکدانەوەیە بەرەو زانستە مرۆڤایەتیەکانە بە گشتی؛ زانستە مرۆڤایەتیەکان بە دوای درکی واتای فۆرمە فەرهەنگیەکان و ئەزموونەکانی جیهانی هەستی مرۆ ڤ لە مێژوودا دەگەڕێن، چونکە ئەوەی ئێستا بەرجەستەیە و بە دەستهاتووە، شێوەیەکی گوێزراوەی ئەزموونەکانی دوێنێیە، بۆیە ئەم زانستە بە دوای لێکۆڵینەوەیە لە ئەزموونەکانی مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکاندا و ڕیشە مێژوییەکانی ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستهاتووە بدۆزێتەوە، ئەو زیاد و کەمکردنەی لە وشەکەدا لە سەردەمێکدا کراوە ڕوونبکاتەوە، (واتای ئاسایی و واتای ڕێکەوتن لەسەرکراو)[7]. جیابکاتەوە.

3- بریئال لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانیدا (ویلهم دیلتی Wilhaim Dilttey) لێکدانەوەی واتاناسی بە زانستی تەئویل دەخاتە ڕوو. (دیلتی) باوەڕیوابوو زانستە مرۆڤایەتییەکان دەیەوێت درکی

---

[7] پاوڵ لەم بوارەدا واتا بۆ دووجۆر دابەشدەکات :

1 - واتای ئاسایی/فەرهەنگی usuellebedeutung: ئەو واتایەیە، کە گشتێنراوە و لە ناو هەموو قسە پێکەرانی زمانێکدا ، واتای هاوبەشی هەیە .

2 - واتای کۆکبوو لەسەر okkasionelle bedeutung : ئەو ناوەرۆکەیە، کە بەکارهێنەری وشەکە مەبەستیەتی و چاوەڕێدەکات، گوێگرەکەش لەو واتایە بگات. ( پاول :1920 : 75)

فۆرمە فەرهەنگیەکان و ڕونکردنەوەی ئەزمونەکانی مرۆ ڤ لە جیهانی هەستیدا، کە بە مێژوودا گوزەریانکردووە ڕەچاوبکات؛ واتە ئەزموونە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە هەناوی فۆرمەکاندا بخوێنینەوە، چونکە ئەزمونەکانی ئێستای مرۆڤ فۆرمێکی نوێ و گوێزراوەی ئەزمونەکانی ڕابردووە. لەواتە ئەم واتاناسانە کۆمەڵێك واتاناسی تەئویلین، هەر بۆیە جیاوازی دەکەن لە نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە سروشتییەکان. ئەم جۆرەی واتاناسی – واتاناسی مێژوویی زمانەوانی – لەسەر بنەمای گرنگیپێدان بە مێژووی بەکارهێنانی فۆرمەکە و گۆڕانکارییەکان تێیدا مەبەست و ئامانجی بەکارهێنانەکەیە لە هەر قۆناغێکی مێژوودا، ئەم باوەڕە پەیکاڵی دیدگای (دیلتی) یە، کە سەبارەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان هەیەتی .

ئەگەر بڕیار بێت واتاناسی زمانەوانیی بە بەشێکی مێژوویی دابنرێت، ئەوا کەرەستە سەرەتاییەکانی بریتیی دەبێت لە دەقە بەجێماوەکانی زمانە مردووەکان، یان فۆرمی سەرەتایی و کۆنی زمانی ئێستا، کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم تێڕوانینە وایدەبینێت، کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت گۆڕانکاری لە واتای فۆرمێکدا، کە لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا بەسەریدا هاتووە دەسنیشانبکەین و پۆلێنیانبکەین، ئەمە ئەرکی سەرەکی زمانەوانە مێژووییەکانە، کە گوزارشت لە واتای دەقەکان بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی واتا بنچینەییەکان. تیۆری زمانەوانی لەسەر بنەمای چالاکی زمان، درك و هەڵێنجان، دەروونناسی، سوودوەرگرتن لە شێوازی بەکارهێنانی کەرەستە زمانیەکان، واتایان لێکداوەتەوە. بڕوانە(دیرك گیرتس:1393: 55-57).

ئەو بۆ چوونانەی لە تیۆری مێژوویدا خرانە ڕوو، چوار ئاراستەی جیاوازیان وەرگرت:

ا- ئاراستەیەکیان ئەوەیە کە لایەنی دەروونی ئامادەیی نییە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم تا ساڵی 1860 ئاراستەی بۆچوونی واتاناسی، دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئەزموونەکانی مرۆڤ بوو لە چوارچێوەی یاسادا، هەروەها سەرقاڵی پۆلێنکردنی ڕێگا جیاوازەکانی گۆڕانکاریەکان بوو لەو ئەزموونانەدا. بریئال و پاول پێیانوابوو کە دەتوانن لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە واتاییەکان بکەن و هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانە دەستنیشانبکەن، بریئال دەڵێ:"ئەو گۆڕانکاریانەی لە واتای وشەکاندا دەکرێن، هەوڵدانی بەکاربەرانی ئەو زمانەیە بۆ ڕونکردنەوەی مەبەستی نوێ."(دیرك گیرتس:1392: 62). مرۆڤ بۆ گەیاندنی نیازە نوێیەکانی خۆی، پێویستی بە فۆرمی نوێ هەیە، کە ئەویش لە ڕێگای گۆڕانکاری واتایی لە وشەکاندا دابینیدەکات. نیاز و مەبەست ئەو کردەوە دەرونیانەن کە هەمیشە لە گۆڕاندان، بۆ ڕونکردنەوەی ئەم گۆڕانکاریانەش پێویستی بە گۆڕانی واتای نوێ هەیە بۆیە بەپێی دەروونی

مرۆڤەکان لە مێژوودا واتاکان بەپێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانکاریانەیان ناونا(ژیانی زمان).

ب- ئاراستەی دووەم بە تەواوی لایەنگیری لە کاریگەری دەروونی و سۆزداری دەکات لە گۆڕانی واتای وشەکاندا. زمان وەك یەکەیەکی تایبەتی سەیر دەکەن کە بوونی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم بوونەش بە خودی خۆیەوە پەیوەستە. لەژێر ئەم کاریگەرییەدا زمانەوانی مێژوویی پراکتیکی ئەو سەردەمە(شەجەرەنامە/خێزانی زمانی)یان هێنایە ئارا، کامە زمانی دایکە؟ کامە زمان سەر بەو خێزانەیە؟ کام زمان لە کام زمان سەرچاوەی گرتووە؟ کتێبەکەی ئارسندارمستر لە ساڵی 1887 بە ناوی( ژیانی وشەکان lavie des most) نمونەیەکی دیاری ئەم بۆچوونەیە، لە سەرەتای ئەم کتێبەدا هاتووە"زمانەکان بونەوەرانێکی زیندوون، کە ژیانیان ئەگەر چی بە تەواوی عەقڵانییە، بەهیچ شێوەیەك نا واقیعی نییە و دەتوانین بە بەراورد لەگەڵ بونەوەرانی جیهانی ڕووەکەکان، وەك ئەوان سەیر بکرێن."( هەمان سەرچاوە). ڕووەکەکان سەوز دەبن و پێکەوە دەژین و وێنەیەکی یەکگرتوو پیشاندەدەن، پاشان دەمرن. ئەم تێڕوانینە بۆ زمان وەك پێکهاتەیەکی خاوەن (بوون) لە کتێبەکەی (ئارستن) دا ڕەنگی داوەتەوە، بەشێکی ناو ناوە وشەکان چۆن لەدایکدەبن؟، بەشێکی دیکەی ناوناوە وشەکان چۆن دەژین؟، بەشێکی دیکەی ناوناوە وشەکان چۆن دەمرن؟. بەلام (بریئال) پێیوایە، کە بۆ بەخشینی ژیان بە زمان، پێویستمان بە هۆش هەیە، بەلام هۆشی چ کەسێك؟ کاتێك بە دوای وەلامی دووەم پرسیاردا دەچین ، ئەو کات لەوە دەگەین کە بۆچی بەشێك لە لێکۆڵەران لەو سەردەمەدا بە دوای تێڕوانینی دەروونی لە بواری لێکدانەوەی واتادا ڕۆشتوون. (پاوڵ) بەتەواوی سەرنجی خۆی لەسەر تاك چڕکردۆتەوە، چونکە ئەو(هۆش)ەی، کە پێویستە بۆ بەخشینی ژیان بە زمان، لەناو تاکدایە. هەرچەندە ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە زمان بوونێکی گشتی هەیە، زمان ڕۆحی کۆمەڵێك/گەلێکە، کە پێناسەی تایبەتمەندییەکانی ئەوان دەکات. هەر چەندە (مۆریس و هرمان) جەختیان لەوە کردەوە کە تاکە تاکەی ئەندامانی کۆمەڵێك لە جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەستەکانیان ژمارەیەك کەسن، کە کۆمەڵ پێکدەهێنن. ئەم ڕۆحە لە زماندا بوونی هەیەو بانگەشە بۆ وەها تایبەتمەندیەك دەکات. **(وندت)**، کە بە باوکی دەروونناسی ئەزموونی ناودەبرێت، بە شێکی کارەکەی لەسەر زمان و گۆڕانە واتاییەکان بوو، پێیوایە"زمان وەك ئەوەی، کە هەیە ئەفسانە و عادات و تەقالید لە گەشەی دەروونیی خەڵکدا کاریگەری هەیە، هیچ کاتێك ناتوانین بە بوونی دەستە جەمعییەکی هۆشەکی ئەوە ڕونبکەینەوە کە بیروباوەڕ و بەهاکان چۆن دروستبوون؟، یان چۆن گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، تا ئەوە قبوڵبکەین کە ئەمانە پەیوەستن بە بوونی ژیانێکی تایبەت بە خۆیان.(بڕوانە دیرك گیرتس :1393: 68). ئەم

ئاراستەیە بۆ لێکدانەوەی واتای دەروونی دوو جۆرە ڕێکار بۆ هەڵێنجانی واتا بەرهەمدەهێنێت: یەکەمیان کۆمەڵێك دەستەواژە و دەربڕینی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا. دووەمیان ئەو دەربڕینە سۆزدارییانە، کە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی هەر تاکێکە .

پ- ئاراستەی سێیەم کار لە سەر واتای کۆکبوولەسەر/ڕێککەوتن لەسەر کراو دەکات، واتە ئەو واتایانەی کە مەبەستە لەکاتی بەکار هێناندا، بەڵام لەم بەکارهێنانەدا ڕوو بە ڕووی دوو جۆر لێکدانەوە دەبینەوە: یەکەمیان هەڵێنجانی واتای کۆمەڵایەتییە، لە هەرکۆمەڵێك لە قۆناغێکدا جۆرێك لە ڕێککەوتن لەسەر واتای وشەکان هەیە. کەواتە واتا بەپێی قۆناغەکە، کۆمەڵ دەستی لە گۆڕینیدا هەیە، ئەگەرچی گۆڕانکارییەکە یەکجار هێواشیش بێت. هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت واتایەك بە شتێك ببەخشێت کە لای گروپێکی جیاوازتر هەمان واتای نەبێت، یان وشەیەك لە واتای بنجی خۆی بترازێنێت و بۆ واتاو مەبەستێکی دیکە بەکاری بهێنرێت. بۆنمونە وشەی(عەمەلیات) لای پزیشکێك واتایەکی هەیە جیاوازە لە و واتای لای سەربازێك هەیەتی، واتای وشەی ( ڕەگ ) لای زمانەوانێك واتایەکی هەیە، لای کشتیارێك واتایەکی دیکەی هەیە. کەواتە جگە لە سەردەمە مێژوویەکان، دەگونجێت لە ناو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی هەمان سەردەمدا گۆڕان لە واتای وشەیەکیشدا بکرێت. لێکدانەوەی دووەم گرنگی بە ڕۆڵی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەرانی زمان دەدات. وگنر دەڵێت"وشەکان بۆ وێنە و دۆخێك یان چوارچێوەیەکی زانراو فێر نابین، بەڵکو وەك هۆکارێك وان بۆ ئامانجێکی تایبەت فێریان دەبین"( وگنر :1885، 72) لە ( دیرکگیرتس:1393، 72). کەواتە وگنر باوەڕیوایە کە وشەکان هۆکارێکن بۆ مامەڵەکردنی نێوان مرۆڤەکان، مرۆڤەکان پێویستە باسی یەکتر بکەن، بەڵێن بە یەکتر بدەن، هۆکاری دڵخۆشی یەکتربن، هەواڵ بەیەکتری بدەن، پێویستە واتاش بەم ئاراستەیە کار بکات و لەم ڕوانگەیەوە لێکبدرێتەوە .

ت- ئاراستەی چوارەم بە جیاوازیکردن لە نێوان چەمکناسی و بەیانناسیدا دەیەوێت، گۆڕانی واتای لە مێژوودا لێکبداتەوە. بەیانناسی ئەو زانستەیە کە بە هۆی فۆرمە زمانییەکانەوە چەمکەکان لێکدەداتەوە؛ واتە هەر چەمکێك بە هۆی کام فۆرمە زمانیەوە دەنوێنرێت. چەمکناسی لێکدانەوەی تاکە تاکەی وشەکانە، هەوەها لێکۆڵینەوەیە لە واتای هەریەکەیان. جیاوازی بەیانناسی و چەمکناسی، جیاوازی نێوان لێکۆڵینەوەی چەمك و ڕونکردنەوەی چەمکە. چەمکناسی کاری خۆی لە فۆرمی وشەیەکەوە دەستپێدەکات و چەمکی ئەو وشەیە جێگیر دەکات. بەیانناسی کاری خۆی بە چەمك دەستپێدەکات و ئەوە ساغدەکاتەوە، کە ئەم چەمکە بە هاوکاری کام فۆرمە زمانییە ڕوندەکرێتەوە. ئەم دوو لێکدانەوەیە بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی پێچەوانەی یەکترن، چەمکناسی لە

فۆرم/دركاوەكەوە بۆ واتا دەگەڕێت. بەیانناسی بە پێچەوانەوە لە چەمكەكەوە بۆ فۆرم دەگەڕێت. گۆڕانی ڕاستیش لە ئاست گۆڕانی فەرهەنگدایە. لەم ئاراستەیەدا گرنگ لەوەدایە كە لێكدانەوەی واتای وشە، چ لە ڕێگەی ئیتمۆلۆژیەوە بێت یان لە ڕێگەی مێژوویی، یان هەر ڕێگایەكی دیكە پێویستی بە لێكدانەوەی ئەو(شت)انەیە كە وشەكەی بۆ دەگەڕێتەوە. (مرینگر) دەڵێت:"گۆڕانی واتا گۆڕانی ڕاستییە، گۆڕان لەم تێڕوانینەدا پرسیاری سەرەكی ئەوە نییە كە هەر وشەیەك چ واتایەكی هەیە؟بەڵكو بابەتەكە ئەوەیە هەر(شت)ێك لە زماندا چۆن ناو دەنرێت و پۆل دەكرێت"(دیرك گیرتس: 1393: 76).

بە كورتی دەتوانین پوختەی تێڕوانینەكانی تیۆری مێژوویی، كە لەو چوار دیدگاوە باسكرا، بخەینەڕوو: دیدگای یەكەم ئەو ڕاوبۆچوونانەیە، كە بە ڕەچاوكردنی كات دەیانویست پۆلێنێكی لۆژیكی-ڕەوانبێژی بۆ گۆڕانی واتا لە مێژوودا بكەن، بە بێ سەرنجدان لە دەرونزانی. دیدگای دووەم جووڵەی دەروونی مرۆڤ لەبەرچاودەگرێت و ڕۆڵی ڕۆڵە سۆزدارییەكانی واتا لە گۆڕانی وشەكاندا لەبەرچاو دەگرێت. دیدگای سێیەم تێڕوانینێكی نوێیان بۆ كردە قسەییەكان هەبوو، هۆكاری كۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان تاكەكانی كۆمەڵی لە لێكدانەوەی واتادا ڕەچاو دەكرد. دیدگای چوارەمیش بە ڕەچاوكردنی جیاوازی نێوان چەمكناسی و بەیانناسی، كە بە فۆرم چەمك[8] ڕونبكرێتەوە، یان لە چەمكەوە فۆرمەكان ناو بنرێن. جیاوازی نێوان ئەم چوار دیدگایە بە ئەندازەیەك نەبوو لە میتۆدی گشتی تیۆری مێژووی (فقه اللغوی)یدا كەلێنێك دروستبكات ، بەڵكو بە هەموویان لێكۆڵینەوەی تیۆری مێژووی زمانیان پێكهێناوە. پەیوەست بە جۆری واتای زمانی، تیۆری مێژوویی بە دوو شێوە واتای زمانی بەهرەمەند كردووە :

یەكەم:جەختی لەسەر گرنگی ڕەوتی واتا كردۆتەوە، ڕونیانكردۆتەوە كە واتا جێگیر و نەگۆڕ نییە، بە ڵكو هەموو كات لەبەرزی و نزمی و پێگە نوێیەكاندا لە حاڵەتی گۆڕاندایە، وشەكانیش لە ئەنجامی ئەم گۆڕانكاریانەوە دەبنە

---

[8] چەمك/ مەفهوم : وشە لە مێشكدا ئامادە دەكات، واتا، هەوڵدەدات بچێتە ناو چەمكەوە، واتە واتا لە چەمك هەژارترە، واتا كەتیگۆریەكی زمانییە بەڵام چەمك هۆشییە، وشە، دەربڕی بەشێكی چەمكەكەیە و وشەكەش لە ڕیزە دەنگێكی بەستراو بە یەكەوە دروستبووە، كە لایەنی دەنگی دەرەوەی وشەكە پێكدەهێنێت، واتای وشە ڕنگدانەوەی واقیعە لە مێشكی مرۆڤدا. بە شێوەیەكی چڕو پڕ واتا بە چەمكەوە بەستراوەتەوە، بەڵام یەكسان نین. چەمك ئەبستراكتە و لە وشەدا كۆنكرێت دەكرێت. ( بڕوانە فاروق عومەر سدیق :2011 : 23-41 ). هەروەها "چەمك لەكردەی تێگەشتن( فهم)ەوە هاتووە واتە دركردن بە واتای بابەتەكان، چەمك ئەنجامی ئەو لێكەوتانەیە، كە لە كردەی دركردنمان بە واتای بابەتەكان دەكەونەوە." بڕوانە( شیلان عومەر:2012 : 141)

فره واتا، ئەم گۆڕانەش لە واتای وشەکاندا پێویستە بە هەلومەرجێکی ئاسایی سەیر بکرێن، بە هەمان بەڵگە پێویستە تیۆرەکانی واتای زمانی دوای فره واتای وشەکان بکەون وەك ئەوەی لێکۆڵەرانی تیۆری مێژووی ئەنجامیاندا.

دووەم: ڕێڕەوی تیۆری مێژوویی لە بەردەم پرسیارێکدا ڕایوەستاندین، کە زمان بە گشتی و (هۆش)ی مرۆڤ لە کوێدا پەیوەست دەبن؟ ئەم پەیوەستبوونە چۆنە؟ زمان لە ڕوویەکەوە لە سایکۆلۆژیا سودەندە، ئێمە واتا لە شێوەی (شت) ێکدا لە مێشکماندا ئەزموون دەکەین، هەر وەك چۆن هەموو زانیارییەکانی دیکەمان بەدیهاتوویەکی هۆشەکین. بەڵام ئایا شێوازی واتا ناسی مێژووی لەم لێکدانەوەیەدا لە بەیەکزانینی واتاو ناوەرۆکی هۆشەکی لە فراوانترین بیرکردنەوەدا دروستە؟ ئایا دروستە هەموو زانستێك کە پەیوەستە بەو وشەیەوە تەنها بە واتای وشەکە تێیبڕوانین؟، یان واتای زمانی پێویستە لەم تیۆرە فراوانتر لە واتا بڕوانێت. وەڵامگۆی ئەم پرسیارانە تیۆری بەرهەمهێنانە کە دوابە دوای تیۆری مێژووی لەدایکبوو.

## 2-3-4/1 ) تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنان generative semantics

کاکڵەی ئەم تیۆرە خۆی لە بۆچوونەکانی(کاتز و فۆدەر)دا (1963) دەبینێتەوە، دواتر بە کاریگەری ئەم تیۆرە چۆمسکی(1965)، تیۆری پێوانەیی گوێزانەوەی خۆی دانا. ناوەرۆکی ئەزموونەکەی (کاتز) بریتییە لە"پێکهاتەیەك لە شێوازی دروستەکاری لە شیکردنەوەدا، تێڕوانینێکی شکلگەراییە، وەسفکردن و هەڵێنجانێکی هۆشەکییە لە واتادا"(دیرك گیرتس :1393، 221 ) . ئەرکی تیۆرەکە بریتییەلە:

یەکەم: جیاکردنەوەی پەیوەندیی لۆژیکی نێوان ڕستەکان، وەك هاوواتا، دژواتا، بەش لەگشت و گرتنەوە ...هەروەها ڕستە ناوێزە و تەم و مژەکان.

دووەم: دیاریکردنی جۆری لێکدانەوەی واتای ڕێزمانیی ڕستە.(عەبدولواحد مشیردزەیی: 2009، 48).

شیکردنەوەی واتایی لای (کاتز و فۆدەر) لە کۆمەڵە وشەیەکەوە، کە کێڵگەیەکیان پێکهێناوە دەستپێدەکات، بە پێچەوانەوە لە گشتەوە بۆ تایبەت دەچن. ڕۆڵبینی واتایی یاساگەلێکن واتا بە وشەیەك دەبەخشن، لایەنەکانی واتا لە وشەیەکدا شوێن جێنشینە هەڵبژێردراوە پەسەند کراوەکان دەکەون. بۆ نمونە کرداری (قسەکردن) پێویستی بە بکەرێکە، کە مرۆڤ بێت، لە لایەکی دیکەوە چەپکە تایبەتمەندییە واتاییەکان واتای تایبەت بە سێمێك/باسلێکراو(theme)دەبەخشن، تا لە کاتی هەڵبژاردندا پەسەند بکرێن. بەم هۆیەوە لە واتای

سێمەکان/باسلێکراوەکان (theme) دیکە جیا دەکرێتەوە. کەواتە پەسەندکارەکان کە ئاستی ژێرەوەیە لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی وشە پێکەوە دوو هۆکاری گرنگی یاسای شێوازبەندانەن، بۆ دروستکردنی ڕستەکان و دیاریکردنی واتاکانیان و ڕەواندنەوەی لێڵی ڕستەکان. بۆ نموونە لە ڕستەی (ئەو کۆنە ڕەبەنە لە کۆتایدا دەمرێت.) بۆچی وشەی(ڕەبەن) لەم ڕستەیەدا بەکار هاتووە؟ چونکە ناگونجێت لەبری(ڕەبەن)، (جەنگاوەری لاو)

---

بەکاربهێنین، ڕۆڵی واتایی(لاو)، لەگەڵ وشەی(کۆن) دژ دەوەستێت، کەواتە دروستەی ڕستەکە بۆیە وایە تا لێڵی دروستنەبێت، پەسەندکارەکە داوای ئەو سێمە/باسلێکراوە دەکات کە دروستە پەسەندکراوێك لە چوارچێوەی پرۆژە سازدانەکەدا بەرهەم بهێنێت. کاتز و فۆدەر وێڕای ئەوەی دەوروبەر ڕەتدەکەنەوە، باوەڕیان وایە کە واتای فەرهەنگی وشەکانیش ناتوانن بە تەواوی واتای ڕستەکان لێکبدەنەوە، بەڵام واتای وشەکان بە هۆی چەپکە نیشانەکانیانەوە سیمایەکی سەرەکی واتایی دەبەخشنە وشەکان، کە دەتوانێت لێڵی واتای ڕستەکەی پێڕونبکرێتەوە. کەواتە وشە فەرهەنگیەکان کەرەستەگەلێکن لە ڕێگەی تایبەتمەندییە واتاییەکانیانەوە، لە لایەن فۆرمی لۆژیکی/ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکە داوا دەکرێن. لە ڕستەکانی :

1- ئایا قوتابییەکان بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە ؟

2- ئایا ڕێوییەکان بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە ؟

3- ئایا فرۆکەکان بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە ؟

(کاتز و فۆدەر) باوەڕیان وایە، بۆ ئەوەی لە واتای ئەو ڕستانە بگەین، پێویستە زانیاریی تەواومان دەربارەی وشەکانی(قوتابی، ڕێوی، فرۆکە) هەبێت؛ واتە چەپکە نیشانە واتاییەکانیان بزانین، ئەو کات دەزانین، کە فۆرمە لۆژیکییەکە داوای کام یەك لەو سێمانە دەکات؛ پێویستی ڕستەکە بە کامیان جێبەجێ دەبێت(قوتابی). لە واتای گشتی ڕستەکەوە، داواکراوەکە هەڵدەبژێردرێت، بۆیە پێیان وابوو ئامانجی سێمانتیك لێکدانەوە و خوێندنەوەی ڕستەیە. چۆمسکی پێی وایە کە ڕۆنانی ژێرەوە دەتوانێت واتای ڕستەکە بەرهەم بهێنێت؛ واتە لە ڕێگەی فۆرمی لۆژیکی دەتوانین بگەین بە واتای ڕستەکە. قاڵبێك کە ئەم واتایەی تێدا ڕێکبخرێت بریتییە لە سینتاکس، کە دوای هەڵبژاردنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەلایەن ئاستی قووڵەوە، زانیارییەکان دەنێردرێن بۆ فۆرمی لۆژیکی و فۆرمی فۆنەتیکی، فۆرمی لۆژیکی ناتوانێت پێویستبوونی فۆرمی فۆنەتیکی ڕەتبکاتەوە. ( بڕوانە فرانك ر. پالمەر:1385؛ 253- 255).

بنەما تیۆرییەکانی کاتز وفۆدەر بریتین لە :

1- ئاستی ژێرەوە Deep structure

پێکهاتەی سینتاکسیی هەر ڕستەیەك دوو ئاستی هەیە؛ ئاستی قووڵ کە بریتییە لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان کەرەستەکانی ڕستە. ئاستی ڕووکەش بریتیە لە چۆنیەتی گۆکردنی ڕستەیەك. پێکهاتە سینتاکسیەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە بریتیین لە پێکهاتەی پۆلی و پێکهاتەی فەرهەنگ. پێکهاتەی پۆلی سیستەمی نووسینەوەی ڕستەکەیە، کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان وشەکانی ڕستە و چۆنیەتیی ڕیزبوونیان لە ئاستی قوڵدا دیاریدەکات. (عەبدولواحد مشیر دزەیی: 2011 :160). بڕوانە هێڵکاری (1) وەرگیراوە لە(عەبدولواحد مشیر دزەیی: 2011 :161).




هێڵکاری (2) ئاستی ژێرەوە

**2- فەرهەنگ Lexicon :**

مەبەست لە فەرهەنگ ئەو کەرەستە فەرهەنگیانەیە کە هەڵگری زانیاریەکانن و فۆرمی لۆژیکی و فۆرمی فۆنەتیکی پێویستیان پێیەتی، شوێنی گونجاوی وشەکان لە ڕستەکەدا دەستنیشاندەکەن، کەواتە فەرهەنگ تایبەتمەندیی ئایتیمەکانی لێکسیکدەکات بۆ دروستکردنی یەکەیەکی سینتاکسی.

ئەو کەرەستانەی، کە لە وشە نامەکاندا، یان لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا تۆمارکراون، خاوەن دەروازەی زانیاریی تەواون، فەرهەنگ دارشتەی سایکۆلۆژی زانیارییە لێکسیکیەکانە. ئەرکی فەرهەنگ بریتییەلە: یەکەم : ناسینەوەی وشە. دووەم: ڕێکخستنی ناوەوەی سیمانتیکییانە و مۆرفۆلۆژییانە. سێیەم: هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەرۆکی گفتوگۆ/دەقدا ."فەرهەنگ ئەو بەشە پێکهاتەی زانینە زمانییەکەیە، کەزانیاری دەربارەی یەکە زمانییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکان خەزن دەکات، کە ناتوانێت چیدی شیبکرێنەوە"(محەمەدی مەحوی: 2006 :12). کەواتە وشە فەرهەنگییەکان بە تۆڕێکی واتای پێکەوە بەندن و پۆلێنکراون. کاتێك ئەم وشە فەرهەنگیانە لە ڕێزمانێکدا ڕێکدەخرێن، واتا بەرهەم دەهێنن. لە فەرهەنگدا نیشانە سیمانتیکیەکان دەستنیشانکراون کە وشەیەك لە وشەیەکی دیکە جیا دەکەنەوە، بەشە ئاخاوتنی هەر پۆلێك دیاریدەکەن. وەك{ناو} {ئاوەڵناو}، بە هۆی ڕێکخراوەی ناوەوە ئەم وشە فەرهەنگییانە زانیارییەکان دەگونجێنێت لەگەڵ ناوەرۆکی گفتوگۆکەدا/ناوەرۆکی دەقەکەدا. بڕوانە(هەمان سەرچاوە:6-12) .

## 3- پرۆژە سازدان و کۆتوبەندی هەلاوێرکردن

لە پرۆژە سازداندا، دوو ڕێڕەوی کارکردن بە گوێرەی مۆدێلە ڕێزمانییەکە، یان بۆ سەرەوەیە؛ ئاراستەکەی لە بەشەوە بۆ گشت دەچێت، واتە لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس. یان بۆ خوارەوەیە واتە لە سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگ دەچێت، بە مەبەستی چۆنیەتیی کۆکردنەوەی واتای کەرەستەکان لەگەڵ یەکدا. سێمانتیکی هەلاوێرکردن توانای بەستنەوەی ئەو ئارگۆمێنتانەی هەیە کە دەبێت لەگەڵ سەری حوکمکەری ڕێزمانیدا هەبن. بۆ نموونە کردار، کە حوکمکەرە و ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، ڕۆڵی بابەتیانەی هەڵدەگرێت.(بڕوانە محەمەدی مەحوی:2010 :122) .

**ئامانجەکانی تیۆری بەرهەمهێنان:** تایبەتمەندی فۆرمەکانی زمان دەخاتە ڕوو، هەروەها دروستکردنی یاسایەك بۆ خولقاندنی هەموو ڕستە ڕێزمانیەکان بەبێ ئەوەی ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروستبکرێت.

- بوونی تایبەتمەندیی ڕێزمانی و چۆنیەتی فێربوونی زمان لای منداڵ لە کاتێکی کەمدا. فۆرمی جۆراو جۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان کە دەگەڕێتەوە بۆ نوام چۆمسکی بریتییە لە:

ا- ڕێزمانی گواستنەوە transformational grmmar، ڕێزمانی گواستنەوەی بەرهەمهێنان grmmar generative transformational، ڕێزمانی بەرهەمهێنانی گواستنەوە transformational

generative grmmar، جۆرێکە لە تیۆر، کەجەخت لە پەیوەندی نێوان ڕستەکان دەکاتەوە بە گوێزراوە ی یەکتریان دەزانێت .

ب- تیۆری ستاندار: یەکەم ڕێزمانی پێکهێنەری گواستنەوەیە، ئەم جۆرە ڕێزمانە هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە(پێکهاتەی ڕستەسازی، پێکهاتەی فۆنۆلۆژی، پێکهاتەی سێمانتیکی) شیدەکاتەوە. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی تیۆری ستاندار، بڕوانە(سەلام ناوخۆش:2008: 73). بڕوانە هێلکاری (3)



هێلکاری (3)

پ- تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە government and binding theor: لەم تیۆرەدا تیۆری ستاندارد فراوانکرا و تیشکخرایە سەر دوو لایەنی ڕێزمانی کە ئەویش حوکمکردن و بەستنەوەبوو. کەجۆرێکە لە بەرهەمهێنانی فۆرمەکان بۆفێربوونی زمانی یەکەم.(ابراهیم چگنی:1384: 232) " حوکمکردن ئەو بیرۆکەیە، کەوەچەپێکهاتەیەك دەسەڵاتی بەسەر وەچە پێکهاتەکانی دیکەدا هەیە. بیرۆکەی بەستنەوەش لەبەستنەوەی ئایتیمەکان لەگەڵ یەکتر دەکۆڵێتەوە"(تارا محسن:2011: 14) گرنگیی ئەم پەیوەندییە لە هەردوو ئاستی ستونی و ئاسۆیدایە.

- هەرچی پەیوەندییە ستونیەکەیە بریتییە لە دەسەڵاتگیری ڕەگەزێکی سەرەوەی ڕستە، بەسەر ڕەگەزێکی ژێر خۆیەوە، وەك پەیوەندی خێزانێك وایە( دەسەڵات لە باوکەوە بۆ ئەوانیتر)

- پەیوەندی ئاسۆیی پەیوەندییەکی نزیکی خزمایەتیی نێوان ڕەگەزەکانە.(بەستنەوە) بنەمایەکی گرنگیی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە لە تیۆری(GB) دا، مامەڵە لەگەڵ زۆرترین دیاردەی هاوئاماژەیی فرێزە ناوییەکاندا دەکات، لەوانەش کاتیگۆرییە بەتاڵەکان. بەهۆی ئەم تیۆرەوە" فرێزە ناوییەکان وەك هاوئاماژەیەك لەگەڵ فرێزە ناوییەکانیتری هەمان ڕستەدا لێکدەدرێنەوە"(حاتەم ولیا:2009: 215)

**3-3-4/1 ) تیۆری دروستەکاری**

یەکەم نوسراو سەبارەت بە واتای دروستەکاری وتارەکەی(جوست تریرJost Trier)ە لە ساڵی 1931 بڵاویکردەوە . لەو وتارەدا تێڕوانینێکی نوێی سەبارەت بە لێکدانەوەی گۆڕانی وشەکانی زمانی ئەڵمانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خستە ڕوو. واتای دروستەکاری زمانی بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی دیسوسور کەوتە قۆناغێکی نوێوە، تا ساڵی 1960 گرنگیی خۆی سەلماند. تێڕوانینی تیۆری دروستەکاری بۆ واتا، ئەو بۆچوونەیە کەدەڵێت"پێویستە زمان وەك دامەزراوەیەك لە سیستەمێکدا سەیر بکرێت"نەك وەك کیسەیەکی پڕ لەوشەی ناپەیوەند پێکەوە. زمانە ئاساییەکان خاوەنی سستەمی خۆیانن، کە بنەمای دیاریکراویان هەیە؛ ئەم سیستەم و بنەما تایبەتەی زمان دیاریکەری شێوازی کارکردنی هێماکانی زمانە. نمونەکەی (سۆسێر)، کە بە دامەزرێنەری دروستەکاری دادەنرێت، مەبەستەکە زیاتر ڕوندەکاتەوە:"بەهای هەرداشێکی یاری شەترەنج ڕێککەوتن لەسەر کراوە، لەشکڵ و شێوەی هەر یەکێك لەو داشانە ناتوانین ڕێڕەوی قەڵا یان سەربازێك دیاریبکەین، جوڵەی هەریەکێك لەوانە پەیوەستە بە یاسای ئەم یارییەوە"(سۆسێر:1916، 7-125) لە (دیرك گیرتس:1393، 123). کەواتە فۆرم و وشەکانی زمانێکی ئاسایی ناتوانن واتاکەیان دەستنیشانبکەن تا لە چوارچێوەی جۆرێك لە یاسای ڕێکەوتن لەسەرکراودا بەکار نەهێنرێن. زمانەکانیش بەهەمان شێوە یاسا بەندن، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوێزرێنەوە، هەندێك جار ئەگەر پێویستی بە گۆڕانکاریەك هەبوبێت لەنەوەیەکدا کراوە. بۆیە زمانەوانیی پێش هەموو شتێك پێویستە ئەو یاساو سستەمانە لێکبداتەوە، کە خۆی لێی پێکهاتوە. هێماکان لە دەرەوەی ئەو سیستەمەدا هیچ بەهایەکیان نییە، تا کاری خۆیان بە یاسا لە چوارچێوەی سستەمەکەدا ئەنجام نەدەن.

**دیدگاکانی واتای دروستەکاری:** بۆئەوەی ڕونببێتەوە واتای دروستەکاری چییە، پێویستە ئەو سێ دیدگایە بخەینە ڕوو، کە(دیرك گیرتس) ئاماژەی بۆ کردووە :

1- تیۆری کێڵگەی فەرهەنگی/لێکسیکی lexical field theory : پەیوەندییە سێمانتیکییەکان، دروستەی سێمانتیکی پێکدەهێنن، دروستەکان چەشن و جۆری پێکەوەبوونی کەرەستە واتاییەکانن. ا- پەیوەندیە واتاییەکان لە ناو کێڵگەی وشەیەکدا هەن. ب- پەیوەندییە واتاییەکان لە سێمانتیکی دروستەکاریدا بریتیین لە پێکەوە بوونی چەپکە نیشانەکانی هێمایەك یان هێماکان، کە بە ناوەرۆکی هێما زمانییەکەش ناسراون.(محەمەدی مەحوی:2009، 33). دەتوانین شێوەی درەختی هەرەمی بۆ پەیوەندییەکانی ناوەوەی نێوان پێکهێنەرەکانی نێوان واتا لێکسیکییەکان

دروستبکەین. ئەگەر واقعیەتەکانی جیهانی دەرەوەی زمان بە کۆمەڵە (شت)ێك، یان کۆمەڵە ڕوداوێك لەبەرچاوبگرین، کە لە جیهانی واقعدا بوونیان هەیە، دەتوانین بگەینە ئەو تیۆرەی کە زمان لە نێوان جیهانی واقعیەتەکان و ناوەرۆکی هۆشەکیماندایە دەربارەی ئەم جیهانە. بەمشێوەیە کێڵگەی لێکسیکی/فەرهەنگی دەناسێنین، کە کۆمەڵێکە لە وشە و لە ڕووی واتاوە پێکەوە پەیوەستن، واتاکانیش پەیوەندییان پێکەوە هەیە و بە شێوەیەك لە پاڵ یەکتریدا دروستەیەکی ناوەرۆکی، کەواتاکان دەستنیشاندەکات دروستدەبێت. بۆچوونەکانی (یوست تریر) زمانەوانی ئەڵمانی لەم بوارەدا بە زانستی و کاریگەردادەنرێت. (ترێر) پێیوایە"هەر وشەیەك لە یەك کێڵگەدا لەپاڵ وشەکانی دیکەی هاوسێیدا، تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە تایبەتمەندی ناوەرۆکی وشەکە دەستنیشاندەکات؛چونکە ئەو وشەیە واتاکەی خۆی لە ڕوانگەی واتای وشەکانی هاوشێوەیەوە جێگیردەکات. ( دیرك گیرتس:2014: 135). لە(یوست تریر:1931: 3 ). (ترێر) پێیوایە کە سنوربەندی نێوان واژەکان و پۆلێنکردنیان، بۆدیاریکردنی بەهای وشەکانە لە ناو سیستەمێکدا، نابێت وشەکان بەشێوەی تاك لە هەوادا لێکبدرێنەوە، بەڵکو پێویستە پەیوەندی هەر وشەیەك بە وشەیەکی دیکەوە لەبەرچاو بگیرێت. سنوربەندی هەر وشەیەك و دەستنیشانکردنی واتاکەی تەنها کاتێك دەبێت، کە وشەکانی پەیوەست بەو وشەوە سنوربەند بکرێن، (ترێر) نموونەی زەوییەك دەهێنێتەوە، کە موزایککراوە، هەر یەکێك لەو موزایکانە ڕێکی و جوانییەکەی بەندە بە دانانی ئەوانی دیکەوە، چونکە بە تەنها هیچ سیمایەکی جوانی بە زەویەکە نابەخشێت. زانیارییەکانی مرۆڤ کە لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕدەبڕێت، وەك ئەو موزایکانە وایە، کەلە گشتدا وێنەیەکیان پێکهێناوە، کەڕێکی وجوانیەکی بەخشیوە. پەیوەندی پێکهاتە زمانییەکان/وشەکان یان تەلێشینییە، یان جێنشینییە :

ا- پەیوەندی تەکنشینی: پێکهاتەیەکی سینتاکسیی ڕێکخراوە، جۆرێکە لە نرخ بەخشین بە پێکهاتە زمانییەکە پەیوەست بە هاوسێکانییەوە، ئەم پەیوەندییە لە ڕیزبوونی ئاسۆیی خراوەتەکیەکەکاندایە. باشترین جۆری ئەم دروستەیە لە ڕستەدایە.

ب- پەیوەندی جێنشینی: مەبەست لەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە بەشە ئاخاوتنەکان لە فەرهەنگی زماندا، لەمێشکی قسەکەراندا/فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵگیراون، ئەم یەکە فەرهەنگییانەی ناو ئاوەزی مرۆ ڤ لە مێشکدا پەیوەندیان هەیە، وشەی ناو کێڵگە واتاییەکانیش لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییەیە.

سنور بەندی کێڵگەی وشەکان بە یەکجاری کارێکی نەکراوە، چونکە هەندێك لە وشەکان لە زیاتر لە کێڵگەیەکدان، یان بە پێی بار و حاڵەتی وشەکە واتاکەی دەگۆڕێت، لەکاتێکدا لە کێڵگەی وشەکەدا تەنها (واتای

فەرهەنگی- بەهای نیشانەکان) دیاریکراوە. ئەم لێیە لەم سنوربەندیەدا بە خودی کەرەستەکانی زمانەوە پەیوەستە. لێرەوە پێکهاتەی واتای دروستەکاری لە نێو واتای زمانیدا ڕوبەڕوی ئەم جۆرە لە دیاردەکان دەبێتەوە.

2- تیۆری شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکان: ئەم تیۆرە لە ئەوروپا لە هەناوی تیۆری کێڵگەی واتای وشەدا لەدایکبوو، لە ئەمریکادا لە ناو زانستی کۆمەڵناسیەوە سەریهەڵدا( شیکردنەوەی تایبەتمەندی) لە ناو مێژووی واتای زمانیدا بە کاریگەری واتای وشەوە گرێدراوە. لای (بلۆم فیلد) شێوەی دەرەوەی مۆرفیمەکانی (سەگ، گورگ، ڕێوی)، هیچ شتێك سەبارەت بە واتای گیانەوەرەکان ڕوننالەنەوە، پێویستە گیانەوەرناسێك وەسفی ئەم مۆرفیمانە بکات و تایبەتمەندی و پەیوەندیەان ڕونبکاتەوە. زمانەوان تەنها کاری ڕێکخستنی یەکە زمانیەکانە لە چوارچێوەی پێکهاتەکەیدا. بلۆمفیلد پێیوایە کە پێویستە(واتا)کەسانی پسپۆری تایبەت بە بوارەکە دەستنیشانیبکەن، پاشان زمانەوانیش سود لەو واتایە وەربگرێت، کە پسپۆرەکە دەستنیشانیکردوە. دیاریکردنی تایبەتمەندی واتای و کێڵگەی واتای و چەپکە نیشانەی تایبەتی هەر وشەیەك کاری پسپۆڕانی تایبەتی بوارە جیاوازەکانە، زمانەوانیش دەتوانێت بەو تایبەتمەندیانەوە لە پێکهاتە زمانیەکەی خۆیدا بەکاریان بهێنێت."دیاریکردنی چەمکی هەر تێرمنێك، پەیوەستە بە ئەهلی ئەو زانستە خۆیەوە، دەستنیشانکردنی واتاکەی، یان گۆڕینی تێرمنەکە کاری پسپۆڕانی زانستی ئەو بوارەیە، زمانەوان دەبێت تێرمنەکە لە لایەنی فۆنەتیك و بڕگەوە هەڵسەنگێنێت و لە ڕستەکاندا بەکاری بهێنێت".(فاروق عومەر سدیق :2014: وانەکانی کۆرسی ماستەر). دروستەکاری لە ئەمریکا بە تەواوی لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی بلۆمفیلد دا، ڕوی لە شکلگەرای کرد و لە زانستی زمانەوانیدا هێندە گرنگی بە واتا نەدەدرا، ئەمە بەو واتایە نا کە واتا هیچ بونێکی لای بلۆمفیلد نەبێت. ئەم تیۆرە لە ئەوروپاش لە سەر دەستی (ترير و يەلمسیف ...) گرنگی تەواوی پێدرا، کە لێرەدا ناتوانین هەموو ئەو بۆچوونانە بخەینە ڕوو. بۆزانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە(دیرك گیرتس:2014: 173 )

3- تیۆری پەیوەندی سیمانتیکی relational semantics : پەیوەندی سێمانتیکی پەیوەندیەکی شاراوەیە لە نێوان ناوەرۆکی دەربڕینەکاندا، کە لە وشە و ڕستەی زمانە سروشتیەکاندا هەیە، پەیوەندیەکە واتای وشەکە دەگونجێنێت لەگەڵ کەرەستەکانی تری ناو ڕستەدا، وەك پەیوەندی نێوان بکەر و کردار. بڕوانە(محەمەدی مەحوی:2009: 34) ئەگەر بڕوانینە فەرهەنگۆکەکانی زمان، لە بەرانبەر هەر وشەیەك هاوشێوەکەیان نوسیووە، یان واتای وشەیەکیان لە ڕێگەی دژەکەیەوە لێکداوەتەوە، بەڵام ئەوەی جۆن لاینز(1963) خستیە ڕوو، ڕاستەوخۆ بە دروستەکارییەوە پەیوەستە؛ واتای هەر وشەیەك لەسەر بنەمای پەیوەندی واتای بە وشەکانی دیکەوە

دیاریدەکرێت . لاینز دەڵێت"بە بڕوای من ئەگەر واتای یەك یەکەی زمان لەسەر بنەمای پەیوەندی جێنشینی دیاریبکرێت، واتای ئەم یەکەیە پەیوەست بە یەکەکانی دیکەی پێکهاتەکەوە، ڕونبکرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ واتایەك بۆ ئەو یەکەیە لە دەرەوەی پێکهاتەکە لەبەر چاو بگیرێت:(جان لاینز:1963: 59) بۆ ئەوەی کە بتوانین پەیوەندی سێمانتیکی باشتر درك بکەین، پێویستە چوار بواری واتای لەم بوارەدا لێکبدرێتەوە کە ئەوانیش (سینۆنیم و هایپۆنیم و دژواتا )ن. کەواتە پەیوەندی سێمانتیکی بە هۆی یەکەکانی ناو پێکهاتەکەوە، کەڕیزبوونێکی سینتاکسیەیە بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە و ڕۆڵ و حوکمی ئارگۆمێنتەکان ڕیزدەبن، پەیوەندیەیەك لە نێوان ناوەرۆکی یەکەکانی ناو پێکهاتەکەدا دروستدەبێت. ئەم پەیوەندیەیە شێوازی پەیوەندی دروستەی نێوان وشەکانی پەیوەست بە یەکەوە ڕوندەکاتەوە. لەم تیۆری لێکدانەوەی شیکردنەوەی چەپکە واتایەدا، تایبەتمەندییە وەسفیەکانی وەك ڕەگەز بۆماوەیی وخزمایەتی وشەکانی ناو کێلگەیەکی واتای لە جیهانی دەرەوەی زمانی دروستەدایە، دروستەکاری ڕونکەرەوەی دروستەی زمانە نەك جیهانی واقع، بۆیە پێویستی بە کەرەستە گەلێکی زمانیی هەیە، پەیوەندی سێمانتیکی ئەم کەرەستانە دەدۆزێتەوە، وەك پەیوەندی هاوواتا، دژواتا، پەیوەندی مام و مامۆژن، خاڵ و خاڵۆژن، براو ... لە چوارچێوەی یەك نەژاددا، کە پەیوەندی بە جیهانی واقیعەوە هەیە، بەڵام کاتێك ڕەش لە دژی سپی دادەنێین، ئەمە تەنها لەزماندایە و پەیوەندی بە جیهانی واقعەوە نییە .

کەواتە واتای دروستەکاری کاریگەری تەواوی لە سەر واتای زمانی هەبووە؛ وشەکانی زمان وەك کۆگایەك سەیر ناکات، بەڵکو تۆڕێکی درکاندنە، کە لەسەر بنەمای جۆرێك لە پەیوەندی واتای پێکەوە پەیوەستن. دەبێت سەرنجی وشەکە لە چوارچێوەی پێکهاتە گشتیەکەیدا بدرێت بە ڕەچاوکردنی یاسامەندی لە سیستەمێکدا.

4-3-4/1) **تیۆری دروستەکاری نوێ:** پوختەی بیرۆکەی ئەم تیۆرە بەگشتی، لە بۆچوونەکانی (جاکندۆف )لە تیۆری (سیمانتیکی تێگەیشتن conceptual semantics، بۆچوونەکانی (بیرویش) لە تیۆری سیمانتیکی دوو ئاستی two-level semantics بۆچوونەکانی پوست یوفسکی لە تیۆری بەرهەمهێنانی فەرهەنگی generative lexicon )دا خۆی دەنوێنێت.

ئەم بۆچوونانە بە پێچەوانەی واتای ئاسایی باوەڕیان بە گەڕانەوەی واتای فۆرمەکان هەیە بۆ شتەکان، جەخت لەسەر شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکان و واتای بەشەکان دەکەنەوە، ئەو بەشانە لە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدان و دواتر تێگەیشتن دێننە ئاراوە، ئەمەشیان بە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە واتاییەکان یان بە سەرنجدان لە هاوبەشی نێوان بەشەکانی واتا زمانییەکە و زانیاری پێکهاتەی دەقی (context)، یان نازمانی دێتە ئاراوە.

(ویرژبیتسکا) تیۆری (واتای سروشتی) دانا کە بریتی بوو لە واتای باری ئاسایی قسەکردن بە بێ هیچ سازدانێك؛ واتە واتای قسەکان هەر بەو شێوەیە تۆماربکرێن کە دەدرکێنرێن .

(کلیف گودار)، کە زیاتر بەرگری لەم تیۆرە دەکات پێیوایە، کە واتای سەرەلکیی وشەکان واتای یەکەم/پرۆتۆتایپی وشەکانە، نەك واتای تۆمارکراوی فەرهەنگی کە پێویستیان بە روونکردنەوە هەیە، بە هاوکاری وشەیەکی تر یان دەربڕاوێکی تایبەتی. ( بڕوانە دیرك گیرتس:2014: 270).

ئەگەر بڕیار بێت کە واتای وشەیەك بە هۆی وشەیەکی ترەوە لێکبدرێتەوە- لێکدانەوەی زمان بە خودی زمان-، ئێمە لە ناو زمان خۆیدا دەمێنینەوە و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان زمان و جیهانی واقعدا نامێنێت، بەڵام پێویستە وشە لێکدەرەوەکان بچووکتر بن لە وشە لێکدراوەکان، چونکە ئەگەر لێکدەرەوە و لێکدراوە وەك یەك بن، ئەوا هەروشەیەك دەیتوانی خۆی لێکبداتەوە. ئەم بۆچوونە هەوڵ دەدات بۆ لێکدانەوەی واتا پەنا نەبرێتە بەرجیهانی بۆگەڕاوەی فۆرمە زمانییەکە. بە بۆچوونی(ویرژبیتسکا) واتای یەکەم لە دوو سەرچاوەوە بەرهەم دێت :

1- تۆمارکردنی واتای دەربڕینێك، کە بە ئاسایی و سروشتی دەدرکێنرێت.

2- کورتە شیکار(reductive parabhrase) بە هۆی وشەیەکی لە خۆی بچوکتر یان دەربڕاوێکی تایبەتی لێکدەدرێتەوە.

نەگونجاوی بۆچوونی لێکدانەوەی زمان بە زمان، تیۆری دروستەکاری نوێی هێنایە ئاراوە، کە بەکورتی بۆچوونی سێ نوێنەرە سەرەکییەکەی ئەم تیۆرە دەخەینە روو :

## 1- جاکندۆف: تیۆری سیمانتیکیی چەمکی semantics conceptual

(جاکندۆف) لەو باوەڕەدایە کە واتای فۆرمێك ناتوانێت هەڵگری تەواوی ئەو زانیارییانە بێت کە بۆ روونکردنەوەی توانستی قسەکەر پێویستە، بە پێچەوانەوە تەواوی زانیارییەکان لە ئاستی پێکهاتەی بیرۆکەکەدا لە یادگەی مرۆڤدایە، لەو پێکهاتانەوەیە، کە جۆرەکانی تری بیر و ئەندێشە وەك زانستی درکی، جوڵەی مێشکمان دەخاتە پاڵ زانستی زمانیمان و پێکەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕن، بە وتەی خودی جاکندۆف" بۆ سێمانتیکی زمان کاتێك تاکێك دەتوانێت لە ئاستێکی باڵادا بیرۆکەکانی بگوازێتەوە، کە بە هاوبەشی سوود لە فۆرمە دروستکراوە زمانییەکان و زانیارییەکانی دەرەوەی زمان وەربگرێت."(دیرك گیرتس:2014:289) (جاکندۆف) لە سەرنجەکانیدا دەربارەی

فۆنۆلۆژی و سینتاکس پەیڕەوەی لە تیۆری بەرهەمهێنان و بۆچوونەکانی چۆمسکی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی چۆمسکییەوە لەو باوەڕەدایە، کە سەربەخۆیی سینتاکس بە واتای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی زمان نییە، چونکە لێکدانەوەی واتای زمان لە چوارچێوەی سەرنجدانی دەروونزانی و بیر و ئەندێشەدایە، بەم هۆیەوە جاکندۆف لە هەوڵدایە تا لێکدانەوەکانی دەربارەی دروستکردنی زمان، بەدەرەنجامە بەدەستهاتووە دەروونزانییەکان لە مەحەك بدات. بۆ نموونە ئەو دەربڕاوە زمانییانەی بۆ روونکردنەوەی (شوێن) بەکاردەهێنن پێویستە لەسەر بنەماکانی تیۆرەکانی دەروونناسیی درلکی شوێن بێت، ناسینی شوێن، لێکبدرێتەوە، جاکندۆف (1983)سوودی لە زاراوەی رێزمانی پەسەندکردن(preference rules) وەردەگرت بۆ رووبەڕووبوونەوەی لە یاسا بەدەرەکان/لە ریزپەڕەکان. بوون یان نەبوونی یەکەیەك لە پێکهاتە زمانییەکەدا. جاکندۆف زیاتر گرنگی بە هاوبەشی نێوان سینتاکس و سیمانتیك دەدات و کەمتر گرنگی بەبابەتی بەکارهێنانی وشە لە وێستگەیەکدا واتە لەناو زماندا دەدات، پێیوایە دەستە تایبەتمەندییەکانی وشە فەرهەنگییەکە واتای سەرەتایی و کۆتایی وشەکان نین. (سەرچاوەی پێشوو 293-294-295:)، بیرەکان و بیروڕا و بیرکردنەوە، وێنە، خەیاڵ و هەموو زانیارییەکان، وەك (بوون)ێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە خاوەنی کیانێکە لە مێشکی مرۆڤدا، ئەمانە بەتەنها بە هۆی زمان، وێنە، ئاماژەکردن ..هتد دەگوازرێنەوە بۆ کەسانی تر، قسەکەری زمانێك دەتوانێت هەم تێبگات و هەم ژمارەیەکی بێسنووری رستە لە زمانەکەی خۆی بەرهەم بهێنێت، کە پێشتر نەیبیستووە، ئەمە بەو واتایە دێت کە ناتوانرێت بنیادی رێزمانی کۆگا بکرێت، هەروەك چۆن ناتوانرێت دەستەیەکی دیاریکراو لە رستەی چاوەڕوانکراو کۆگا بکرێت، ئەمانە وەك توانستێك لە مێشکی مرۆڤدا جێگەی خۆی هەیە لەکاتی ئاخاوتندا بە رێککەوتن لەگەڵ بونیادی رێزمانیی رستەدا بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی تاك کردەی قسەکردن بەرهەم دێت. بونیادە رێزمانییەکە بیرەکانی ناوەوە بە کۆد دەکات، پێویستە بەرانبەر بەو ژمارە بێسنوورەی رستە ژمارەیەکی بێسنوور بیر هەبێت لە بەرهەمهێنانی رستەدا بەشداری بکات، چونکە بیرەکان ناتوانن خۆیان کۆد بکەن، بیرێك کەبەهۆی وشەوە دەردەبڕدرێت ئەوە بیری فەرهەنگییە، بۆنموونە کەدەڵێن(سەگ) پێویستە بیرەکە زانیاریی گیانەوەرەکانی دیکەی تێدا بێت تا سەگ لەوانی دیکە جیابکەینەوە، هەروەها جۆرەکانی سەگ لە کێڵگەی واتایی خۆیاندا دابنێت، ئەم زانیارییانە پێویستە لە بیری مرۆڤدا هەبن ئەوسا دەتوانین بەگشتی لە واتای وشەی سەگ بگەین. سەگی ماڵی، سەگی راو، سەگی ران، سەگی ئاوی، سەگی هار ...هتد. پێویستە :

ا- مرۆڤەکان بە گشتی پلانێکیان بۆ سەگ هەبێت، کاتێك فۆرمی (سەگ) بەکارهات، کە یەك فۆرمە، ئەم فۆرمە مرۆڤ بەرەو جیهانە ئەبستراکتەکەی مێشکی ببات و هەموو وردەکارییەکانی ئەم گیانەوەرە بخاتە روو.

ب- پێویست ناکات مرۆڤ پلانێکی شاراوەی دەربارەی سەگ هەبێت تا فۆرمەکە بەئاسانی بگشتێنرێت بۆ بەکارهێنەرانی زمانەکە.

بەکورتی واتای ناوەڵۆکی رستە، لەدوو سەرچاوەوە هەڵدەهێنجرێت، کە ئەوانیش (بونیادی رێزمانی، بونیادی ناوەکی بەندە فەرهەنگییەکان/واتای بەشە پێکهێنەرەکانی رستەکە)ن. بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە رستەی A بگەین و واتاکەی زیندوو بکەینەوە، پێویستە لەگەڵ بیرێك کە لە مێشکدایە B بەرانبەر بکەین، کە بونیادێکی ناوەڵۆکی هەیە، دەتوانین لە بونیادی رێزمانی و بونیادی ناوەکی بەندە فەرهەنگییەکانەوە رستەیەك هەڵهێنجین، کە بریتییە لە C، (C) پێویستە هەم لۆژیکی بێت، هەم مەرجی راستیشی تێدا بێت. (جاکندۆف) لێرەدا دوو ناونیشان جیادەکاتەوە :

یەکەم: باسکردنی زمانێکی چاوەڕوانکراو بە هۆی ڕێزمانێکەوە فۆرمی وشەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە، کە بە(سێمانتیکی دەرەکی) ناوی دەبات.

دووەم: باسکردنی راستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە هۆی پێکهاتە زمانییەکانەوە کە ناوی(ناوە سیمانتیکی ناوەوە).

ئەگەربڕیار لەسەر راستی بدەین، جەخت لەسەر هەڵێنجانی ناوەڵۆکی مرۆڤ بکەینەوە، ئەوا پێویستە کاربە سیمانتیکی ناوەوە بکەین. مەبەستی رێزمانی بەرهەمهێنان هەمیشە لە پێناو ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی دیوی ناوەوەی زماندا بووە. پێڕەوەکانی زمان لە لایەن قسەکەرانەوە بە کەسی دەکرێن. بروانە(ڕەی جاکندۆف:1990: 3-12)، (کورش سەفەوی:2014 :292-294)، بە هەندێك نموونە ئەوە روونندەکاتەوە، کە واتا لە چوارچێوەی گەڕانەوەدا دێت بۆ یادگە(ذهن)ی مرۆڤ. چونکە جاکندۆف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە واتا لە زمانە ئاساییەکاندا لەو زانیارییانەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤ لە مێشکی خۆیدا کۆدبەندی کردوون. (جاکندۆف) پێیوایە، واتای رستەیەك بریتییە لە دروستەی تێگەیشتن. ناوەرۆکی ڕستەکەش لە دروستەی تێگەیشتنی وشەکان پێکهاتووە. بۆ نموونە ( 1- گۆران چوو بۆ خانووەکە.) ئەم ڕستەیە گوزارشت لە رووداوێك دەکات، لەم رووداوەدا شتێکی بەرجەستە، کە (گۆران)ە رێگەیەکی بڕیوە و چووەتە ناو شوێنێك، کە(خانوو)ە، کەواتە ئەم دەربڕاوە سێ درکێنراوی بنەڕەتی واتای تێدایە، کە بریتین لە:(چوو)، (شوێنێك)، ( رێگەیەك). شتێك، کە بەم رێگەیەدا

ڕۆشتووە (گۆران) ە ، ئەم ڕێگەیەش بەرەو خانووەکەیە، (بۆ) ئاراستەی جووڵەکە پیشان دەدات بۆ شوێنێك، کە (خانوو)ەکەیە، بۆ هەر کورد زمانێك ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە گۆران چووەتە (ناو) خانووەکەوە، کە لێرەدا پێویستی بە وتنی (ناو) خانوو ناکات، شیکاریی درەختی ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت :




هێڵکاری (4)

(Ø) لە هێڵکارییەکەدا، بۆ وشەی (ناو) داڕێژراوە، بەوپێیە (ناو) وشەیە لە ڕستەکەدا و کاریگەری هەیە. بۆ کورد زمانێك درکی ڕستەکە ئەوەیە، کە (2- گۆران چوو بۆ ناو خانووەکە)، بەڵام لەوانەیە لێکدانەوەیەکی دی ڕستەی(3) دروستبکات، کە (گۆران لە تەنیشت خانووەکەدا وەستا بێت و دواتر چووبێتە ناو خانووەکە). پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وشەی (ئاوەڵکار) بەکارهات، لە کاتێکدا باسی تایبەتمەندیی وشە دەکرێت؟ لەوانەیە واتای ئەم ئاوەڵکارە شوێنما یان کاتنما بێت، کەلە واتای ڕستەکەوە درك دەکرێت. دەڵێن (هەوا ساردە.) هەوا لەکاتێکی دیاریکراودا سیفەتی ساردبوونی دەدرێتە پاڵ، ئەوکات دروستەی تێگەیشتنی ڕستەکە بەمشێوەیەی لێدێت :






**2- مانفرد بیرویش (1983–1988) تیۆری سیمانتیکی دوو ئاستی** two-level semantics : (بیرویش) خاوەنی تیۆری ( سیمانتیکی دوو ئاستی) یە. ئەم تیۆرە هەردوو ئاستی زمان، کە زمان و زانستی جیهانی دەرەوەی زمانە لە پێکهاتەیەکی واتایی و دەربڕینێکی زمانیدا لێکدەداتەوە. تیۆری دوو ئاستی، هەروەك تیۆری تێگەیشتن تێڕوانینی بەش بەشی بۆ زانیارییەکان هەیە. لەم تیۆرەدا رەفتارناسی مرۆڤ لەسەر بنەمای کاریگەری پێکدادانی یاساکان و ناوەوەی یاساکان، کە لە شێوەی بەشی، تا رادەیەك سەربەخۆدان، بەسەربەخۆیی لە یادگەی مرۆڤدا کاردەکەن. بۆ نموونە فرەواتایی لە زمانە ئاساییەکاندا بۆ دوو بۆگەڕاوەی زانیاریی مرۆڤ دەگەڕێنەوە، کە ئەوانیش فۆرمی واتایی و دروستەی تێگەیشتنە.

**فۆرمی واتایی (semantic form)**: بەدیهاتوویەکی زمانییە، کە بە باوەڕی (بیرویش) پێویستە، وەك ىەك وشەی پەسەندکراوی زمانی، کە بەشێکە لە وشە فۆرم بۆ دانراوەکانی زمان، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەر فۆرمێکی واتایی، مەرجی پەیوەندێتیی لەگەڵ یەکەکانی دیکەدا، ئاستی دروستەی تێگەیشتن دیاری دەکەن. هەر فۆرمێکی واتایی بەشێوەیەك دەستنیشاندەکرێت، کە هەڵگری گۆڕاو و تایبەتمەندیی گەلێکە، کە لەسەر بنەمای مامەڵە لەگەڵ دروستەی تێگەیشتن دیاریدەکرێت، لە هەمان کاتدا فۆرمی واتایی هەڵگری زانیاریی ڕێزمانییە، کە دیاری دەکات، چۆن و بە چ ڕێگەیەك ئەو وشەی، کە مەبەستمانە لە چێوەی دروستە سینتاکسییەکەدا دابنرێت.

**دروستەی چەمکی (conceptual structure)**: لە ئاستی دووەمدا، هۆکاری نازمانیی یاساکانی زانیاریی تێگەشتن لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە ئەو تێگەشتنانەی، کە ئاماژەن بۆ شتە بەرجەستە/ماددییەکان لەسەر بنەمای پێشنیازی گەڕانەوەیە بۆ شتەکە خۆی. ئەم پێشنیازی گەڕانەوەیە تایبەتمەندییەکانی شتە بەرجەستەکە دیاریدەکات، کە دەتوانێت، هۆکاری دیاریکردنی وردەکارییەکانی وشەکە لە ئاستی فۆرمە واتاییەکەدا بێت. بڕوانە (دیرك گیررتس: 2014، 296-297).

بەم شێوەیە، ئێمە لەگەڵ جۆرێك لە پۆلبەندنی کارکردنی فۆرمی واتایی (دروستەی چەمکی) ڕووبەڕوو دەبینەوە. هەر وشەیەك لە ئاستی فۆرمی واتایدا لە یەك واتای دیاریکراودا بەهرەمەندە، بەڵام لەو پێکهاتەیەدا کە تێگەیشتنێکی دروستکردووە، مامەڵەی جۆراو جۆر لەگەڵ وشەکەدا دەکرێت. (بیرویش) هەوڵی ئەوە دەدات ڕوونی بکاتەوە، کە کاریگەریی دوولایەنەی پێکهاتە و واتا، چۆن کار دەکەن لە ڕێگەی چالاکیی وشەکە لە بونیادی پێکهاتەکەدا. تیۆری دوو ئاستی ڕوونتر لە تێڕوانینەکانی (جاکندۆف) دەڕوانێتە بەدیهێنراوە جۆربەجۆرە واتاییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیش لە سیمانتیکی زمانەوانیی هاوچەرخدا دەگێڕێت. بۆ نموونە وشەکانی (زانکۆ، خوێندنگا) پەیوەندییان بە دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە هەیە وەك لە ڕستەی(ئەم زانکۆیە ئۆفەری خوێندن دەداتە خوێنکاری دەرەوە). وشەی (زانکۆ) بە واتای دامەزراوە هاتووە لە ڕستەکەدا. هەمان وشە(زانکۆ) لە ڕستەی(ئەم زانکۆیە کەوتووەتە باکوری سەنتەری شارەوە) بە واتای بینای دامەزراوە پەروەردەییەکە هاتووە، دەتوانین لەم یاسا لۆژیکییە سوودمەند بین:

[[xw]مەبەست[1]λx بەپێی یاسا لۆژیکیەکە وشەی زانکۆ بەمشێوەیە:

[[w ]خوێندنی باڵا یان [xw] مەبەست ] λx. ( وەرگیراوە لە: Geeraerts Dirk:1393: 298)

دوو یاساکەی سەرەوە یەك دەروازەی زمانییە، X گۆڕاوێکە، کە بەهاکەی لە ئاستی دووەمی شیکردنەوەدا دەردەکەوێت واتای دووەم دەربڕینی (زانکۆ)یە، کە پێشتر لە ڕستەکاندا، وتمان دەتوانین دیاریکردنی X بە بەدوو شێوە بەدەستیبهێنێت :

1 - [[xw ]مەبەست یان [x]دامەزراوە پەروەردەییەکە] λx
2 - [[xw ]مەبەست یان [x]بینا] λx

(بیرویش) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە ئاستی زمانی ئاستێکە، کە هەروشەیەك واتایەکی هەیە، کە پەیوەستە بە تاکەوە، ئاستی پێکهاتەکە، وێستگەیەکی واتاییە و گۆڕانی واتایش لەم وێستگەیەدا دیسان پەیوەندی بە تاکەوە هەیە.

### 3- پوستی یوفسکی ( تیۆری بەرهەمهێنانی فەرهەنگی generative lexicon ):

تیۆرەکە بە ناوی(وشە بەرهەمهاتووەکان)ەوەیە، کەلە ساڵی 1995 دا ناسرا. ئەم تیۆرە لە تیۆرەکانی دیکە بە بەهاترە. پوختەی تیۆرەکە لە دوو خاڵدا دەخەینە ڕوو:

ا- یوفسکی لێکدانەوەی بۆ فرەواتای کردوە و (ئاپرەژان) زاراوەی(چەند واتایی ڕێکخراو regular polysemy) لە وشەکانی زماندا بۆ ئەم پرۆسەیە پێشنیاز کردووە."چەندواتایی/فرەواتایی وشەی A بەواتاکانی A1 و A2 بە فرە واتایی ڕێکخراو ناو دەنێم، ئەگەر لە هەمان زماندا وشەیەکی دیکەی، وەکو B بە واتاکانی B1 و B2 هەبێت کە تایبەتمەندی A1 و A2 وەکو تایبەتمەندی B1 و B2 وابێت، A1 لەگەڵ B1 ، A2 لەگەڵ B2 هاوواتا بن." (Apresjan:1966:44-74)

- شووشەکە بخەرە سەر مێزەکە.

- ئەو پەیکەرە لە شووشە دروستکراوە . بەم پێیە (شووشە) لەو دوو ڕستەیەدا نابنە هاوواتا بەڵکو فرەواتان .

ب- شوێنی ئەم تیۆرە لە سێمانتیکدا، لە هەناوی سێمانتیکی بەرهەمهێنانەوە لە دایکبووە. ئەم تیۆرە پێرست بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی وشەکاندا دادەنێت، گرنگی بە چالاکبوونی زمان نادات. بەڵکو گرنگی بە وشەکان دەدات، چونکە پێیوایە وشەکان کەرەستەی خاوی بەدیهاتووە واتابەخشەکانن، پەیوەندی خۆی، لەگەڵ نیشانە لۆژیکییەکاندا گرێدەدات.(یوفسکی) پێیوایە، دەبێت شێوازی جیاواز بۆ هەردرکاندنێکی وشە بەرهەمهاتووەکان لە پێکهاتە جۆربەجۆرەکاندا هەبن، ئەم شێوازانە نابێت یەك جار خوێندنەوە بۆیەك وشە لە پێکهاتەکەیدا بکات و بەو تەنها خوێندنەوەیە لێکیبداتەوە، بەڵکو پیویستە ڕەچاوی ئەو زانیاریانەبکات کە هەرجارێك وشەکە لە پێکهاتەکاندا کۆدی دەکات، چونکە کۆد، هێمای هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرە. "کۆد بۆ گواستنەوەی زانیاری بەزانیاری داگیراوەتەوە، بۆیە قسەکەروگوێگرلە یەکدەگەن."(محەمەد مەحوی :2009، 141). کەواتە لە پێرستەکەی ئەم تیۆرەدا هەر وشەیەك کە بەکۆدکرا و زانیارییەکی گواستەوە بۆ گوێگر، دەبێت تۆماربکریت، چونکە ئەوە بەرهەمێکی نوێیە، ئەم بەرهەمە نوێیە دەبێتە دروستەیەکی زانیاری[9] ، ئەم دروستەزانیارییەش لە چوار دروستە پێكدێت:

---

[9]- دروستەی زانیاری بە بیرێکی تێکەڵ لە سیمانتیك و پراگماتیك و سینتاکس دادەنرێت، دروستەی زانیاری بریتییە لە پێچانەوەی زانیاریەك بە شێوەیەك، کە بە زووی و ئاسانی پێویستیەکانی قسەکەر و گوێگر لە وەرگرتنی زانیاری پڕبکاتەوە و پرۆسەی تێگەشتن لە نێوانیاندا بهێنێتە ئاراوە. بڕوانە ( گۆنا عومەر عبداللە:2013: 17)

1- **دروستەی ئارگومێنتی structre argument**، کە ژمارەو بابەتیکی کارا دیاری دەکات. 2- **دروستەی ڕوداو event structre**، کە شێوازی رودانی قسەکە ڕوندەکاتەوە. 3- **دروستەی چۆنیەتی/بوونی ڕێکخراو qualia structre**، کە کۆمەڵێك سازبەندیە لە تایبەتمەندیە پیشاندراوەکان؛ وەك دیاری کردنی نیشانە تایبەتمەندیەکان وایە. دروستەی چۆنیەتی بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بۆ چونەکانی ئەرستۆوە وەرگیراوە، کە چوارتایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت:

- فۆرم و یاسای چۆنیەتی formal aualia: هەڵگری تایبەتمەندی دیاریکردنی شتێکە؛ ئەو شتە چ شتێکە و سەربەکام گروپ لەشتەکانە.

- پێکهاتەی چۆنیەتی constitutive: هەڵگری ئەو زانیاریانەیە کە پەیوەستە بە بەشە پێکهینەرەکانی ئەوشتە. کاتێك، کەسێك لێمان دەپرسێت (فلأن شت لە چ شتیك دروستکراوە؟)، ئێمە بەناساندنی چۆنیەتی دروستکردنی شتەکە وەڵامی دەدەینەوە .

- ئامانجی چۆنیەتی dualia telic: ئامانج لە چۆنیەتی دروستکردنی شتەکە ڕوندەکاتەوە.

- ئۆرگانی چۆنیەتی agentive aualia: کاتێك لێمان دەپرسن (فلأن شت چۆن دروستکراوە؟)، بەشەکانی یەك بەیەك بۆڕوندەکەینەوە.

4- **دروستەی گونجاندن lexical inheritance structure**: **جۆری** دروستەی زانیاریە کە لەبنەرەتدا پەیوەندی شوێنکەوتوی پێکهاتە زمانیەکان دەستنیشان دەکات، پەیوەندی (سەلەمون) وەك ژێرگری (ماسی)، ماسی وەك ژێرگری گیانەوەرانی ئاوی. بە پێی ئەم تیۆرە، بەرهەمهاتوەکە، کە بەکارای سینتاکسی بەرهەم هاتوە، بو بابەتەکە دەگەریتەوە. بە وتەی (یوفسکی) ئەم گریمانەی پیکهاتەیە بە سێ شیوەی جیاواز دیتە ئارا:

أ- **پەیکاڵبوون matching**: بابەت بۆ یەکەیەکی سینتاکسی لەشیوەی ریکوپێکترین فۆرمدا لە ئەستۆ دەگرێت بۆ نمونە بۆ (پاسکردن) وشەی (سەگ) هەڵدەبژێرین، دەڵین (سەگەکە پاس دەکات ).

ب- **جێگیرکردن accommodation**: پێکهاتەیەك جێگیر دەکات، کە بابەت و یەکە سینتاکسیەکە هاوتا بن. بەلأم ئەم هاوتا بوونە لە چوارچیوەی دروستەی گونجاندندا ڕێگەپێدراو بێت. بۆ نمونە(ماسیگری) لەو چێوارچیوەدایە کەبابەتەکەی ماسی بێت. لەم هەلومەرجەدا رستەی (ئەمرۆ هیچ ماسیگرێك سەلەمونی نەگرت) دروستە، چونکە سەلەمون ژێرگری ماسیە.

**ج- ناچاریcoercion:** نیشاندەری هەلومەرجێکە، کە لە گومان وسەرکەوتندا ڕوونادات، بەڵکو پێکهاتەکە خۆی بەسەر بابەتەکەدا دەسەپێنیت؛ واتە (ناچاری) کاری واتایە کە بابەتەکە لە بەرژەوەندی خۆی دەستکاری بکات، ئەگەر ئەم کارە سەرکەوتوو نەبوو، پێکهاتە و بابەت نادروست بەرهەمدێن. خۆسەپاندنەکە بە دوو جۆرە :

یەکەم: بەشێك لە بابەتەکە بەشیوەیەك دەکەوێتەوە، کە بتوانێت لەگەڵ کاری پێکهاتەکەدا بگونجێت، ئەمە لەو درکاوانەدا ڕوودەدات، کە زیاتر دوو واتاین. بۆ نمونە (پەرتوك ) هەم بە واتای (شت) دێت و هەم بەواتای (زانیاری). کە دەڵێین: 1- سوزان کتێبێکی کڕی. 2- سوزان کتێبەکەی لەبەرکرد. لە(1)دا سۆزان شتیکی کڕیوە کە(کتیب)ە. لە(2)دا (سۆزان) ئەو زانیاریانەی لەبەرکردووە، کە لەناو کتێبەکەدایە. کەواتە کتێب لە(2)دا بەواتای زانیاری هاتووە.

دووەم: داهێنان لە بەرانبەر هەلگرتنەوە دێت. ئەم جۆرە لە بری پوچەڵکردنەوەی یەکێك لە واتا هەڵگیراوەکان، واتایەکی نوێ بۆ دەربڕینەکە زیاد دەکات. بۆ نموونە کاری (خوێندن)، کە بریارە(بەرکار)ێکی وەك (کتێب)ی هەبیت، لە رستەی (من دەتوانم لە ئیستاوە بیخوێنمەوە کە دەیەویت چی بڵێت.) دەچێتە ناو هەلومەرجیکەوە، کە بەرکارەکەی لە جۆری خوێنراوەکان نیە. بڕوانە(دیرك گیرتس:1393: 313-320)

**5-3-4-1) تیۆری درکپێکردن (cognition):** ئەم تیۆرە بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئلنور ڕوش (Eleanor rosch)، دەگەریتەوە، کە لە کەرەستەی دەرونزانی زمانی، بۆ شیکردنەوەی ناوەوەی درکاوەکان سودی وەرگرتووە. تیۆری (نمونەی بنچینەیی)، کە تیۆرێکی دەرونزانیە هەوڵ دەدات کە فۆرمە نمونەییەکان لە یادگەی مرۆڤدا، هەروەها کاریگەرییەکانی پۆلیکات. ئەم تیۆرە دەرونزانیە لە سالی (1985ز) بەرەو زمانەوانیی هەنگاوی هەڵگرتوو و سەرکەوتنی بەرچاوی لە لێکدانەوەی زماندا بەدەست هێنا.

**تەوەرەی یەکەمی تیۆرەکە:** دەرئەنجامی لێکۆلینەوەکانی (روش) لە سەرەتادا، لەبارەی ناوەرۆکی دەربڕینەکانەوە بوو، لە روانگەی تاقیکردنەوەی ڕەنگەکان.[10] دەربڕینە ئاساییەکان واتایان ڕوونە، چونکە لە سنوری خۆیاندا واتایەکی لوژیکیان هەیە. (ڕوش) دەڵیت"لە روانگەی شیکردنەوە و لە کاتی ڕونکردنەوەی دەربڕینەکاندا، زوربەی

[10] تاقیکردنەوەی ڕەنگەکان لە لایەن هەردوو دەرونزان Brent Berlin ، Paulkey ئەنجامدر، تیایدا ڕەنگی سەرەکی لە ڕەنگەکانیتر جیا کراوەتەوە ، پاشان ئەوەیان سەلماندووە، کە کام ڕەنگ لە کام ڕەنگەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمە کرا بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی وشە و واتا بنەڕەتیەکان . ڕەنگەکان لە بنەڕەتدا بەمشێوەیە پۆلێنکراون:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سپی | | زەرد | گۆشتی |
| | سوور | سەوز | وەنەوشەیی |
| ڕەش | | شین | نارنجی و خۆڵەمێشی |

لێکۆڵەرەوان لەسەر بنەمای یەك گریمانەن لەیەك درکاودا. ئەمە بەو واتاییەی، لە کۆمەڵێکی فراوان لە بەرهەمی فەیلەسوفان، دەروونناسان، زمانەوانان و مرۆڤناسەکاندا، ئەو باوەرە باوە، کە درکاوەکان لە ڕوانگەی ناسنامەی لۆژیکی سنوربەندی کراون، هەر ئەندامێك لە پێکهاتەیەکی درکاوەکە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی دیاری کراوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا، تەواوی ئەندامانی ئەو درکاوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکاندا یەکسانن، لە بەرانبەردا، لەم ساڵانەی دواییدا ئەوە خرایە ڕوو، کە هەندێك لەو دەربڕینە ئاساییانە، لە سێبەرێکی ڕوونی گرنگ بەهرەمەندن و لەبری ئەوەی پرۆسەی (ژمارەیی digial)[11] لەبەرچاو بگیرێت، پێویستە لە روانگەی لۆژیکی لەسەر بنەمای دروستەی پێوەری analog تێیانبڕوانرێت.

بەم پێیە فۆرمەکان ئەو واتایانە وەردەگرن، کەبەهای راستی بە درکاوەکە/ڕستەکە دەبەخشن؛ لە توێژینەوەکاندا کاتێك کە داوایان لە بەشداربووان دەکرد، لەبری وشەی (باڵندە) وشەیەکی تر بەکاربهێنن هەموو ناوی باڵندەیەکی ناسراوی وەك (هەڵۆ) یان بەکار دەهێنا. کەواتە ئێمە لەکاتی فێربوونی زماندا، نموونە دیارەکانی هەر دەربڕینێك پێش نموونە نادیارەکان فێردەبین.

**تەوەرەی دووەمی تیۆرەکە** : لە سەرەتای ساڵەکانی (1980 ز)دا، دەرەنجامی تاقیکارییەکانی (ڕوش) بەرەو زمانەوانی ڕێگەی گرت، لەسەردەمی فراوانبوونی ئەم میتۆدە و جێبەجێکردنی لەسەر زمانەوانی، ڕوونبوویەوە کە جیاوازی نێوان بەدیهاتووە جۆراوجۆرەکان و پەیوەستبوونی بە(نموونەی بنچینەیی prototype) کارێکی بنەڕەتییە. نمونەی بنچینەیی: دیارترین و کاریگەرترین ئەندامی پێکهاتەی دەربڕاوەکەیە، کە لەسەر بنەمای داوەری، خەڵکی ئەو ئەندامە لە پێکهاتەکەدا هەڵدەبژێرێت. بە پێی لێکدانەوەکانی (ویتگنشتاین) جۆرێك لە لێکچوون و خزمایەتی بەسە، تا ڕاستی وشەیەك و پەیوەندی لە نێوان وشەکانی ڕستەکاندا بێتە ئاراوە. پەیوەندییە لەیەکچووەکە لە جۆری AB، BC، CD،DE؛ واتە هەر بابەتێك لێکچووی بابەتێکی دیکەیە، ئەم لێکچوونەش، لە هەموو بابەتەکەدا پەیدا دەبێت، بەڵام بەرێژەی نایەکسان لە پێکهاتە گشتییەکەدا خۆی دەنوێنێت. کەواتە ئەو سنووربەندییەی نێوان وشەکان بەوشێوەیەش ورد و دروست نییە، چونکە ئەم تیۆرە واتای وشەکان بە پێی ئەو ناوەرۆکە/ڕاڤەیە لێکدەداتەوە، کەلە ڕستەکەدا/پێکهاتەکەدا هەیەتی، پێکهاتەکەش بە پێی تێگەشتن و بەهای دەربڕینەکانە لای هەر گەلێك. (نمونەی بنچینەیی): کۆمەڵە شەپۆلێکی بەیەکدا تەنراوە، کە هەم (سنووری بەهایی درکاوەکان و هەم سنووری کێڵگەی وشەکان) دەخاتە بەردەم گومان. لەوانەیە لای گەلی ئەمریکی بۆ نموونە، میوەی (سێو، پرتەقاڵ، مۆز ) لە پلەی یەکەمدا بێت و(شووتی و هەنار و ئەنەناس) لە پلەی خوارتردا بێت. ئایا ئەم

[11] digial واتە پلەبەندی ژمارەیی لە ژمارە 1 تا 9 .

گەلە(زەیتون) بە میوە دادەنێن یان نا؟ لەرووی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە نەك کشتوکاڵییەوە، ئەگەر(زەیتون) بە میوە دانەنێن ئیتر زەیتون لە کێڵگەی وشەیی (میوە)دا دانانرێت. کەواتە بەپێی پێشنموونەی لە کۆمەڵی کوردیدا، کاتێك سنووری کێڵگەی ئەو گیانەوەرانە دیاریدەکەیت، کەگۆشتیان دەخورێت، بۆ نموونە (بەراز، گوێدرێژ... هتد)یان تێدا نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی (چینی) بۆ نموونە لەو کێڵگەیەدا (بەراز و گوێدرێژ) پۆلبەند دەکرێن. ( نموونەی بنچینەیی) چوار تایبەتمەندیی هەیە.**1**- درکاوەکانی نموونەی بنچینەیی پلەی جیاوازی دەرکەوتنیان هەیە. لای عەرەب حوشتر گیانلەبەرێکی پیرۆزە، بەڵام کورد وەك سوکایەتی بۆ بەرانبەرەکەی دەریدەبڕێت. هەر ئەندامێك لە پێکهاتەی درکاوەکەدا، دەتوانێت بەرزترین نموونەی ناو درکاوەکە بێت. **2**- دروستەی واتایی هەر درکێنراوێك لە ڕوانگەی (نموونەی بنچینەیی)ەوە لەناو یەك بازنەدا یەك لە یەکتردا بەهرەمەند دەبن، هەریەك لەو بازنانەی بە پێی تەنینەوەیان لەگەڵ یەکتردا، دوورونزیکییان لە سەنتەرەوە دەردەکەون.

3- دەربڕینی پێشنموونەیی ئەگەر لە سەنتەری سنوربەندی، یان ناوەرۆك پێدراوی کۆمەڵگە دوورکەوتەوە، دەگونجێت هەڵگری واتای لێڵ بێت.

4- درکاوەکان لە روانگەی (نموونەی بنچینەیی) بە گشتی لەسەر بنەمای یەك کێڵگەی و دەستە تایبەتمەندیی تێروتەواو پێناسە ناکرێت و دیارینناکرێت. کەواتە سنووربەندی و ناوەرۆکی نموونەی بنچینەیی هەر کۆمەڵێك خۆی بڕیاری لەسەر دەدات

**تەوەرەی سێیەمی تیۆرەکە:** وێڕای ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵگە، (چەمك)، واتا دەبەخشێتە هەردەربڕینێك، بەڵام پێویستە لە ناو پێشنموونەکانیشدا، هەمان یاسای پێشنموونەیی رەچاو بکەین، کە (روش) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر گیانەوەران و (HenryGleitman ، LilaR.gleitman ،SharonL.armstrong) لە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ژمارەکان پیشانیانداوە. هەندێك لە گیانەوەران دەرکەوتووترن/سەنتەری واتای باڵندەن. بۆ نموونە مرۆڤێکی هۆشیار دەزانێت، کە (شەمشەمەکوێرە) دەفڕێت و باڵندەش نییە، (پەنگوین) ئەگەرچی باڵندەشە، بەڵام نافڕێت. کە دەڵێین باڵندە وێنەی (هەڵۆ) یان (داڵ) دێتە بەرچاومان، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین پەنگوین باڵندەیە، بەڵام هەڵۆ باڵندەترە بەو واتایە دەستەی تایبەتمەندیی واتایی زیاترە لە هەمان کێڵگەدا. بەم پێیە هەڵۆ زیاتر لە سەنتەری واتای باڵندەوە نزیکە، تاوەکو پەنگوین. لە نموونەی ژمارەکانیشدا، هەندێك لە ژمارەکان ناسراوترن لە هەندێکی

دیکەیان؛ ژماریەك یان تاكە یان تاك نییە، لێرەدا ناتوانین بڵێین ئەو ژمارە لەو ژمارە تاكترە، بەڵام ئەو سێ لێكۆڵەرە گەشتنە ئەو ئەنجامەی، کە تاقیکراوەکان لەسەر کۆتا ژمارە بڕیارلە سەر تاکی یان جووتی ژمارەکە دەدات، ئەگەر کۆتایی ژمارەکە (1و3و5و7و9) بوو، ئەوا ژمارە تاکە. لە تاقیکردنەوەکەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە ژمارەکانی خوار(10) دیارترن لە ژمارەکانی دی و گرنگیی زیاتریان پێدەدرێت. لە نموونەکانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە کە بۆچی پێشنموونە دەبێت چەمك بێت؟ کەواتە ئەگەر بە تێڕوانینێکی چەمکی سەیری کێڵگەکانیش بکەین ئەوکات ڕوونە کە درکاوی (میوە) لە درکاوی باڵندە دیارترە، ژمارە تاکەکانیش دەکەونە نێوان میوە و باڵندە. دواتر ئەم تیۆرە بە تێڕوانینی چەملکیی بابەتەکانی ڕەوانبێژی و پراگماتیك، واتا لە یادگەدا و واتا لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەدا و واتا لە دەقدا بە وردی شیدەکاتەوە. بڕوانە(دیرك گیررتس:1393؛ 330-542)

گریمانەی کاریگەر لە سێمانتیکی (درکپێکردن)دا ئەوەیە، کە واتا بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی و هەموو بەدیهاتووە زمانییەکان، بەشێکن لە زانیاریی گشتی درکی مرۆڤ. لەسەر ئەم بنەمایە سیمانتیکی درکپێکردن دروستبووە. هەوڵەکان لە تیۆری بەرهەمهێناندا بوون بە سەرەتایەکی ئەم تیۆرە، دیدگایەکی گشتی بەناوی ڕێزمانی درکپێکردن بەشێکە لە درکی مرۆڤ، کە سێمانتیکی درکپێکردن وەك بەشێك لەو ڕێزمانە گشتییە ناسێنرا. (ئازیتا ئەفراشی :1381؛ 2-25 ) (لاکۆف) بۆ یەکەمجار زاراوەی سێمانتیکی درکپێکردنی بەکارهێنا، کە پێیوایە زانستی زمان لەگەڵ ئاوەز و درك و ئەندێشەدا جیا ناکرێتەوە. بڕوانە(کورش صفوی:1393؛ 364) تیۆرەکەی لکاف بووە جێگەی سەرنجی (جۆنفودەر)ی فەیلەسوف و (چۆمسکی) زمانەوان، کە ڕەفتارە زمانییەکان بە بەشێك لە ئامادەگییە هۆشەکییەکانی مرۆڤ دادەنێن، ئەو ئامادەگییانەی، کە فێربوون و بەڵگە و شیکردنەوە بۆ مرۆڤ دەستەبەرئەکات. هەموو ئەمانە لەسەرئەم دەستەواژەیە کۆکبوون کە دەڵێت:"زانستی زمان بەشێکە لە ئاوەزی گشتی مرۆڤ". یەکێك لە ئاراستە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە تێڕوانین بوو بۆ (فۆرم و ڕۆڵبینین).

لە هەرە دیارتری ئەم تێڕوانینانە بۆ فۆرم، ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی بوو. ئەم تیۆرە دیدگایەکی تایبەتی بۆ زمان و ئاوەزخستە ڕوو. لە تێڕوانینێکی فۆرمەگەراوە بۆ زمان و زانستی پێکهاتە زمانییەکان، چێوەیەکی جیاوازی دروستکرد بۆ بەدیهاتووە ئاوەزییەکانی مرۆڤ. وەك ئەندێشە و یادەوەری و بەڵگە هێنانەوە و بابەتەکانی دیکەی لەو جۆرە. لەلایەکی دیکەوە شیکردنەوەی ئاستی ڕوکەشی ڕستە وەك فۆنۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك کە هەریەکەیان سەربەخۆن، بەڵام بیروبۆچوونی ڕۆڵبینەکان بە پێچەوانەی فۆرمبینەکان، شتێك بەناوی جیاکردنەوەی ئاستی رووکەش لە بەدیهاتووە ئاوەزییەکان بوونی نییە، هەروەها جیاکردنەوەی ئاستەکانی دروستەی رووکەش بە

هەڵە دەزانن و پێیانوایە کە ناتوانین بۆ نموونە لە ئاستی سینتاکس بکۆڵینەوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی سیمانتیك. بڕوانە(کورش صفوی:1393؛ 363-365) ( زمانەوانیی درکپێکردن cognitive Linguistics)یش بەردەوامبوو لە خستنە رووی ئەو بەڵگانەی کە تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە )دەوڵەمەند دەکەن. زمانەوانی درلکپێکردن و تیۆری بەرهەمهێنان، گوێزراوە و هاوئاراستە و تەواوکەری یەکترن. تەنانەت هەندێك پێیان وایە، کە هەردوو قوتابخانەکە لەسەر بنەمای(درکپێکردنی ئاوەزی) دامەزراون؛ قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە ) قوتابخانەیەکی ئاوەزییە و دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمی شۆڕشی درکپێکردن لە  ساڵانی 1950 قۆناغی دووەمی ئەم شۆڕشە (زانستی زمانی درکپێکردن) لە ساڵانی( 1970-1980 )بوو. بڕوانە (کاروان عمر قادر: 2012، 108) لەبەرئەوەی تیۆری درلکپێکردن رێچکەی کارەکەمانە، ئەم تیۆرە لە شیکردنەوەی دروستەی سێمانتیکی کوردیدا جێبەجێدەکەین. لەبەشەکانی داهاتوودا وەك مۆدێلێکی پەسەندکردنی واتا، زیاتر تیشك دەخەینە سەری.

### 5/1 ) پێناسەی سیمانتیك semantics

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، کە لە لایەن ماکس مۆلەرەوە Max Muller  بەکارهات، (مۆلەر) زیاتر، وەك گریمانەیەك کاری تێداکرد، نەیتوانی بیکاتە ڕاستییەکی زانستی. سیمانتیك، کە کاری لێکۆڵینەوەیە لە واتا هەر لە ساڵی (1839)ەوە پەیدابووە، ساڵی (1862) ماکس مۆلەر بە ناوی ناوەرۆکەوە قسەی لەم زانستە کردووە، بەڵام زیاتر لە گریمانەیەك نزیکبوو نەك ڕاستیەکی زانستی. لە ساڵی (1883ز) میشێل بریل(M.breal) لە وتارێکدا زاراوەی سیمانتیکی بەکارهێنا، لە ساڵی 1897 لە پەرتوکەکەیدا بەناوی(Essqide semantique) زاراوەکەی چەسپاند. بڕوانە( عبدولواحد موشیر دزەیی:2011 :22). لەسەدەی نۆزدەهەمدا سیمانتیك لە وشە و دەنگەکانی دەکۆڵییەوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەم زانستە خۆی بە لێکۆڵینەوەی (واتای زمانی) وشەکان خەریککرد، لە سەدەی بیستەمدا واتاو سینتاکسی کردە ناونیشانی کارەکانی خۆی، لە لێکۆڵینەوە لە واتای وشەکان (lexicologie) چووە ناو لێکۆڵینەوە لە دروستە واتاییەکان (structural semantique)  دەتوانین (گرمس1960) بە دامەزرێنەری ئەم قۆناغە دابنێین، کە خۆی بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان هێماو هێما بۆکراوەوە خەریککرد. بڕوانە (حمید رضا شعیری :1388، 17). سیمانتیك وەك زانستێك چەندین پێناسەی بۆ کراوە کە هەندێکیان بە کورتی دەخەینە ڕوو :

1- "سیمانتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوەی واتا لە زماندا."(John i.saeed:2011:17)

2- سیمانتیك خۆی بە لێکۆڵینەوە لە واتا خەریکدەکات .(Jame R.hurfor:2008:1)

3- به لێکۆڵینەوەی واتا دەوترێت سیمانتیک، ئەم زانستە لێکدانەوە بۆ وشە و گروپە وشە و ڕستەکان دەکات، هەروەها لە پارچەیەك لە دەقێکدا یان تەواوی دەقەکە دەکۆلێتەوە. (ابراهیم چگنی:2005؛ 335 ).

4- سیمانتیك لێکۆڵینەوەی زانستییە لە واتا، واتە لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنی پێکهاتەکان، لە چوارچێوەی یەك یاسادا، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستە هێندە زانستی بێت، بڕیار بدات کە کام واتا ڕاست و دروستە و کام واتاش ڕاست نییە و نادروستە.( کورش صفوی :1391 ؛19 )

5- سیمانتیکی زمانەوانی linguistic semantice: ئەم زاراوەیە لێڵی تێدایە، ئەگەر سیمانتیك بە واتاناسی لێکبدەینەوە ئەوا یەکێك لەم واتایانە لە خۆ دەگرێت؛ یان لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە واتا، تا ئەو شوێنەی کە واتا لە زماندا ڕوندەکرێتەوە، یان لێکۆڵینەوەیە لە واتا بە ناونیشانی بەشێك لە زمانەوانی linguistic semsntics. بەمشێوەیە سیمانتیکی زمانەوانی بەشێکە لە زانستی زمانەوانی، واتاناسی فەلسەفی philosolhical semantics بەشێکە لە زانستی فەلسەفە، واتاناسی دەرونیش psychological semantics دەچێتە ناو زانستی دەرونزانی. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە واتا وەك بەشێکی زمانەوانییە. (جان لایز :1383 ؛35 ) .

6- زاراوەی سیمانتیك (واتاسازی) لە وشەی گریکی (sema) ەوە هاتووە ، کە بە واتای (نیشانە) یان (ڕەمز) دێت. وەك زاراوەیەك کە بەشێکی زمانەوانی بگرێتەوە. لێکۆڵینەوەی واتا هۆیەکە بۆ تێگەشتن لە مێشکی مرۆڤ، هۆش و ڕوانین و خیبرەمان، لەگەڵ زماندا وا تێکئالاَون کە نازانین کامیان زاڵە بەسەر ئەویتریاندا، کامیان لە چوارچێوەی ئەویتریاندا دروستدەبێت. (محەمەد مەعروف فتاح :1990 ؛156-157)

7- (جۆرج یول) باوەڕی وایە کە سیمانتیك لێکۆڵینەوەیە لە واتای وشە و دەستەواژە و ڕستە. لە شیکردنەوەی واتادا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە لەسەری ڕێککەوتووین نەك وەك بۆچوونەکەی(جۆرج کارلین) کە قسەکەر لە پێگەی تایبەتی خۆیدا بیەوێت واتای قسەکانی لێکبدرێتەوە، پێویستە کار لەسەر واتای گشتی و دیاردەکەی بکرێت. سیمانتیك ئەو ڕێبازە زانستیە دەخاتە ڕوو، کە کۆ دەنگیی ئاخێوەرانی زمانێك لە سەر واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی زمانێکی هاوبەش هەیانە. سیمانتیك لێکدانەوەی واتایە لە زماندا، واتا بارکراوەکان دەخەینە لاوە و جیاوازی لە نێوان واتای چەمکی conceptual meaning و واتای یەکگرتوو associative meaning دەکەین . واتای چەمکی هەمان واتای فەرهەنگییە، کە پێکهاتە بنەڕەتیەکان لە ڕووی فۆرم وچەپکە نیشانە واتاییەکانی خۆیانەوە دەگرێتەوە. بۆنمونە ( دەرزی Needle) ئامێرێکی ناسك وتیژە، لە سێکتەری تەندروستیدا بەکار دەهێنرێت، بەلاَم چەندین واتای دیکەی لێبارکراوە، وەك: دەردو نەخۆشی، مادەی هۆشبەر، درومان ...هتد کە ئەمانە بە واتای چەمکی ناژمێردرێن .(بڕوانە جۆرج یول:1389؛ 139-140)

8- (ڤیکتۆریا فرامکین و رابرت ڕادمن ونینا هیام ) له لێتێبەکەیاندا، سیمانتیك وا پێناسه دەکەن، که لێکدانەوەی واتای زمانی وشەکان، گوفتار، هێشوه وشه و ڕستەکانه. لقەکانی سیمانتیك بریتین له: 1- سیمانتیکی لێکسیکی lexical semantics، که گرنگی دەدات به واتای وشەکان و ئەو واتایەی که له ئەنجامی پەیوەندیی وشەکانەوە دروستدەبێت.2- سیمانتیکی گروپ/ڕسته sentential phrasalor : گرنگی به لێکدانەوەی پێکهاتەی سینتاکسی، که له وشه گەورەتره دەدات. فێربوونی تەواوی زمانێك، به فێربوونی واتای وشه ڕێکەوتن لەسەرکراوەکان دەبێت، زنجیرەی واتای و فۆنەتیکی، چۆنیەتی پێکهاتنی یەکه واتادارەکان به یەکەی واتاداری گەورەتر که ئەوانیش واتا دەگوازنەوە، بەنده. ئێمه ڕێگەی ئەوەمان پێنادرێت که واتای وشه ڕێکەوتن لەسەر کراوەکان به ویستی خۆمان بگۆڕین، چونکه ئەگەر وابێت ناتوانین پەیوەندی لەگەڵ هیچ گوێگرێك دروستبکەین. (ڤیکتۆریا فرامكین و رابرت ڕادمن ونینا هیام :1387 :201-202) .

9- سیمانتیك وەك پەیوەندی نێوان هێما و واتا، ناوێکه بۆ لقێکی زانستی زمان و( زانستی واتا ) دەبەخشێت، که به شیکردنەوە و پەسەندکردنی واتای(-وشەیی) دەربڕینه زمانیەکانەوە خەریکه و له دروستبووە واتاییەکانی زمان (دەق/پەخشان) دەکۆڵێتەوە. بەلام سیمانتیك که زووتر سیماسیۆلۆژی semaslology (زانستی هێما/واتا) یشی پێدەوترا، به لقه زانستیەکەی واتای وشه دانراوە.( محەمەدی مەحوی :2009 :95 )

ا- "دروسته واتاییەکەی ناوەوە" ی هەر یەکه له دەربڕینەکان، بەو جۆرو شێوازەی لێ له لایەن (شیکردنەوەی وەچە پێکهاتەوە) دادەڕێژرێن.

ب- پەیوەندیی سیمانتیکی نێوان"دەربڕاوە زمانیەکان"ی وەك هاوواتا و دژواتا .... هتد.

پ- واتای گشت ڕستەیەك، وەك کۆی واتای هەر یەك له لێکسیمەکانی، پەیوەندییه ڕێزمانیەکانی که له نێوانیاندا هەیە.

ت-"پەیوەندی دەربڕاوە زمانیەکان"به تایبەت واتاکانیان به ڕاستی و ڕاستەڤینەکانی دەرەوەی زمانەوە.

خاڵەکانی( ا و ب و پ و ت ) مەبەستی لێکۆڵینەوەکانن، که لایەنی جۆراو جۆری واتا هێناونیەتیه پێشەوە و کردونیەتییه بابەتی شیکردنەوەکانی.بڕوانە(محەمەدی مەحوی :2009:2 )

10- (سۆسێر) باوەڕی وایە، که ( واتا ) توانای گشتی بەکارهێنەرە له بەکار بردنی هێماکان. سۆسێر پێیوایە زمان سیستەمێکی ئاڵۆزی ڕێکەوتن لەسەرکراوی هێماکانه، (واتا)، پەیوەندییەکه له نێوان(هێما) و (هێمابۆکراو)دا

ڕوودەدات، بۆیە هەر فۆرمێکی دەنگی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەرۆکەوە هەیە. دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە لەو سیستمە ئاڵۆزە بریتییە لە(سیمانتیك ) .

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدا بوون ئەمانە هەندێك بوون لەو پێناسانەی کە زمانەوانەکان بۆ زانستی سیمانتیکیان کردووە، چەندین پێناسەی دیکە لە لایەن چەندین زمانەوان و لێکۆڵەری دیکەوە کراوە، بەڵام بە گشتی لەم پێناسانەوە نزیکن کە خرانە ڕوو. لە کۆی ئەم بۆچوونانەوە ئەو پێناسە لای توێژەر دروستدەبێت کە سێمانتیك: **شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەربڕینانەیە، کە تاك لە ژێر کاریگەریە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و دەوروبەرەکەیەوە لە جیهانی زانیاری گشتیدا بە زانینیان دەکات، لە ڕێگەی هەستەکانیەوە، لە چوار چێوەی بینیی خۆیدا بۆ (بوون)، نەك وەك (بوون ) خۆی، لە بۆتەی فۆرمیکی ڕێزمانیدا دەیانخاتە ڕوو.** پێویستمانە لێکۆڵینەوە لە واتا بکەین هەم (لە مێژوو) دا و هەم ( وەك مێژوو)، چونکە پاراستن و شیکردنەوەی وشە فەرهەنگیەکانمان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە دەبێت لە مێژوودا . تێگەشتن و لەدایکبوونی وشەی نوێ لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە دەبێت کە وەك مێژوو دەکرێت. لە وەڵامی پرسیاری (ئایا واتای زمانی و واتای سێمانتیکی چییە؟) د.شیلان عومر پێیوایە:" سێمانتیك لە بنەڕەتدا بریتیە لە زانستی واتا لە زماندا، بە واتا بە زانستی واتای زمانی وتراوە سیمانتیك. خودی سێمانتیك بە لقێکی زانستی زمان و لۆژیك دانراوە، لیکۆلینەوە لە واتاو گۆرانی واتاو بنەمای وەرگرتنی واتای وشەکان و پەیوەندیی نیوان وشەو فریزو رستەکان دەکات. یاخود لیکۆلینەوەیە لە پەیوەندیی نیوان هیما و ئەو ئاماژەبەندییەی کە هەیانە. کەواتە واتای بنەرەتیی و سەرەکی زمان بە واتای سیمانتیکی دانراوە. واتای سیماتیکی = بە واتای فەرهەنگی زمان، لەبەرئەمەیە بە بنەڕەت دانراوە. هەموو جەشنەکانی تری واتا(کۆمەلایەتی، ڕیزمانی، پراگماتیکی، دەرونی، ئیدیەمی....)، کە هەمویان لە بەکارهینانی زمانیەوە دێن، لەسەر بنەمای واتای سیمانتیکی بنیاددەنرێن، لەبەرئەمە لیکۆلینەوە لەهەر جۆریکی واتای زمانی دەمانباتەوە سەر واتای سیمانتیکیو بەراودرکردنییان، کەواتە واتای زمانی ئەو واتایەیە کە سیمانتیك لێی دەکۆلیتەوجونکە هەموو واتاکانی تر لەسەر ئەم بنەرەتە دانراون."(شیلان عومەر:2015/1/4:چاوپێکەوتن)

**6/1 ) دروستە structure:**

پرۆسەی خستنە تەکیەکی توخمەکانی زمان لە هەردوو ئاستی سیمانتیك و سینتاکسدا پێیدەوترێت دروستە. هەموو دروستەکان پێویستە هەم واتا دروست بن و هەم ڕێزمان دروست. دروستەی دروستەکان لە چۆنیەتیی شێوازی خراوەتەکیەکەکاندایە؛ لە ئاستی قووڵدا سیمانتیك پەسەندی دەکات و لە ئاستی ڕوکەشدا سینتاکس پەسەندی دەکات " دەبێت توخمەکان لە ڕووی سینتاکسیەوە دروست و لە ڕووی سیمانتیکیەوە ڕاست و لەگەڵ یەکتردا گونجاو بن"(محەمەدی مەحوی:2011: 35).

دروستە: چوارچێوەیەکە بۆ پێکهاتەکانی ڕستە، کە فۆرمی بنەڕەتی ڕستەیەکی گوتراو، یان نوسراوی زمان پیشاندەدات. لە مۆدێلەکانی سەرەتادا هەر ڕستەیەکیان بۆ دوو چوارچێوە پەسەند دەکرد، کە ئەوانیش ئاستی قووڵ و ئاستی ڕوکەشی ڕستە بوو. بڕوانە ( ابراهیم چگنی:2005: 152) دروستەی قووڵ، ئەرکی دەر بڕینی واتای ڕستەکەی لە ئەستۆدایە، واتای ڕستەکەش لە دروستەی لۆژیکی – یادگەوە سەرچاوەی گرتووە "لەژێر هەموو ڕستەیەکی گریمانکراو لە زماندا، دروستەیەکی لۆژیکی شاراوە هەیە، ئەویش ئەو دروستە لۆژیکیە، کە واتای ڕستە لەخۆ دەگرێت، لە ئەنجامدا دروستەی لۆژیکی لە ڕێگەی هەڵگواستنە درەختیەکانەوە لە ناو نەخشەی زماندا دەردەکەوێت، لە شێوەیەکی دیاریکراودا، کە پێی دەوترێت دروستەی ڕووکەش"(بەشدار محەمەد ئیبراهیم:2014: 81) لە (مازن الوعر:2001: 62)

## 7/1 ) دروستەی سیمانتیکی semantics structure

"پەیوەندیە سیمانتیکیەکان، دروستەی سیمانتیکی پێکدەهێنن. دروستەکان چەشن و جۆری پێکەوە بوونی کەرەستە واتاییەکانن"(محەممەدی مەحوی:2009: 33). ناوەڕۆکی هێمایەکی زمانی لە چەپکە نیشانەیەکی واتای پێکهاتووە، ئەم چەپکە نیشانە واتاییە، پەیوەندیە واتاییەکانی ناو کێلگەی وشە لە سیمانتیکی ڕۆنانکاریدا بەرهەم دەهێنن. زمان بۆ دەربڕینی بیرە، سیمانتیک ئەو بیرانە ڕێکدەخات"بیرەکان کە لە لایەن زمانەوە دەردەبڕدرێن لە زاراوەیەکی ڕێکخراوەی ئاوەزیدا، بە دروستە دەکرێن و پێیدەوترێت دروستەی چەمکی."(شیلان عومەر:2012: 142) . کەواتە بۆ نواندنی ئاوەزی، پێویستمان بە دروستەی سیمانتیکی هەیە. دروستەی سیمانتیکی لە زمانێکی سروشتیدا بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە دروستەی بیر؛ سیمانتیک بەڵگەی ڕێزمانی و دەرونزانی لە خۆ دەگرێت. دروستەی سیمانتیک لە تایبەتمەندیەکانی کەرەستە زمانەوانیەکان دەکۆڵێتەوە، واتە ناچێتە ناو کەرەستە نازمانەوانیەکان. هەرچی دروستەی چەمکییە:"ئەو ئاستەیە، کە زانیاری زمانەوانی و نازمانەوانی تیایدا هەماهەنگە"(سەرچاوەی پێشوو). پێکهاتەکان جیهانێکی فراوانترن لە دروستەی چەمکیدا، بە بەراورد لەگەڵ دروستەی سیمانتیکی. هەر بۆیە دروستەی سیمانتیکی بەشێکە لە دروستەی چەمکی. دروستەی سیمانتیکی ڕەنگدانەوەی دروستەی چەمکییە. لە دروستەی چەمکیدا، هەموو شتەکان بەو شێوە فراوانەی، کەلە بووندا هەیە، تۆمارکراون، بەپێی ئەو زانیاریانەی، کە هەر تاکێك هەیەتی. زانین لەو جیهانی زانیاریەدا، ئاستی چەمکی ئاوەزی تاکەکە دیاریدەکات. هەر تاکێك بە پێی خۆی دەتوانێت چەندێك لەو زانیاریانە بە زانین بکات، زانینەکەش توانستی ئەو تاکەیە لە گەردانکردنی زانیاریەکان . بەرانبەر واتای هەر وشەیەك، وێنەیەك لە مێشکدا هەیە، کەبە کەرەستە زمانیەکان دەگوێزرێنەوە. پرۆسەکە بەم شێوەیە دەبێت: زمانی دەرەوە

دروستەی چەمکی ← دروستەی سێمانتیکی ← زمانی ناوەوە

چۆمسکی ئەم پرۆسەیەی ناو ناوە (زمانی ناوەوە و زمانی دەرەوە). زمانی ناوەوە (زانین)ە و زمانی دەرەوە (دەربڕینەکان)ە.

### 8/1 ) پێکهاتە component

زاراوەیەکە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا بۆ ئەو پێکهاتانە/بەشانە بەکاردەهێنرێت، کە(ڕێکخراوی ڕێزمانی بەرهەمهێنان) لێیان پێکهاتووە. بڕوانە (محەمەد مەحوی:2006: 1). پێکهاتە هەولێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکە زمانیەکان بۆ لێپێکهاتوەکانی. پێکهاتە بۆ توخمە پێکهێنەرەلئنی دابەش دەبێت. پێکهاتە زمانیەکان بریتین لە: پێکهاتەی فەرهەنگی، پێکهاتەی سێمانتیکی، پێکهاتەی مۆرفۆفۆنیمی، پێکهاتەی کاتیگۆریەکان، پێکهاتەی دروستەی فرێزەکان. ئەم پێکهاتانە لە ڕوانگەی سێمانتیکی یان ڕێزمانییەوە پۆلێن دەکرێن. لە پۆلێنی ڕێزمانیدا پێکهاتەکە بۆ کۆمەڵێك یەکەی ڕێزمانی، لە پۆلینی واتایدا، پێکهاتە واتاییەکە بۆکۆمەڵێك یەکەی واتای دابەشدەکرێن. بڕوانە(ابراهیم چگنی:2005: 102). ئەگەر ژمارەیەکی سنوردار(نیشانەی کۆ گەنجی جیهانی) لە کەرەستە فەرهەنگیەکانی زمانێکدا پەسەند بکرێن، ئەوا سنوری واتای یەکە فەرهەنگیەکەی دیاریکردووە، ئەم سنوردارییە کە بچوکترین یەکەی واتای دەستنیشانکردووە بۆ یەکەی واتای بچوکتر شیناکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە (واتا گشتیەکان)، کە پێکهاتەیەکی واتاین، بۆ یەکە واتاییەکان شیدەکرێنەوە. دیاریکردنی نیشانەی کۆ گەنجی جیهانیش لە پێودانگی هەلومەرجی تایبەت بە خۆی دیاریدەکرێت؛ واتە هەر یەك لە زمانەکانی مرۆڤ لەو نیشانە جیهانیانە، کۆمەڵێك نیشانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و نیشانەی تایبەت بە خۆی بەکار دەهێنێت. بڕوانە (محەمەدی مەحوی:2006: 7). لە بنەڕەتدا پێکهاتە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەستەواژەیەکی ئاڵۆز لە کۆمەڵێك یەکەی واتای پێکدێت. کەواتە دەستەواژەکە لە واتای یەکەکانی پێکدێت. بۆنمونە بۆبەدەستهێنانی واتای ڕستەی (پشیلەکە ماسیەکەی خوارد.)یەکسانە بە واتای(پشیلە+ ماسی+ خوارد)، کۆی بەرهەمهاتووی واتاکە لە پێکهاتەکەدایە کە سینتاکس ڕێکیخستووە."گونجاوترین پێکهاتەی واتایی، لە ڕێگەی سینتاکسەوە بەرهەم دەهێنرێت"(غلامحسین کریمی دوستان، رویا ازادفر:1392: 33).

**9/1 ) مۆدێلێکی پەسەندکردنی واتا (مۆدێلی درکپێکردن):** یاسا و ڕێساکانی تیۆری درکپێکردن دەبێتە ئەو مۆدیلەی کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا، وەك سیستەمێکی ڕێزمانی کاری پێدەکەین، لەبەشەکانی داهاتوودا لەسەر زمانی کوردی

جێبەجێدەکەین. بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بە تیۆرەکە دا، لێرەدا بەگشتی گرنگترین ئەو یاسایانە باسدەکەین ، کە دەمانەوێت بە شێوەیەکی کارەکی لەسەر زمانی کوردی جێبەجێیبکەین

### 1-9/1 ) درککردن، وەك چەمکێکی زانستی :

جیهانی فراوان، هەلگری زانیارییەکی فراوانە، مرۆڤ دەچێتە ناو ئەو جیهانەوە، هەرتاکێك هێندەی توانای خۆی لە زانیارییە فراوانەکەی ئەو جیهانە بە زانین دەکات، لە روانگەی ئەو زانینەی خۆیەوە جیهان دەبینێ، نەك وەك ئەوەی کە جیهان و زانیارییەکانی بوونیان هەیە؛ واتە مرۆڤ پرۆسەی لێکدانەوە و هەڵبژاردن و وەرگرتن لە رێگەی درکپێکردنی خۆیەوە ئەنجام دەدات، ئەم ئۆپەراسیۆنە بەهۆی هەستەکان و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی کەسەکە و تێگەیشتنی بۆ جیهانی دەرەوە، جێبەجێ دەکرێت، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا تیۆرەکە( درلێپێکردن) تیۆرێکی سایکۆلۆژییە، لێکدانەوەکانیشی بۆ زانستی زمانەوانی لە هەمان روانگەوەیە. ئەم سایکۆلۆژی بوونەی درکپێکردنیش ئەوەیە، کە لە رێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە کۆمەڵێك واتاو زانیاری دەگاتە مێشك و مێشکیش شییاندەکاتەوە، لە ئەنجامدا (بەچەمککردن) دێتە ئاراوە، کەواتە مرۆڤ لە رێگەی ئاوەزەوە دەبێتە خاوەنی شارەزایی و یەکێك لەو شتانەی بە چەمکی دەکات، زمانە.

زمان دەبێتە ئامرازێك بۆ رێکخستنی زانینەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردن و هەلگرتنی ئەو زانینانە. پرۆسەی درکپێکردن، خولقێنەری رەفتارەکانە، قسەکردن/نووسینیش یەکێکە لە رەفتارەکانی مرۆڤ، کەواتە شێوازی رەفتارەکان لەسەر چۆنێتیی درککردن و ئاستی هۆشیاریمان بەندە. بەڵگە نەویستە کە زمان رەفتارێکی ئاڵۆزە، خاوەن تایبەتمەندیی فیزیکییە، کە پەیوەستە بە گوێوە، لەوێشەوە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کارلێکی تاکەکان. لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیای زمانیش هەوڵدەدات، وەك سیستەمێك هۆکاری دەروونی و کۆزانین و درلێپێکردن، کەشێلراوە لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا، لێکبداتەوە. ئەم زانستە (درلێپێکردن) لەو ئەرکە دەکۆڵێتەوە، کە خودی زمان لە پرۆسەی درکپێکردندا هەیەتی، ئاماژە بەرۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی دروستە زانیارییە نێوەندییەکان(واتە زمان) دەدات، بەمەش شارەزابوونی مرۆڤ لە چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهاندا (واتە واقع)بەرهەم دێنێت. کەواتە مرۆڤ بەهۆی ئەو دروستە زانیارییانەی، کە لە ئاوەزیدا هەڵگیراون دەتوانێت لەگەڵ جیهان ڕووبەڕوو ببێتەوە. دروستەی زانیارییەکانیش دەکرێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بگۆڕێن، چونکە مرۆڤەکان تێڕوانینیان بۆ شتەکان جیاوازە، کەواتە درکپێکردنەکەشیان جیاوازە. ئەگەر وەزیرێك لە لایەن 10 کەسەوە هەڵبسەنگێنرێت ئەوا چەند هەڵسەنگاندنێکی جیاواز دێتە ئاراوە .

2-9/1) **درکپێکردنی سیمانتیکی:** تێڕوانینی تیۆری درکپێکردن بۆ واتای زمانی، تێڕوانینێکی جیاوازە بەرانبەر بە تێڕوانینەکانی تر، هەرچەندە زۆربەی تێڕوانینەکان لە شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا واتایان بەئەرکی سەرەکی زمان داناوە، بەلاَم واتای زمانی لەم تیۆرەدا لە ئاوەزەوە سەرچاوە دەگرێت نەك وشەکە، لێکدانەوەی واتای وشەکە لە فەرهەنگی زمانەکەوە هەڵناهێنجێت، بەڵکو لە خودی وشەکەوە لە دەقەکەدا وەریدەگرێت. واتاکان وشەکان ڕوونناکەنەوە، بەڵکو چەمکەکان لێکدەدەنەوە. لەم ڕووەوە لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای دەچێت."لەفەرهەنگی ئینسکلۆپیدیادا، تایبەتمەندی گراماتیکی وشەکانی تێدا نییە، ناچێتە بنج و بنەوانی وشەکان، هۆش، سەرنج دەچێت بۆ دیاردە کەخۆی"(فاروق عمرسدیق: 2014،وانەکانی کۆرسی ماستەر). ئەم سیستەمە زمانییە، جیهانی واقیع بۆ کەتیگۆریەکان دابەشدەکات. ئەم دابەشکردنەش بە پێی جیهانبینی مرۆڤەکانە بۆ واقعەکەی خۆی لە جیهاندا، خوێندنەوە و جیهانبینی مرۆڤەکە لەناو زماندا ڕەنگ دەداتەوە، خوێندنەوە و جیهانبینییەکەش بە پێی درکپێکردنەکەیەتی نەك وەك جیهانە فراوانەکەی واقع خۆی. ئەم مۆدیلەی پەسەندکردنی واتا سێ بنەمای سەرەکی لە چوارچێوەی سیمانتیکدا هەیە:

1- ئەم تیۆرە واتای ڕێککەوتن لەسەرکراو/کۆکبوولەسەر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە دەگونجێت وشەیەك بەواتایەکی دیاریکراوەوە بگەڕێتەوە ناو زمان پاشان ئەم وشەیە یان دەمرێت، یان واتاکەی دەگۆڕێت، یان دەبێتە فرەواتا، (دیرك گورتس)، زاراوەی (سیمانتیکی فرەواتایی polygenesis semantics)ی بۆ داناوە. واتای هەروشەیەك وەك ڕاستییەك لای مرۆڤ بە پێی درکپێکردنەکەی چەسپاوە. وشەی (دەریا) لای کەسێك کە باوکی لە دەریادا خنکاوە واتایەکی شومە. لەبەرئەوەی مرۆڤەکان هەمان تێگەشتنیان نییە، کەواتە واتای وشەکەش جێگیر نییە. بەو شێوەیەش دەگونجێت ڕاستییەکە هەڵبوەشێتەوە یان پلەبەندی بکرێت بە پێی دوور و نزیکی لە کۆزانینە جیهانیەکە، کە وەك سەنتەر ئاماژەمان بۆ کرد. ئەگەر ئەو دە کەسەی کە وەزیرەکە هەڵدەسەنگێنن، بۆ نموونە لای پێنج کەسیان پەسەندە، بەلاَم دیسان پلەی پەسەندییەکەش دەگۆڕێت، لای کەسێکیان پەسەندە و لای کەسێکی دیکەیان پەسەندترە و لای ئەویتر پەسەندترینە...هتد. کەواتە واتاکەش، یان ڕاستە، یان هەڵەیە، ئەگەر ڕاستە؟ ڕاسترە؟ یان ڕاسترینە؟ پاشان واتا ڕاسترینەکە دەبێتە بلاَوترین واتای وشەکە.

2- زمانەوانان بەدوای یاسایەکەوەن بۆ گۆڕانی واتایی. ئایا دەتوانین بڵێین فلاَن جۆر واتا خۆڕسکانە بەدیدێت؟ و فیسار واتا هەلومەرجی بەدیهاتنی نییە؟

یەکەم :- ئاوەزسازی و گۆڕانی واتایی لەیەکەوە نزیکن، بنەمای تیۆری(ئاوەزسازی sabjectification) ئەوەیە، کە هەندێك لە فۆرمە زمانییەکان لە ڕوانگەی ئاوەزێکی تایبەتییەوە بەکار دەهێنرێن کە پەسەندترن، کەواتە واتایەك

ئاوەزیترە کە درکپێکردنەکەی بەهێزترە، دەگونجێت هەندێك جار بەهۆی ئاوەزسازی فراوانەوە واتای وشەکە لە واتای خودی شتەکە لە جیهانی واقیعدا گەورەتر بێت، بەهۆی درکپێکردنەکانی ئەم شتە لە مێژوودا."ئەگەر واتای وشەیەك یان دروستەیەك گەورەتربێت لەواتای خۆڕسکی شتەکە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیهانە کۆمەڵایەتییەکەی، کە پێشبینی دەکرێت بە درێژایی مێژوو ئاخێوەرانی زمانەکە چەند واتایەکیان بە وشەکە بەخشی بێت، بە پێی هەڵێنجان و بیروباوەڕ و فرە بەکارهێنان لە تێکستە جیاوازەکاندا. بەمشێوەیە ئاوەزسازی واتای فۆرمێکی زمانی پەیوەستدەکات بەو درکپێکردنەوە" ( تراوگوت:1999: 179). لەزمانی کوردیدا (بازاڕ) واتای دیکەی لێبەرهەم هاتووە، لەجیهانە ڕەوشتییەکەدا، کە دەڵێن (بازاڕی) بەواتای مرۆڤێکی سووك و کەم بایەخ دێت، لە جیهانی بازرگانی و کەلوپەلەکاندا، کە دەڵێن (بازاڕی) بەواتای کەلوپەلی خراپ دێت. بەراوردی بکە لەگەڵ (لادێ ،لادێیی) کەواتە ئاراستەی مێشك بەرەو دیاردەکەیە نەك وشەکە، ئەمەش سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی دەبەخشێتە واتا زمانییەکە .

دووەم: دەتوانین لێکۆڵینەوە لەو نموونە ڕێزمانییانەی فرەواتایی و گۆڕانی واتایی لە ڕێگەی زانستی ئەتمۆلۆژییەوە بکەین، کە خزمایەتی لەنێوان وشەکانی زمانێکدا یان پەیوەندی بە وشەکانی زمانێکی دیکەوە بدۆزنەوە. کەواتە یاسای گۆڕانە واتاییەکان، یان ئاوەزسازییە، یان کۆمەڵە نموونەیەکی ڕێزمانین، کە دواتر واتای تریان لێبەرهەمهاتووە.

3- دروستە زمانییە نوێیەکان هەم فۆرمی نوێ و هەم ناوەرۆکی نوێ لە خۆ دەگرن، ڕێگا ئاساییەکانی وەك داڕشتن و لێکدان و دروستکردنی وشەی نوێ، کورتکردنەوە، کرتاندن و ...هتد ڕێگای دروستکردنی دەربڕاوەکانن. ڕێزمانی درکپێکردن، سەرەکیترین ڕێگای دروستکردنی وشەکانە، چونکە فۆرم و ناوەرۆکی نوێ لە درکپێکردنە جیاوازەکانەوە بەرهەم دەهێنێت. بڕوانە(دیرك گیرتس:1393: 477-478). (واتا) لەم قوتابخانەیەدا چەند تایبەتمەندییەکی پێبەخشراوە، کە بنەمای ئەرکە درکپێکردنەکانی زمان دەخاتە ڕوو. ئەم تایبەتمەندییانەش بۆخۆیان دەبنە بنەمایەك بۆ نەخشە کێشانی لایەنە گریمانەییەکانی تیۆرە زمانەوانییەکەی قوتابخانەکە، کە ئەوانیش تایبەتمەندی (پەیپێبردن، دینامیکی، سروشتی ئینسکلۆپیدیایی، بەکارهێنان و شارەزایی)ن. بڕوانە(کاروان عمر:2012: 3-6)، کە پێویستە لێرەدا بەکورتی بیانخەینە ڕوو:

## یەکەم:واتای زمانی واتایەکی پەیپێبردنانەیە:

لە تێڕوانینی (زانستی زمانی درکپێکردن)دا، واتا دیوی دووەمی وشە نییە بەتەنها، بەڵکو واتا بنەمای شێوەی داڕشتنی فۆرمی خودی وشەکەشە؛ واتە (واتا) هەم دیوی دووەمی وشەیە، هەم بنەمای دروستکردنی دیوی

یەکەمی وشەکەیە، کە فۆرم و واتاکەیەتی. کەواتە واتا چەمکەکە دەخاتە ناو چوارچێوەی فۆرمەکەوە، وشەکەو چەمکەکەش کۆنکرێتدەکات.

**دووەم : واتای زمانی واتایەکی دینامیکییە( نەرم و نیانە )**

لە تێڕوانینی درکپێکردندا، لەبەرئەوەی ئەو جیهانە واقعیەی مرۆڤ تێیدا دەژی بەردەوام لە گۆڕاندایە، تێڕوانینی مرۆڤەکانیش بۆ ئەو جیهانی واقیعە دەگۆڕێت و گەشە دەکات، ئەمەیش گۆڕانکاری لە چەمك و تێگەیشتنی مرۆڤدا دەکات، لە ئەنجامیشدا وشەکان، کاتەگۆریەکانیشیان دەگۆڕێت، کەواتە پرۆسەی گۆڕانکارییەکە بەردەوام سیفەتی دینامیکی و نەرم و نیانی بەواتا دەبەخشێت.

## 3 ) واتای زمانی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی و ناسەربەخۆی هەیە :

زانستی زمانی درکپێکردن، وەهای دادەنێین کە واتا پێویستی بە کۆزانیاری جیهانی هەیە، لەگەڵ تواناو درکپێکردنەکانی تر، کە هەستەکانی مرۆڤە (بینین و بیستن و بۆنکردن و تامکردن و هەستی بەرکەوتن)ە. ئەندامە ئۆرگانییەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ کاریگەرییان لەسەر شارەزایی مرۆڤ دەربارەی جیهانی دەوروبەرهەیە، ئەم شارەزاییەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە زماندا رەنگدەداتەوە، کەواتە (واتا) ڕەنگدانەوەی سەرجەم شارەزاییەکانی مرۆڤە. یەکەم خاڵی دەستپێکردنی بونیادی واتا بریتییە لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ، کەدەتوانین بەهۆیەوە درکی جیهانی دەرەوەی زمان بکەین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.(ئازیتا ئەفراشی:1393: 16). کەواتە بەهۆی یەکێك لە هەستەکانەوە واتایەك بەرهەمدێت، (ویتگنشتاین و لایك) ناوی دەنێن درکی هەست/پەیوەندی دەروونی. کەواتە مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکی بایۆلۆژی نیە، بەڵکو بوونەوەرێکی دەرونی و کولتووری و کۆمەڵایەتیشە.

## 4 ) واتای زمانی لەسەر بنەمای ( بەکارهێنان وشارەزایی ) خولقێنراوە.

زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە(واتا ڕەگەکەی لە شارەزاییەوە بەشێوەیەکی ئەزموونگەرییانە هەڵگواستووە). یاسای رستەکان ڕاستەوخۆ پێشبینی ناکرێن، بەڵکو ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕستەکانن، کە کۆنکرێتکاری دروستە ئەبستراکتییەکانن، کە لە ڕیزکردنی وشەکان پێکهاتوون. یاساکان ئەبستراکتن و رستەکانیش کۆنکرێتن. زانستی زمانی درکپێکردن ئەو پرسیارە دەکات، کە ئایا ئەم دوو ئاستە چۆن پەیوەست دەبن بە یەکترییەوە؟ واتە فەرهەنگی ئاوەزی و دروستە سینتاکسییەکان چۆن پەیوەست دەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خولقێنەری خاسیەتی چوارەمە، بەواتای (زمانەوانی)، لە لایەن زانستی زمانی درکپێکردن. زانستەکە پێیوایە

پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەم دوو دروستەیە هەربە(شارەزایی بەکارهێنانی زمان) پڕدەکرێتەوە. ئەمەش شارەزاییە لە بەکارهێنانی زماندا بەشێوەیەکی راستەقینە. هەربۆیە ئەگەر سروشتی ئەزموونیانەی رێزمان شێلگیرانە وەربگریت، ئەوا دەبێت شارەزایی بۆ بەکارهێنانی زمانیش شێلگیرانە بێت. بۆ زیاتر روونکردنەوە و نموونەی کارەکی بروانە (کاروان عمر قادر:2012: 82).

## 10/1 ) مۆدیلێکی پەسەندکردنی رێزمانی

زانستی زمانی درکپێکردن بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکەوە، کە بۆ واتای زمانی داناوە، هەوڵی بەدەستهێنانی واتا دەدات و واتا راڤە دەکات و شیدەکاتەوە. وەك لە مۆدیلی پەسەندکردنی واتادا بلسمانکرد، کەخۆی لە لایەنە تیۆرییەکەدا دەبینێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم واتایە، زانستەکە پێویستی بە قاڵبێکی رێزمانی هەیە، تا بتوانین واتاکە لە فۆرمێکدا/درکاوێکدا بگەیەنینە گوێگو. دوای لێکۆڵینەوەکانی(ڕوش) تیۆری درلکپیکردن لە ساڵی (1985) بەرەو زمانەوانی هەنگاوی هەڵگرت و تاساڵی (1990) بە فەرمی وەك قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانیی بیری بەناوی زانستی زمانی درکپێکردنەوە ناسرا. ئەم زانستە دەتوانین، وەك دەرەنجامی گەشەکردنی زانستی زمانی گشتی بە تایبەت قوتابخانەی(بەرهەمهێنان و گواستنەوە) دابنێن، یان وەك دوو قۆناغی لەدوای یەك پۆلێنیان بکەین، چونکە درککردنی ئاوەزی بنەمای لێکۆڵینەوەکانی هەردوو قوتابخانەکەیە. بۆیە عەقلگەراکان بە گشتی و (چۆمسکی) بەتایبەتی، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە قوتابخانەکەیان قوتابخانەیەکی درکپێکردنانەیە. عەقلگەراکان - بەرهەمهێنان و گواستنەوە و زانستی زمانی درکپێکردن- لەو روانگەیەوە سەیری زمان دەکەن کە ڕەگ و ریشاڵی لەناو ئاوەزدایە. جیاوازی ئەم دوو قوتابخانەیە لەوەوە دەستپێدەکات کە هەریەکەیان دەیانەوێت بەرگێکی تایبەتی بەبەر ئەم راستییەدا بکەن. ئەم بەرگە تایبەتە دەبێتە خاڵی جیاوازیی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە. زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە کە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە سێ کەموکورتی هەیە:( سەرچاوەی پێشوو: 83)

1- لەرێگەی گۆڕانی بنەماییانەی (چۆمسکی) لە چەمکی (زمان Langue) بۆ چەمکی (توانست)، شیکردنەوەی زمانەوانی لە قوتابخانەکەیدا جیاکردۆتەوە و دووری خستووەتەوە لە دەقی کۆمەڵایەتیی زمان .

2- لەبەرئەوەی زیاتر جەختی لەسەر لایەنی(بۆماوەیی) و گرنگی لە پرۆسەی زمانیەتر و شیکردنەوەی تیۆرەکاندا کردووەتەوە و دابڕیون لە (دەقی درکپێکردنcontext cognitive) واتە لێکۆڵینەوەکانی بە هێندەی زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی بە لایەنی سیمانتیکی نەداوە.

3- لە ڕێگەی قورسایی خستنەسەر سیستەمی یاسا شێوازبەندەکان ، چۆمسکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دوورخستۆتەوە لە (دەقی بارودۆخی context situational ) واتە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکاندا لەبەرچاو نەگرتووە. زانستی زمانی درکپێکردن پەیوەندیی نێوان ئاوەزی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت، (زمان) بە کۆنکرێتکاریی توانای درکپێکردنە گشتیەکانی مرۆڤ دادەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە زانستەکە سێ تیۆرە سەرەکیەکەی خۆی دارشت.

## یەکەم تیۆر: زمان دامەزراوەیەکی faculty درکپێکراوی ناسەربەخۆیە

زانستی زمانی درکپێکردن پێی وایە، کە کۆزانینی مرۆڤ لەسەر(فۆرم و واتا) زمانەوانیەکان، لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکیە، ئەم دروستە چەمکیە(فۆنۆلۆژی، مۆفۆلۆژی، سینتاکس)یش دەگرێتەوە. ئەو پێکهاتانەی کە درکیان پێدەکرێت بوونێکی فیزیکیان هەیە، چونکە لە دەنگە فیزیکیەکان پێکهاتوون، لەبەر ئەوەیە درك بە پێکهاتە فیزیکیەکان دەکرێت. دەنگەکانی زمان سێ بەش: (فۆنەتیکی بەرهەمهێنان، فۆنەتیکی فیزیکی، فۆنەتیکی درکپێکردن). کەواتە دەنگەکان بە بوونە فیزیکیەکەیان بەرهەمهێنی پێکهاتەکانن، فۆنەتیکی درکپێکردنیش ئەم پێکهاتە بەرهەمهاتووە فیزیکیانە درك دەکات. فۆنەتیکی درکپێکردن سنوری لێکدانەوەی دەنگەکانی زمانە بەهۆی گوێگرەوە، نوێترین بەشی فۆنەتیکە. ئەم بەشە لەگەڵ دەروونناسیدا خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئاراستەی زانستەکە بەرەو مێشکی گوێگرە، کە چی لە مێشکی مرۆڤدا دەگوزەرێت و چی دەبێتە هۆی درکپێکردنی دەنگەکانی زمان؟ کام تایبەتمەندی لە درکپێکردنی پەیامەکانی ناو زمان ڕۆڵی بنیادیتری هەیە؟(بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر جۆرەکانی دەنگ بڕوانە (محمد رضا باطنی:1378؛ 19). پرۆسەی درکپێکردن، خۆی بریتیە لە چۆنیەتیی (بونیادنان و پەیوەندیکردن)، کەدەنگەکان دروستکاری ئەو بنیادەن. سینتاکس و سیمانتیکیش لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکیانەیان هەیە. پێکهاتە جیاوازەکانی زمان بە شێوەیەکی ڕوکەشیانە بەشداری نیشانەیەکی واتایی، یان چەند نیشانەیەکی واتای لە کێڵگەی سەرەکیدا دەکەن، بەتەواوی گومان دەخەنە سەر(تیۆری مۆدولاریتی modularity) و پلە بەندی کاتیگۆرییەکان. چونکە کاتیگۆرییەکان ئەندامی سەرەکی و لاوەکی جیا دەکەنەوە، بەڵام زانستی زمانی

درکپێکردن پێیوایە، کەمامەڵەی مرۆڤ لە کات و شوێنی دیاریکراودا لەگەڵ کاتیگۆرییەکدا دەکاتە بنەمای دیاریکردنیان.

**دووەم تیۆر: ڕێزمان بریتیە لە سیستەمی بەچەمککردن:** یەکێك لە بنەما گرنگەکانی توانای درکپێکردنی مرۆڤ لە پرۆسەی سستەمی (بەچەمککردن conceptuali zation)ی شارەزایی زماندا بەرجەستە دەکات، تاوەکو بتوانێت پرۆسەی پەیوەندیکردنی پێ ئەنجامبدات؛ تیایدا تێڕوانین و بیرکردنەوە و جیهانبینی مرۆڤ، بنیادە ڕێزمانییەکان و شکاندنەوە ڕێزمانییەکان بە چەمك دەکرێن و پەیوەندیی پێ ئەنجام دەدرێت. لێرەوە دەتوانین شیکردنەوە بۆ سیمانتیکی لێکسیمەکان، وەك فرە واتایی، میتافۆر، دیاردەی پەیوەندییە لێکسیکییەکان وەك هایپۆنیم بکرێت. بەچەمککردنی ڕێزمان زیاتر بەچەمککردنی ڕێسای درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤە، وەك لەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێسا درکپێکردنانە بێت، کەتایبەتمەندە بە زمانی مرۆڤ.

**سێیەم تیۆر: کۆزانینی زمانی لە بەکار هێنانی زمانەوە سەر هەڵدەدات و دروستدەبێت**

زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕاڤە کردن و وردەکاری و زیرەکی هەمەچەشن، لە لێکدانەوەی سیمانتیکی و ڕەفتارە سینتاکسییەکانەوە سەر هەڵدەدات و دەیبەخشێتە مۆدێلە ڕێزمانیەکان. زانستەکە زیاتر شارەزایی مرۆڤ لە بەرچاو دەگرێت و بەتێڕوانینێکی ئەزموونگەریانە لە لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤدا بە زمانیشەوە، ناتوانێت شارەزای مرۆڤ لە بەر چاو نەگرێت، چونکە توانا بۆ بەکارهێنانی ئەو ئاستە بەرزەی درکپێکردن و ئاڵۆزی زمان، تەنها لە لای مرۆڤ بوونی هەیە. توانای ( زمان و درکپێکردن) وەك دوو توانا پێکەوە ئاڵاون، بۆ شیاوی بوونیان هەریەکەیان پشتی بەویتر بەستووە. بۆ نموونە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە دەتوانین باسی ئەو ئاخاوتنانە بکەین، کە لای هەندێك لە مرۆڤەکان واتادارە و تێیدەگەن، هەر ئەو ئاخاوتنە لای هەندێکی تر نادیارە و تێیناگەن. لە زمانی کوردیدا نەخۆشەکان لە زمانی تایبەتیی پزیشکەکان ناگەن، زۆربەی چینەکانی خەڵك لە زمانی ژیربێژەکان ناگەن.[12] *

---

[12] بۆ زانیاریی دەربارەی تەواوی ئەم بابەتە بڕوانە (کاروان عومەر (2012)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(34).

* لە کۆتاییی ئەم بە شەدا ماوە ئاماژە بەوە بکەین، کە واتاناسی ئێرانی (ازیتا افراشی) بانگەشەی ئەوە دەکات کە تیۆرێکی لە بواری لێکۆڵینەوەی واتادا هێناوەتە ئاراوە، کاری سەرەکیی تێزی دکتۆراکەیەتی بە ناوی تیۆری (بازتابی). واتە بۆ کامڵبوونی هەر واتایەك، مامەڵکردنی هەستەکانی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی واقعدا پێویستە، دەرەنجامی ئەم مامەڵەیە فاکتەری هەڵبژاردنی دەربڕینە زمانییەکانە . ئەم هەستانە بە تەنها، یان لەگەڵ یەکدا واتای شتەکە جوانتر و باشتر ڕوندەك نەوە. بۆنمونە هەستی تامکردن و بۆنکردن پێکەوە جوانتر واتای هەنگوینمان بۆ ڕوندەکەنەوە. بۆزانیاریی تەواو دەربارەی تیۆرەکە بڕوانە

# بەشی دووەم

- (ازیتا افراشی (1381)، معنی شناسی بازتابی: فرضیه های تازه در شناخت تبین معنی، پایاننامەی دکتری زبانشناسی، دانشگاه علامه  طباطباي، تهران.

- محمد خانی، (1382)، درامدی بر معنی شناسی، مصاحبه، فصلنامه کتاب ماه ادبیات و فلسفه، تهران، شماره (75، 76).

# بنەماکانی شیکردنەوەی واتا

# لە سیمانتیکی درکپێکردندا

## 2 ) پێڕەو و بنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردن

### 1/2 ) زمانەوانیی درکپێکردن

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەو درکپێکردنەی ، کەمرۆڤ سەبارەت بە جیهانی دەوروبەری خۆی بەدەستی هێنابوو، درکی دەروونی و کەشی بیری مرۆڤ، بیرۆکەیەکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوە داهێنا. ئەم بۆچوونە دەربارەی ئاوەزی مرۆڤە، لەو لێکۆڵینەوانەوە سەرچاوەی گرت کە لە بواری دەرونناسیدا کرابوون، دەرکەوتنی زانستی درکپێکردن، تێڕوانینێکی یەکپارچەیە بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی مرۆڤ، بۆیە وەك هۆکارێك بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ دادەنرێت.

**زمانەوانیی درکپێکردنیش بە وەرگرتنی سروش لە بیروباوەڕەکانی زانستی درکپێکردن و دەروونناسی Gestalt، وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر فۆرمگەراکانی وەك (چۆمسکی) هاتە کایەوە. زمانەوانیی درکپێکردن، بانگەشە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنانی ڕەتکردەوە، بانگەشەکانی خۆیی لەجێگەیان دانا، کەبریتین لە :**

**ا- زمان هێزی درککردنی سەربەخۆ و خودیی مرۆڤە.**

**ب- پەیدا کردنی زانیاری دەربارەی زمانێك، لە بوونی زانیارییەوەیە دەربارەی ڕێزمانی ئەو زمانە.**

**پ- بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە سینتاکس یەکەی بنەڕەتی شیکردنەوەکانی زمانەوانی درکپێکردنە.**

**دەتوانین پەیدابوونی زمانەوانی درکپێکردن، بدینە پاڵ نەوەی دووەمی زانستی درکپێکردن، لە ساڵەکانی (1970) و لێکۆڵینەوەکانی، وەك زانا (روش E.rosch ).**[13]

**دەتوانین زمانەوانیی درکپێکردن بە خاڵێکی وەرچەرخان سەیربکەین، چونکە زمان تەنها بە هۆکارێك دەزانێت بۆ گواستنەوەی زانیاری، چەمك و ئەزمون لە دەربڕینە زمانیەکاندا دوو ڕەگەزی سەرەکین لە پێڕەوەکەدا. لەم ڕوانگەیەوە زمان لە بنەڕەتدا سیستەمێکە لە دەربڕینەکان پێکهاتووە، پێکهاتەکانی فۆرمی زمان، سەربەخۆ نین، بەڵکو بە شێوەی سیستەمێکی گشتیی چەمکی ، بنەمای کەتیگۆریکردنن، کاریگەریی ئەزموون و دەوروبەر لە فۆرمەکاندا کۆدەبێتەوە پێکەوە لەبەرچاودەگیرێن.**

---

[13] دیدگا فەلسەفی یەکەی زمانەوانەکانی درکپێکردن بریتیە لە ئەزمونگەرایی. ئەم دیدگایە لە بەرانبەر ڕوداوەکانی واقیعەوە دەوەستێت، واقعگەرای لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە تا سەدەی بیستەم لە پێشەوەی تێڕوانینەکانەوە بووە، لە ڕوانگەی ئەمانەوە، جیهانی دەرەوە، سەربەخۆیە لە درك و مامەڵەی مرۆڤ، لە کاتێکدا لە دیدگای ئەزموونگەراکانەوە، جیهانی دەرەوە بە شێوەیەکی گشت و بە تەواوی جیاواز نییە لە درك و مامەڵەکانی ناو ئەو جیهانە. پەیڕەوانی ئەم بۆچوونە باوەڕیانوایە، کە بیرکردنەوە تەنها بەکارهێنانی نیشانەکان نییە بە شێوەیەکی میکانیکی، درککردن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە جیهانەوە بەرهەم نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی سیستەمی پەیپێبردن و درکپێکردنێکی سنوردار و ناڕاستەوخۆوەیە.بڕوانە (سعید:1997، 44-45، لیکاف و جانسون:1999، 19-22)لە (ندا ازکیا:1391، 93) .

پێویستە زمانەوانیی درکپێکردن بە بزوتنەوەیەك، یان هەوڵێکی گرنگ بژمێرین لە چوارچێوەی تیۆرییەکی تایبەتدا. ئەم هەوڵە مەکۆیەکە کە لە ژمارەیەك شا پۆلێن پێکهاتووە، بۆنمونە دوو لەو شا پۆلێنانە لە زمانەوانی درکپێکردندا بریتین لە :

ا- سێمانتیکی درکپێکردن : وەك دەستکەوتی لیکاف (1987)، لاکانگر (1987)، فیلمۆر (1985)، تالمی (2000)، دەژمێردرێت.

ب- ڕێزمانی درکپێکردن: کە وەك دەستکەوتی لاکانگر (1987، 1991، 2005) دادەنرێت.

## 2/2 ) سێمانتیکی درکپێکردن

زاراوەی سێمانتیکی درکپێکردن، بۆ یەکەمجار لەلایەن بریئال (Breal) ەوە ناسێنرا، وەك ژێرگرێکی زمانەوانیی درکپێکردن داینا، کاری سەرەکی بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای ژێرەوە/ناوەوەی دەربڕینەکان. تا ئێستا واتا لە زۆر ڕوانگەوە شیکراوەتەوە، بەڵام یەکێك لە گرنگترین ئەو ڕوانگانە لە دوای ساڵی (1970) وە ڕوانگەی هەندێك زمانەوانە بە تایبەت لاکۆف (1987)، لەم دیدگایەدا سەرنجدان لە واتا بنەڕەتیترین ڕەگەزە؛ واتە دەربڕینە ئاوەزی و زمانییەکان لە مرۆڤ جیانابنەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزمونەکانی بەرهەمدێن. ئەم زمانەوانانە بۆچوونی عەینیەتگەرای objectivism وەك (فرگە) ڕەتدەکەنەوە، لەو باوەڕەدان کە واتا بە جیاکردنەوەی لەو کەسەی کە بەرهەمی هێناوە جیا ناکرێتەوە؛ بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین "سێمانتیکی درکپێکردن، ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان ئەزمونە جەستەییەکانی مرۆڤ و سیستەمی چەمکی و دروستەی واتای دەربڕاو لە زماندا دەکۆڵێتەوە"سویستر(1990: 4)لە (هەمان سەرچاوە)وە . لەو تیۆرەدا فۆرمە زمانییەکان خۆیانیان بنیاد نەناوە، سەرەداوێکن کە واتا لە ئاوەزدا چالاك دەکەن، ئەم چالاککردنە لە تاکەکاندا، وەك یەك نییە؛ چونکە واتا هەم لە سەر بنەمای ئەزموونی تاك و هەم لە سەر بنەمای ئەزموونی هاوبەشی تاکەکان بەرهەمدێت.

هەروەك چۆن زمانەوانیی درکپێکردن تەنها تیۆرێك نییە، سێمانتیکی درککردن، لە یەك تیۆر پێکنەهاتووە، بەڵکو زمانەوانانی سێمانتیکی درکپێکردنن چوار بنەمایان کردۆتە بناغە بۆ کارەکانی خۆیان:

1- دەربڕینەکان هەڵگری چەمکی ناوەوەن: سیستەمی چەمکی مرۆڤ، کە لە ئەزموونی جەستەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، سیستەمێکی واتادارە. کەواتە هەر تیۆرێك لە دروستە چەمکیەکاندا پێویستە هەماهەنگی ئەزموونەکانی بێت لە جیهانەکەی دەوروبەریدا.

2- پێکهاتەی واتا جۆرێکە لە دروستەی چەمکی: واتاکان بە شێوەی ڕێکەوتن لەسەرکراو پەیوەندیان لەگەڵ وشەکان و ڕەگەزەکانی دیکەی زمانەوانی کە وەك (چەمك) وان، وێنا دەکرێن، ئەمە بەو واتایە نییە، کە پێکهاتە واتاییەکان و پێکهاتە چەمکیەکان یەکسان بن، بەڵکو چەمکە زمانەوانیە درکپێراوەکان بەشێکن لەو چەمکەی، کە لە ئاوەزی قسەکەرەکەدایە.

3- لە (2،1)ەوە، دەگەینە ئەوەی کە پەیبردن بە واتا، ئنسکلۆپیدیاییە. بە واتایەکی تر ، بۆ درکی واتای دەربڕینێك پێویستە لە واتای ئنسکلۆپیدیایی پەیوەست بە پێگەیەکی تایبەتی و پارچەکانی دیکەی دەربڕنەکەوە سود وەربگرین.

4- پێکهاتە واتاییەکان بە چەمککراون conceptualized : واتا جێگیر نیە و پەیوەستە بە سەرجەم ئەو جۆر و ڕەگەزانەی، کە ڕێکەوتنیان لەسەرکراوە و پێوەی پەیکاڵ دەبن.

لە بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە بنچینەکانی پێڕەوی ڕوانینی زانستەکە بۆ واتا دەخەینە ڕوو.

## 3/2) بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن

**1-3/2 ) سیمانتیکی فەرهەنگی:** سیمانتیکی فەرهەنگی: لێکدانەوەی تایبەتمەندیەکانی واتای وشەیە. بابەتی سەرەکی لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا بریتین لە :

1 -چۆنیەتی دانانی باشترین شێوەی واتای وشەیەك .

2 -پەیوەندی واتایی جێنشینی، وەك هاوبێژ و دژیەك و گرتنەوە.

3 -پەیوەندی واتایی تەکنشینی.

4 -ئەو وەچە پێکهاتانەی، لە پێکهاتە سەرەکیەکەوە دروستدەبن .

5 -گۆڕینی واتای وشە بە تێپەڕبوونی کات .

6 -فراوانبوونی واتایی، وەك خوازە و خواستن. بڕوانە (غلامحسین کریمی دوستان :1392؛ 94)

سیمانتیکی فەرهەنگی، سنوردار و دیاریکراوە و ڕێکەوتنی کۆمەڵی لە سەرە، لە فەرهەنگی ئاوەزی/تۆمارە فەرهەنگیەکاندا پارێزراوە. ئەو ڕەهەندە واتاییانەی، کە وشەیەك لە خۆیدەگرێت بە پێی دەوروبەرەکەی لە کاتی بەکارهێناندا، کە بە واتای پراگماتیکی ناسراوە؛ لە سنوری واتای فەرهەنگیدا نییە.

یەکەی واتای: ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە بنجین و بە تەنها خۆیان بەبێ هیچ زیادکراوێکی وەك وشە و پێشگر و پاشگر، واتایەك دەبەخشن. کەواتە "یەکەمین پێکهاتەی سێمانتیکی هەر زمانێك بریتییە لە فەرهەنگی ئەو زمانە "( شیلان عومەر:2012؛ 107). فەرهەنگ دەبێتە تێکردە بۆ ڕستە، واتای مۆرفیم و وشەکان، پەیوەندیەە سێمانتیکیەکانی نێوانیان، دەبنە هۆی لێکدانەوەی سێمانتیکی ڕستە، هەروەها ڕێزمانی ڕستەکانیش ناتوانێت، هەموو واتایەك لێکبداتەوە، بە تایبەت ئەو ڕستانەی لە سینتاکسدا لە ڕەگەوە جیاوازن و واتای چونیەکیان هەیە، لەم بارەدا فەرهەنگ یەکلاکەرەوەیە، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا سێمانتیك شێوەی واتایی بە ڕستە دەبەخشێت

1- منداڵ پەرییە. ← منداڵ وەك پەری پاکە.

2- پەری منداڵە. ← کچێك ناوی پەرییە.

سەرەکیترین پێکهاتە بریتیەە لە فەرهەنگ، بەلاّم ڕۆڵە سێمانتیکیەکان، نواندنەکانی فەرهەنگ دیاریدەکەن. بۆ نمونە دیایکردنی پێڕەوی نواندنی کردەی کردار لە ڕووی سێمانتیکیەوە، بە هۆی پێنج نیشانەوە دیاریکراوە:

1- جێگیر/ وەستاو stati : ئەم چەشنە کردەیە ئەو بارودۆخانەن، کە بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبن بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکاریەەك تیایاندا ڕوبدات. وەك (تێگەشتن، زانین) .

2- داینامیکی/جولاّو : ئەو چەشنە کردەیەی ڕوداو دەنوێنێت، کە ناگاتە خاڵی کۆتای. وەك ( هاتن، ڕۆشتن، دەستکەوتن، دۆزینەوە).

3- بەئەنجامگەیەنراو achievement : ئەمانە ئەو چەشنەی کردەی ڕوداو دەنوێنن، کە ساتە وەختین. وەك: نامەکەم گەیاند. ( گەیاندن، بردن، گەیشتن، هێنان...).

4- هەنوکەیی semelfactive : ئەو روداوە چرکەییانەن، کە حالەتێکی جێگیریان نییە و پۆلێکە لە ڕوکاری فەرهەنگیی ئەو کردانەی کە ساتە وەختین و دەستبەجێ ڕوودەدەن، بەوەی چۆن کات دەگوزەرێت لە ڕودانیاندا. وەك: بالۆنەکە تەقی.(تەقین).

5- تەواوکاری accomplishment : ئەو چەشنە کردانەی ڕوداو دەستنیشاندەکەن کە خایاندنیان تێدایە و درێژە دەکێشێت و کاتیان دەوێت، تا دەگاتە خالی کۆتایی. وەك: مناڵەکەی پەروەردە کرد.

( دروستکردن، بنیادنان، پەروەردەکردن). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( شیلان عومەر:2012: 250-260)

هەریەکێك لەو کردەییانە بە پێی مەبەست و داواکاری سێمانتیکی، کە لە دروستە قووڵەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نواندنی چەمکێکە، لە ڕستەکاندا سود لە کەرەستە فەرهەنگییەکان دەبینرێت. دروستە چەمکییەکە ڕۆڵە سێمانتیکییەکە دیاریدەکات، ڕۆڵە سێمانتیکییەکەش بۆ گەیاندنی واتا، یەکە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێرێت، بە پێڕەوی سینتاکسیی زمانەکە ڕێکیاندەخات. بۆیە سێمانتیکی فەرهەنگی، ڕۆڵی گرنگیی هەیە لە گەیاندنی چەمکەکاندا. لە دروستەی چەمکیدا واتای هەڵهێنجراو دیاریدەکرێت، کە لە پێکهاتە سێمانتیکیەکەدا دەنوێنرێت، فەرهەنگیش بەشێکە لە پێکهاتە سێمانتیکییەکە. بەم پێیە واتای فەرهەنگیی وشە " بریتییە لە واتا هۆشەکییەکەی و ئەو واتایەی لەگەڵ وشەکانی تردا دروستیدەکات، چونکە وشەکانی دەوروبەر، واتای تاکە وشەکە دیاریدەکەن" ( عبدالواحد موشیر دزەیی:2009: 139 ). سێمانتیك نیشانە واتاییەکانی وشەکە/واتای فەرهەنگیی وشەکە لەگەڵ ڕێزمانیی زمانەکەدا ڕێکدەخات، بۆیە واتای سێمانتیکی بریتیە لە واتای فەرهەنگی + کارگەریی ڕێزمانی. لێرەوەیە ناوەرۆکی ڕستە بەرهەمدێت، کەبریتییە لە" ئەنجامی پێکەوە هاتنی هەردوو واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی"(بەشدار محەمەد ئیبراهیم:2014: 42)

واتای فەرهەنگی بە تەنها بەند نییە بە واتای وشەکەوە، بەڵکو لە پەیوەندیی لە گەڵ وشەکانی دیکەدا، کە پێویستبوون هێناونی واتای تاکە وشەکەش دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیە (فێرس) ناوی ناوە

(بەدوایەکداهاتنی وشەکان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو collocation ). بۆ نمونە وشەی ئاشتی واتای ناوی کۆتری لە فرێزی (کۆتری ئاشتی)دا باشتر ڕونکردوەتەوە.

بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان لە تێگەشتن و قسەکردندا لە ناو کۆمەڵدا لە پرۆسەی (بارودۆخی دەق situation context of )دا بەرجەستە دەبێت بەم شێوەیە:

1 -بەشداریی قسەکردن بە کردە قسەییەکان، کردەوەکان، گفتوگۆکان.

2 -ئەو هۆکارانەی لەوێدا بوونیان هەیە، وەك پلە و پایە.

3 -کاریگەریی ئەو ڕوداوەی کە قسەی لەسەر دەکرێت.بڕوانە ( شاهر الحسن:2001: 115 )

نواندنی وشەکان لە ڕستەکاندا بە واتایەکی دیاریکراو، هۆکاری هاتنە ئارای پرۆسەی تێگەشتنە، بۆیە پێویستە، هەر قسەکەرێك بە باشی وشەکانی ئەو زمانە بزانێت و لەواتاکانیان بگات، فرامکین و ڕادمن و هیامز (2009: 4) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە " زانینی زمانێك بەو واتایە دێت، کە وشەکانی ئەو زمانە دەزانێت؛ واتە ئەو یەکانەی کە لە دەنگ پێکهاتوون واتایەکی تایبەتیان هەیە". ئەدگارێکی گرنگی وشەکان لەوەدایە کە کراوەن، واتە هەمیشە دەتوانین لە کەرەستەی وشە بنچینەییەکە، کەواتایەکی هەیە، وشەیەکی نوێی دیکە دابڕێژن، یان لێکبدەن و واتایەکی نوێی دیکە دروستبکەن. بۆ نموونە:

کردن > ڕاکردن> هەڵکردن> داکردن> بارکردن> کارکردن> خزمەتکردن> کردنەوە> کردە<

لە بەرانبەریشدا، پۆلی داخراومان هەیە، کەبریتین لە مۆرفیمە بەندەکان و جێناوەکان، کە لەسەرەتای دروستبوونی هەر زمانێکەوە جێگیر و نەگۆڕن، بە شێوەیەك ناتوانین مۆرفێمێکی بەند بدۆزینەوە، کە لەم کۆتاییانەدا هاتبێتە ناو زمانێکی دیاریکراوەوە. جێناوگەلێکی وەك (... he, she, me ) لە زمانی ئنگلیزیدا دێرینن. فێمێنیستەکان پێشنیازی ئەوەیانکرد، کە جێناوێکی تاك دروستبکرێت گشتی generic بێت، واتە نەنێر بێت نەمێ، کەچی سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو:84) .

فەرهەنگەکانی زمان پڕن لە وشە و واتاکانیان، مرۆڤیش بە هەمان شێوە فەرهەنگێکی زیندووە، واتای هەزاران وشە دەزانێت، زانینمان بەرانبەر بە واتای وشەکان مۆڵەتی ئەوەمان پێدەدەن، کە بۆ ڕونکردنەوەی بیرەکانمان ئەو وشانە بەکار بهێنین، بە هۆی ئاوەز و درك و بار و کلتور وحاڵەتی تایبەت، دەتوانین واتای (باوك) لە واتای (کوڕ) جیا بکەینەوە، ڕۆڵێکی ڕێزمانیشی پێببەخشین؛ بە یاسایەکی ڕێزمانی ڕێکیبخەین. هەموو ئەم زانیاریەە ئاوەزی و ڕێزمانیانە دەربارەی وشەکە، لە مێشکماندا هەڵدەگیرێن و ناوی دەنێین (وشەی فەرهەنگی). سێمانتیك کار لەسەر ئەو جۆرەی واتا دەکات، کەپەیوەستە بە سەلیقەی قسەکەرەوە. فەرهەنگی وشە، ناتوانێت هەموو یەکە واتاییەکانی زمان، وەك فرێز و کۆمەڵە وشە، ڕستە و دەقەکان لە خۆ بگرێت، بۆیە پێویستمان بە سێمانتیکی ڕستە دەبێت. دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان و دانانی واتایەکی کۆنکرێتی لە سێمانتیکی درکپێکردندا چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە ئێمە ڕاستەوخۆ دەستمان بە< واتا >ناگات." لێکۆڵینەوەی سێمانتیکی لە چشتێك دەکۆڵێتەوە، کە لە سەلیقەی زمانی قسەکەرانی زمانەکەدا هەیە "( محەمەدی مەحوی:2009، 142). ئەوەتا زمانەوانەکانیش بۆ دەستکەوتنی ڕێزماندروستی و ڕاستی واتا، پەنا بۆ سەلیقەی قسەکەران دەبەن. گۆڕانی واتا لە گۆڕانی فۆرمی وشە و یاسا فۆنۆلۆژی و یاسا سینتاکسیەکان خێراترە. هەندێك جار ئەگەر واتای ڕستەکان لێکنەدەینەوە، واتای وشەکانمان بۆ دیاریناکرێت، بە پێچەوانەشەوە (فرۆمکین) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تا واتای وشەکە نەزانیت ناتوانیت لە ڕستە بگەیت، بەڵام ڕێگا ناوەندیەکە ئەوەیە، کە ئێمە هەم کار لەسەر سیمانتیکی وشە بکەین، بەو واتایەی ئەو وشەیە، کە خاوەنی چەند نیشانەیەکی واتاییە، پەیوەست بە وشەکانی دیکەوە، بە سەلیقەی قسەکەر بۆ چ واتایەك بەکار دەهێنرێت، هەم ناوەرۆکی ڕستە گرنکە بۆ لێکدانەوەی پێکەوە هاتنی کۆی واتای وشەکانی ناو ڕستەکە، چونکە قسەکەر بە پێی ئاوەز و سەلیقەی خۆی واتای وشەکە لە ڕستەکەدا بە پێی ئەو مەبەستەی کە هەیەتی بەکاریدەهێنێت، پاشان ئەم ڕستەیە گوێگریش دیسان بە پێی جیهانبینی خۆی واتایەك بە ڕستەکە دەبەخشێت. کەسێك وشەیەکی وەك (حەیتە) بەکار دەهێنێت، پەیوەستە بەو ڕۆڵە واتاییەی کە قسەکەرەکە بە وشەکەی دەبەخشێت. یان حەیتە یەکساندەکات بە ئاوەڵناوی /زل/ و /قەبە/، یان یەکسانیدەکات بە بە /پۆلیس/ و /پاسەوان/.

ئەڵێی حەیتەیە. > زل و ناشیرین و قەبەیە.

حەیتەکە دزەکەی گرت. > پۆلیسەکە/پاسەوانەکە دزەکەی گرت. بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی سێمانتیکی فەرهەنگی، بڕوانە (تریفە عومەر ئەحمەد:2013، 11-18)

## 2-3/2 ) دروستەی چەمکی

هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە لە ئاوەزی مرۆڤدایە. زانیارییەکان بریتیین لە بیری مرۆڤەکان، بەشێکیان زمانین و بە کەرەستە زمانییەکان/هێما زمانییەکان دەردەبڕدرێن و بیرەکان دەگوازنەوە بۆ ئەوانیتر، بەشەکەی دیکەیان، نازمانین و بەهۆی کەرەستە نازمانیەکانی وەك هونەر و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و ...هتد گوزارشتیانلێدەکرێت. خودی (چەمك) پێکهاتووە لە :

1- مێشکی مرۆڤ، کە زانا چۆمسکی بە زمانی ناوەکی I.language ناوی بردووە، بە پێی توانا و سەلیقەی خودی مرۆڤەکە بیرەکان بە جفرە دەکات.

2- کەرەستەکانی دەربڕین، کە زانا چۆمسکی ناوی ناوە زمانی دەرەکی E.language، ئەم بەشە بەرپرسە لە گەیاندنی بیرەکان بۆ گوێگر؛ واتە زمانی دەرەکی، سەرجەمی ئەو کەرەستانەیە کە بیرەکەی پێدەگوازرێتەوە( زمانی/نازمانی) . سێمانتیك مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا دەکات، کە زمانین و دەربڕی ئەو بیرەن، کە لە ئاوەزی مرۆڤدان، سێمانتیك هەردوو ئاستەکە؛ واتە بیرە کەی ناو ئاوەز و کەرەستە زمانییەکان بە شێوەیەك ڕێکدەخات، کە پەیکاڵی یەکتر بن.

دەربڕین بە هۆی
زمان/سێمانتیکی زمانەوانی کە بریتیە لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی واتا .
بیر
هێمای نازمانی وەك هونەر و وێنە کێشان و پەیکەرتاشی .
دەربڕین بە هۆی

ئەرکی سیمانتیك لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و پەسەندکردنی واتایە لە دەربڕینە زمانییەکاندا، کەواتە دروستەی سیمانتیك لە ناو دروستەی چەمکیدا کار دەکات. دروستەی سێمانتیك چەند لقێکی دروستەی چەمکییە. " چەمك ئەو هەبوانەیە/یەکانەیە، کەلە مێشکی مرۆڤدا هەن، یەکەی تایبەتن و دەتوانن بە هۆی

( زمان، كردەی جەستەیی، وێنە و هۆكاری ترەوە) بگەیەنرێن." (R.Jacnedoff :1991:7)لە(شیلان عومەر:2012، 145) .

ئەو یەكە تایبەتیانەی ناو مێشكی مرۆڤ تاكە كەسییە و پەیوەستە بە بیر و هۆش و درك و ئەزموون و سەلیقەی خودی كەسەكەوە، خۆویستانە سەرپشكە لە چۆنیەتی لێكدان و بە جفرە لێدان و بەكۆدكردنی ئەو یەكانە بە هۆی توانستە گشتیەكەیەوە، كە بۆ زمان هەیەتی، چونكە چەمك؛ كۆی گشتی ئەو زانینەیە، كەوشەیەك هەیەتی و لە مێشكدا هەڵگیراوە. چەمك هەڵگری ئەو واتایەیە، كە ماركەلێدراوە و بە هۆی وشە و یەكە زمانیەكانەوە دەردەبڕدرێت، چەمك ڕۆڵێكی بنەڕەتی هەیە لە دروستكردنی ئاماژەكان و پەیوەندییەكانی نێوان مرۆڤدا. كاتێك مرۆ ڤ بە پرۆسەی (پشكنینی چەمك concept checking)[14] ئەو بیرە هەڵدەسەنگێنێت، ئەو ئەنجامەی دەستدەكەوێت، كە فۆرمە زمانییەكان و هۆكارە كانی دیكەی گواستنەوە/نازمانی، تەنها بۆ گواستنەوەی ئەو چەمكەیە. ئەو ڕێژەیە لە بیرەكە، كە واتاكە گواستوویەتیەوە مەرج نییە، هەموو ئەو زانیاریانە بێت، كە لە ناو چەمكەكەدایە، زمانیش ناتوانێت واتای ڕەهامان بۆ بگوازێتەوە. هەم گواستنەوەی واتا و هەم گواستنەوەی چەمك بە هۆی زمانەوە ڕێژەییە، بۆیە پەیوەندی و پرۆسەی تێگەشتن پێشنیازدەكرێت. هەم پرۆسەی تێگەشتن و هەم پرۆسەی گواستنەوەش، كە دوو پرۆسەی ناچارین، پەیوەستن بە ئاستی ئاوەزی و سەلیقە و دركی تاك و كۆمەڵەوە. پەیوەندی نێوان چەمك و واتا و فۆرم، كە هەردوو پرۆسەكە سازدەكەن (گواستنەوە و تێگەشتن)، پێڕەوبەندانەیە و دوو لایەنە[15] . لەبەر ئەوەی پرۆسەی تێگەشتن لە ناو پێڕەودایە، چونكە بۆ گەیاندنی چەمكەكانە، گەیاندنی چەمكەكانیش پێویستی بە ڕێكخستنی وشەكانە. دروستەی میكانیزمی ڕێكخستنی پەیوەندی چەمك و

---

[14]- پشكنینی چەمك concept checking : ئەو هونەرەیە كەوا ڕێژەی تێگەشتنی گوێگر بۆ چەمكەكە، كە بە هۆی یەكەكانی گواستنەوەی واتاوە گواستراوەتەوە دیاریدەكات. بۆنمونە ئەگەر مامۆستایەك لە وانەكەیدا باسی كرداری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی بۆ قوتابیەكانی بكات، دواتر لە ڕێگەی پرسیار و هەڵسەنگاندنەوە دەیەوێت بزانێت كە ڕێژەی تێگەشتنی خوێندكارەكان بۆ بابەتەكە چەندە؟ ئەم پرۆسەیە پێیدەگوترێت هەڵسەنگاندنی چەمكی concept checking . بڕوانە ( ابراهیم چگنی:1384: 109)

[15]- پێڕەوی دوانەیی/دووپەلكی Dual system: پێڕەوێكیان ناوەكییە، هێماكان وەك پێكهاتەیەك ڕوندەكاتەوە، گرنگی بە چۆنیەتی پێكەوە هاتنی فۆرم و وشەكە دەدات لەگەڵ ئەو چەمكەی دەینوێنێت. پێڕەوی دووەم خۆی بە دروستكردنی ئەو پەیوەندیانەوە خەریكدەكات، كە هەر یەك لە وشەكان لەگەڵ دەرەوە و وشەكانی دیكە و كۆزانیاریدا هەیەتی. بڕوانە( ئاڤێستا كەمال:2012: 120-121)

فۆرم، میکانیزمی ڕێکخستنی فۆرمی لۆژیکی/ئاوەزی دێنێتە ئاراوە، بەو مەبەستەی دروستەیەکی چەمکی بەرهەمبهێنرێت. هەموو ئەم ئەرکانە سێمانتیک لێی بەرپرسیارە .

### 3-3/2 ) وێنە ئاوەزییەکان /زەینییەکان

هەچەندە وشەی (وێنە) زیاتر بە بینینەوە پەیوەستە، بەلاّم لە فرێزی (وێنەی ئاوەزیدا)داو پەیوەست بە سێمانتیکی درکپێکردن، سنووری بەکارهێنانەکەی فراوانترە، خۆی لەگەڵ سایکۆلۆژیای درکپێکردن و سایکۆلۆژیای گەشەکردندا تێکەڵدەکات، هەموو ئەو ئەزموونە ئاوەزییانە دەگرێتەوە، کەمرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە بەدەستی هێناون. وێنە ئاوەزییەکان ئەو چەمکە گشتییە بەدەستهاتوانەن، کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانمانەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا پێیگەشتووین، بۆ نموونە، مرۆڤ لە چواردەوری خۆی دەگات، جوڵە دەکات، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە دەکات، هێز دەنوێنێت، دەخ وات و دەخواتەوە.... چەندەها کردەی دیکەدا ئەنجامدەدات، هەموو ئەم کردەوانە وێنەیەکی ئاوەزی لە مێشکماندا دروستدەکەن، کەدەبنە کەرەستەی یەکەم/دیوی ناوەوەی کەرەستە زمانییەکان، چونکە لە ئەنجامە ئەزموونی فیزیکیی مرۆڤدا لەگەڵ شتەکان، پەیوەندیی بە زۆر شتی ئالۆزەوە دروستدەبێت، هەر ئەو شتانەیە باکگراوندێکی ئاوەزییان هەیە و زمان دەریاندەبڕێت؛ واتە هەموو دەربڕاوێکی زمانی سەرەتا بە هۆی ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ شتەکاندا درکپێکراون. بۆنموونە وشەی ( سەر، خوار) ڕوندەکەینەوە:

ئێمە/مرۆڤ بە شێوەی ستوونی بە ڕێگادا دەڕۆین، لەم حاڵەتەدا سەرمان کەوتۆتە بەشی سەرەوەی لەشمان، قاچەکانمان کەوتۆتە بەشی خوارەوە، بەشەکانی لەشمان جیاوازن، ئەو بەشانەی کە نەبەستراونەتەوە بە هیچ شتێکەوە، پێویستە ڕاگرێکیان هەبێت، وەك قاچەکان، کەبە زەوییەوە بە هۆی هێزی ڕاکێشانەکەیەوە دەبەسترێنەوە، کەواتە هێزی ڕاکێشانی زەوی دڵنیای تەواومان دەداتێ، ئەو بەشانەی لەش، کەبە هیچ شتێکەوە نەبەستراونەتەوە دەکەونە ڕووی زەوییەوە، واتا ناسەکانی سێمانتیکی درکپێکردن لەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجن، ئەگەر شتێك بکەوێت، تەنها بەرەوخوارەوە دەڕوات، ئەگەر شتێکیش بۆ سەرەوە بڕوات پێویستە ئێمەش سەیری سەرەوە بکەین، چونکە پێچەوانەی هێزی کێشکردنی زەوییە و هێزی کێشکردنی زەویش بۆ خوارەوەیە، هەر ئەو هێزەش وایکردووە لایەنی فسیۆلۆژی لەشمان بەشێوەی ستوونی

وەستاوە، هەر بە شێوەی ستوونیش دەڕوات. ئەم حاڵەتە ڤ‌ری چۆنیەتی مامەڵە کردنمان دەکات لەگەڵ دەوروبەر و دەزانین کامە سەرە و کامەش خوارە، هەر لەم ڕوانگەشەوەیە واتا بەرهەمدێت. کەواتە لە سێمانتیکی درکپێکردندا، بەرهەمهێنانی واتا ڕاستەوخۆ بە ئەزموونەکانی مرۆڤ و دەوروبەر و ئەو وێنە ئاوەزییەی کە بە هۆی هەستەکانمانەوە دروستدەبێت پەیوەستە ، هەموو ئەمانە دەبنە واتایەك و بە هۆی دەربڕاوە زمانیەکانەوە دەردەبڕدرێن.

## 1-3-3/2 ) ئەدگارەکانی/نیشانەکانی وێنەی ئاوەزی

لەبەر ڕۆشنای وتەکانی (جانسۆن)( Johnson ,M(1987) the body in the mind ) لە ( بلقیس روشن و ليلا اردبيلى:1392: 49) وێنە ئاوەزیەکان لە ئەزموونی درککردنی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و پەیوەستن بەو ئەزموونانەوە، لێرەوە دەتوانین بڵێین ، کە وێنە ئاوەزیەکان دەبنە کرۆکە واتا، چونکە وێنە ئاوەزیەکان چەمکی یەکەمن لە مێشکی مرۆڤدا، بۆیە دەتوانین بە بنەمای یاسا چەمکیەکانیان دابنێین. وێنە ئاوەزیەکان کۆمەڵێك ئەدگار لە خۆ دەگرن:

### أ- وێنەی ئاوەزی بیرێکی خۆکردە/بەدەستهاتووە

یەکێك لە بانگەشە هەرە گەورەکانی واتا ناسانی سێمانتیکی درکپێکردن ئەوەیە ، کە بیرە بەدەستهاتووەکان دەرەنجامی ئەزموونەکانی مرۆڤە، ئەم وێنە ئاوەزییە، تایبەتمەندیەکانی خۆی لەو بیرە بەدەستهاتوانەوە وەردەگرێت، کە ئەزموون خولقاندونی، کاتێك کۆدەنگی لەسەر بیرەکە هاتە ئاراوە، واتە ئەزموونەکە گشتێنرا، ئەوا ئەو بیرە دەبێتە چەمکێکی بنەڕەتی و وەك واتایەکی کرۆکی هەم لە فەرهەنگ و هەم لە کۆمەڵدا دەچەسپێت. وەك لە (5/2)دا ئەوەمان سەلماند کە چۆن و بۆچی مرۆڤ چەمکی (سەر، خوار) بەکاردەهێنێت. دەتوانین بڵێین ئەو وێنە ئاوەزییە پەیکەرێکی زانستییە، ئەزموون و زانیاری کەڵەکە بووی مرۆڤە و لە کاتی پێویستدا وەك بیرێك دەینێرێت، یان بیرێکی پێشیدەکاتەوە. ئەم پەیکەرە زانستییە ڕاستەوخۆ بە ئاستی تاکە کەسەکانەوە پەیوەستە ، پەیکەرەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، چونکە پەیوەستە بە هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان. بۆیە سەرجەمی وێنە ئاوەزیەکانی ناو مێشکی مرۆڤ، خۆکردە و بەدەستهاتووە. ئەم خۆکردییە دەبێتە ئەدگارێکی وێنە ئاوەزیەکان.

### ب- وێنە ئاوەزییەکان خودی کرۆکە واتان

(جانسون ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وێنە ئاوەزییەکان بە تایبەت قاڵبە ئاوەزییەکان، ڕاستەوخۆ لە ئەزموونە جەستەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. کرۆکە واتاکان پێش دروستبوونیان، لە ئەزموونەکان و درکی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە، وێنە ئاوەزییەکان جۆرە بیرێکی تایبەتن، کەپایەی یاساکانی بەچەمککردن پێکدەهێنن، ئەم وێنە ئاوەزییانە بە یەکەمین بەشی ئەو چەمکانە دەژمێردرێن، کەلە مێشکی مرۆڤدا دروستدەبن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ئەزموون و درك و هەڵێنجانەکانی مرۆڤەوە. درککردنی ئەم وێنانە ئاسان نییە و تێکەڵە بە هەست و نەستەکانی مرۆڤ. بەشێوەیەکی خۆنەویستانە لە بیرکردنەوەماندا بەکاریان دەهێنین. ئەم وێنانە پێش ئەوەی بەقسەبکرێن، لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر بەدەستدەهێنرێن، دواتر ئەم وێنە ئاوەزییانە ئەو توانەیەمان پێدەبەخشن، تا لەو بیرانە تێبگەین، کەبە زمان دەردەبڕدرێن.

کەواتە بە هۆی ئەزمون و زانیاری و هەستەکانەوە، وێنە ئاوەزییەکان دروستدەبن، تا ڕادەیەك کۆدەنگییەك لەسەر وێنە ئاوەزییەکە دروستدەبێت، دوای دروستبوونی ئەو کۆدەنگییە، وێنەکە دەبێتە کرۆکە واتا، کرۆکە واتاکەش بە هۆی دەربڕاوە زمانییەکانەوە دەردەبڕدرێت.

### پ- وێنەی ئاوەزی لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەدا دروستدەبێت

وێنەی ئاوەزی لە ئەنجامی ئەزموونە جەستەییەکانەوە دروستدەبێت، ئەزموونە جەستەییەکانیش دەرەنجامی مامەڵەی ئێمەیە لە گەڵ جیهانی واقعدا. لە سەرەتادا مرۆڤ تەنها سودی لە ڕەنگە بنەڕەتییەکان وەردەگرت، کە ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ئێستا لە ئەنجامی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگەکان بەتایبەت تێکەڵکردنی ڕەنگەکان، بە دەیان جۆر ڕەنگی دیکە هاتۆتە ئاراوە. ئەم ڕەنگانە/چەندەها شتی دیکە لە ژینگەی مرۆڤدا هەیە، کە دۆزیویەتیەوە یان دەیاندۆزێتەوە، بە هەر دۆزینەوەیەکیش مرۆڤ فێری ئەزموونێك دەبێت، هەر ئەزمونێکیش کۆپییەکی لە مێشکی مرۆڤدا دەچەسپێت، ئەو کۆپییە، وێنە ئاوەزییەکەیە و دەچێتە سەر پەیکەرە زانستەکەی مرۆڤ. وێنەی ئاوەزی(توانست) لە کوێدا دەبینرێت/هەستی پێدەکرێت؟ "(توانست) هەمیشە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەدا تاقیدەکرێتەوە، کاتێك

هێزی شتێك كاریگەری لەسەر چواردەوری ئێمە دەبێت، درگی پێدەكەین، كاتێك دەچینە ژوورێكی تاریك و لە گەڵ لێواری مێزێكدا بەیەكدادەدەین، تایبەتمەندیی توانست ئەزموودەكەین، هێزی خواردن لە كاتی زۆرخۆریدا ئەزموودەكەین، كەچ پەستانێك لەسەر گەدەمان دروستدەكات. هەموو وێنە ئاوەزییە توانایییەكان، وێنە ئاوەزییە هێزدارەكان دەگرنەوە."(جانسون:1987: 43).

ت- خودی وێنە ئاوەزییەكان واتادارن

هەر وێنەیەكی ئاوەزی، ئەزمون و مامەڵەیەكی ئێمە لەگەڵ جیهانی واقعدا پیشاندەدات، ناوهێنانی ئەزموونەكە بۆخۆی واتایەك دەبەخشێت، ئەو واتایەی گوێگر و جیهانی ئەزموون و واقع پێكەوە پەیوەستدەكات، لە ئەنجامی پەیوەسبوونەكەوە گوێگر پەیامێك هەڵدەهێنجێت یان پێشبینی شتێك دەكات. بۆ نموونە، كاتێك پەرداخێك ئاوت بە دەستەوەیە و بەناو ژورەكەدا دەڕۆیت، هەندێك جوڵە بە پەرداخەكە دەكەیت بۆسەرەوە، یان بۆ خوارەوە، یان بەملاوئەولادا، تا پەرداخەكە هاوسەنگ بكەیت و ئاوەكە نەڕژێت، هەرچەندە مەبەستەكە ئاوەكەیە بەڵام تۆڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ سنوور و چێوەی پەرداخەكەدا دەكەیت. چەمكی جوڵە و جۆری جوڵەكانیش هەر لە چێوەی پەرداخەوە سەرچاوە دەگرێت، كەواتە تۆ بۆئەوەی ئاوەكە بجوڵێنێت، جوڵە بە پەرداخەكە دەكەیت واتای جوڵە لە نەستەوە ئاراستە دەكرێت، ئەو سەرچاوەیەش ئاراستەكەی لێوە دێت ئەو زانینانەیە، كە وەك وێنەیەكی ئاوەزی لە مێشكدا هەڵگیراون. نمونەكە ئەوە ڕوندەكاتەوە، كە بە شێوەیەكی نا ئاگایی بەشێك لە زانینی ئێمە لەگەڵ جیهانی فیزیكدا بەرهەمدێت. ئەوەی كە ئێمە دەتوانین بە پەرداخێكی پڕ لە ئاوەوە بە ڕێگادا بڕوین و ئاوەكەش نەڕژێت، ئەوە پیشاندەدات كە پرۆسەی كۆنترۆڵی مێشك و بازو، ماسولكەكانمان پرۆسەیەكە تەنها لە ڕێگەی ئەزموونەوە دروستدەبێت. منداڵێكی دووساڵان ناتوانێت ئاوەكە بگوازێتەوە. ئەزموونەكانمان زانستێكی فێركردین ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت پێشبینی ئەوە بكەین، كە ئەگەر پەرداخەكە خوار بكەینەوە ئاوەكەی ناوی دەڕژێت. دوای هەموو ئەو پرۆسەیەی ئەزموون و كۆنترۆڵی ئاوەز و جەستەییە، ئێستا كە گوێمان لە دەربڕاوی(لاركردنەوە)دەبێت، پرۆسەكە دووبارە دركپێدەكەینەوە، كە وەك وێنەیەكی ئاوەزی لە مێشكماندا هەڵگیراوە، بۆیە واتاكان لە وێنە ئاوەزییەكاندا كۆدەبنەوە.

**ج- وێنەی ئاوەزی ئاماژەبەندییەکی ئەنالۆژی analogue هەیە**

وێنە ئاوەزییەکان لە دایکبووی ئەزموونەکانی ڕۆژانەی مرۆڤن، واتە دەگەڕێنەوە بۆ ئەنالۆژیی مرۆڤ. مەبەست لە ئەنالۆژی ئەوەیە: لە سیستەمی تێگەشتنی وێنە ئاوەزییەکاندا، وێنە ئاوەزییەکان خاوەن پێکهاتەیەکن، کەرەنگدانەوەی ئەزموونە هەمیشییەکانی مرۆڤن، ئەمانە بە زمان دەردەبڕدرێن؛ واتە وێنە ئاوەزیەکان کە ئامانجیان ڕونکردنەوەی ئەزموونە هەستییەکانی ئێمەیە، بە شێوەی پەیپێبردن/درکپێکردن/تێگەشتن لە یادگەی ئێمەدا هەڵگیراون، هەڵگرتنەکەش بە شێوەی وێنەی ئاوەزییە و چەمکەکە لە خۆ دەگرێت، ئەم وێنانە ڕاستەوخۆ لەبەردەستدا نین، بەڵکو بەهۆی دەربڕاوە زمانیەکانەوە، کە بۆ هەریەکێك لەو وێنە ئاوەزییانە دانراون، درکدەکرێن.

**ح- وێنە ئاوەزییەکان ئاڵۆزن:** وێنە ئاوەزییەکان کۆمەڵێك لایەن لەخۆ دەگرن، کە دەتوانرێت هەر لایەنێکیان بە جیا لێکبدرێتەوە. بۆنمونە جۆری وێنەی ئاوەزی (چێوە)، چەکێکە دەتوانرێت دەرەوەی چێوە، ناوەوەی چێوە، سنوری چێوە لەخۆ بگرێت. لە جۆری وێنەی ئاوەزی جووڵەش path schema خاڵی دەستپێکردن، ڕێڕەو و مەبەست لەخۆی بگرێت




( هێڵکاری (1) وێنەی ئاوەزیی جووڵە)

ڕێڕەو دوورییەکە، شتێك لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە جووڵە دەکات، کەواتە وێنەی ئاوەزی جووڵە خاڵێکی دەستپێکردن و خاڵی کۆتایی و مەبەستێکی هەیە، ڕێڕەو سەرەتاو کۆتاییەکە پێکەوە گرێدەدات. ئاڵۆزیی وێنە ئاوەزییەکە لەوەدایە، بەشی زۆرە و دەتوانرێت ئاماژە بەهەر یەکێك لەو بەشانە بکرێت.

ا- خاڵی دەستپێکردن: گۆران[هەڵبجە]ی بەجێهێشت.

ب- مەبەست: گۆران ڕۆشت بۆ[هەڵەبجە].

پ- ئامانج و مەبەست: گۆران] لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی] ڕۆشت.

ت- ڕێڕەو - مەبەست: گۆران [لە جادەی زەڵمەوە] ڕۆشت [بۆ سلێمانی].

ج- دەستپێکردن – ڕێڕەو – مەبەست : گۆران [لە هەڵەبجەوە [ بە جادەی زەڵمدا] ڕۆشت [بۆ سلێمانی].

**خ- وێنە ئاوەزییەکان جیاوازن لە وێنە هۆشەکییەکان**

ئەگەر چاوەکانت دابخەیت و دەموچاوی دایکت بهێنیتە پێش چاوی خۆت، ئەوەی کە دەیبینیت وێنەی هۆشەکییە، ئەم وێنەیە دەتوانێت وردەکارییەکانی دەموچاوی دایکت پیشانبدات، بۆ نمونە خاڵێك کە لەسەر دەموچاویەتی، ئەم وێنەیە تا ڕادەیەك کردەیەکی خۆویستانەیە ولە یادگەوە سەرچاوە دەگرێت، جیاوازیەکە لەوەدایە، بەم چاوداخستنە ناتوانین وێنەیەکی ئاوەزی بهێنینە پێش چاوی خۆمان، چونکە ڕەهەندەکانی قوڵتر و وردترن و دەرەنجامی کۆمەڵێك ئەزموونی مێژوودارن، ناتوانین تەنها بە سەیرکردنێك وەك وێنەیەکی هۆشەکی لە مێشکماندا هەڵیبگرین.بڕوانە(9-2/2).

**خ- وێنە ئاوەزییەکان فرە سەرچاوەن**

یەکێك لەو بەڵگانەی، کە ئێمە ناتوانین بە تەنها چاوداخستن، وێنەیەکی ئاوەزی بهێنینەوە یادی خۆمان ئەوەیە، کە وێنەئاوەزییەکە لە کۆمەڵێك ئەزموونی جیاوازەوە کە سەرچاوەکەیان جیاوازە پەیدا بووە؛ واتە کۆی وێنە ئاوەزییەکە تەنها لە یەك هەستەوە دروستنەبوون. ئەو وێنە ئاوەزییانەی، کە لە هەناوی سیستەمی درکپێکردندان، لە کۆمەڵێك وێنەی جیاوازەوە بەدەستهاتوون. بۆ نمونە نابینایەك خاوەنی وێنەی ئاوەزی ڕێك و پێکە لە هەر سێ جۆری (جووڵە و توانا و قەبارە)[16] ، ئەوە هەستی بینین نییە کە وێنە ئاوەزییەکەی بۆ نابیناکە دروستکردووە، بەڵکو بە هۆی هەستەکانی دیکەی وەك ( بەرکەوتن/دەستلێدان ، بیستن ، بۆنکردن، چەشتن) وە بەرهەم هاتوون. نابیناکە بە هۆی نەبوونی هەستی بینینەوە نەیتوانیوە وێنەیەکی هۆشەکی هاوڕێکەی خۆی بەرهەمبهێنێت، بەڵام وێنە ئاوەزییەکە

16 – هەرسێ جۆرەکەی وێنەی ئاوەزییە کە دواتر باسیان دەکەین.

هەندێك زانیاری دەربارەی هاوڕێکەی تێدایە، کە بتوانێت پێناسەی هاوڕێکەی بکات، بیستویەتی هاوڕێکەی کەسێکی باشە، جگەرە ناخوات، بالای بەرزە، لەش و لاری لاوازە یان قەڵەوە...هتد.

**ر- "جووڵە و جێگیر"ی کاریگەریی لەسەر وێنە ئاوەزییەکان هەیە**

ئەم دوو چەمکە(جووڵە و جێگیری) ئەو توانایەمان پێدەبەخشن، تاوەکو ( دەرەوە، ناوەوە) درکپێبکەین. وێنە ئاوەزییەکان خاوەن سنوورن، واتە دەرەوە و ناوەوەیان هەیە. ئەم سنورانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئەوەی جۆری وێنەی ئاوەزی قەبارییی درکپێبکەین. بڕوانە هێڵکاری (2).



**هێڵکاری (2)**

لە هێڵکاری (2) دا، شوێنی نەگۆڕ بە بازنەیەك پیشاندراوە، کە چەمکی ناوەوە لە خۆ دەگرێت(چێوەی ناوەی بازنەکە)، خاوەن چەمکی (سنور)یشە، چەمکی دەرەوە، بریتییە لە دەرەوەی سنووری بازنەکە تا سنووری لاکێشەکە.



**هێڵکاری (3)**

لە هێڵکاری (3)دا، دەتوانین درك بە وێنەیەکی ئاوەزی لە جۆری جووڵە بکەین .بڕوانە ئەم نموونەیەو هێڵکارییەکە لەبەرچاوبگرە:

- گۆران لە ژوورەکەی چووە دەرەوە.

لەم ڕستەیەدا (گۆران) جولاوە، چونکە لە شوێنە جێگیرەکەوە کە ناوەوەیە بۆ دەرەوە دەڕوات.

1- شوێنی جێگیر = ناو ژوورەکە دەرەوە = دەرەوەی ژوورەکە

2- ناو ژوورەکە = ناوەوە                    جولاّو = گۆران

ئەم بۆچوونە بۆ یەکەمجار (لەکانگر)(1987) پێشنیازیرکرد و دواتر لە لایەن (لکاف و جانسون)ەوە،ساڵی (1980) گەشەی پێدرا.بڕوانە ( بلقیس روشن و لیلی اردبیلی:1392: 56،55).

## 2-3-3/2 ) جۆرەکانی وێنەی ئاوەزی

### 1-2-3-3/2) وێنە ئاوەزی قەبارەیی containment schemd

یەکێك لە جۆرەکانی وێنە ئاوەزییەکان، ئەو وێنانەن کە خاوەنی قەبار/چوارچێوەیەکن. مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو ئەزموونانەوە لەگەڵ بۆ نمونە ژوور، ئەشکەوت، ماڵدا ... هەموو ئەو شتانەی کە قەبارەیەکیان هەیە، یان چوارچێوەیەکیان هەیە، شتێکیان تێدا دادەنرێت، یان شتێکیان تێدا دەپارێزرێت، دروستدەکات. مرۆڤ بیری لەوە کردۆتەوە، کە لەشی خۆی لە یەکێك لەو شوێنانەدا لە هەموو کارتێکەرە خراپەکانی وەك گەرما ، سەرما، دوژمن ...هتد بپارێزێت. گەڕان بە دوای ئەم شوێنانەدا و هەستپێکردنیان، وێنەیەکی ئاوەزی بۆ

مرۆڤ دروستدەکات، کە ئەو وێنە ئاوەزییە خاوەن قەبارە و چوارچێوەیەکە، دواتر بە زیادکردنی ئەزموونی دیکە بەکارهێنانەکانی فراوانتر بووە. هێڵکاری (4، 5)و نمونەکان مەبەستەکە ڕونتر دەکەنەوە



هێڵکاری (5)



هێڵکاری (4)

ئەوەی کە بە X هێماکراوە، شتێکە لە ناو چوارچێوەی بازنەکەدایە، چێوەی بازنەکە شوێن/قەبارەکەیە. (جانسون) بەم وێنەیە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە شتەکە یان لە ناو شوێنەکەدایە، یان لە دەرەوەی شوێنەکەدایە و لەو نێوانەدا شتی دیکە نییە، بەلاّم دەکرێت، لەناو شوێنەکەدا شوێنێکی دیکە هەبێت، وەك ژوور لە ناو خانوویەکدا؛ ژوور خۆی ناوەوەیە بەلاّم لەناو ناوەوەیەکی دیکەدایە و بۆ پاراستن و دڵنیایی

زیاترە. لێرەوەیە کە وێنە ئاوەزییەکان بۆ خستنە ڕووی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆر بەکاردێن، واتە مرۆڤ ئەو وێنە ئاوەزییە فراوانتردەکات. بۆنمونە:

1- چووەتە ناو خەیاڵەوە.

لەم خەیاڵە وەرە دەرەوە.

2- هەر لەم دۆخە خۆشەدا بمێنەرەوە.

لەم دۆخە ناخۆشە وەرە دەرەوە.

3- لەم گرفتارییەدا هاتبوو بەدوامدا.

خۆم لەو گرفتاریە هێنایە دەرەوە.

4- خراپ کەوتۆتە ناو گێژاوەوە.

خۆی لەو گێژاوە هێنایە دەرەوە/ڕزگارکرد.

5- بۆچی خۆت دەخەیتە ناو قسەکانم.

لەم قسە پڕوپوچانە وەرە دەرەوە.

وشەکانی ( دۆخ، ناو خەیاڵ، گرفتاری، گێچاو، ناوقسەکان) قەبارەی فیزیکییان نییە، خاوەن جۆرێك لە وێنەی ئاوەزی قەبارەین، کەدرکیانپێدەکەین. قسەکەر سنووری دۆخ و گرفتاری ... دەزانێت و چوارچێوەیەکی نافیزیکیان بۆ دادەنێت.

### 2-2-3-3/2) وێنەی ئاوەزی جوڵەیی/ڕێڕەوی path schema

(جانسۆن) لەو باوەڕەدایە کە بینینی جووڵەی بەدیهاتووە جولاوەکان، مرۆڤ دەکاتە خاوەنی ئەزموونگەلێك، لەو ئەزموونانەوە کۆمەڵێك وێنەی ئاوەزی لەو جووڵە فیزیکییانەوە لەمێشکی مرۆڤدا بەرهەمدێت، دواجار بۆ ئەو شتانەش بەکاردەهێنرێن، کەخاوەنی جووڵەی فیزیکی نین؛ واتە لە ئەزموونە فیزیکییەکانەوە کۆمەڵێك وێنەی ئاوەزی دروستدەبێت و گوزارشت لە شتە نافیزیکیەکان دەکات.



هێڵکاری (6)

جووڵەکە سەرەتا و کۆتای هەیە لە نێوان سەرەتاو کۆتاییەکەدا خالگەلێکی دیکە هەیە، کە بە هۆی جووڵە، بە ڕێڕەوەکەدا گوزەر دەکەین. لە هێڵکاری (6)دا، (ا) سەرەتایە و (ب) بە کۆتای دانراوە، کاتێك لە(ا)ەوە بۆ (ب) دەجولێین، جووڵەکە لە (کاتێك)دایە، کەواتە بۆ گەشتن بە خالی (ب) کات پێویستە، کاتەکە تەنها درکیپێدەکرێت. لەو وێنە ئاوەزییە فیزیکییەی جووڵەوە هەندێك وێنەی ئاوەزی دیکە بەرهەمهاتوون. بڕوانە نمونەکان:

1- گەشتمە بنج و بنەوانی چیرۆکەکە.

2- شتێکی نەمابوو بگاتە کێشانی فلتەری جگەرەکەش.

3- بۆ گەشتن بە سەرکەوتن پێویستە هەوڵبدەین.

4- هاوڕێی لەگەڵ گۆران، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم.

5- تا بەرگریکردن لە نامەکەم زۆرم نەماوە.

6- ڕێگەکەت لە ڕێگەی هاوڕێکانت جیابکەرەوە.

لە نمونەکاندا ڕێڕەوێك بوونی هەیە، کەجووڵەی تێدایە، ئەم جولانە فیزیکی نین، بەلام لە ئەزموونە فیزیکییەکانەوە هەلێنجراون؛ واتە وێنە ئاوەزییەکان لەو جووڵە فیزیکیەوە سەرچاوەیان گرتووە.

### 3-2-3-3/2)  وێنەی ئاوەزی هێزیی

مەرج نییە، هەموو کات ڕێڕەوی ئەو جووڵەی لە(2/3)دا باسمانکرد بەبێ لەمپەر بێت، هەندێکجار هێزێك/بەربەستێك دێتە سەر ڕێڕەوەکە. بە بۆچوونی (جانسۆن (the body in the mind ): (Johnson,M.,(1987: 47) لە (کورش صفوی:1391: 210) کاتێك، کە کۆمەڵێك هۆکار ڕووبەڕوی ئەم بەربەستە دەبێتەوە، مرۆڤ هێزی خۆی تاقیدەکاتەوە، لە ئەنجامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە فیزیکییەوە شێوازێك لە ڕووبەڕووبوونەوە لە مێشکی مرۆڤدا دروستدەبێت و لە ئەنجامدا وێنەیەك دەبەخشێتە ئەو ڕوداوانەی کە لە ڕوبوڕووبوونەوە  فیزیکیەکە دەچن و هەلگری ئەو سیفەتانەن، کە بەربەست بوونی هەبوو مرۆڤ پێویستە بە سێ شێواز ڕووبەڕووی ببێتەوە:

یەکەم: بەربەستەکە بە یەکجاری ڕێڕەوەکە دادەخات و جووڵەکردن لە ڕێڕەوەکەدا بە یەکجاری کۆتاییپێدەهێنێت. بڕوانە ئەم نمونانە:

1- بۆ تاپۆکردنی خانووەکەم ڕوبەڕووی گرفتێك بوومەوە و بۆم چارەسەر نەکرا.

2- دووچاری کێشەیەك بووم، کە نەڕێگەی دەرچوونم هەیە و نە ڕێگەی گەڕانەوە.

3- بە ژنهێنانەکەی دەرگای خوێندنەکەی لەسەر خۆی داخست.

4- هەوڵبدە کارکردن نەبێتە بەربەست بۆ خوێندنەکەت.

دووەم: کاتێك بەربەستەکە دروستدەبێت، ئەو توانایە هەیە کە تێکبشکێنرێت و بە ئاراستەی دروستی ڕێڕەوەکە بەردەوامی بە جووڵەکە بدرێت، یان لە بەربەستەکە دووربکەوینەوە و ڕێڕەوێکی نوێ هەڵبژێرین.

ا- نموونەکان ڕۆشتنی ڕاستەوخۆ بەناو بەربەستەکەدا ڕوندەکەنەوە:

1- بە هەر ناڕەحەتیەك بوو خوێندنەکەم تەواوکرد.

2- لە کۆتایدا گرفتە داراییەکانم چارەسەر کرد و لە بازرگانی کردن بەردەوامم.

3- مامەکەی، کە بووبووە بەربەست بۆ خۆشیەکان، لە ڕێگەی خۆی دووری خستەوە.

ب- نمونەکان دوورکەوتنەوە لە بەربەستەکەو هەڵبژاردنی ڕێڕەوێکی نوێ ڕوندەکەنەوە:

1- پێدەچێت ئەم ژنهێنانە، ڕێڕەوی ژیانت بگۆڕێت.

2- ئەگەر بەربەستەکانی خوێندنت تێکدەشکاند، ناچار نەدەبووی کرێکاری بکەیت.

3- خۆزگە دەمتوانی دڵی گۆران ڕازیبکەم، تاناچار نەبوومایە لەگەڵ ژیار سەفەر بکەم.

پ- نمونەکان دورخستنەوەی بەربەست و ڕۆشتن لە هەمان ڕێڕەوەوە ڕوندەکەنەوە:

1- خۆت دووچاری ئەم گۆڵمەزە مەکە و بەلایدا تێپەڕە.

2- ئەگەر دایاننەمزراندی، پێمبڵێ تاڕێگەیەکی نوێ بخەمە بەردەمت.

3- بە هەرشێوەیەك بووە پێویستە ئەم فیتنەیە دووربخەیتەوە.

**سێیەم : سێیەم جۆری وێنە ئاوەزی هێزی ئەوەیە، کاتێك بەربەستێك دروستدەبێت مرۆڤ بتوانێت بە هێزی خۆی بەربەستەکە وەلا بخات و بەردەوامی بە ڕێگەکەی خۆی بدات. بۆنمونە:**

**1- بە هەرشێوەیەك بووە پێویستە ئەم گرفتە لەسەر ڕێگەی خۆت لابەریت.**

**2- بۆ ئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەر، هەموویانی خستە لاوە و خۆی چووە پێشەوە.**

**3- من هەر دەبێت لەگەڵ گۆران قسەبکەم، واباشترە تۆ بچیتە کەنارەوە و نەبیتە بەربەست بۆم**

**هێڵکاری (7)جۆرەکانی وێنەی ئاوەزی هێزی دەنوێنێت**



1- هێڵکاری (1/7) بەربەستێك، کەناتوانرێت لابرێت.



2- هێڵکاری (2/7) بەربەستێك دروستبووە بە سێ شێوە دەتوانین لەو بەربەستە رزگاربین



3- هێڵکاری (3/7) بەربەستەکە بە توانای مرۆڤ خۆی لەناوچووە و بەردەوامی جووڵە هەیە لەسەر هەمان ڕێڕەو.

(جۆرج یول)(1389: 188،189) ئاماژە بە جۆرێك لە وێنەی ئاوەزی دەكات، بە وێنەی ئاوەزی دینامیكی script ناوی دەبات، ئەم جۆرە لە بنەڕەتدا، وێنەیەكی چالاك و بزواوە؛ واتە كۆمەڵێك تایبەتمەندی جێگیر لە وێنەكەدا هەیە و لە زنجیرەیەك كردەوەی زانراودا خۆیان دەنوێنن، كەتایبەتن بە شوێنێكی دیاریكراوەوە. بۆ نمونە كە دەڵێین ( لە چێشتخانەكەدا نانم خوارد.)، تەنها بە وتنی ئەم ڕستە كۆمەڵێك شتی دیكە بە مێشكماندا گوزەر دەكات بەبێ ئەوەی ناویان بهێنین.( هەر كە چویتە بەردەم ڕستۆرانتەكە پێشكارێك فەرموو دەكات و دەرگاكەت بۆ دەكاتەوە، پاشان كۆمەڵێك مێز دانراون، تۆ لەسەر یەكێك لەو مێزانە دادەنیشیت، چێشتلێنەرەكان كار دەكەن و خواردن بە مشتەرییەكان دەدەن، تۆش داوای خواردن دەكەیت و بۆت دەهێنن و دەیخۆیت، دواتر پارە دەدەیت و دێیتە دەرەوە). لە وێنەكەدا هەموو ئەم زانیارییانە هەڵگیراون، بەبێ ئەوەی ناویان بهێنین، یان پێناسەیانبكەین هەموویان دەزانیت، چونكە هەموو ئەو زانیاریانە لەو وێنە ئاوەزیەی، كە لە مێشكدایە، هەڵگیراون. بۆیە داینامیكیە، چونكە بە ناوهێنانی چێشتخانە هەموو ئەو شتانە خۆی بۆخۆی دێتەوە یادمان. ئەم جۆرە لە نمونەی دیكەدا دەدۆزرێتەوە وەك:

1 -ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانە.

2 -ڕۆیشتم بۆ سینەما.

3 -ڕۆیشتم بۆ لای سەرتاشەكە.

لە نمونەكانەوە دەگەینە ئەوەی كە دركیپێدەكەین، لەوەدا نییە، كە دەیخوێنینەوە، نوسراوەكان تەنها ئەو پیتانەن، كەلەسەر كاغەزێك نوسراون، یان چەند وشەیەكن بەرگوێماندەكەون. پرۆسەی دركپێكردنەكە پەیوەستە بەوەی، كە لە مێشكماندا هەڵمانگرتووە( دروستەی زانین). بۆزانیاری دەربارەی وێنەی دینامیكی، بڕوانە(جۆرج یول:1389: 188،189)، (ابراهیم چگنی:1384: 484).

### 3-3-3/2) پەیوەندیی وێنە ئاوەزیەكان و پراگماتیك

واتای پراگماتیكی وا پێناسە كراوە، ئەو واتایەیە، كە لە دەوروبەرەوە دەستماندەكەوێت. كەواتە ژینگە و جۆری قسە و بار و حاڵەتی دەروونی ...هتد هۆكاری سەرەكین بۆ هەڵێنجانی واتایەك لەو دەربڕینانەی، كە دەوترێن. بەمەش وشەكان لە واتای بنچینەیی خۆیان دەترازێنرێن، واتە مەبەست لە

واتا بە کۆدکراوەکەیان[17] نییە. وشەکان کام مەبەست دەگەیەنن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پراگماتیک لێی دەکۆڵێتەوە . واتا پراگماتیکیەکان هەموو ئاماژە و بیرۆکە و هێزی ڕەوانبێژی و مەبەستەکان دەگرێتەوە . کەواتە لە پراگماتکدا مامەڵە لەگەڵ ئەو واتایانەدا دەکرێت، کەخەڵك لە ڕێگەی کردە قسەییەکانیانەوە دەیگەیەنن. کردە قسەییەکان پەیوەندیان بەو دەوروبەرەوە هەیە، کە زمانەکەی تێدا بەکار دەهێنرێت لە دەوروبەری ڕوداوێك context of occurrence هەموو دۆخێکی تایبەتی، لەدەوروبەری ڕودانەکە دا لایەنە گرنگ و بایەخدارەکانی ئەو واقیعە دەگرێتەوە، قسەکەرانیش بە شێوەی تایبەتی خۆیان ئەو واقیعە دەبینن، سیاقی تایبەتی خۆیان بەسەر ئەو واقیعەدا جێبەجێ دەکەن . بۆ ئەوەی پەیوەندی دروستببێت پێویستە سیما زمانیەکان و سیما جیهانیەکانی تاك پێکەوە گرێبدرێن، سیما جیهانبینیەکەی تاك هەمان ئەو وێنە ئاوەزیانەن کە لە مێشکی ئەو مرۆڤانەدا چەسپاون . کەواتە دەوروبەر بیرۆکەی وێنەی ئاوەزییە و لە دەرەوەی پرۆسەکەدا نییە، بەڵکو لە ئاوەزی قسە پێکەراندایە، "واتای پراگماتیکی بەرانبەرکردنی ڕگەزە زمانیەکانی زمانەکەیە لەگەڵ ڕەگەزی وێنە ئاوەزیەکانی دەوروبەر "ه.د.ویدۆوسن :2008: 100). کەسیك دەڵێت : (بەرازیل پێش فیکەی کۆتایی یەکێکی تۆمارکرد .) بەرازیل وێڕای ئەوەی وڵاتێکی باراناویە و دارستانی چڕوپڕی وەك ئەمازۆنی هەیە، بە قاوە بەناوبانگە، بەڵام ئەو دەربڕینەی سەرەوە خەیاڵمان بۆ تیپێکی تۆپی پێ دەبات، کەزۆر بە توانا و کارامەیە . وێنەی ئاوەزی (تۆپی پێ ) ڕێنمایمان دەکات بۆ تێگەشتن لە دەر بڕینەکانی ( فیکەی کۆتایی، تۆمارکرد، گۆل ...) . هەموو ئەمانە لە شێوەی دەقێکدان، بەڵام هەندێك لایەنی دەقەکە تۆمارنەکراون لە نووسینەکەدا. هەروەها ئاوازە و دەنگ و ئاماژەی جەستەیی و هەموو جووڵەکان بەشێکی دەوروبەرەکەن ئەوانیش دیسان بەنووسین تۆمار نەکراون، لەئەنجام ی ئەزموونمان ئەو جووڵانە دەکەین بە واتا. ئەگەر پەنجەی ڕاوەشاند هەڕەشەیە و ئەگەر سەری بۆخوارەوە جوڵاند ڕازیبوونە و جۆری ئاوازی قسەکردنەکەو...هتد). سێمانتیکی درکپێکردن ئەوە پەسەند دەکات، کە زانیاریەکان لە دەرەوەی بەکارهێنانی زماندایە و ئەو زانیاریانە بە ئەزموون دۆزراونەتەوە، بە سایکۆلۆژیای

---

[17]- واتای بە کۆدکراو coded mening ئەو واتای وشەیەیە ، کە لە یادگەماندا تۆمارکراوە، بەبێ هیچ ڕستەیەك یان دەقێك یان پێکهاتەیەکی زمانی لای قسە پێکەرانی ئەو زمانە زانراوە. بۆنموونە وشەی (پەیژە) لای هەر کورد زمانێك واتای ئەوەیە کە لە چەند پلەیەك پێکهاتووە، لە ئاسن یان دار دروستدەکرێت و بە مەبەستی چوونە سەرەوە و هاتنە خوارەوە بەکاردێت.بڕوانە (سێمانتیکی فەرهەنگی ) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون. بڕوانە دیرك گیرتس:1393: 471)

زانیاری و کرداری مێشکی لێکدەدرێنەوە، گەیاندن و تۆمارکردنی ئەو زانیاریانەش بە زمان و نووسین دەبێت . لە بەراوردکردنی وێنە ئاوەزیەکان و پراگماتیکدا سێمانتیکی درکپێکردن گەشتۆتە ئەو باوەڕەی واتای فەرهەنگی و واتای پراگماتیکی، واتای کۆمەڵایەتی بەڕەهایی جیاواز نین، هەروەك چۆن زانستی پراگماتیك و زانستی سێمانتیك جیاواز نیین، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی، کە واتای فەرهەنگی و بە کارهێنانی واتای فەرهەنگی لە دەقدا، هەردووکیان لە زانستی سێمانتیکدا لێکدەدرێنەوە، سێمانتیك و پراگماتیك وەك تەواکەری یەکدی تەماشا دەکات . واتاناسانی سێمانتیکی درکپێکردن لەو باوەڕەدان دەقێك/ڕستەیەك، کەوشەیەکی تێدا بەکارهاتووە ئەو واتایەی کە مەبەستە بە وشەکەی دەبەخشێت؛ واتای وشەکە بەرهەمی ئەو بەکارهێنانەیەتی لە دەقەکە/ڕستەکەدا. بۆیە واتای واقیعی وشەکە ئەو واتایەیە کە مەبەستە . ئەگەر واتا لە بەکارهێنانەکەی جیا بکەینەوە، کەواتە واتا لە بنەڕەت و سروشتی خۆیدا پراگماتیکییە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئێمە بۆ واتای وشەیەك وێنەیەکی ئاوەزیمان لە مێشکماندا هەڵگرتووە ، بەلأم ئەگەر مەبەست لە بەکار هێنانی وشەکە گۆڕا ئەوا وپنە ئاوەزیەکەشی دەگۆڕێت. واتای کۆتای هەر وشەیەك ئەو دەقە/ڕستەیە/پێکهاتەکە دیاریدەکات کە تێیدا بەکارهاتووە.بڕوانە نمونەکان:

1 -کۆمەڵگەیەکی پاك

2 -منالێکی پاك

3 -جلوبەرگێکی پاك

4 -هەڵبژاردنێکی پاك

ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە واتاناسانی سێمانتیکی درکپێکردن، تێڕوانینی فەرهەنگی/قاموسی بۆ وشە، کێڵگەی واتای وشە، بە پەسەند نازانن. زانستی واتا و زانستی زمانی و نازمانی پێکەوە کۆدەکەنەوە. هەروەها تێڕوانینێکی ئنسکلۆپیدیاییان بۆ واتا هەیە.

## 4-3/2 ) نەخشەکان mapping

سێمانتکی درکپێکردن هەوڵی ئەوە دەدات، چەند پێوەرێك بخاتە ڕوو، بەهۆی ئەو پێوەرانەوە ئاوەزی مرۆڤ واتا دەبەخشێتە ج یهانەکەی خۆی. ئاوەز، بە شێوەی پێوانەی بیردەکاتەوە، نەخشەکانی درکپێکردن لەسەر بنەمای پێوانە، ڕوی لێکچوون لەنێوان سنورە جیاوازەکاندا بەهۆی ئاوەزەوە دروستدەکات. (فوکۆنیە Fauconnier )لەسەر بنەمای ئەزموونە درکپێکراوەکان ئەوە دەخاتە ڕوو، کە مرۆڤ بیرەکانی خۆی دەربارەی جیهان بە هۆی نەخشەی کەش و بارودۆخی ئاوەزییەوە بەرهەمدەهێنێت، چونکە مەبەست لە نەخشە" نەخشەی بیری چەمکەکانە"(فەرهاد تۆفیق حەسەن:2015: 40) پێویستە نەخشە درکپێکراوەکانی دەقێك پەیوەست بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو سەردەمەوە لێکبدرێنەوە. درککردنی واتای دەقێك کە نوسەر بەرهەمیدەهێنێت بە لێکدانەوەی وشە بە وشە لێکنادرێتەوە، ئەو چەمکانە درکدەکرێن، کە لە ئەزمونەکانی درککردندا بوونیان هەیە. بۆ نمونە چەمکی (گۆزە) لە چوارینەکانی خەیامدا پەیوەستە بە ئەزمونی سەردەمێکەوە، کە ئەو بۆچوونە باوبووە مرۆڤ لە خۆڵ دروستبووە و دەبێتەوە بە خۆڵیش، گۆزەش، کە لە خۆڵە گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات. ئەم چەمکە لای (خیام) خۆی و (ئیبن سینا) و (ڕازی) کە لە سەردەمی خۆیاندا گومانیان لەسەر هەموو شت دروستدەکرد، پرسیاریان دەربارەی هەموو شت دەکرد، گۆڕانی بەسەردا هات و وایان لێکدەدایەوە کە لەش دەگەڕێتەوە بۆ خاك و ڕۆح دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان .

فوکونییە، نەخشەکان بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکات:

## نەخشەی پرۆژەسازدان mapping projection

فریمن (1998: 255) لە (لیلا صادقی:1991: 112)یەوە، پێیوایە لەم جۆرە نەخشەیەدا ، واتا، تایبەتمەندیە لێکچووەکان لە سنوری چەمکێکدا دەگوازێتەوە بۆ سنوری چەمکێکی دیکە، بەلأم لای (فوکونییە) لەبری گواستنەوەکە، تایبەتمەندییە لێکچووەکانی دروستە چەمکەکە دەچێتە سنوری دروستە چەمکیەکەی دیکە و تێهەڵکێش دەبن، کەواتە بەشێك لە نەخشەی یەکەم، هەم دەگوازرێتەوە بۆ نەخشەی دووەم و هەم تێهەڵکێشی یەکتری دەبن، یان دەتوانین بڵێین دروستەکە لە سنورێکەوە، کە(سەرەتا)یە

گواستراوەتەوە بۆ سنورێکی دیکە، کە(ئامانج)ە. لە خوازەی چەمکیدا ئەم جۆرە نەخشەیە بوونی هەیە. (کات جوڵە پێکەری شتێکە)؛ واتە کات بۆ جوڵەی شتێك بە چەمك کراوە. بۆنموونە:

1 -زستان گەشتۆتە کۆتایی.

2 -لە کۆتایی وەرزی خوێندن نزیکدەبینەوە.

3 -کاتی تاقیکردنەوەکان هاتووە.

لە نمونەکانی سەرەوەدا، چەمکێکی کاتی بەرجەستە بووە ( زستان، کۆتایی وەرز، کاتی تاقیکردنەوە، ) لە شێوەی جوڵەی شتێکدا، ئەوە ڕوونە، کە جووڵە لە خودی وشەی کاتدا نییە، بەڵام لەو واتایانەی، کە دەخوازرێن بۆ وشەکە، یان ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت، ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت، کەچەمکێکی بەدەستهاتووی وەك کات، بە هاوکاری جوڵە درکپێبکەین.

## نەخشەی ئەرکی پراگماتیکی mapping pragmatic function

ئەم جۆرە نەخشەیە لای (فریمن) بریتییە لە نەخشەی پەیوەندی؛ بەواتا درکی پەیوەندی هەستیاری نێوان شتەکان. (فوکونییە) پێیوایە ئەم نەخشەیە بە هۆی چوارچێوەیەکی بەدەستهاتووی ئەزمونی هاوبەش، کە لە نێوان دوو شتدا هەیە دروستبووە. بۆ نمونە میتۆنۆمی metonymy بە جولانەوەی نێوان دووشتەوە پەیوەستە، بە جۆرێك یەکێکیان لەبری ئەوی دیکەیان بەکاردەهێنرێت، وە لەبری یەکتری دەچەسپێنرێن. بۆنمونە بەکارهێنانی دەربڕاوی (ئاسیاسێڵ) لەبری بەرپرس و کارمەند و چۆنیەتی کارکردن و ستراتیژی شوێنەکە بەکاردەهێنرێت.

## نەخشەی وێنەی ئاوەزی/سکێماکان mapping schema

زانیارییەکان لە وێنە ئاوەزییەکاندا زیاترن لەوەی، کە لە دەربڕینە زمانییەکەدا هەن، لە نەخشەی وێنە ئاوەزییەکاندا دەربڕاوە زمانییەکە، مەودای زانیاری وێنە ئاوەزییەکە دیاریدەکات، ئەم نەخشەیە وێنە ئاوەزییەکە دەگۆڕێت بۆ دەربڕاوێکی زمانی. وێنە ئاوەزییەکە وەك ئەزمونێك بۆ دروستکردنی پێگەیەکی دیاریکراو لە دەقەکەدا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، ئێمە خاوەن سنورێکی دیاریکراوین بۆ کڕینی کەلوپەل و کالا، لەوانە کڕینی کتێبێك لە کتێبخانە، یان میوە لە میوە فرۆشێك، یان پرۆسەی کڕینی هەر نمونەیەك

**لەو کاڵایانەی(کڕیار، فرۆشیار، پارە) لەخۆی دەگرێت لە بارێکی ئاسایدا کە پێگە دیاریکراوەکەیە. بەڵام کە دەڵێین ( وەزیری پێشمەرگە بیست تانکی لە ئەڵمانیا کڕی.) نەخشەی گواستنەوەی وێنە چەمکیەکە بە هۆی جۆری کاڵاکەوە دەگۆڕێت، چونکە وێنە چەمکیەکە جیاوازە لە نمونەکەی سەرەوە. لێرەدا لەبەر ئەوەی کاڵاکە تانکە، ئەو کاتە پرۆسەکە دەگۆڕێت؛ کڕیار دەبێتە وەزیری پێشمەرگە، فرۆشیار دەبێتە وڵاتی ئەڵمانیا، کاڵاکەش دەبێتە تانك، پارەش لە بڕەکەیدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت. کەواتە دەربڕاوە زمانیەکان ڕۆڵی تەواویان هەیە لە پیشاندانی سکێماکاندا.** بڕوانە:

(لیلا صادقی: 1391: 111-113)، ( هـ.د. ویدرسۆن:2008: 26-29)، (فەرهاد تۆفیق:2015: .4-41)، (بلقیس روشن، لیلا اردبیلی:1392: 36،35)

## 5-3/2 ) سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی semantics Eneyclopedic

**مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، ئەو واتایەی لە ئەنجامی ئەو مامەڵەیەوە دەستدەکەوێت، ناتوانرێت لەو جیهانە جیابکرێتەوە، وەك بەشێکی جیاواز لە ئاوەز لە بەرچاو ناگیرێت. لە واقعدا واتا ڕەنگدانەوەی گشتیی ئەزموونی مرۆڤە، کەواتە واتای زمانی، مامەڵە لەگەڵ زانیاریی جیهانیی مرۆڤدا دەکات. لێرەوەیە دەتوانین بڵێین واتا ئنسکلۆپیدیاییە و لە هێزی ئاوەزی مرۆڤ جیاناکرێتەوە، هێزی ئاوەز و واتای زمانی، لە چوارچێوەی پرۆسەکەدان و واتای زمانی سەربەخۆ نییە.**

**واتا ناتوانێت وەڵامگۆی ئۆتۆماتیکیی خواستەکانی قسەکەر، یان گوێگر بێت، بۆیە بۆ هەر یەکێك لە پێکهاتە زمانیەکان ڕاڤەی مرۆڤ پێویستە، چونکە بەهۆی درککردنەوە، واتا لەو پێکهاتە زمانیانەدا هەڵدەهێنجێت، شارەزایی و ئەزموون و هەستەکانی مرۆڤ، ڕاستەوخۆ لەو هەڵهێنجانەدا ڕۆڵ و کاریگەریی تەواوی هەیە. سیمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی وشەکە/پێکهاتە زمانیەکە وەك هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکی سنوردار لە ئاوەزی مرۆڤدا، کەلە چەمکدا نوێنراوە، تەماشا دەکات؛ واتە بە هۆی دەربڕاوە زمانییەکانەوە دەگەینە ئەو پەیکەرە زانستییەی، کە لە ئاوەزیی مرۆڤدا هەڵگیراوە.**

**واتای هەر وشەیەك لەگەڵ ئەو سیستەمە زانستییە ئاوەزییەی مرۆڤدا بەدەستدەهێنرێت. واتای ئنسکلۆپیدیایی لە ناو ئەزموونە کۆمەڵایەتی و فیزیکیەکانی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە. ئەگەرچی هەر وشەیەك خاوەن واتای ڕێککەوتن لەسەرکراوی خۆیەتی؛ واتایەکی فەرهەنگی هەیە، ئەو واتا فەرهەنگیە**

بەشێکە لە واتای ئنسکلۆپیدیایی، بۆیە جیاکردنەوەی واتای فەرهەنگی و واتای ئنسکلۆپیدیایی بێ بنەمایە. لە سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیادا" واتای فەرهەنگی پەیوەستە بە زانینی واتای وشەکانەوە، ئەو زانینەش لە فەرهەنگی ئاوەزی هەر قسەکەرێکدایە"( محمد راسخ مهند:1389؛ 53). لەم بۆچوونەدا واتای بنچینەیی وشە بریتییە لە هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێناسەی وشەکە دەکات، نەك تەنها چەند نیشانەیەکی واتایی، کە بە (+) لە وشەکەدا، وەردەگیرێت. واتاناسانی درکپێکردن سودی واتا فەرهەنگیەکان لەوەدا دەبینن کە قسەکەر بۆ گوزارشتکردنێکی گونجاو لەو بیرەی کە لە مێشکیدایە بەکاریدەهێنێت، تا پێکهاتەیەکی زمانی ڕێکوپێك بەهەم بێت.

ڕەنگی (سوور) لە کێلگەی واتایی وشەدا تەنها یەکێکە لە جۆرەکانی ڕەنگ و شتێکی پێ وەسفدەکرێت، بەڵام ئەگەر بە تێڕوانینێکی ئنسکلۆپیدیایی لە وشەی (سوور) بڕوانین ئەوا پێویستە پرۆفایلی تەواوی وشەکە، کە لە ئاوەزماندا هەڵگیراوە، لەبەرچاوبگرین. سەرنجی ئەم دوو ڕستەیە بدە:

1 -ئۆتۆمۆبیلەکەی گۆران سوورە.

2 -قژی گۆران سوورە.

لە هەردوو ڕستەکەدا وشەی (سوور) بەکارهاتووە، بەڵام ئەم دوو سورە هەگیز لەیەکناچن، لە ڕستەی (1)دا سوور گوزارشت لە ڕەنگێك دەکات، کە وەك خوێنە، بەڵام لەڕستەی دووەمدا وشەی (سور) گوزارشت لە ڕەنگێك دەکات، وەك ڕەنگی خورمایی هەندێك تێرتر. لە ئاوەزی گوێگردا ئەوە چەسپاوە، کە ڕەنگی قژی (گۆران) هەرگیز وەك ڕەنگی ئۆتۆمۆبیلەکەی نییە، کەچی وشەی (سوور) بۆ هەردووکیان بەکارهاتووە. ئەم جیاکردنەوەیە و ئاراستەکردنی گوێگر بۆ جۆری جیاوازی ڕەنگی (سوور) بە هۆی درکی گوێگرەوەیە بۆ سەرجەم ئەو زانیاریانەی وشەی سوور/پرۆفایلی وشەی سوور . بڕوانە نمونەکانی وەك:

1 -سوور هەڵگەڕا. > شەرمکردن

2 -گۆران لە درۆزنەکە سوربویەوە. > توڕەبوون

3 -دەموچاوی سورهەڵگەڕاوە. > تا و نەخۆشی/ترس

لە ڕوانگەی سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیاوە درك بە هەموو ئەم واتایانە دەکەین، مەودای درککردنمان بۆ زانیارییەکان سنووری سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیایە، مەودایەکە سنوری وێنە ئاوەزییەکە/سکێماکەی ناو مێشکمان دەگرێتەوە، وێنە ئاوەزییەکەش بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی دروستە سیمانتیکییەکان، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی دروستە چەمکییەکەدا کاردەکەن، سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیاکەش لەناو سەرجەمی پرۆسەکەدایە."سروشتی سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی لە واتادا سەرنجدان و گرنگیدانە بە دروستەی سێمانتیکی، کە پەیوەست بە دروستەی کۆ زانیاری چەمکییەوە ڕێکدەخرێت"(فەرهاد تۆفیق حەسەن:2015: 39).

لە فەرهەنگی زمانەوانیدا، سەرنج هەمیشە بۆ خودی وشەکەیە؛ بەو واتایەی، وشەکە هەڵگری کام تایبەتمەندی واتاییە، ئەو تایبەتمەندییانەی، کە لە وشەکەوە دەستدەکەوێت، دەکرێتە سیمای واتای وشەکە، بەڵام لە فەرهەنگی ئنسکلۆپیدیادا، سەرنج هەمیشە بۆ چەمکەکەیە، مرۆڤ پێویستە سنوری تەواوی لێکسیمەکە بزانێت، واتە سنووری مەودای درککردنەکە لێکبداتەوە کە خۆی لە چەمکەکەدا دەبینێتەوە، بە دەربڕینی وشەیەك، پێویستە سەرجەم شارەزای و ئەزموونی کەسەکە و ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی دەربارەی ئەو وشەیە لەبەرچاوبگیرێت. شارەزای و ئەزموونیش بریتیین لەو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لە کۆزانینە جیهانییەکەیدا، بە هۆی توانای درککردن و هەستەکانییەوە لە مێشکیدا کۆدی کردوون.

سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیا جەخت لەسەر ڕێکخستنی دروستەی سێمانتیکی و دروستەی چەمکی دەکاتەوە، یەکێك لەو تیۆرانەی، کە بۆ ئەم ڕێکخسنە پەیوەست بە واتای وشەکانەوە لەبەرچاویدەگرێت، تیۆری ( سێمانتیکی چوارچێوەیی frame semantics)،یە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن C.J.fillmore ەوە هاتە کایەوە، بە پێی تیۆرەکە پەیکەرەکان : پێکهاتەیەکن پەیوەستن بە زانین و وێنە ئاوەزیەکانەوە، کە ئەزموونەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ دروستیکردوون. لەم ڕوانگەیەوە مەودای واتای وشەکان ، سنوری هەموو پەیکەرەکە دەگرنەوە، پەیکەرەکەش ئەو تۆڕە واتاییەیە، کە سەرجەم واتا کرۆکی و توێکڵە واتاکانی لە خۆ گرتووە. کەواتە سێمانتیکی چوارچێوەیی تۆڕێکی دەوڵەمەند لە واتا دروستدەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی وشەکان بەهۆی ئەم تۆڕەوە بەرجەستە دەبن.

(فیلمۆر) پەیکەرەکە لەو چوارچێوەیەدا دادەنێت، کە ئەزموونەکان بوونەتە وێنەی ئاوەزی، یان پەیکەرە زانستیەکەی ناو ئاوەزی مرۆڤ، کە وەك چەمکێك لە یادگەی درێژخایەندا هەڵگیراوە. پەیکەربەندی، رەگەزە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو مرۆڤ پێکەوە پەیوەستدەکات. بڕوانە مەودای واتای وشەی ( بازرگانی ) لە ڕوانگەی سێمانتیکی چوارچێوەییەوە :



هێڵکاری (8) مەودای وشەی بازرگانی

ئەم تیۆرەی زانا (فیلمۆر) کاریگەری تەواوی لەسەر سێمانتیکی ئنسکلۆپیدیا داناوە. بڕوانە( بلقیس روشن، لیلا اردبیلی:1392: 34،74،75)

ڕوویەکی دیکەی ئەم تیۆرە، پەیوەستە بە تیۆری مەوداکان/بوار domainstheory ی زانا (لکانگر)(1987)، بە پێی تیۆریەکە، زانیاریەکان بەهاوکاری واقیعی قسەکردنەکە/ئۆرگانەکە ڕاڤە دەکرێن، واتە واتای دەربڕینەکە لەو ئۆرگانەدا/واقیعی قسەکردنەکەدا، دەستنیشاندەکرێت. واتای ئۆرگانی، بەشێکە لە واتای وشەکە، ئەو بەشە دەبێتە هۆکار بۆ پیشاندانی پرۆفایلی وشەکە، بەکارهێنانی وشەکە بۆ ڕاڤەکردنی مەودای وشەکەیە لە ئۆرگانەکەدا، بەگشتی و جەخت لەسەر ئەو بەشە واتاییە ناکاتەوە. بۆنموونە وشەی (ڕاوچی) لە مەودای ئۆرگانەکەدا بریتییە لە پرۆفایلی تەواوی وشەکە؛ کەسێك چالاکیەك ئەنجامدەدات، لەو چالاکیەدا دوای ئاژەڵێك دەکەوێت، پێوشوێنی دەگرێت، لەوانەیە ڕاوبکات ....، واتای وشەی (ڕاوچی)لەو ئۆرگانەدا بەجوانی دردەکرێت.

## 1-5-3/2 ) دیدگاکانی سیمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی

**1-1-5-3/2) لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیكدا جیاوازی بنەڕەتی نییە.**

واتای وشەكان لە بەكارهێنانیاندا لە دەقەكاندا بەدەستدەهێنرێن. واتای وشە بەپێی دەوروبەرەكەی، واتای واقیعیی وشەكەیە. واتا لە سروشت و چییەتی خۆیدا لە بنەڕەتدا پراگماتیكییە. واتا ناسان لە و باوەڕەدان، كە لە ئاوەزی مرۆڤدا تەنها وێنەیەكی ئاوەزی لە واتای وشەكان بوونی هەیە، دواتر واتای كۆتایی وشەیەك، ئەو دەقە دیاریدەكات، كەتێیدا بەكارهاتووە.بڕوانە وشەی (ساغ) لە:

1 -منداڵی ساغ 2- هەڵبژاردنی ساغ 3- كۆمەڵگەی ساغ.

**2-1-5-3/2) زانستی ئنسكلۆپیدیایی پێڕەوبەندانەیە.**

پەیوەندیی فۆرم و واتا لە زانستی ئنسكلۆپیدیادا، خاوەن یاسا و ڕێسای خۆیەتی و دوورە لە هەموو ئاڵۆزی و شێواویەك، خاوەنی دروستەی یاسایی و تۆڕی ڕێكخراوە، بەڵام ئەو زانیاریانەی لەسەر وشەیەك هەن، چونیەك نیین. هەندێك لەو زانیاریانە لەسەر وشە، لە زانیارییەكانی دیكە لەسەر هەمان وشە بنچینەییترن. بۆنموونە: زانیاریی مرۆڤ دەربارەی (سێو) بریتییە لە ( ڕەنگ، قەبارە، بۆن، تام، شوێنی پەروەردەكردن، سودەكانی، حەز ...هتد) بەپێی بەكارهێنان یەكێك لەو زانیاریانە دەبنە واتای بنچینەیی وشەی (سێو).

**3-1-5-3/2) یەكە زمانییەكان دەبنە وێستگەی بەدەستهێنانی زانیاری ئنسكلۆپیدیایی.**

وشەكان تەنها ڕۆڵی نوێنەری دەبینن، واتە دەبنە نوێنەر بۆ كۆی واتاكانی وشەكە، ئەو واتایانەی كە لە وێنە ئاوەزییەكەدا هەڵگیراون، مەبەستی وشەكان تەنها ئەو چەند نیشانە واتاییە نییە، كەلە واتای فەرهەنگیدا مەبەستە، بەڵكو بە هۆی وشەكەوە، مەبەستمان پرۆفایلی وشەكەیە، پرۆفایلەكەش بریتییە لە وێنە ئاوەزییەكە، یان پەیكەرە زانستییەكەی ناو ئاوەزی مرۆڤ، كە لە یادگەی درێژخایەندایە.

**4-1-5-3/2) زانستی ئنسكلۆپیدیایی هێندە چالاكە، بەربەستی واتای وشەكان تێكدەشكێنێت.**

(شیر) شلەیەکی سپییە، چەورە، کاتێك کەسێك تووشی ئازاری قورگ بووە و کوپێك شیر دەخواتەوە، تا سودی بۆ نەخۆشیەکەی هەبێت، ئەوا ئەم ئەزموونە نوێییە زانیاریی ئنسکلۆپیدیایی مرۆڤ دەربارەی وشەی (شیر) زیاتر دەکات، واتە مەوداکە فروانتر دەکات، چونکە بەم ئەزموونە زانیاریەکی دیکەت لە ئاوەزی خۆتدا بەکۆد دەکەیت، ئەم زانیاریە بەهۆی دەربڕاوی زمانی (شیر)ەوە درکپێدەکەین. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی سیمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی بڕوانە:

(بلقیس روشن ، لیلا اردبیلی:1392: 29،30)، (محمد راسخ مهند:1389: 53)، (جان لاینز:1383: 107)، (فەرهاد تۆفیق حەسەن:2015: 39 )، (کاروان عومەر قادر:2012:)

## 6-3/2) پۆلکردن:

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن (پۆلکردن Categorization)ە، کە بریتییە لە دەستنیشانکردنی نموونەی بنچینەیی/پرۆتۆتۆتایپ، کە دیارترین نمونەی ئەو پۆلەیە، نمونە بنچینەییەکە پرۆفایلێکی بەدەستهاتووی ئاوەزی هەیە و خاوەن تایبەتمەندی و وردەکاریی خۆیەتی بە بەراورد بە ئەندامەکانی دیکەی پۆلەکە، ڕەگی ئەو تایبەتمەندییە لە وێنە ئاوەزییەکەی ناو مێشکی مرۆڤدایە، ئەم نموونەی بنچینەییە وەك بەدیلێك بۆ پۆلکردنە کلاسیکیەکە لە سێمانتیکی درکپێکردندا هاتە ئاراوە، بۆ نموونە لە پۆلکردنە کلاسیکیەکەدا (ماسی) بە (+گیاندار، +ئاژەڵ، + ژیان لە ئاودا) پێناسە دەکرا، بەڵام لە سیمانتکی درکپێکردندا چەمکی (چۆلەکە) بە هۆی وێنەی ئاوەزی باڵندەوە پێناسە دەکرێت، ئەگەر کۆکبین لەسەر ئەوەی (چۆلەکە) دیارترین نمونەی پۆلی باڵندەیە، ئەوا چۆلەکە دەبێتە نمونەی بنچینەیی پۆلی باڵندە، دواتر ئەندامەکانی دیکەی پۆلەکە بە پێی دەرکەوتنیان ڕیزبەند دەکرێن لە پۆلەکەدا. بڕوانە (بلقیس روشن، لیلی اردبیلی:1392: 37، 93).

توانای پۆلکردنی مرۆڤ وا دەکات، لە بوونەوەرانی چواردەوری خۆی جیا بکاتەوە و کام ئەندام سەر بە کام گروپەیە، گروپەکانیش لە یەکتر جیا دەکاتەوە. پێویستە، سەرنجی ئەوە بدەین، ناسینەوە و جیاکردنەوەی پۆلەکان بە تەنها بەسودوەرگرتن لە زمان نابێت، بەڵکو پەیوەستە بەو جیاکاری و دەستنیشانکردنانەی، کە گیانلەبەران و نەوەکانی مرۆڤ ئەنجامیدەدەن، بە بێ پۆلکردن، یادگە کارایی و گرنگیی خۆی لەدەست دەدات. پۆلکردن دەتوانێت دەستکەوتی هەستەکانی، وەك (بینایی، بۆنکردن، تامکردن ...هتد) کۆنترۆڵبکات. کەواتە پۆلکردن لە ئاستی دروستەی چەمکیدا conceptual structure کارەکانی

خۆی ئەنجامدەدات. (W.labov) باوەڕیوایە، کە سنورێکی دیاریکراو لە نێوان پۆلەکاندا نییە، هیچ چەپکە نیشانەیەك/تایبەتمەندییەك بۆ پۆلکردنی چەمکەکان تێر و تەواو نییە، ئامادە بوونی هەر جۆرە نیشانەیەك، بڕیار لەسەر بەئەندام بوونی ئەو شتە دەدات، لەو کەتیگۆری/پۆلەدا.(ندا ازکیا:1391: 95). لێکۆلینەوەکانی روش(1970) کەم و کورتی زۆری پۆلکردنی لە سەر بنەمای چەپکە نیشانە دروستکرد؛ سنوری پۆلەکە و هەلو مەرجی پێویستی بوون بە ئەندام لە پۆلێکدا، نمونەی بنچینەیی/پرۆتۆتایپ دیاریدەکات. بە باوەڕی (لیکاف) مرۆڤ زانستی خۆی لە جیهانی دەوروبەرەوە، لەسەر بنەمای درککردن بە دەست دەهێنێت، نمونەی بنچینەیی بە شێکە، کەلەسەر بنەمای زەمینەسازیەکانی ئاوەزی مرۆڤ بەرهەمدێت.(هەمانسەرچاوە).

### 1-6-3/2) بنەماکانی پۆلکردن

ا- ئیکۆنۆمی: بنەمایەکی گرنگی پۆلکردنە، مێشکی مرۆ ڤ لە هەوڵی ئەوەدایە، کە لە توانای خۆی سود وەربگرێت ئەم سودوەرگرتنەش لە ڕێگەی درکپێکردنی سەرچاوەکانی زانیارییەوە دەبێت لە سنوری تایبەتی کەسەکەدا. لەسەر بنەمای تێچوونی کەم و دەستکەوتی زۆر سیستەمی پۆلکردن دێتە ئاراوە؛ واتە مرۆڤ لەبری ئەوەی بۆ هەر زانیاریەك دەربارەی هەر ئەزمونێك، شوێنێك لە ئاوەزدا تەرخانبکات و بە جیا هەڵیبگرێت، دەتوانێت ئەندامە لێکچووەکان لە پۆلێکدا پۆلێنبکات، لە پرۆسەی هێنانەوەی زانیاریدا ئابورییانە سودی لێببینێت.

ب- پەیوەندی: جیهانی دەوروبەرمان، پێکهاتەیەکی پەیوەندیدارە، بۆنموونە واقعەکە بەو جۆرەیە، کە کاتێك باسی(باڵ) دەکەین ئیتر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەڕ و توانای فڕینەوە، بە ناوهێنانی ئەم وشەیە، هیچ کام لە کردەی (خزان، توانای هەناسەدان لە ئاودا)، بە مێشکماندا گوزەر ناکات. ئەم بنەمایە ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە پەیوەندییەك لە ئاوەزماندا بوونی هەیە، هەر ئەو پەیوەندییە دەتوانێت، پۆلەکان بەرهەمبهێنێت. ئەم دوو بنەمایە پێکەوە لە ئاوەزی مرۆڤدا یاسای پۆلەکان دروستدەکەن. بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی پۆلکردن، بڕوانە (ندا ازکیا: 1391: 95-96)، (بلقیس روشن و :1392: 93-100)، (فەرهاد تۆفیق::2015: 42)

## 7-3/2 ) کرۆکەواتا denotation

ئەو واتایە، کە ڕاستەوخۆ لێکسیمەکە بە ئاماژە بەندەکەوە دەبەستێتەوە لە جیهانی دەرەوەی زماندا/جیهانی واقع، واتە ئاماژەکە، کە بە لێکسیمێك دەردەبڕدرێت، پەیکاڵی یەك ئاماژە بەندە لە جیهانی واقعدا. بۆنمونە (خوێ) ئاماژەبەندەکەی، (خوێی چێشتە)، (ترش)ئاماژەبەندەکەی، بەرهەمی (درەختی ترشە سماقە) لە زمانی کوردیدا .

کرۆکە واتا ئاماژە بۆ چەق/ناوەندی واتای لێکسیمەکە دەکات. کە دەڵێین (باڵندە)واتا کرۆکیەکەی بریتیە لە گیانەوەرێك دوو قاچی هەیە، باڵدارە، هێلکە دەکات، خوێن لە جەستەیدایە، دەنووکی هەیە. ئەم ئەدگارانە لە ئاماژەبەندێکدا لە جیهانی واقعدا بوونیان هەیە و دەتوانین درکیپێبکەین/بیبینین. ئەم جۆرە لە واتا دەتوانین بە " واتای ئاماژەبەندی reference، واتای درککردن meaning cognitive، واتای چەمکی meaning conceptual یەکسانبکەین، ئەگەر چی هەندێك لە زمانەوانەکان و فەیلەسوفەکان لە نێوان ئەم زاراوانەدا جیاوازی دەکەن "( ابراهیم چگنی:1384، 155).

کەمن ئەو لێکسمانەی، کە یەك کرۆکە واتایان هەبێت و تەنها هەر بۆ ئەو واتا کرۆکییە بەکاربهێنرێن، بۆیە زۆربەی لێکسیمەکان خاوەن توێکڵە واتان coontative meaning .

توێکڵە واتا ئەو واتایانەن، کە جگە لە واتا کرۆکیەکە، دەربڕاوەکە هەندێك واتای دیکە لە خۆی دەگرێت. واتا کرۆکیەکەی/منداڵ/بریتیە لە(مرۆڤ، کەم تەمەن)، بەڵام هەندێك واتای دیکە، کە توێکڵە واتان بۆ ئەم وشەیە دانراون. بۆنمونە: ( دەڵێی منداڵە. )

وشەی منداڵ لەم ڕستەیەدا ئەم توێکڵە واتایانە لە خۆ دەگرێت:

1- وەك منالّ پاکە و تاوانی نەکردووە .

2- وەك منالّ خۆشەویستە.

3- سۆزی وەك منالّ.

4- وەك منالّ لەبەردڵانە.

هەروەها ئەم واتایانەش لە خۆ دەگرێت :

1- وەك منداڵ كەم عەقڵە.

2- وەك منداڵ بیانوو دەگرێت.

3- وەك منداڵ هاروهاجە.

4- وەك منداڵ دەنگەدەنگ دەكات.

5- وەك منداڵ ئەوانیتر بێزاردەكات.

تویكڵە واتا تایبەتە بە كۆمەڵێكەوە، كە فەرهەنگێكی هاوبەش، پێشینەیەكی كۆمەڵایەتیی هاوبەشیان هەیە، یان هاوڕەگەز و هاوتەمەنن، لەوانەشە، ئەو تویكڵە واتایە لە نێوان چەند كەسێكی دیایكراودا بێت و بە ئەزموونی ئەو چەند كەسەوە پەیوەستبێت. ئەم جۆرە واتا-تویكڵە واتا- هەندێكجار بە " واتای سۆزداری affective meaning، یان بە واتای ناوەكی connotative meaning " یان واتای جوڵاو و وروژێنەر emotive meaning " ناو دەبرێت. بڕوانە ( ابراهیم چگنی:1384؛ 155).

لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان لە ژێر ناوی فرەواتایی و هاوواتایی و میتافۆر و ...هتد، كەهەندێكیان بە كێشەكانی واتا ناوزەدی دەكەن و هەندێكی دیكەیان بە هۆكاری دەوڵەمەندیی زمانەكەی دەزانن، لێكدانەوەی زۆریان بۆ ئەم بابەتە كردووە. ئەم لێكۆڵینەوەیە دەیەوێت، ئەم بابەتە لە ڕوانگەی ( سیمانتیكی دركپێكردن cognitive semantics ) ەوە لێكبداتەوە، بە شێوەی كارەكی لە زمانی كوردیدا نمونەی بۆ بهێنێتەوە.

لە سێمانتیكی دركپێكردندا دیاردەی كرۆكەواتا و تویكڵەواتا بە تیۆری تۆڕی واتای سێمانتیكی semantic Network لێكدەدرێتەوە، كە یەكێكە لە گرنگترین باس و بابەتەكانی سێمانتیكی دركپێكردن. لەبەر ئەوەی تیۆری كاركردنمان بۆ دیاریكردنی دروستەكانی سێمانتیكی كوردی ( سێمانتیكی دركپێكردن)ە، هەوڵی ئەوە دەدەین ئەم دیاردە واتاییانە لەم ڕوانگەیەوە شیبكەینەوە.

## 8-3/2 ) نمونەی بنچینەیی prototype

دیارترین و کاریگەرترینی سەرجەم ئەو واتایانەیە، کە فۆرمێك دەتوانێت لە خۆی بگرێت، سەرجەمی واتاکانی یەك وشە، پلەبەندی دەکرێت و بەپێی بڕیاری گشتی، ئەو واتایەی پلەی یەکەمی پێدەدرێت، دەبێتە نمونەی بنچینەیی بۆ واتای وشەکە.

1-8-3/2) تایبەتمەندییەکانی نموونەی بنچینەیی/پرۆتۆتایپ

1- نموونە بنچینەییەکان لەناو سەرجەم واتاکانی دیکەدا لە پێشترن، هەموو واتاکانی ئەو دەربڕینە بەشێوەیەکی یەکسان گوزارشت لەو دەربڕینە ناکەن، بەڵکو پلەبەندیەك دێتە کایەوە، کە واتایەك زیاتر لە وشەکە نزیکترە و واتایەکی دیکەش کەمتر. وەکو وشەی (دەست) کە نمونەی بنچینەییەکەی ئەندامێکی لەشە و دواتر چەند واتایەکی دیکەی لێبەرهەمهێنراوە، وەك ( دەستگیر، دەسەڵات، دەستکەوت، دەستاودەست، دەستەمۆ، لەدەستدان، دەستخەڕۆ، دەستڕەنگین، دەستبەجێ ...)

2- سنوری نێوان نموونە بنچینەییەکان ناجێگیرن، ئەگەر چی سنوری هەندێك نمونەی وەك (کۆتر) دیارە، کە نمونە بنچینەییەکەی لە سنوری باڵندەدایە، بەڵام دەستنیشانکردنی سنوری وشەیەکی وەك(پیری) گرانە، دڵنیای تەواوت دەستناکەوێت، کە (پیری) لەکام ساڵەوە دەستپێدەکات؟

3- نموونە بنچینەییەکان، تەنها بە هۆی نیشانە واتاییەکانەوە دیاریناکرێن، نیشانە واتاییەکان (+ - ) ناتوانن پێناسەی تەواوی نموونە بنچینەییەکە بکەن و سنوری تەواوی بۆ دیاریبکەن. نمونەی بنچینەیی کۆمەڵێك هەلومەج بۆ وشەکە لەبەرچاودەگرێت، ئەو هەلومەجانە مەرج نییە لە هەموو واتاکانی ئەو وشەیەدا لەیەك پلەدابن، بەڵکو هەموو واتاکان لەو هەلومەرجانەدا بە پێی ئەزموونی قسەکەر سودمەند دەبن.

4- نموونەی بنچینەیی لە خێزانێکی گەورەدا، خاوەن دروستەیەکی لێکچوون. ئەو تایبەتمەندییانە پێویستە سەرجەم ئەندامانی نموونەکە لەبەرچاو بگرن. بۆنمونە دەڵێین باڵندەکان (+باڵدارن)، ئەم سیفەتە لە هەموویاندا، وەك یەکەو بوونی هەیە، ئەگەر چی هەندێکیان ناتوانن بەو باڵە کردەی فڕین ئەنجامبدەن. وەك (نەعامە).

کەواتە هەر قسەکەرێك بۆ هەموو چەمکەکانی ناو مێشکی خۆی، نموونەیەکی بنچینەیی ئاوەزی هەڵگرتووە، کە پشت بەستووە بە کلتور و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئەزمونی مرۆڤ. بە ناوهێنانی وشەکە باشترین زانیاری و یەکەمین واتا،، کە بە مێلشدا دێت، ئەوە دەبێتە نموونەی بنچینەیی، هەمان زانیاری دەبێتە یەکەمین ئەندامی کەتیگۆرییەکە. سنوری نێوان کۆپییەکانی نموونە بنچینەییەکە ناڕونن. هەر کۆپییەك بەپێی پلەی دوور و نزیکی خۆی، سودی لێدەبینرێت لە دەربڕاوەکاندا.

لە نموونەی بنچینەییدا/پرۆتۆتایپ، کۆمەڵە خەسڵەتێك واتای وشەکە بە ڕەهایی سنوردار ناکات، وەك لە پێشودا بە هۆی نیشانە واتاییەکانەوە بۆ وشەیەك دەکرا. ئەگەر(+شین) بۆ یەکێك لە کەتیگۆریەکانی ڕەنگ بێت، ئەوا لە نموونەی بنچینەیدا، ئەم نیشانەیە، وەك سیفەتێك لێك‌دەدرێتەوە، بۆ ئەوەی درك بە ڕەنگی شین، شینی کاڵ، شینی ئاسمانی،... بکەین، چونکە سیفەتەکە، بەشێکی کۆدەنگی جیهانییە و بەشەکەی دیکە واتای کۆمەڵایەتی و دەرونییە. ( دەموچاوی شین بوەتەوە، کشتوکاڵەکە شینبوو....) نموونەی بنچینەیی ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە. (بۆ زانیاری تیۆریی و پێشینەی دەرونی دەربارەی پرۆتۆتایپ وگواستنەوەی بۆناو زمانەوانی بڕوانە بەشی یەکەم **1-4-3-5** ).

ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی هەندێك گرفت بووەتەوە، دیارترینیان ناڕوونی سنوری پرۆتۆتایپەکانە، کەپەیوەستن بە جیهانی دەرەوە، ئەو جیهانەش خۆی لە کلتور و ڕەهەندی مێژوویی و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕهەندی جوگرافی، پێشینەی زانیاری، کات، ئایدۆلۆژیا، بایۆلۆژیا، دەبینێتەوە. بڕوانە(فەرهاد تۆفیق:2015، 56-66) .

## 9-3/2 ) تۆڕی سێمانتیکی semantic Network

(لۆکاف و برۆگمان George Lakoff ، Claudia Brugman ) لە زمانەوانی درکپێکردندا، ئەم زاراوەیە - تۆڕی سێمانتیکی – یان بەکار هێناوە. ئەم مۆدێلە تایبەتە بە شیکردنەوەی واتا و زۆر بەسودە بۆ ئەم مەبەستە. لە چوار چێوەی سێماتیکی درکپێکردندا، بەو ئاراستەیە کار دەکات، کە زمان هۆکاری ڕێکخستن و گواستنەوەی زانیارییە. جەخت لەسەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاوەزی و ئەزموونی دەربڕاوە

زمانیەکان دەکاتەوە. لە سیمانتیکی درکپێکردندا، زمان وەك بەشێك لە توانا گشتیەکانی مرۆڤ سەیر دەکرێت، بۆ لێکدانەوەشی، پێویستە جەخت لەسەر ئەم لایەنانە بکرێتەوە:

1- مۆدێلەکانی درکپێکردن، وێنەی ئاوەزی، خواستن ...هتد.

2- خاڵی هاوبەشی تێگەیشتن لە سیمانتیك و سینتاکسدا.

3- پەیوەندیی نێوان زمان و بیر ( بابەتەکانی پەیوەست بە ڕێژەییبوون و جیهانی ئاوەزی)

لە مۆدێلی تۆڕی سیمانتیکیدا، واتایەکی بنجی/بنەڕەتی/ناوەندی/سەنتەر/کرۆکی/کاکڵەیی/چەقە واتا core meaning بۆ وشەکە لەبەرچاو دەگیرێت، ئەو واتایانەی تر کە نوێن و لە هەمان وشەوە وەردەگیرێن، دەبنە تیشکی کرۆکە واتاکە؛ واتە لە ئەنجامی فراوانبوونی کرۆکە واتاکەوە واتاکانی دیکە بەرهەمدێت، لە ئەنجامدا کرۆکەواتاکە و تیشکەکانی تۆڕێکی واتایی دروستدەکەن، کە پێیدەگوترێت ( تۆڕی تیشکدانەوە radial network ) . بڕوانە هێڵکاری( 9):



هێڵکاری(9) هێڵکاری تۆڕی سیمانتیکی

واتا نوێیەکان بە کرۆکە واتاوە پەیوەستن ، فراوانبوونەکە بە دوو شێواز دەبێت:

**شێوازی یەکەم: فراوانبوونی گشتگیر**

**هەندێکجار بە گۆڕانکارییەکی کەم و لاوەکی لە وشەکەدا، واتایەکی دیکە بەرهەمدێت، ئەم واتایە واتای خوازەیی نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی کرۆکە واتاکەدایە. وەك : بەرد > بەردەلان > بەردەقانی**

**شێوازی دووەم : فراوانبوونی خوازەیی (مجازی)**

**لەم شێوازەدا واتا نوێیەکە لە سنووری کرۆکەواتاکە دەترازێنرێت و واتای خوازەیی هەڵدەگرێت. وەك بەکارهێنانی ئیدیەمەکان لە قسەکردندا.**

**دڵی ئەڵێی بەردە. > بەزەیی تێدا نییە .      بەرد= بێبەزەیی.**

**(دەست) واتا کرۆکییەکەی ئەندامێکی لەشە و ئەرکی بۆگرتنە و ئامێرێکی کارپێکردنە. بەڵام لەم پێکهاتانەدا بۆمەبەستی دیکە بەکار هێنراون:**

**دەستەپاچە > کاری لەبەر ناڕوات.**

**دەستەوسان > هیچ کارێك نازانێت.**

**دەستبلاو  > بەهەدەر دانی پارە.**

**دەستلەکارکێشانەوە > وازهێنان لە کارێك.**

**دیاریکردنی کرۆکە واتا پێویستە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا بێت و مارکەی ئەو کۆمەڵەی لێبدرێت، چونکە دەگونجێت واتای وشەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کۆمەڵێك نیشانەی واتای خۆی هەبێت، بەڵام ئەم نیشانە واتاییانە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا جیاواز بێت. بۆنمونە وشەی ( مانگا) لە کۆمەڵگەی کوردیدا سیفەتی (ئاژەڵی، شیردەری، گۆشتخوراوی، بەسودی) تێدایە، بەڵام هەمان وشە لە کۆمەڵگەی هیندیدا - بوزییەکان- سیفەتی پیرۆزی پێبەخشراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێت بەهۆی تێکەلاوی کلتوری یان ئاینی ...هتد، دوو کۆمەڵگە یان زیاتر کرۆکە واتای هاوبەش و هاونرخ پەیدا ببێت.**

**پرسیارێکی گرنگ، کەپێویستە بپرسرێت ئەوەیە، کە ئایا خودی کرۆکە واتا چۆن دەستنیشاندەکرێت؟ بەگشتی دەتوانین وەڵامی پرسیارەکە بەوە بدەینەوە، کە هەر وشەیەك لە زماندا بە تایبەتمەندی و نیشانە**

واتاییەکانی خۆیەوە لە فەرهەنگی نوسراو/فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمار کراوە، واتای وشەکە دەزانین و بەو پێیەش بەکاریدەهێنین و لێکیدەدەینەوە، بەلاّم وەلاّمەکە هەموو کات ڕاست دەرناچێت، بە تایبەت کاتێك وشەیەك لە واتا فەرهەنگیەکەی خۆی دەترازێنرێت، ئەوکات نیشانە واتاییەکانی وشە فەرهەنگیەکان وەلاّمگۆی پرسیارەکەمان نابێت. (دیرك گیرتس)لە(1393: 402) وەلاّمی ئەم پرسیارە و دیاردەی فرە واتایی و لێڵی واتایی و کرۆکە واتا دەداتەوە، لەپێوەرەکانی ( مەجی ڕاستی بوون، دروستی ڕستە، پێناسەکردنی وشەکان )دا دەیبینێتەوە.

1- مەرجی ڕاستی بوون : مەرجی ڕاستی لە هەر دەربڕاوێکدا بە دوو ڕێباز دیاریدەکرێت: ڕێبازی یەکەم بناغەی خۆی لەسەر پشتبەستن بە تاقیکردنەوە و سەرنجی کەسەکان بۆ ڕوداو و شتەکان داناوە. ڕێبازی دووەم تێڕوانینەکانی خۆیان لەسەر بناغەی (زیرەکی، سۆز، ئاین) دامەزارندووە و دەڵێن، بیر و هۆش سەرچاوەی زانینە. ڕاستی لە ڕێگەی بیر و زیرەکی و بەڵگە و هۆکارەوە بەدەستدەهێنرێت. بڕوانە ( محمود فتح الله احمد:2008: 122-137 ). کەواتە ئەزموون و زیرەکی و بیروهۆشی مرۆڤەکان وەك دادوەرێك بڕیار لەسەر واتای یەکەمی وشەیەك دەدەن و بە کرۆکی واتا/واتای فەرهەنگی تۆماری دەکەن .

2- دروستی ڕستە: پێویستە ڕستەکە لە هەردوو ئاستی ڕێزمان و واتادا دروستبن، چونکە واتای تەواوی ڕستەیەك، لە پەیوەندیی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا دەردەکەوێت.

3- پێناسەکردنی وشەکان : (ئەرستۆ) پێی وابوو، بۆ ئەوەی خەڵك بە باشی لە وشەکان بگەن، واتاکەی لێڵ نەبێت، پێویستە ئەو وشەیە پێناسە بکرێت؛ پێناسەکە پێویستە گشتگیر بێت، تا هەموو ئەو لێکسیمانەی، کە لە وشە بنەڕەتیەکەوە پەیدابوون، بگرێتەوە، هەروەها پێناسەکە، لاستیکی نەبێت، تا بتوانێت سنوری واتای نێوان وشەکان جیا بکاتەوە و تێکەڵی یەکدییان نەکات.

کەواتە بۆ ئەوەی بگەینە واتای کرۆکی وشەکان، پێویستە ئەم لایەنانە لەبەرچاوبگرین:

1- یەکەمین واتای پەسەندکراوی وشەکە، کەبریتییە لەو واتایەی، مرۆ ڤ لە پرۆسەی زمانپێزاندا بۆ یەکەمجار وەریدەگرێت و فێری دەبێت، کە پسپۆرانی تایبەت بەو بوارە بۆیان داناوە، یەکەمین واتای وشەکەیە و دەبێتە کرۆکە واتا.

2- لەناو تۆڕی واتاکاندا، کام واتا لە واتاکانی دیکە، زاڵترە/ناسراوترە، دەبێتە کرۆکە واتا.

3- سودوەرگرتن لەو ڕستەیەی، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، تاواتای تەواوی وشەکە بەپێی ڕستەکە/دروستەکە بزانین. ئەمانە و چەندین بۆچوونی دیکە، سەبارەت بە دیاریکردنی کرۆکە واتا و توێکڵە واتا خراونەتە ڕوو .( بڕوانە بەشی یەکەم:2/1-3-5).

4- واتای وشەیەك بە بەراورد بە دژ واتاکەی، بۆ نمونە کاتێك لە واتای (سارد) دەگەین واتای (گەرمی) بزانین، چونکە هەرکام لەوانە، خاوەنی واتاو تایبەتمەندیی خۆیانن.

## 1-9-3/2 ) تۆڕی سیمانتیکی لە ئاستی فەرهەنگدا

لە بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکاندا، لە دەربڕینە جۆراوجۆرەکاندا، واتای جۆراو جۆر دروستدەبن، بەکارهێنانەکەش لە فراوانبوونی گشتیر یان فراوانبوونی خوازەیی کرۆکەواتادا ڕوودەدات؛ واتە هەندێك لە واتاکان لە چوار چێوەی کرۆکە واتاکەدا دەبێت و هەندێکی دیکەیان لەو چوارچێوەیەدا، دەچنە دەرەوە و واتایەکی نوێ دەبەخشن. دیاریکردنی ئەم فرە واتاییەی یەك لێکسیم لە سیمانتیکی درکپێکردندا، پەیوەستە بە سەلیقە و ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزمون و کلتوری پەیاموەرگرەکەوە، کە چۆن درك بە واتای دەربڕینەکە دەکات، لە چوار چێوەی دروستەکەدا، ئەو دەوروبەرەی کە دەربڕاوەکەی تێدا دەردەبڕدرێت، چونکە لە دەوروبەرەوە واتا بەدەستدەهێنرێت، کەواتە :

ئ ... ێت.

ب ... ـێك

مەرج هەیە:

**یەکەم:** واتای "بە هێماکردن" لە زماندا (پیشاندانی سیمانتیك پەیوەست بە بەشە زمانییەکان) کەرتین، واتە بەشەکین و پیشاندەر و ڕونکەرەوەی بنیاتی بیری ناتەواون. بۆ نمونە، ئەو بنیاتە بیرییەی کە لەلایەن زانیارییەکەوە پشتگیریلێدەکرێت، لە کردەی بیرییەوە هەڵدەهێنجرێت، کە هەستییە و لێکۆڵینەوە لە ئەزمونی هەست و بیری دەگرێتەوە، لە کاتێکدا پیشاندانی ئەو ئەزمونە کە سیستەمی بیری ئێمە پێکدەهێنێت ( شێوە، ناوچە، میتافۆڕی بیری لەخۆدەگرێت) لە وردەکاریدا کەمتر دەوڵەمەندە لە خودی ئەزمونی بیری و ئەو پیشاندان و ڕوونکردنەوەیەی کە لە لایەن بنیاتی سیمانتیکییەوە بە زاراوە کراوە و بەردەوام لە وردەکاریدا کەمدەکات. ڕوونکردنەوەی بیری، وا دەزانرێت وەك ئەوەی لەکۆتایدا لە سروشتدا بیریە. بۆ نموونە: کەسێك دەتوانێ بە شێوەیەکی مێشکی لاسایی ئەو سەکۆیە بکاتەوە کە هاوبەشی لە شەقی پەناڵتی دەکاتەوە لە یاری تۆپی پێ. بە پێچەوانەوە ڕونکردنەوەی سیمانتیکی بۆ دەربڕینەکان تایبەتدەکرێت بەهۆی سیستەمی هێماییەوە. هەروەها زمان ئەرکی بەکۆدکردنی واتا دەبینێت، بەڵام ئەو وانلیە هەژاردەکرێت و ئەرك دەبینێت وەك هاندان و سوربوون بۆ بنیاتنانی نمونەی دەوڵەمەندتری بە ڕەمزکردن لەلایەن گوێگرەکانەوە.

بە هەمان ڕێگا، لەگەڵ ئەوەشدا بنیاتی بیری بەڕەمزدەکات، شێوازی بنیاتی سیمانتیکی زمانی، ئەرکی ئەوەیە کە زمان هەر کاتێك دەتوانێ ڕێنمایی لانی کەم بدات بۆ ڕوونکردنەوەی وردی مێشکی، کە لەلایەن قسەکەرەکانەوە دەویسترێت. واتە کە قسەکەر مەبەستیەتی.

دووەم: تێڕوانینی کردەی درککردن، لەسەر ئەوەیە، کە بە فۆڕمکردنی بیر لە بەکار هێنانی زماندا دەردەکەوێت، ئەگەر دوای ئەوە بکەویت ئەوە هیچ دەستورێك نییە سەبارەت بە جیاوازیکردن لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا. بڕوانە (تریفە عومەر:2013: 18). ڕێبازی فەرمی formal approach زۆرجار پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دیاریکردنی واتا بۆ دەربڕینێك کردەیەکی دوو قۆناغییە. لە یەکەم قۆناغدا، واتای دەقیی وشەکان لەلایەن قسەکەرەوە لێکدەدرێتەوە، بە هەڵوەشانەوە و گەڕان لە ناو هێماکاندا پێکدێت بۆ پێشاندانی سیمانتیکی دەقیی سەربەخۆی ڕستەیەك. لە دووەم قۆناغدا، دەربڕینەکە ملکەچی کردەی پراگماتیك دەبێت، کە دەهێنرێت تا واتا هەڵبگرێت پەیوەست بە دەقەکەوە. زانیاریی پاشخان و کاریگەرییەکان لە لایەن گوێگرەوە پێكدێن، کە جەخت لەسەر مەبەستی قسەکەردەکانەوە. بە پێچەوانەوە، تیۆری (بۆشایی هۆشەکی mental space )، پێشنیازی ئەوە دەکات، کە بەفۆڕمکردنی بیر لەلایەن دەقی

گفتوگۆییەوە ئاراستەدەکرێت، کە بەشێکی ناوەکیی کردەی بنیاتی واتا فۆرمدەکات. بە پێی ئەم تێڕوانینە، بنیاتی واتا تایبەت دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زانیاری پراگماتیکی و گەیاندنی مەعریفی و ئاراستەکردنی کردەی بنیاتی واتایە. بەو شێوەیە زانیاری/مەعریفەی پڕاگماتیکی، بەشێوەیەکی جۆری، جیاوازە لە زانیاری/مەعریفەی سیمانتیکی؛ زانیاری/مەعریفەی سیمانتیکی تەنها پڕواتایە لە دەقدا. لەبەر ئەوە زانایانی کردەی درککردن ئەو پێشنیازە ڕەتدەکەنەوە کە لە نێوان "سیمانتیك" و "پڕاگماتیك"دا جیایی هەبێت و لە بنیاتی واتادا پیشانبدرێن.

بەکورتی، واتا بەشێوەیەکی سادە زانیارییەکی پێشوەخت و ئامادە بوو هەڵگیراوی نییە، کە بەهۆی زمانەوە بەرەمزکرابێت. زانایانی بواری کردەی درککردن وەك "دەفر"ێك دەڕوانە بنەڕەتی وشەکان و زمانیش وەك کەناڵێك بۆ گواستنەوە و خستنەڕووی واتای پێشوەخت - ئامادە بوو-؛ واتە ئەو واتایەی کە زمان دەیگوێزێتەوە زوتر هەیە و زمان ئەرکێکی نییە لە بنیاتنانیدا. هاوسەر نەوزاد (2013: 17) ئاماژە بە پراگماتیکی فەرهەنگی دەکات، کە ڕێبازێکە واتا بەیەکەوە بەستراوەکان کۆدەکاتەوە. لەم پێودانگەوە بڕوانە ئاوەڵکرداری ( سەر/لەسەر)، چ سادە بێت یان داڕێژراو، ئەگەر وەك ئاوەڵکردار تەماشایبکەین، کرۆکە واتاکەی بریتییە لە شوێن. بڕوانە ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف:2001: 148)، بەڵام ئەگەر وەك ناو تەماشای بکەین ئەوا کرۆکە واتاکەی ئەندامێکی لەشی مرۆڤە.

1- ( سەر/لەسەر) بە واتای شوێن:

ا- کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە. لەسەر (شوێنە)

ب- چوومە سەر درەختەکە. سەر ( شوێنە)

پ- وێنەکە لەسەر دیوارەکە داکوتراوە. لەسەر ( شوێنە)

ت- ئەسپەکە بەسەر بەربەستەکەدا تێپەڕی. بەسەر( شوێنە)

لە (1)دا هەموو واتای شوێن دەستنیشاندەکەن، هەرچەندە جیاوازی لە جۆری شوێنەکانیشدا هەیە.

2- ( سەر/لەسەر) واتای جگە لە شوێن:

ا- گۆران کار لەسەر نامەی دکتۆراکەی دەکات.

ب- ئەم بەرپرسە دەسەڵاتی بەسەر کارمەندەکانیدا هەیە.

لە (2)دا، ( لەسەر، بەسەر) پەیوەندی بە واتای شوێنەوە نییە:

لە (2ا)دا ( لەسەر ) بە واتای جەختکردنەوە دێت. لە (2ب)دا ( بەسەر) بە واتای دەسەڵات دێت. بۆیە واتاکانی (سەر/لەسەر) لە (1)دا هەموو کرۆکە واتان، چونکە بە واتای بنچینەیی وشەکە، کە(شوێن)ە هاتوون، بەڵام لە (2)دا لە واتا بنچینەییەکە ترازێنراوە و بووە بە توێکڵە واتا. هەموو واتاکانی (سەر/لەسەر) لە (1 و 2) دا تۆڕێکی واتای بۆ وشەکە دروستدەکەن، بۆیە (برۆگمەن و لاکۆف) گەشتنە ئەو دەرەنجامەی کە " فرە واتایی تەنها لە دروستەی چەمکیدا هەیە و بە هیچ شێوەیەك لە فۆرمی زمانیدا دروست نابێت" ( محمد راسخ مهند:1389، 56). ئەم دوو زانایە جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە، کە ئەم واتایانە هەرچەند جیاوازن، بەڵام پەیوەندییان پێکەوە هەیە، هەندێك لەو واتایانە دەبنە کرۆکە واتا و هەندێکی دیکەیان دەبنە توێکڵەواتا، ئەم پرۆسەیان ناونا (تۆڕی سێمانتیکی)، چونکە هەموو واتاکانی وشەیەك پەیوەندییان بە چەمکێکەوە هەیە. هێڵکاری (10) توێکڵە واتاکان پەیوەست بە کرۆکە واتاوە ڕوندەکاتەوە:



**هێڵکاری (10)**

## 4/2 ) پۆلێنکردن

زمانەوانەكان لە مێژوودا چەند پۆلێنێكیان بۆ یەكەكانی زمان كردووە، هەریەك لەو پۆلێنكردنانە بە پێی تایبەتمەندییەكانی خۆی كەرەستە زمانیەكانی بەسەردا دابەشكراوە. یەكێك لەو پۆلكردنانە ( تیۆری كلاسیكی چەمك )ە، كە وایدادەنێت، هەموو چەمكەكان خاوەن دروستەیەكی دیاریكراون. لەم تیۆرەدا هەر چەمكێك خاوەن چەپكە نیشانەیەكی واتاییە، ئەو چەپكە نیشانەیە لە لێكسیمێكدا كە چەمكەكەی پێخراوەتە ڕوو دەنوێنرێت، ئەو نواندنەش لەو لێكسیمەدا بریتییە لە ناوەرۆك."هەموو چەمكەكان بۆ كارپێكردنەكانیان بە مەرجی ناچاری necessary و بەشی sufficient بە كۆد دەكرێن"(فەرهاد تۆفیق:2015: 44) ئەم بە كۆدكردنە بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەی ( +/- ) ئەنجامدەدرێت. بۆ نمونە وشەی ( ڕەبەن ) ئەم نیشانە واتاییانە لە خۆ دەگرێت (+نێر – هاوسەر+هەراش)، وشەی (قەیرە) ئەم نیشانانە لە خۆی دەگرێت(+مێ –هاوسەر+هەراش) ئەم تیۆرە خاوەنی كۆمەڵێك لایەنی باش و سەرنجڕاكێشە، هاوكات لۆمەڵێك كێشە و گرفتیشی هەیە. (جۆرج یول) ( 1389: 142) لەسەر بنەمای مۆرفیم لە كتێبەكەیدا جۆرێكی دیكەی پۆلێنكردن بۆ یەكەكانی زمان دەخاتە ڕوو، كە تەنها ئاماژەیان بۆ دەكەین:

مۆرفیم : بچوكترین یەكەی زمانییە، كە واتایەك یان ئەركێكی ڕێزمانی هەیە. دوو جۆرە :

1- مۆرفیمی ئازاد: دەتوانرێت لە شێوەی وشەیەكدا بە سەربەخۆیی بەكاربهێنرێت. مۆرفیمی ئازاد دوو جۆرە: ا- مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی/وشەكان: ئەمجۆرە ( ناو، ئاوەڵناو، كردار) دەگرێتەوە. ئەركیان گەیاندنی پەیامی قسەكەرە.

ب- مۆرفیمی ئازادی ئەركی: ئەمانە ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕن و داخراون، بریتین لە ( ئامرازە پەیوەندییەكان، نیشانەی دیاریكردن، جێناوەكان).

2- مۆرفیمی بەند: ئەم مۆرفیمانە ناتوانرێت بە شێوەی سەربەخۆ بەكار بهێنرێن، بەڵكو دەنووسێت بە یەكەیەكی دیكەوە. مۆرفیمە بەندەكان دوو جۆرن:

ا- مۆرفیمی بەندی واتا داڕێژ

ب- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی

بڕوانە: (محەمەدی مەحوی:2009: 163-168)، (جۆرج یول:1389: 142)، (فەرهاد تۆفیق:2015: 47-49).




## 1-4/2) مۆدێلێکی پۆلێنکردن

زاراوەی (زمانەوانیی درکپێکردن)، ناونیشانی بزوتنەوەیەکی ئێجگار گەورەیە لە زمانەوانی نوێدا. زمانەوانیی درکپێکردن لە کۆتایی حەفتاکاندا هاتە ئاراوە، دووبەشی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، کە بریتیین لە (واتا ، زمانەوانی دەروونی)، ڕوانگە واتاییەکە گرنگی تەواو بە دروستە واتییەکان دەدات. دیارترین لقی زمانەوانیی درکپێکردن (ڕێزمانیی درکپێکردن)ە، لەلایەن ڕۆناڵد لاکانگر(1976) پێشنیاز کرا. نەخشەی ڕێزمانی درکپێکردن، زمان وەك یەك یەکەی هێمایی لەبەرچاودەگرێت، کە ئەم هەلومەرجانەی تێدا بێت:



هێڵکاری (11) ڕێزمانی درکپێکردن

ئەوەی لە هێڵکاریی (11)دا بەدەستدەهێنرێت، بریتییە لەوەی ڕێزمانی درکپێکردن لە سێ یەکەی بنەڕەتی پێکدێت، کە (فۆنۆلۆجی، هێما، واتا)ن، کە لە زماندا پێویستیی سەرەکین. لاکانگر(1976) لە (ارسلان گلفام:1390، 148) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەدەتوانرێت تەنها بە گەڕانەوە بۆ ئەو سێ یەکە بنەڕەتییە، زمانێك بە شێوەیەکی تەواو پێناسەبکرێت. لەم ڕووەوە دەتوانین ڕێزمانی درکپێکردن وەك جۆرێکی تیۆری (کەمینەگەرا) سەیربکەین. بەتەنها گرنگیدان بە هێما کە بانگەشەکردنێکی سۆسێرییە، ئەوە بە نوێگەری لای زانایانی درکپێکردن لەقەڵەم نادرێت، جیاوازیەکە لەگەڵ (سۆسێر) لەوەدایە، کەتان و پۆی ئەم زانستە تەنها لە هێمای وشەدا نییە، بەڵکو دەتوانرێت مۆرفیمێك، وشەیەك، کۆمەڵە وشەیەك، یان ڕستەیەك، پیشاندەری بۆچوونی زمانەوانیی درکپێکردن بێت. بەمپێیە، کەتیگۆرییە بنەڕەتییەکانی زمانیش لە چوارچێوەی گریمانەی ڕێزمانی درکپێکردندا گرنگیی بنچینەییان هەیە. لە سەر بنەمای پۆلێنی گشتی کەرەستە واتاییەکانی زمان، (ناو)ن، یان(پەیوەندیدارەکانن). ئەو مۆرفیمانەی، کەبۆ (ناو) بەکاردەهێنرێن، ڕوونکەرەوەی شتەکانن، ئەمەش جەمسەری واتایی کەتیگۆریی ناوە. پەیوەندییەکان /کەتیگۆریەکانی جگە لە ناو، لەسەر بنەمای کات دەستنیشاندەکرێن، کە بریتیین لە (پەیوەندیدارە کاتدارەکان ، پەیوەندیدارەبێکاتەکان). کردار دەچێتە پۆلێنی کاتدارەکانەوە، بەمپێیە پرۆفایلی کردار بە درێژایی لکات بەرهەمدێت، ئەمەش بە پەیوەندیی کاتدار/کردە ناودەبرێت. هەرچی بێکاتەکانە(کەتیگۆریی ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ناوی کردار/چاوگ، ئامرازی پەیوەندی، ئاوەڵناوی بەرکاری) دەگرێتەوە، جیاوازیی نێوان ئەم پۆلانە تەنها کاتە. کردارکە هەڵگوی ڕەگەزی کاتە بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت: 1- کرداری جێگیر stative 2- کرداری جوڵاو dynamic، جیاوازی ئەم دوو جۆرەی کردار لەم ڕستانەدا بەرچاودەکەون:

ا- گۆران حەزی لە شیرینییە.

ب- گۆران ئێستا شیرینی دەخوات.

لە(ا)دا کردارەکە جێگیرە، واتە ئەو حەزە بە درێژایی کات نەگۆڕە. لە(ب)دا کردارەکە دایناميکییە، جۆری

خواردنەکە شایەنی گۆڕانە لە کاتە جیاوازەکاندا. بڕوانە(ارسلان گلفام:1390: 148) سودی وەرگرتووە لە ( ڕۆناڵد لاکانگر:1976)

لەبەر بواری کارەکەی توێژینەوەکە، پۆلکردنێك پێویستە، کە تێیدا سەرجەم یەکە واتاییەکان دەستنیشانکرابن، بە تایبەت یەکە واتاییەکانی زمانی کوردی. پەیوەست بە سێمانتیکی درکپێکردن و شیکردنەوەی وردی پۆلێنەکەی (لانکاگر) بۆ لێکدانەوەی یەکە سیمانتیکییەکانی کوردی، پۆلکردنی دەربڕینەکان بە پێی پۆلی داخراو و پۆلی کراوە پۆلکردنێکی گونجاوە. هەر دەربڕینێك نوێنەری دروستە چەمکییەکەیەتی، کاتێك دروستە چەمکییەکە بە کۆد دەکرێت، دەربڕینێك دەینوێنێت. پرۆسەی بە کۆدکردنیش لە سیمانتیکی درکپێکردندا جێگای بایەخە"لەمبارەیەوە (تالمای Talmay) باس لە دوو سیستەمی بەکۆدکردن دەکات؛ (سیستەمی سیمانتیکی پۆلی داخراو، سیستەمی سیمانتیکی پۆلی کراوە) (فەرهاد تۆفیق:2015: 41)، ئەم پۆلکردنە، وەك پۆلکردنێکی گونجاو لێرەدا بە کورتی دەیخەینە ڕوو:

### 1-1-4/3 ) **پۆلی داخراو closed classes**

ئەو وشانەن کە واتای سەربەخۆ و فەرهەنگییان نییە، تەنها زانیارییە ڕێزمانییەکان، پەیوەندیە لۆژیکییەکان لە ڕستەدا دەستنیشاندەکەن."بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵگری واتای ڕێزمانین و ئەرکی سەرەکییان بەرجەستەکردنی گۆکردنی دروستەیی و سینتاکسییە."(شیلان عومەر:2012: 43). زۆرێك لە ئەرکە سینتاسی و سیمانتیکییەکان بە هۆی پۆلە داخراوەکانەوە دەردەبڕدرێن، بەهۆی ئەرك و ڕۆڵیان بە پۆلە کراوەکانەوە دەلکێن. پۆلە داخراوەکان بریتین لە:

ا)جێناو pronoun

1- جێناوی کەسی سەربەخۆ: (من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان).

2- جێناوە لکاوەکان دەستەیI (مە، مان، ت، تان، ی، یان)

دەستەیII (م، ین، یت، ن، ێت، ن، ن)

3- جێناوی خۆیی: (خۆ+جێناوی لکاو) خۆم، خۆمان...

4- جێناوی ئاماژە/نیشانە : ئەمە ، ئەوە ، ئەمانە، ئەوانە،

5- جێناوی نادیار: هیچ، هەر، کەسێك ...

6- جێناوی پرس : کێ، کام ...

7- جێناوی خاوەندارێتی بۆ گەڕاوە ( جێناوی لکاو دەلکێت بە سەرە ناوەکانەوە ) : گوڵەکەم ...

8- جێناوی ڕستەی سەرجێناوی ( جێناوی نیشانە+ی ) : ئەو کوڕەی وەستاوە برامە.

ب) پاشکۆکانی ناو Noun adjuncts : ئەو زانیاریانە دەگەیەنن، کە بە هۆی دەربڕینی ناوەکەوە دەرنەبڕاون. وەك: پێدانی ڕۆڵ. ئەویش بریتییە لە( نیشانەکانی پێدانی دۆخ، نیشانەکانی پێدانی ئاخاوتن، لاگرەکان).

پ) لاگری دیارخەری Articles بریتییە لە:

- نیشانەی ناسراوی و دیاریکراوی (ەکە، ەکان، ێك)

- جێناوی خۆی (خۆ+جێناوی لکاو)

- جێناوی خاوەندارێتی: هی من ، هی ئێوە

- ڕادە: زۆرێك، هەندێك ...

ت) پاشکۆکانی کردار verb adjuncts : دوو پۆلی سەرەکین:

1– فەرهەنگی 2- یاریدەدەرەکان auxiliaries دوو جۆرن:

- یاریدەدەری سەرەکی : بەرپرسە لە لایەنەکانی تاف و پلەپلە کراوی ڕوکاری. ڕابردوی تەواو، بکەرنادیاری کردارەکە.

- **یاریدەدەری مۆدالّی دابەشکراو: تایبەتیەکانی فرێزی کرداری لە ئەستۆدایە.**

**ج) واژەگۆکەر: ئەمانە زیاتر واتای گۆکردنیان هەیە، واتای سەربەخۆی خۆیانیان نییە، لە ڕوانگەی ئەرکی سێمانتیکیەوە ئەم چەشنانەی هەیە:**

**1- واژەگۆکەرە مۆدالّیەکان modal particles : وەك (بەلاّم، هەروەها...)**

**2- واژەگۆکەری باسمەند/پلەیی focus/grad particles: وەك (تەنها، یش، تەنانەت، تەواو...)**

**3- واژەگۆکەرەکانی زۆریی و پلە/زۆریی و چڕی: وەك(زۆر، کەم، فرە)،(هەمووشت ، هەندێك، تۆزێك، نەختێك، گەلێك...)**

**چ) مۆرفیمەکانی بەستنەوە Conjunction : بریتین لە:**

**1- مۆرفیمی بەستنەوەی ڕێکخەر/خستنەتەکیەك coordinated conjunctions : وەك : و، بەهۆی، کەی، هێشتا**

**2- مۆرفیمی بەستنەوەی وەچە-ڕستەیی subordinate conjunctions:وەك: یان، و، بەلاّم...**

**ح) پۆلە داخراوەکانیتر[18] : وەك: (کلیتیك، نیشانەکانی پێدانی جەختکردنەوە، سەرسوڕمان، دەرخەرەکانی نواندنی ڕێز. بڕوانە ( شیلان عومەر:2012: 43-55) .**

---

[18]- **عبدالواحد موشیر دزەیی پۆلی داخراو بەمشێوەیە پۆلّندەکات:**
**ا- مۆرفیمی ناساندنی(ەکە، کە، یەکە). ب- مۆرفیمەکانی کۆ(ان، ات، ها، گەل، ڕان، ڕەوە). پ- مۆرفیمەکانی ڕەگەز(ە) بۆ نێر، (یٚ) بۆ مێ. ت- مۆرفیمەکانی کەس. ج- مۆرفیمەکانی کات(ا، ت، د، و، ی). ج- مۆرفیمەکانی نیشانە( ئەم...ە، ئەمان...ە، ئەو...ە، ئەوان...ە). چ- مۆرفیمەکانی نەناسراوی(یٚ، یٚك). ح- مۆرفیمەکانی نەریٚ(نە، نا، مە، نی). خ- مۆرفیمەکانی دوپاتکردنەوە(ەوە). د- مۆرفیمەکانی نادیاری(ڕ)**
**ر- مۆرفیمەکانی چاوگ(ن) ی چاوگ دەگرێتەوە. بڕوانە (عبدالواحد موشیر دزەیی:2014: 105).**

## 2-1-4/3 ) پۆلی كراوە open class

ئەو دەربڕاوە زمانیەانەی، كە دەچنە ژێر شازاراوەی پۆلی كراوەوە، واتاكانیان پەیوەستە بە ناوەرۆكی وشەكان و مۆرفیمەكانەوە، بۆیە كراوەن چونكە وشەی نوێ لەدایك دەبێت و ئەندامی كەتیگۆریەكان زیاددەكات، ئەمەش بەڕێگەی ناونان و داڕشتن و لێكدانەوە دروستدەبێت.

پۆلە كراوەكان پێكدێن لە:

ا- ناو

1 -ناوی سادە

2 -ناوی داڕێژراو

3 -ناوی لێكدراو

ب- ئاوەڵناو

1 -ئاوەڵناوی سادە

2 -ئاوەڵناوی داڕێژراو

3 -ئاوەڵناوی لێكدراو

پ- ئاوەڵكردار

1 -ئاوەڵكرداری سادە

2 -ئاوەڵكرداری داڕێژراو

3 -ئاوەڵكرداری لێكدراو

ت- كردار

1 -كرداری سادە [19]

---

[19]- عبدالواحد موشیر دزەیی پێیوایە كە كاری سادە بوونی نییە ، گوایا مۆرفیمی كات و شوێنی تێدایە. بڕوانە(عبدالواحد موشیر دزەیی:2014: 98)، ( ئەورەحمانی حاجی مارف(كردار):2001: 68)، ( بەشی دووەم 2⁄2)

2- کرداری داڕێژراو

3- لێکدراو کرداری لێکدراو

مەبەست لە سیستەمی پۆلکردن بەشێوەی سەرەکی لە سیمانتیکی درکپێکردندا بۆ شرۆڤەکردنی واتایە، شرۆڤەکردنەکە لە هەر یەکێك لە ڕوانگەکاندا، هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی ئەو هەلومەرجە تایبەتییە، یەکە سیمانتیکیەکان پۆلێندەکرێن. سیمانتیکی درکپێکردن ڕوانینی تایبەت و جیاوازی خۆی هەیە بۆ ئەم یەکانە. هەر بۆیە لە بەشی سێیەمدا پۆلەکانی زمانی کوردی بە پێی بنەماکانی ئەم زانستە شرۆڤەدەکەین. بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن، کەبریتین لە (سیمانتیکی ئنسکلۆپیدیایی، پرۆتۆتایپ/نموونەی بنچینەیی، وێنەی ئاوەزی، تۆڕ/پۆرتاڵی واتایی سێمانتیکی، کەتیگۆری، دروستەی چەمکی، خێزانە لەیەکچوەکان ....هتد. ئەم بنەمایانە بەگشتی کار لەسەر ئاوەز، ئەزمون، لایەنی کۆمەڵایەتی، لایەنی دەروونی مرۆڤ دەکەن، ئەمەش پەیکاڵی ئەو بیر و بۆچوونەیە کە قسەکەری کورد بە هۆی دەربڕینە زمانیەکانیەوە دەیانخاتە ڕوو.

# بەشی سێیەم

## بنەماکانی سیمانتیکی

## درکپێکردن لە زمانی کوردیدا

## 3 ) بواری کارەکی

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە تایبەت دەبێت بەو پێکهاتانەی که لە زمانی کوردیدا واتا بەرهەمدەهێنن، بەشەکە لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە هەوڵدەدات، تیشك بخاتە سەر چۆنیەتیی دروستبوونی واتا لە بەشە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستە سود لە بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێکردن وەردەگیرێت، کە لە بەشی دووەمدا ئەو بنچینانە ڕونکراونەتەوە. بەشەئاخاوتنەکانی زمانی کوردیی کرمانجیی خواروو، دەبنە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، کە پێکهاتوون لە ( کردار، ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، جێناو، پریپۆزشنەکان، ئامرازەکانی سەرسوڕمان، لێکدەرەکان، ...) کردارەکانی زمانی کوردی بە پێی وێنەی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانا (تالمی)ەوە شیدەکەینەوە، نموونەی ناو و پریپۆزشن بە پێی تۆڕی سێمانتیکی، سەرسوڕمان بە پێی وێنەی ئاوەزی، جۆری قەبارە، لاگری دیارخەری (نیشانەی دیاریکردنی - ەکە - ) بەپێی بنچینەی خێزانی هاوشێوە شرۆڤە دەکەین. بەو ئامانجەی، هەم بنچینەکانی زمانەوانیی درکپێکردن بناسێنین، هەم ئەوەش بسەلمێنین، کە دروستەی سێمانتیکی لە زمانی کوردیدا پەیکاڵی بنچینەکانی ئەم زانستە نوێیە دەبن و پێڕەوویێکی گونجاوە بۆ لێکدانەوەی سێمانتیکیی دەربڕینەکانی زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستە چەند کەتیگۆرییەکی جیاوازی زمانی کوردی، بە چەند بنچینەیەکی جیاوازیی زمانەوانی درکپێکردن لێکدەدەینەوە. لەو لێکدانەوە واتاییانەدا، پشت بە ئاوەز دەبەسترێت، هەروەك چۆن زانستەکە خۆی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

### 1/3 ) ڕەگەزە واتاییەکانی کردار

کردار، کە هەمیشە وەك ئارگۆمێنتیکی بنەڕەتی ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە بەرهەمهێنانی واتادا، بەپێی پۆلێنی (کرداری جێگیر و کرداری جوڵاو) جیادەکرێنەوە، تیایدا ئەو ڕەگەزە چەمکییانە دەستنیشاندەکرێت، کە دەتوانێت لە خۆیدا هەڵیانبگرێت، کە لای زانا (تالمی) سێ جۆرە ڕەگەزن، دواتر پێشنیازی ئەو ڕەگەزە چەمکییانە دەکەین، کە کردارەکانی زمانی کوردی دەتوانن بەرهەمیان بهێنن. بنچینەیەکی دیکە لە زمانەوانیی درککردندا بریتییە لە تۆڕی سێمانتیکی، وشەی(دەم) وەك نمونەی ناو و وشەی (بەر) وەك ..... پریپۆزشنی (لە) بەم پێڕەوە شیدەکەینەوە، نیشانەی دیاریکردنی (ەکە) وەك

نمونەیەك بۆ هەموو لاگرەکان بەپێی بنچینەی خێزانی هاوشێوە لە سێمانتیکی درکپێکردندا وەردەگرین. ئامانجمانە کە ئەم لێۆڵینەوەیە بەگشتی ببێتە دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر و زانستیتری کەرەستەکانی زمانی کوردی بەپێی پێڕەوەکانی زمانەوانیی درکپێکردن، هەر بۆیە نمونەی چەند پۆلێکی زمانی کوردی و چەند بنچینەیەکی زمانەوانیی درکپێکردن هەڵدەبژێرین.

لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە پێناسە و پۆلێنی جۆراوجۆر بۆ کردار کراوە، ئەو ڕوانینەی کەلای ئێمە مەبەستە بۆ کردار و لەگەڵ ئاراستەی لێکۆڵینەوەکەدا پەیکاڵ دەبێت، تێڕوانینی (تالمی)یە بۆ کردار، چونکە لە ڕوانگەی سێمانتیکی درکپێکردنەوە، دیاردە زمانەوانیەکان لێکدەداتەوە، هەروەها سەرجەم زمانەکانی دونیا لە ڕوانگەی تێڕوانینەکانیەوە بۆ کردار پۆلێندەکات. تالمی (21:2000:b ) جەخت لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان واتا و فۆرم دەکاتەوە، ئەو پەیوەندیە ناو دەنێت پرۆسەی بەلێکسیمبوو. لە پێناسەی بە لێکسیمبووندا دەڵێت:"بە لێکسیمبوون بریتیە لە پەیوەندییەکی دامەزراوەیی لە نێوان ڕەگەزێکی واتایی دیاریکراو و مۆرفیمێکدا" تالمی پرۆسەکە بە فرە ڕوو دەزانێت، یەکێك لەو ڕوانە ingredient ئەوەیە، کە دەتوانین ڕەگەزەکان، هەم لە بۆتەی واتادا، هەم لە سنووری فۆرمی فۆنەتیکیدا لەیەکتریان جیابکەینەوە. بۆنموونە دەتوانین ڕەگەزە واتاییەکان دابەشبکەین بۆ (**جوڵە، ئاراستە، ڕەگەزی بەرجەستە، زەمینە، حاڵەت ، هۆکار ...**)، فۆرمەکانیش بۆ (کردار، پریپۆزشن، مۆرفیمی بەند و سەربەوخۆ ...)، ئەمانە توانای شیتەڵبوونیان هەیە، بۆ نمونە کرداری جوڵاو/داینامیکی لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر دیاردەی جیاوازیی واتای بە هێما دەکات.

ڕوویەکی دیکەی تیۆرەکەی (تالمی) باس لەوە دەکات، کە ڕەگەزە واتاییەکە، بەچ ڕێگایەك(ڕێزمان) و لە چ فۆرمێکی دەنگیدا بەرجەستە دەبێت. پەیوەست بەم ڕووەی تیۆرەکەیەوە باوەڕی وایە ئەم پەیوەندییە لە خۆوە نییە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر فۆرمێك دەتوانێت چەند واتایەك لە خۆ بگرێت، یان واتایەك بە چەند فۆرمێك دەرببڕدرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، تالمی (117:2000b ) زمانەکان بە دوو شێوە پۆلێندەکات:

یەکەم: لەسەر بنەمای (تێهەڵکێشی واتایی)یە لە کرداری جوڵاودا: لەم پۆلێنەدا، سێ جۆر تێهەڵکێشی واتای

له کرداردا دەستنیشاندەکات ( تێهەڵکێشی ئاراستە و جوڵە، تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و جوڵە، تێهەڵکێشی حاڵەت و جوڵە). ئەمانە سێ جۆری سەرەکین، لە پاڵ ئەمانەدا دەکرێت جۆری دیکەی لاوەکی بەپێی زمانەکە هەڵبهێنجرێت، دەگونجێت یەکێك لەو جۆرە تێهەڵکێشانە ببێتە زۆرینە/پلەی یەکەم لەو زمانەدا.

دووەم: لەسەر بنەمای بەشی ناکرداریی، کرداری ناسادە/مانگەکانی کردارە satellite [20] ، بەپێی ئەم بنەمایەی بە لێکسیمبوونی مانگەکان، زمانەکان بۆ دوو دەستە دابەشدەبن:ا- ئەگەر ڕەگەزە واتاییەکە لە ڕەگی کردارەکەدا بوو، ئەوا ئەو زمانە (کردار سەنتەرە verb-framedo ). ب- ئەگەر ڕەگەزە واتاییەکە لە کەرەستە زمانییە لاوەکییەکانی کردارە ناسادەکە کەوتەوە، ئەوا جۆری زمانەکە (مانگ سەنتەرە) .

تالمی(21:2000a ) هەموو کەرەستەکانی زمان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشدەکات، کە بریتییە لە:

1- پۆلی کراوە open class: ئەم پۆلە بناغەی ناوەکان، بنەڕتی کردارەکان، ئاوەڵناوەکان دەگرێتەوە

2- پۆلی داخراو closed class: ئەم جۆرەش دەربڕینە ڕێزمانییە بنەڕەتییە کانی وەك مۆرفیمی سفر، مۆرفیمە ڕێزمانییەکان...، دەکەوێتە ناو پۆلی داخراوەوە. ئەمانە هەم وو پێکەوە نمونەیەکی درکپێکراو پیشاندەدەن. هەر زمانێك چەمك گەلێکی تایبەتی لە ناو چەمکە گشتییەکاندا بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەم چەمکانە دەکاتە ناو قاڵبە زمانییەکانی خۆیەوە، بەڵام ئەو واتایەی کە لەو قاڵبەدا دەبینرێت بەشێکی دەربڕاوی واتاکەیە، تالمی لەو باوەڕەدایە، کە زانیارییەکی زۆری لەیەکئاڵێنراو لە چەمکەکەدا هەیە، بەڵام لە وێنە ئاوەزییەکەدا درکپێدەکرێت. (ئانتونالو ) لە (ندا ازکیا :1391: 101 و 102) لە ڕوانگەی تالمیەوە پێنج بابەتی وێنە ئاوەزییەکان دەخاتە ڕوو، کە هەر یەکەیان گرنگیی خۆی هەیە لە درککردنی وێنەکەدا؛ ئەوانیش بریتین لە (سیستەمی ڕێکخستن configurational system، سیستەمی گۆشە نیگایی،

---

[20] Satellite مەبەستی تالمی لە مانگەکانی کردار ، ئەو کردارە ناسادانەیە کە بەشە ناکردارییەکەیان هەندێکجار پڕواتایە و هەندیکجار واتاکەی کاڵ دەبێتەوە، یان واتای گشتی کردارە ناسادەکە (لێکدراو) زیاتر لە بەشە ناکردارییەکەیدایە و ئەو بەشە ناکردارییە بووەتە سەنتەری واتایی کردارە ناسادەکە، ئەم زیادو کەمکردنەی واتا لە زیاد و کەمکردنی ڕۆشنایی مانگ دەچێت، هەندێك شەو ڕۆشنە و هەندێك شەویتر ڕۆشناییەکەی کەمدەبێتەوە

سیستەمی گرنگیپێدان / هەستپێکردن attention system، سیستەمی هێزی داینامیکی system forcedynamics ، سیستەمی کردەی دکپێکردن cognitive system .)

## 2/3 ) کرداری زمانی کوردی

کردارەکان لە زمانی کوردیدا بەسەر دوو پۆلدا دابەشدەبن (کرداری سادە، کرداری ناسادە)، ناسادەکان لە سادەکان زیاترن و کراوەترن، فۆرمی نوێی زیاتریان لێدروستدەکرێت بە مەبەستی گواستنەوەی واتای نوێ. کەواتە بوونی فۆرمی جیاوازی کرداری بەڵگەی بوونی واتای پێشوەختەیە لە ئاوەزماندا، تا فۆرمەکە وەك، هۆکارێك بۆ گواستنەوەی ئەو واتایە بەکاربهێنین. لێکدانەوەی کردارەکان بە بنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردن، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت. بۆنمونە بڕوانە کرداری (هێنان)؛

ا- دروستە چەمکیەکەی ئەم کردارە (هێنان) هەموو ئەو زانیاریانەیە لە خۆ دەگرێت، کە لە ئاوەزی تاکی کورددا بەرهەمهاتووە، (گواستنەوەی شتێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بە ئاراستەی قسەکەر) ئەو زانیاریەیە کە فۆرمی (هێنان)ی بۆ دانراوە، هەر ئەو زانیاریانەیە بڕیاردەدات کە فۆرمی (بردن) بەکار بهێنین کاتێك ئاراستەی جوڵەکە دەگۆڕێت، کەواتە بۆ گواستنەوەی هەر چەمکێك فۆرمێك پێویستە، چونکە هەموو فۆرمێك نوێنەری چەمکێکە، چەمك و فۆرمەکە پرۆسەی ( تێگەشتن و گواستنەوە) سازدەکەن، کاتێك لە فۆرمی :

هێنان>داهێنان>بۆهێنان>ڕاهێنان> هاوردە>هەڵهێنان>پیاهێنان>دەرهێنان>پێچپیاهێنان>وازهێنان> ژن هێنان>ژن بۆهێنان>بارهێنان> هاوردەکردن>چا هێنان>چاوپیاهەڵهێنان>دەستهێنان>بەکارهێنان> وەبەرهێنان>هانا هێنان ... هاتۆتە بەرهەم، ئاماژەیە بۆ هەبوونی چەندین دروستەی چەمکی لە ناو ئاوەزدا، کە بۆ دەربڕینی ئەو چەمکانە، ئەو فۆرمانە پێویستن.

ب- کرۆکە واتا/واتای فەرهەنگی کرداری (هێنان)؛ وێڕای بوونی چەند واتایەکی جۆراوجۆر بۆ ئەم کردارە، کە بە چەند فۆرمێکی جیاواز بەڵام بەرهەمهاتوو لە هەمانسەرچاوەوە، ئەم کردارە خاوەن واتای فەرهەنگی خۆیەتی، لەبەرئەوەی کردارەکە لە فۆرمە سادەکەیدا (هێنان)، فەرهەنگیترین جۆری کردارە، هەروەها

**کرۆکە واتاکەشی، بۆ هێنانی شتێکە لە دووری قسەکەرەوە بۆلای قسەکەر، واتە بە ئاراستەی قسەکەر/زەمینە، پاشان دیاریکردنی نمونەی بنچینەیی/پرۆتۆتایپی ئەم کردارە یان بە کۆکبوون دەبێت، ئەوکاتە کۆکدەبین لەسەر ئەوەی کە فۆرمی (هێنان) بۆ گەیاندنی چەمکی(گواستنەوە)یە، یان بەپێی ئەزموون و ئاوەزی کەسەکە پرۆتۆتایپەکە و واتاکانی دیکەی پۆلێن دەکەین، پاشان بۆ هەر فۆرمێکی بەرهەمهاتوو دەتوانیت هەمان کردە جێبەجێبکەین.**

**پ- وێنەی ئاوەزی لێوداری (هاتن): وێنە ئاوەزییەکان لە سەرجەم کردەکانی مۆرڤەوە سەرچاوەدەگرن، هەر جۆرە مامەڵەکردنێك لەگەڵ ئەم کردارەدا دەبێتە زانیارییەك و دەچێتە سەر پەیکەرە زانستییەکەی ناو وێنە ئاوەزییەکەی مێشکی مرۆڤ. بە هۆی جوڵە پێکردنی ئەو شتەی دەیگوازینەوە، کە شتێکی مادییە، زانیاری دەربارەی کێش پەیدا دەکەین:**

1 - کتێبەکەم لە کتێبخانە هێناوە.

2 -ئۆتۆمۆبیلەکە خۆم هێنامەوە.

3 -ژنم هێناوە.

4 -ژنم بۆ هێناوە.

**بە هۆی ئاراستەی جوڵەکەیەوە زانیاری دەربارەی ڕێڕە و ئاراستە پەیدا دەکەین:**

1 -**کەلوپەلەکانی هاوردە کردووە. ( جوڵەی ئاسۆیی)**

2 -**لە هەڵەبجە نەوت دەردەهێنن.( جوڵە لە خوارەوە بۆ سەرەوە)**

**بە هۆی قەبارەی شتە گواستراوەکەوە، کە فیزیکییە، زانیاری دەربارەی قەبارەی شتە فیزیکی و نافیزیکییەکان پەیدا دەکەین:**

1 -**مۆبایلەکەت بۆ دەهێنم. (فیزیکی)**

2 -**خەڵکی مەهێنە سەرمان.(نافیزیکی - کۆمەڵایەتی و دەرونی)**

3 -**ئاو هێناویەتی.(نافیزیکی – شتی خۆڕایی)**

بە هۆی سەرجەم هەستەکانەوە زانیاریگەلێکمان دەستدەکەوێت و لە وێنە ئاوەزییەکەدا هەڵیدەگرین، پاشان بە بیستن/بینینی کرداری (هێنان) کردەی گواستنەوەی شتێك و سەرجەم زانیارییەکانمان دێتەوە یاد، کە دەربارەی چەمکی گواستنەوە لە وێنە ئاوەزییەکەماندا هەڵگیراون.

ت- تۆڕی سێمانتیلکیی کرداری ( هێنان): تۆڕی سێمانتیکی کرداری (هێنان) پێکدێت لە کرۆکە واتای کردارەکە و توێکڵە واتاکانی، بڕوانە نواندنەکانی ئەم کردارە لە نمونەکاندا:

**ا- سادە:**

1/1. کتێبەکەم بۆ هێنا.

2/1. ژنم بۆ هێنا. ( من ژنم بۆ ئەو هێنا)

3/1. ژنم هێنا. ( خۆم ژنم هێنا)

4/1. خۆی هێنایە ئاستی ئەو. ( ئاستی خۆی نزمکردەوە)

5/1. قسە دەهێنێت و قسە دەبات. ( دووزمانی دەکات)

6/1. ئاو هێناویەتی. (شتی خۆڕایی)

7/1. ئەوەی هەوا هێنایی هەواش دەیبات. ( شتێك بێ ماندووبوون دەستت بکەوێت سودی لێنابینیت)

8/1. خەڵك مەهێنە سەرمان. (ئابڕومان مەبە)

9/1. هەر قسەکانی ئەهێنێت و ئەیبات. ( نازانێت قسە بکات/مەبەستەکەی دەربڕێت)

10/1. لە کورسییەکەی هێنایانە خوارەوە. ( دەسەڵاتیان لێوەرگرتەوە)

11/1. دەستێك بهێنە بە خانوەکەدا. (نۆژەنکردنەوە)

12/1. ئەوە ناهێنێت. ( کەمکردنەوەی نرخ)

13/1. خوێنکارەکان هێنرانە دەرەوە. (بکەر نادیار)

**ب.داڕێژراو:**

1/2. کێ کارەبای داهێنا؟ ( دۆزینەوە)

2/2. یاریزانەکان دەستیان بە ڕاهێنان کرد. ( خۆئامادەکردن)

3/2. گۆران مەتەڵەکەی هەڵهێنا. ( زانین)

4/2. مریشکەکە هێلکەکانی هەڵهێنا. (گواستنەوەی گیانەورێك لە ناو هێلکەوە بۆ جیهان)

5/2. قەرزەکەم بۆ هێنایەوە. ( گەڕاندنەوەی شتێك، کەپێشتر براوە)

6/2. نمونە هێنانەوە، بابەتەکە ڕونتر دەکاتەوە.

7/2. پوۆژەکانی وەبەرهێنەکان وەستاون. ( ناو)

**پ. لێکدراو:**

1/3. وازم لە کارەکەم هێنا. (ڕەتکردنەوەی کارێك)

2/3. پێچێکی پیاهێنا. (خۆدەربازکردن بە ئەنجامدانی فێڵێك)

3/3. مندالەکانی باش بارهێناوە. (پەروەردەی کردووە)

4/3. بارهێنانی بازرگانەکان کاتی زۆری دەوێت. ( گواستنەوەی شتومەك).

نمونەکان ئەوە دەچەسپێنن، کە لێکدانەوەی کرداری زمانی بە پێی بنەماکانی سیمانتیکی درکپێردن گونجاوە، دواتر بە پێی پۆلێنێکی دیکەی کردار (جێگیر و جولاو) کردارەکانی زمانی کوردی بە تایبەت کردارە جولاوەکان بە پێی بنەمایی (وێنەی ئاوەزی جۆری جولە) بە وردی لێکدەدەینەوە. هێلکاری (1) تۆڕی واتایی کرداری (هاتن) پیشاندەدات:




هێڵکاری (1) تۆڕی واتای سێمانتیکی کرداری (هێنان)

## 1-2/3 ) کرداری سادە:

کردارە سادەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان لە کرداری ناسادە کەمترە و بۆ هەردوو جۆری جێگیر و جولاو دابەشدەبن. ئەم کردارانە بە پرۆسەی بە بەفۆرمبووندا تێپەڕییون و بوونەتە یەکەی فەرهەنگی و لەناو فەرهەنگدا بە تایبەتمەندی واتایی خۆیانەوە تۆمارکراون. لێکسیم : ئەو یەکانەیە کە ناتوانرێت بۆ یەکەی واتایی بچوکتری دیکە شیتەڵبکرێن، واتە چەسپاون/قایمکراون. بڕوانە (فاروق عومەر سدیق:2013: 132 - 134). ئەم کردارە سادانە بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێ لە کردارە ناسادەکاندا چالاکانە بەشداریدەکەن.( کرد، برد، شێلا، پێوا، پۆشی، بەخشی، چوو، خستی، ...) نمونەی ئەم جۆرە کردارانەن.

## 2-2/3 ) کرداری ناسادە:

کردارە ناسادەکان، یان داڕێژراون؛ کەبە هۆی پێشگر، یان پاشگر یان هەردوکیانەوە، لەگەڵ ( کردارێکی سادە، ناو، ئاوەڵناو)ێکدا کردارێکی نوێ دادەڕێژن. ئەو کردارانەی کە لە کردارەوە دادەڕێژرێن ژمارەیان زیاترە بەبەراورد بەو کردارانەی کە لە ناو و ئاوەڵناوەوە وەردەگیرێن[21] . محەمەدی مەحوی (2010: 188-189) ئاماژە بە کردارە ناسادە کان دەکات و پۆلێنیان دەکات بۆ:

1 -کرداری لە کردار وەرگیراو:/خەوتن/>/خەواندن، /نوستن/>/نواندن/...

2 -کرداری لە ناو وەرگیراو: /هۆش/>/لەهۆشچون/...

3 -کرداری لە ئاوەڵناو وەرگیراو:/سەوز/>/سەوزبوون/، //زەرد/>/زەردبوون...

بابەتی توێژینەوەکەمان لەم پارەدا دروستەی سیمانتیکە لە ناو کرداردا، کە بە هۆکارەکانی ئاوەز و ئەزموون و دەروون، مرۆڤ پەی بەو واتایانە دەبات و لێکیاندەداتەوە. بۆئەوەی بەرەو مەبەستەکەمان هەنگاو هەڵبگرین، پێویستە بە گشتی کردار پۆلێنبکەین بۆ (کرداری جولاو/داینامیکی و کرداری جێگیر) دواتر تیشك دەخەینە سەر شێوازی دروستبوونی واتاکانیان.

---

[21] 1- بەهۆی نەبوونی فەرهەنگێکی زانستیی کوردی-کوردی، هێشتا هیچ جۆرە ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە بۆئەوەی بزانین بۆ نمونە ژمارەی سەرجەم کردارەکان چەندن؟ چەند کرداری سادەمان هەیە ؟ ژمارەی کردارە ناسادەکان چەندن؟ چەند کرداری لە جۆری جێگیرە و چەندیکردار لە جۆری جولاوە؟ ....

2- لەبەر ئەوەی چاوگەکان سەرچاوەی دروستبوونی کردارەکانن، لێرەدا بە کردار ناومان هێناوە.

### 3-2/3 ) کرداری جێگیر:

(وندلەر)(1957) لە (زهرا چراغی:1992: 45)ەوە، لە سەر بنەمای هەستی درلێپێکردن، کە لەم بنەمایەدا پشت بەو بۆچوونە دەبەستێت، کە زانستی زمانی و جیهانی واقیعی ئێمە لە خاڵێکدا پێکەوە گرێدراون، ئەو خاڵەش بریتییە لە ئاستی وشە، کرداری جێگیر بۆ چوار جۆر پۆلێن دەکات، پۆلێنەکەش بە سود وەرگرتنە لە سێ تایبەتمەندی واتایی: ا- جێگیر لە بەرانبەر جوڵاودا. ب- بەردەوام لەبەرانبەر چرکەساتیدا. پ- کۆتوبەند لە بەرانبەر ئازاددا.

کرداری جێگیر ئەوانەن، کە گوزارشت لە پێگەیەکی جێگیر دەکەن، کە بە درێژایی کات گۆڕانیان بە سەردا نایەت. وەك "خۆشویستن". یان بڕوانە نمونەکانی (زانین، هەبوون، باوەڕپێبوون، خۆشحاڵبوون، نارەحەتبوون، توڕەبوون، شکاندن، کۆنبوون، شێداربوون، کراوە، داخراو، شکستەنیبوون، کوردستانیبوون....) ئەم نمونانە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، کە دەتوانرێت بە هۆی ئەو تایبەتمەنیانەیانەوە بە کرداری جێگیر ئەژمار بکرێن. تایبەتمەندیەکانیشیان بریتین لە:

ا- نمونەکان خاوەن تایبەتمەندی هەڵچنراو/ئاخنراون. بۆنمونە ئەگەر وایدابنێین کە گۆران لە ساڵی 1985 تا ساڵی 1995 ئازادی خۆشویستووە، وە لە ساڵی 1995 تا ساڵی 2005 هەر ئازادی خۆشویستووە، کەواتە گۆران لە ساڵی 1985 تا ساڵی 2005 ئازادی خۆشویستووە، بەمە دەوترێت تایبەتمەندی هەڵچنین/ئاخنین.

ب- نموونەکان تایبەتمەندی گشتاندنیان تیدایە، بەو واتایەی ئەگەر نموونەیەك لە کاتێکی دیاریکراودا سیفەتی ڕاستیبوونی تێدا بێت، واتە لە هەر چرکەیەکی ئەو کاتەدا خاوەن سیفەتی ڕاستەقینەیە، لەم جۆرە کردارانەدا بەشێکی کردارەکە گوزارشت لە سەرجەم کردارەکە دەکات.

پ- ئەم نمونانە جێگیرن، چونکە گۆڕان و قۆناغبەندیهان تێدا نییە لەم حاڵەتدا، واتە پلەبەند نین:

- * گۆران پلە پلە ئازادی خۆشدەوێت.

ت- زۆربەی نمونەکان ناتوانن سیفەتی بەردەوامی لە خۆ بگرن.

- * گۆران لە کاتی باوەڕپێبووندایە.

ج- نموونەکان ناتوان لە شێوەی فۆرمی داخوازیدا بن.

- *دەبێت باوەڕت هەبێت.

ح- نموونەکان هەڵگری سیفەتی دێرینەیەن، کە نیشاندەری بەردەوامیانە.

- گۆران سالأنێکە ئازادی خۆشدەوێت.

خ- نموونەکان لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارانەدا بەکار نایەن کە کاردانەوە پیشاندەدەن.

- *گۆران بەقەستی توڕەیە.

ر- ئەم نموونانە لەگەڵ ئاوەڵکرداری کاتی (ماوە) بەکار دێن، کە نەبوونی کۆتایبوونیان پیشاندەدات.

- گۆران ماوەی دوو ڕۆژە توڕەیە.

بە سەرنجدان لە تایبەتمەندیی نموونەکان دەتوانین، هەموو نموونەکان لە پۆلێنی کرداری جێگیردا دابنێین، بەڵام بە سەرنجدانێکی وردتر و بە لە بەرچاوگرتنی مۆدێلە پێشنیازکراوەکەی (کرافت)، دەتوانین لە کردارە جێگیرەکاندا جیاوازی بەدیبکەین، بۆیە کرافت بۆ سێ جۆر دابەشیان دەکات:

1- کرداری جێگیری کاتی transitory states: ئەم جۆرە هەڵگری حاڵەتێکی کاتین، هەلومەجی گۆڕانیان لە داهاتوودا هەیە. بۆنمونە حاڵەتی (توڕەبوون)، (کرانەوەی دەرگا)، دەتوانێت کاتی بێت

2- کرداری جێگیری بەدەستهاتوو permanent acquired states: ئەم جۆرەی کردار دوای ئەوەی حاڵەتەکە/بارودۆخەکەی بەدەستهێنا، بە درێژایی تەمەنی حاڵەتەکە بەردەوام دەبێت. بۆنمونە کاتێك

دەوترێت، (شوشەکە شکاوە. یان ئۆتۆمۆبیلەکە کۆن بووە.)، ئەو کاتە ئەزموون و ئاوەزمان پێمان دەڵێت کە حاڵەتی شکاوی و حاڵەتی کۆنبوون بەردەوام دەبێت و هەلومەرجی گۆڕانی حاڵەتەکە، بوونی نییە.

ا- چڵی درەختەکە شکاوە.

ب- مامۆستا وەڵامی پرسیارەکە دەزانێت.

3- کرداری جێگیری کەسی states inherent permanent: لەم جۆرەی کرداری وەستاودا حاڵەتێك/شتێکی تایبەتی کەسی، لە کەسێکدا بوونی هەیە و تا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت، بە شێوەیەك خاڵی دەستپێکردنی حاڵەتەکە و خاڵی دروستبوونی کەسەکە یەکسانن. بۆنموونە کوردبوونی کەسێك، کوردستانی بوونی کەسێك، ئێرانیبوون، ئەڵمانی بوون، بوونی سیفەتی وشکی بیابان، شێداری ناوچەیەك، ئەمانە هەموو حاڵەتی جێگیری کەسین.

ا- ئەم ناوچەیە هەمیشە شێدارە.

ب- خوێندکارانی ئەم پۆلە، هەموویان کوردن.

خاڵی هاوبەشی هەر سێ جۆرەکانی کرداری جێگیر ئەوەیە، کە هیچ گۆڕانکارییەك لە دیوی ناوەوەی فۆرمەکاندا ڕوونادات. خاڵی جیاوەزییان لە جیاوازی کاتدایە، واتە هەر یەکێك لەو دەستانە، بە جۆرێکی جیاواز لە کاتێکی جیاوازدایە. جێگیرە کاتییەکان لە داهاتوودا لەوانەیە توشی گۆڕانکاری ببن. وەك تا کاتژمێرێکیتر لەوانەیە دەرگاکە بکرێتەوە. بەڵام کردارە جێگیرە کەسیەکان و کردارە جێگیرە بەدەستهاتووەکان هەرگیز دووچاری گریمانەی گۆڕانکاری نابنەوە، ئەگەر وەها گریمانەیەکیان بۆ دابنێین، ڕووبەڕووی گوزارەیەکی ناڕاست دەبینەوە، گریمانەی ڕاستیبوونیان لە داهاتودا نییە. بۆ نمونە ئەگەر گۆران خەڵکی کوردستان بێت، ناتوانین بڵێین:

- *تا ساڵی داهاتوو گۆران دەبێت بە ئەڵمانی.

لەوەدا دەتوانین جیاوازی کرداری جێگیری کەسی و جێگیری بەدەستهاتوو بکەین، ڕاستی و ناڕاستی گوزارەکان لە کاتە جیاوازەکاندا (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) بسەلمێنین. بۆنمونە ئەگەر کردارێکی جێگیری بەدەستهاتووی وەك ( کۆنبوون) لەبەرچاو بگرین، گریمان (ئەمسالْ ئۆتۆمۆبیلەکەی گۆران کۆنبووە)، دەتوانین بڵێین :

- بیست ساڵی پێشوو، ئۆتۆمۆبیلەکەی گۆران کۆن نەبوو.

بەلاّم جێگیرە کەسیەکان تا ئێستاش هەر مەرجی ڕاستی بوونیان تێدایە. بۆنمونە ئەگەر (گۆران کەسێکی کوردستانی بێت)، ناتوانین بڵێین:

- * گۆران ساڵی پێشوو خەڵکی کوردستان نەبوو. کەواتە تەنها کاتە، کە دەتوانێت جۆرەکانی کرداری جێگیر لە یەکتر جیا بکاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (زهرا چراغی:1392: 45-51)

### 4-2/3 ) کرداری جولاّو/داینامیکی

کردار بۆ پیشاندانی ڕووداوێکە، تالی (215:2000b )، ڕوداو بە بەشێك لەو واقعە لە قەڵەم دەدات، کە بە هۆی ئاوەزی مرۆڤەوە سنوربەندی دەکرێت، خاوەنی جۆرێك پێکهاتەی دەرونییە و هەڵگری چەمکێکە لە پلەیەکدا، هەر ڕووداوێك، لە ڕوداووێکی بنەڕەتی/ڕووداوێکی بە فۆرمکراو framing event، ڕووداوێکی هاوڕێ co- event، پێکدێت، هەردوو ڕووداوەکە وەك ڕووداوێکی سەربەخۆ بەچەمك دەکرێن. جاکندۆف (1983: 135) لە ( ندا ازکیا: 1391: 108) ڕوداو بە جۆرێك لە واقع لە قەڵەم دەدات، باوەریوایە ئەو واقعە لە هەندێك تایبەتمەندی تایبەتەوە بەدەستهاتووە و بەشێکە لەئەزموونەکانی پێشتر، چونکە لە پەیبردن بە هەر واقعێکی نوێ درك بە ئەزمونەکانی ناو وێنەی ئاوەزی مرۆڤ دەکرێت. (جاکندۆف) (1987)لە (ندا ازکیا:1391: 108) لە تیۆرەکەیدا بە ناوی (سێمانتیکی چەمکی)، یەکە واتاییەکانی ڕستە لەوانە چەمکی ڕووداو، لێکدەداتەوە، باوەڕیوایە واتای هەر ڕستەیەك بریتیە لە دروستە چەملكیەکەی؛ دروستە چەمکیەکەشی پێکهاتووە لە چەمکی وشە فەرهەنگیەکان، ئەم یەکانە ڕۆڵی تەواویان هەیە لە خستنە ڕووی پەیوەندیی واتایی ڕستەکە. یەکە واتاییەکان لای (جاکندۆف) بریتیین لە (**ڕوداو، حاڵەت، شتی مادی، ڕێڕەو، شوێن، تایبەتمەندی**). ڕووداو بە یەکەیەکی خاوەن جوڵە دادەنێت.

بۆنموونە کرداری (ڕۆشتن)بە جۆرێك لە ڕوداو دادەنێت کە (شتێکی مادی، ئاراستە) لە خۆ دەگرێت. بە بۆچوونی تالمی ڕوداوی جوڵاو بریتیە لە جوڵەی شتێکی بەرجەستە پەیوەست بە شوێنێکی نەگۆڕەوە. لای تالمی ڕووداو خاوەنی ئەم ڕەگەزانەیە:

ا- شتێك/ڕەگەزێکی بەرجەستە.

ب- زەمینەیەك، کە بۆ جێبەجێکردنی ڕەگەزە بەرجەستەکە گونجاوبێت.

پ- ئاراستە و جوڵە. بۆنمونە ( گۆران بە ئارامی رۆشت بۆ کۆتای قادرمەکان). (گۆران) ڕەگەزێکە، لە حاڵەتی جوڵەدایە، (قادرمەکان) زەمینەکەیە، (بۆ کۆتایی) ئاراستەکە پیشاندەدات. ( ڕۆشت) ڕوداوی سەرەکییە،(حاڵەت و جوڵە) ڕوداوی هاوڕێن. کەواتە (ڕۆشتن) کردارێکی جوڵاوە/داینامیکییە، حاڵەتێکە، جوڵە و ئاراستەی تێدایە.

تالمی(28:2000b) لە سەر بنەمای تێهەڵکێشکردنی چەمکەکان لە کردارەکاندا سێ جۆر تێهەڵکێش بۆهەموو زمانەکان دیاریدەکات، کە بە تێهەڵکێشی سێ پەلکی تالمی ناسراون، ئەوانیش بریتین لە:

1- حاڵەت + جوڵە

2- ئاراستە + جوڵە

3- ڕەگەزی بەرجەستە + جوڵە)

ئەم سێ جۆرە تێهەڵکێشە گشتین و لە هەموو زمانەکاندا بەرچاو دەکەوێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەتوانرێت جۆری دیکەی تێهەڵکێشکردن لە زمانەکاندا بە پێی تایبەتمەندی ئەو زمانە بوونی هەبێت.

**جۆرەکانی جوڵە:** ڕووداوە جوڵییەکان دوو جۆرن: بڕوانە (تالمی:35:2000b)

ا- جوڵەی گواستنەوە: لەم جۆرەدا جێگای ڕەگەزە بەرجەستەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت.وەك: ڕۆشتن، گەشتکردن، ڕاکردن.

ب- جوڵە لە خودی خۆیدا: لەم جۆرەدا لەگەڵ ئەوەی جوڵە هەیە، بەڵام ڕەگەزە بەرجەستەکە لە شوێنی یەکەمی خۆیدا ناجوڵێت. وەك: (باڵڕاوەشاندن، زلەلێدان، بۆکسوەشاندن، چەمانەوە..)

بۆ کردارە لێکدراوەکان (جانلری) لە(ندا ازکیا:1391: 155)ەوە، باوەڕی وایە هەر کاتێك لە پێکهاتەیەکی نسادەدا دوو وشە پێکەوە هاتن، ئەو دوو وشەیە، دوو واتای جیاوازیان لە ئاوەزدا هەبێت؛ دوو وشەکە واتای بنەڕەتیی خۆیان لە پێکهاتەکەدا پاراستبێت و واتاکانیان تێکەڵ نەبووبێت، ئەو کاتە ناتوانین بەو پێکهاتەیە بڵێین کرداری لێکدراو، ئەو کات پێویستە قسە لەسەر دوو بەشی جیاواز بکەین لە پێکهاتە لێکدراوەکەدا.

کردارە لێکدراوە جولاّوەکان، لە سەر بنەمای بە سەنتەربوونی واتا دوو جۆرن :

ا- کرداری لێکدراوی بە لێکسیکبوو/فەرهەنگی: لەم جۆرەدا، واتای بەشەکانی کردارە لێکدراوەکە لەیەکتر تێهەڵکێشدەبن و دوای لێکدانیان، شوناسێکی واتایی وەردەگرن، بە شێوەیەك ناتوانین فۆرمە لێکدراوەکە لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەمانەش، وەك کردارە سادەکان بوونەتە یەکەی فەرهەنگی، هەموو کردارەکە دەبێتە سەنتەر بۆ بەرهەمهێنانی واتاکە. ئەمانە دەتوانن چەند جۆرێکی چەمکەکان لە خۆیاندا تێهەڵکێش بکەن:

| چەمك | کردار |
|---|---|
| حاڵەت + جوڵە | سوڕان<br>دەورلێدان |
| ئاراستە + جوڵە | هاتن<br>کردنە دەرەوە |
| ڕەگەزی بەرجەستە + جوڵە | بارین<br>ئوتوکردن |

ب- کرداری سادەی جوڵەیی بەشی ناکردار/مانگ سەنتەر: لەم جۆرەدا، هێزی واتا دەخرێتە سەر بەشە ناکردارییەکەی کردارە (لێکدراو)ەکە؛ مەبەست لە بەشی ناکرداری ئەو بەشەی کردارەکەیە، کە وەك مۆرفیمێکی ئازاد (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...) لەگەڵ کردارەکەدا دێن، ئەو بەشەی کە کردارە و ئەو بەشەی کە کردار نییە، پەیوەندییەکی سینتاکسی پێکەوەیان دەبەستێت. بەشە ناکردارییەکە ڕۆڵی ڕێزمانیی خۆی لەدەستداوە و پەیوەست بووە بە کردارەکەوە، بەڵام ڕەگەزەکانی لێکدراوەکە (کردار، ناکردار) واتای بنەڕەتی خۆیان پاراستووە. بۆنمونە کرداری ( بەرزفڕین) چەمکی ئاراستە پیشاندەدات، واتای (بەرز، فڕین) واتای بنەڕەتیی وشەکان خۆیانن. (بەزەویدادان) چەمکی زەمینەی تێدایە، ( زەوی، دان) واتای بنەڕەتی خۆیانیان پاراستووە. لە (ئاوڕشێنکردن) دا چەمکی واتای ڕەگەزی بەرجەستە دەبینین ( ئاو، ڕشتن>ڕژاندن) بە واتای بنەڕەتی خۆیان بەکار هاتوون. ئەم جۆرە تەنها لە کردارە سادە لێکدراوەکاندا دەبینرێت، بە بەراورد بە کردارە فەرهەنگییەکان ژمارەیان کەمترە لە زمانی کوردیدا.

## 3/3 ) ڕەگەزەکانی چەمکی تێهەڵکێشکردن

لە کردارە جوڵاوەکاندا ئەم ڕەگەزە واتاییانە دەبینرێت:

1-4/3) ڕەگەزی مادی/بەرجەستە: شتێك، کە مادییە و جێبەجێپێدەکرێت.

2-4/3) زەمینە: شوێن/بوونێك، یان هەر شتێك، کەئاراستەی جوڵەی ڕەگەزە مادییەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

3-4/3) ئاراستە: ڕێڕەوی جوڵەی ڕەگەزە بەرجەستەکەیە .

4-4/3) حاڵەت: شێوازی ئەنجامدانی جوڵەیە.

5-4/3) هۆکار: سەرچاوەی جوڵەکەیە . دەتوانرێت ئەم ڕگەزە واتاییانە تێهەلکێشبکرێن بە پێی گونجاندن.

لێرەدا هەوڵدەدەین، هێڵی گشتیی هەرسێ تێهەڵکێشە سەرەکیەکە (تێهەڵکێشی سی پەلکی تالمی) لە زمانی کوردیدا ڕاڤەبکەین، بەپێی تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردی هەندێکی دیکە لە تێهەڵکێشی ڕەگەزی

چەمکی پێشنیازبکەین و لە زمانی کوردیدا نموونەیان بۆ بهێنینەوە ، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، لە ئایا کرداری کوردی لەگەڵ بنەمای وێنەی ئاوەزی جۆری جوڵە لە سێمانتیکی درکپێکردندا، کە یەکێکە لە بنچینەکانی زمانەوانیی درکپێکردن پەیکاڵ دەبێت؟ کەواتە جگە لە وەی، هەرسێ جۆرەکەی تێهەڵکێش بەکەەستەی زمانی کوردی( کرمانجی خواروو) ڕاڤە دەکەین، بە پێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی پێشنیازی ئەم جۆرانەی دیکە لە تێهەڵکێش دەکەین.

- جوڵە
- جوڵە + حاڵەت
- جوڵە + ئاراستە
- جوڵە + ڕگەزی بەرجەستە
- جوڵە + هۆکار
- جوڵە + زەمینە
- جوڵە + ئاراستە + هۆکار
- جوڵە + حاڵەت+ هۆکار
- جوڵە + ئاراستە+ زەمینە
- جوڵە + ئاراستە+ زەمینە + هۆکار
- جوڵە + ڕگەزی بەرجەستە+ حاڵەت
- جوڵە + ڕەگەزی بەرجەستە+ حاڵەت
- جوڵە + ئاراستە+ حاڵەت
- جوڵە + ئاراستە+ زەمینە + هۆکار + زەمینە
- جوڵە + حاڵەت + ڕەگەزی بەرجەستە+ هۆکار

### 4/3 ) تێهەڵکێشەکان بە پێی تیۆری سێپەلکی تالمی:

سێ جۆرە سەرەرکییەکەی تێهەڵکێشی ڕەگەزە واتاییەکان لای تالمی بریتیین لە :

**3/-4-1) تێهەڵکێشی جوڵە + حاڵەت:**

جۆرێکی زۆر چالاکی زۆرینەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانە، کە کوردی یەکێکە لەو زمانانە. لەمجۆرەدا، کرداری جولاّو، حاڵەتی ئەنجامدانی کردارەکە تێهەڵکێشی خۆی دەکات، دوو جۆرە :

ا- جوڵە لە خودی خۆیدا:

ا/1- جوڵەی لەش: نمونەی ئەم ج ۆرە جوڵەیە، لە لەشدا ئەنجامدەدرێت و هەردوو ڕەگەزی چەمکی(جوڵە و حاڵەت) ی تێدایە. ( کەوتن، وەستان، ڕاوەستان، بەرزبوونەوە، هەستانەوە، پانبوونەوە، سەردانەواندن، لەسەرئەژنۆکەوتن- وەك ڕێزگرتن، وەك زەلیلی پیشاندان- ڕووەرگێڕان، خۆهەڵقورتاندن، ڕوتێکردن، چەنەدان، چەپۆکلێدان، لاکردنەوە، نوشتانەوە، خەوتن، درێژبوون، درێژڕاکشان، درێژبوون، سوجدەبردن، سەرەوژێربوون، چەمانەوە، کەللەییبوون، کەلەلێدان، گردبوونەوە، مەسحکردن، شەپۆلدان، دانشتن، سەرەوخواربوون، دەستنوێژگرتن، خۆبادان، نوشتانەوە، پێچکردنەوە.

ا/2- جوڵە لە خودی خۆیدا بە شێوەی بازنەیی: پێچلێدان، پێچخواردن، پێچان، دەورلێدان، سوڕانەوە، سوڕخواردن، سەربادان، سەرسوڕاندن، سەرپێچدان.

ا/3- وەرزشی: خۆڕێککردن، خۆهەڵگێڕانەوە، مەلەکردن، خۆپێچدان.

ا/4- سەما: کەمەربادان.

ا/5- جوڵەی بەردەوام: تەکانخواردن، جێبەجێکردن، جولاّن، جوڵەکردن، لەرزین، لەقەلێدان، لەقەخواردن، تەکاندان.

ب- گۆڕانی حاڵەتی ئەندامەکان:

ب/1- جوڵە و حاڵەت لە ئەندامەکانی لەشدا: شەقتێهەڵدان، ئاماژەکردن، شەقوەشاندن، شاخلێدان، جوتەلێدان، جوتەهەڵدان، چاوداگرتن، چەنەلێدان، تێکوتان، زلەلێدان، شوتکردن، شوتوەشاندن، شوتلێدان،

کوتەکلێدان، چاوهەڵتەکاندن، لەقەلێدان، لەقەوەشاندن، شەقکاریکردن، نازکردن، دەستبەسەرداهێنان، قنچکەلۆدن.

ب/2- سەما: پلتەقاندن – جۆرێکی جوڵەی سەری پەنجەکانە لەکاتی خۆشی دەربڕیندا.

یەکێك لە جۆرەکانی وێنەی ئاوەزی، وێنەی ئاوەزی جوڵەیە، (بڕوانە بەشی دووەم ) سەرجەمی نمونەکانی سەرەوە ئاماژە بە جۆرێکی جوڵە دەدەن، لەپاڵ بینینی جوڵەکە، یان ناوهێنانی فۆرمەکەی، واتایەك لە ئاوەزماندا گوزەردەکات، واتاکە بەپێی ئەو ئەزموون و زانیاریانەیە کە لە ئاوەزماندا دەربارەی ناوبراوەکە هەڵگیراون. لە فۆرمێکی، وەك (سەرجولاَندن )دا واتاکە پەیوەندی بە جۆری جوڵەکەوە هەیە تا حاڵەتەکە پیشانبدات. جوڵەی (سەر) بۆلاکان بە واتای دەربڕینی سەرسوڕمانە، بۆسەرەوە نەرێنیە و بۆ ڕازینەبوونە، بۆخوارەوە بۆ ڕازیبوونە. کوردزمانێك کە فۆرمی (سەرڕاوەشاندن) دەبینێت/دەبیستێت جیایدەکاتەوە لە فۆرمی(سەرلەقاندن)، یەکەم بە واتای ڕازینەبوون، یان سەرسوڕمانە، دووەم بە واتای ڕازیبوونە. هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە حاڵەتێك پیشاندەدەن، کە مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە پەی بە واتایەك دەبات، ئەو فۆرمانە ڕێگایەکن بۆ گەیشتن بە پەیکەرە زانستییەکەی ناو ئاوەزی مرۆڤ، لەناو ئەو پەیکەرەدا درك بە واتای فۆرمێکی وەك ( ئەژنۆدادان) دەکرێت ، کە بە واتای جوڵەیەکی ئاسایی ئەندامێکی لەشی مرۆڤە، یان جوڵەیەکی وەرزشیە، یان بە واتای ڕێزگرتنە، یان بە واتای زەلیلبوونە لە بەردەم ستەمکارێکدا. ( ئەژنۆ )ناوی ئەندامێکی لەشە و لە دەربڕینی (ئەژنۆدادان)دا، واتای ناوەکە تێکەڵی واتای سەرجەم دەربڕینەکە بووە، کەواتە بەم پێیە:

- دەکرێت بە هۆی تێهەڵکێشبوونی چەمکەکان لە دەربڕاوەکاندا، کردارێك لە دوو وەچە پۆلێن یان زیاتردا دووبارە ببێتەوە. بۆنمونە (شانلێدان) هەم ئاماژەی جوڵەی تێدایە، هەم حاڵەتێکە، هەم ڕەگەزی بەرجەستەی تێدایە، کە بریتیە لە (شان).
- جوڵە، یان گواستنەوەیە، یان لە خودی خۆیدایە، ئەو نموونانەی کە تێهەڵکێشی حاڵەت و جوڵەن لە جەستەی مرۆڤدا، ئاماژە بە جۆری جوڵە دەکەن لە خودی خۆیاندا، چونکە کاتتێك ئەندامێکی لەشی مرۆڤ دەجوڵێت مەرج نییە جەستەی بگوازێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر.

➤ له هەندێك لەو كردارانەدا، تەنها ڕەگەزی كردارەكە دەگۆڕێت، وەك( پێچخواردن، پێچكردنەوە، پێچلێدان)، لەگەڵ ئەوەشدا واتای نوێ بەرهەمدێت.

- ئەژنۆم پێچیخوارد.
- ئەوەندەی پێچلێدا، تا خەوی لێكەوت.

➤ هەندێك لەو كردارانە، چركەساتیبوون، بوەتە بەشێك لە واتای فەرهەنگیان. وەك (لەقەلێدان)، پلەی چركەساتیبوونەكەش بەپێی دەربڕینەكە دەگۆڕێت. (لێدان) هەمبەر بە (كردن) چركەساتیترە،(كردن) هەمبەر بە (كێشان)، (كردن) زیاتر چركە ساتیترە. بەراوردی بكە لە (ئوتولێدان، ئوتوپیاهێنان، ئوتوكردن)دا. یەكەم لە دووەم و دووەم لە سێیەم چركەساتیترە. ( لەقەوەشاندن) چركەساتیترە لە (لەقەلێدان)، ئەم تایبەتمەندیانە (حاڵەت، جوڵە، كات ...)، پێویستە لەو دەربڕینانەدا بەلێكسیكبرین؛ بەو تایبەتمەندییانەوە لە فەهەنگدا تۆمار بكرێن.

➤ جۆرێكی تێهەڵكێش بریتییە لە تێهەڵكێشكردنی دووجۆرەكەی جوڵە خۆی (گواستنەوە+جوڵە لەخودی خۆیدا)، چونكە جوڵەیەكی دیاریكراو/سنوردار لە دەربڕنەكەدا هەیە:

گواستنەوە + جوڵە لە خودیخۆیدا

**ا- پەیوەندی نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینە:**

ا/1- پێكەوەهاتنی جوڵەكان لە هەمانكاتدا: مامەڵەكردن، خواردن، لێدان.

ا/2- پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینەدا: پیاسوین، كوتان،ماڵین، ماڵەلێدان، مەساجكردن.

ا/3- پەیوەندی چركەیی لە نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینەدا: وەك خلیسكان.

ب- جوڵەی بنەڕەتی:

ب/1- پەڕینەوە : هەڵفڕین، بازبازێنكردن، بازدان، هەڵبەزودابەزكردن، فڕین، جرتوفرتكردن، هەڵبەزین، دابەزین، تەقلەلێدان، سەرەمەوقولاتدان، باڵگرتنەوە.

ج - جوڵەی لەش/شت

ج/1- سەما: سەماكردن.

ج/2- وەرزشی: زۆرانگرتن، پشتبەزەویدادان، خۆگەرمکردن، بۆدواوەڕۆشتن، وەرزشکردن، سەرمەوقولاتدان، تەقلەلێدان.

ج/3- جوڵە بۆ پێشەوە، بۆدواوە، بۆهەردوولا : بەلاداکەوتن، کۆبونەوە، بەپشتاکەوتن.

ج/4- جوڵەی بازنەیی: پێچخواردن، بەیکداهاتن، گلبونەوە، خلبونەوە، تلبونەوە، تلانەوە، جۆلانەکردن.

د- جوڵەی لە ناکاو/ترس: خۆلادان، ڕماندن، سڵکردن، سڵەمینەوە.

هـ- جوڵەی ناهاوسەنگ: لارەلارکردن، لەتربردن، لەتردان، دارەدارکردن، دارەدارڕۆشتن، تلاوتلچوون، شەلین، لەنگین، لەقین، لەقەلێدان.

لەنموونەکانەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە، کەجوڵە لە جۆری (جوڵە لە خودی خۆیدا) بەرەو فراوانبوون دەچێت، لەنموونەکانی (ا)دا جوڵە کەمترە، تابەرەو نموونەکانی(هـ) بێینە خوارەوە جوڵەکە زیاتر دەبێت.

- نموونەکانی گروپی(ا) ئاماژە بۆ حاڵەتی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینە دەکەن ، ڕەگەزی بەرجەستە کەرەستە جوڵاوەکەیە، زەمینە، شوێنی ڕودانی جوڵەکەیە؛ زەمینەکە دەتوانێت سەکۆی جوڵەی جۆری گواستنەوەبێت، یان جۆری جوڵە لە خودی خۆیدا، ئەم پەیوەندییە دەتوانێت هاوکات ئەنجامی جوڵەکە لە دوو ڕەگەزی بەرجەستەدا، بەرەویەکتر ئاراستەبکات. ( خواردن، مامەڵەکردن، پێکدادان) یان لەسەر بنەمای چرکەیی (خزین)، یان بەردەوام (ماڵین) لە پەیوەندیدابن.

- گروپی (ب) گوزارشت لە جوڵە سەرەکییەکانی لەش دەکەن، ئەمانە وێڕای ئەوەی، کە جوڵەن، (فڕین) ئاماژە بە حاڵەتێك دەکەن.

- گروپی (ج)، ئاماژە بە جوڵەی لەش/شت دەکەن، جوڵەی لەش وەك جوڵەی سەماکردن (خۆبادان، ڕەقسکردن) جوڵە وەرزشییەکان (زۆرانگرتن)، جوڵەی ئاراستەدار (بۆدواوەڕۆشتن)، جوڵەی سوڕانەوە (پێچخواردن)، لە خۆدەگرێت. لەجۆری جوڵەی سەماکردندا جۆرێك لە هاوواتایی بەدیدەکرێت (پللێدان، پلتەقاندن، سەماکردن)، لە دروستەی چەمکییەکەیاندا، جوڵەیەکن بۆ دەربڕینی خۆشی. هەندێك کرداری گروپی وەرزشی دەتوانێت لە گروپی جوڵەی بازنەییدا ببنە ئەندام. بۆ نموونە : ( تەقلەلێدان، سەرمەوقولاتدان) جوڵەیەکی وەرزشین لە شێوەی بازنەدا.

➤ گرووپی (د) ئاماژە بە جوڵەی لە ناکاو و کتوپڕ دەکەن، دەربڕینەکانی، وەك (خۆلادان) لەو جۆرە جوڵەیەن.

➤ لە گرووپی (هـ) دا جوڵەی ناهاوسەنگ بەرچاودەکەوێت، ئەم کردارانە توانای جوڵەیان هەیە هەم لە جۆری گواستنەوە، هەم لە جۆری جوڵە لە خودی خۆیدا (لارەلارکردن، تلاوتلکردن، تەپاوتلکردن) لەو جۆرەن.

کەواتە دەتوانین حاڵەتی جوڵە لە شێوەی گواستنەوەدا لە کردارەکاندا درکپێبکەین، لەوشێوازانەی سەرەوەدا، جێگەی ڕەگەزی بەرجەستە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە . تالی(2000b) باوەڕی وایە ئەو ئامێر و هۆکاری گواستنەوانە، کە جوڵە بەشتێك دەکەن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیترلە پۆلێنی (حاڵەت و جوڵە)دا، جێگە دەگرن. بۆ نموونە فررز(2006: 361،315)دەربڕینی، وەك (drive- لێخوڕین) ، ( ske- خلیسکێن) بە خاوەنی حاڵەت دەزانێت، وەك بەشێك لە حاڵەتی ئامێر و کەلوپەل تەماشایاندەکات .

## جوڵەی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا

دەتوانین لە کردارەکانی زمانی کوردیدا جوڵەی جۆری گواستنەوە، بەمشێوەیە دابڕێژین:

ا- جوڵە بنەڕەتییەکانی لەش

ا/1- ڕۆشتن بە پێ : پیاسەکردن، بەپێڕۆشتن، ڕێڕۆشتن، بەڕێگاداڕۆشتن.

ا/1-1- وەرزشی : پیادەڕەویکردن، هەرولەکردن.

ا/1-2- سیاسی: خۆپیشاندان

ا/1-3- جۆرەکانی دیکەی بە ڕێگاداڕۆشتن:

ا/2- ڕاکردن: بەپەلەڕۆشتن، پەلەکردن، ڕاکردن.

ا/3- خزین: خزان.

ا/4- جوڵە لە ئاودا: مەلەکردن - جۆرەکانی مەلە (ژێرەمەلەکردن...).

ا/5- جوڵە لە هەوادا: فڕین، هەڵفڕین، باڵەفڕکردن..

ب- جوڵەی بێ ئامانج و نمایشی: خولانەوە، خولخواردن، تەڕاتێنکردن، گەردشکردن، وێڵگەڕیکردن، گەڕان، گەشتلێدان، فەڕەلێدان..)

ج- جوڵەی چەمکداری بازنەیی

ج/1- جوڵەی خۆشی: باڵبادان، سوڕانەوە، خولانەوە، چەرخان، سوڕان، چەرخین، پێچدان، گەشتکردن

ج/2- جوڵەی ئامانجدار: تەوافکردن، گەردشکردن، دەوردان.

ج/3- گۆڕینی ئاراستە: گەڕانەوە، گەڕان، پێچانەوە، پێچان، سوڕانەوە، سوڕان، کۆکردنەوە

ج/4- سوڕانەوە: تلانەوە، خلبوونەوە، گلبوونەوە، گلانەوە، تلبوونەوە، تەوافکردن.

ج/5- جوڵە لە قەرەباڵغیدا: لولخواردن، بەلاڕۆشتن، خولخواردن..

د- پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینە

د/1- پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینەدا: کێشان، خزان، خلیسکان، ماڵین، سەرخوراندن..

د/2- جوڵەی نهێنی: خزین، خزان..

هـ- جوڵە بە هۆکاری گواستنەوە/ئالەت و ئامێر

هـ/1- ئامێری جوڵە بەبێ ناوهێنانی ئامێرەکە لە فۆرمدا: سوارکردن، سواربوون، لێخوڕین، شۆفێریکردن، جوتکردن ..

هـ/1- ئامێری جوڵە بە ناوهێنانی ئامێرەکە لە فۆرمدا: ماتۆڕلێخوڕین، سەیارەلێخوڕین، سەیارە پاڵنان، ئسکێیکردن..

و- ڕێژەی خێرایی لە جوڵەدا

و/1- جوڵەی خێرا : خێراکردن، خێراوەرگرتن، خێرا ڕۆشتن، ڕاکردن، دەورلێدان، تەوافکردن، هەرولەکردن..

و/2- جوڵەی هێواش : هێواشبوون، هێواشڕۆشتن، خاوکردنەوە، خاوبوونەوە.

دەربڕینەکانی سەرەوە، نموونەیەکن بۆ تێهەڵکێشی حاڵەت و جوڵە، جوڵەکەش لە جۆری جوڵە لە خودی خۆیدا، بەلاَم ڕێژەیەکی زۆری جوڵەکە، جوڵەی گواستنەوەیە.

➤ نموونەکانی (ا)، ئاماژە بۆ جوڵە سەرەکیەکانی لەش دەکەن، (ڕێڕۆشتن، ڕاکردن، خزان، مەلەکردن، فڕین). تێیاندا درك بە حاڵەتەکانی تێکەڵبوون دەکرێت، (خۆپیشاندان)، هەم جوڵەیە و هەم حاڵەتێکی سیاسی، (فڕین)، هەم مرۆڤ دەگرێتەوە و هەم باڵندەش؛ واتە لە نێوان مرۆڤ و باڵندەدا هاوبەشە. ئوسلبین (1997: 459) لە (سەرچاوەی پێشوو) پێیوایە زمان خاوەن وشەی دوولایەنە: لایەنی یەکەم گشتییە و چەمکێکی گشتی لە خۆدەگرێت. لایەنی دووەم چەمکێکی تایبەتی ڕووندەکاتەوە. بۆ نمونە (پیادەڕەویکردن) لایەنی یەکەمی جوڵەی لەشە و چەمکی وەرزشکردنیشی وەك لایەنی دووەم لە خۆیدا هەڵگرتووە؛ لە بنەڕەتدا بۆ جوڵەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت چەمکی وەرزشکردنی پێدەرببڕدرێت، بەڵام هەرگیز بە تەنها بۆ وەرزشکردن نییە، چونکە پیادەڕەویکردن یەکەم جوڵەی پێویستی مرۆڤە، (ڕاکردن) پلەی دووەمی جوڵەیە، (خزین) پلەی سێیەمی جوڵەیە و بەو شێوەیە...

➤ نمونەکانی (ب)، حاڵەتی جوڵەی بێ ئامانج و نمایشی پیشاندەدەن. (خولخواردن) لە دروستەی ئاوەزی کوردزمانانندا، ئاماژەی بەتاڵی و بێکاری و بێ بەرنامەیی لە خۆگرتووە.

- سەرلێشێوابوو نەیدەزانی چیبکات، لەتاوا بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە.
- بڕۆ بیخولێنەرەوە. ئەم دەربڕنە بۆ کەسێك بەکاردەهێنرێت، کەلە کارەکانیدا/قسەکانیدا هیچ ئامانجێك ناپێکێت، وەك لە جۆری جوڵە بێ ئامانجەکاندا پۆلێنمانکرد.
- بەتاڵ بەتاڵ دەسوڕێتەوە.

➤ نمونەکانی (ج)، کەجوڵەی گواستنەوە دەردەبڕن، چەمکی جوڵەی بازنەییان لە خۆ گرتووە. دەتوانین جوڵەی بازنەیی لە هەریەك لە جوڵەکانی گەشتوگوزار (پیاسە کردن) جوڵە بەئامانجەکان (پێچلێدان، پێچخواردن)، گۆرینی ئاراستە (دەورلێدان، فەڕەلێدان)، جوڵەی سورانەوە (تەوافکردن)، جوڵە لە قەرەباڵغیدا (خۆلولدان،لولخواردن) وەك جوڵەیەکی تایبەت لەواتای دووەمی ئەو کارانەدا بدۆزینەوە.جگە لە واتا گشتییەکەیان. لوین(1993: 263-270) و ڕاپاپورت (1992: 252-253)لە (ندا ازکیا:1391: 190) لە ژێر ناونیشانی کردارە ڕۆڵدارەکان ئەم جۆرانەی کرداریان بەشێوەی جیاواز پۆلێنکردووە، بڕوایان وایە ئەو کردارانەی ئەم پۆلێنە دەیانگرێتەوە، پێویستیان بە بەرکار نییە، حاڵەت و جوڵە، هۆکاری دەرەکی دەیانکات بە هێما.

➤ گرووپی کردارەکانی (د)، ئاماژە بۆ پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە بەرجەستەکان دەکەن. ڕوداوێکی جوڵەی (تلانەوە)، هەم جوڵەی جۆری بازنەیی تێدایە، هەم پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینەی تێدایە، واتە شێوازی تلبونەوەکە بە جۆرێك بازنەییە، کەسی تلبۆوە پەیوەستە بەو شوێنەی کەتێیدا تلدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ بوونی هاوبەشی لە نێوان گروپە پۆلێنکراوەکاندا، بە جۆرێك کە واتای خواستن لە پۆلێنکردنی حاڵەتەوە دەستدەکەوێت. بۆنموونە (جوڵەی نهێنی) لە کرداری (خزین، خزان)دا.

- ئەو بە هێواشی خزایە گۆشەیەکەوە و دیارنەما. ( خزین) لەو ڕستەیەدا پەیوەندی لە نێوان حاڵەتی(ئارامی، هێواشی، ڕگەزی بەرجەستە و زەمینە، جوڵەی نهێنی) دا دروستکردووە، بۆ هەندێك واتای دیکە خوازراوە.

➤ نمونەکانی (ه) بە بەکارهێنانی هۆکار و ئامێر جوڵاون، ئاماژە بۆ جۆری جوڵەی گواستنەوە دەکەن. (لوین)(1993) باوەڕی وایە، ئامێر و هۆکاری جوڵە بە دوو شێوە لە زماندا بەرجەستە دەبن:

ا- ناوهێنانی ئامێری جوڵەکە لە فۆرمی فۆنەتیکی دەربڕینەکەدا.

ب- ناونەهێنانی ئامێری جوڵەکە لە دەربڕنەکەدا.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین، حاڵەتەکانی ئامێر لە زمانی کوردیدا بە ناو هێنراو (ماتۆڕلێخوڕین) و ناو نەهێنراو (لێخوڕین) لە فۆرمی فۆنەتیکی دەربڕینەکاندا پۆلێنبکەین.

➤ گرووپی (و)، ڕێژەی خێرایی لە جوڵەدا پیشاندەدات، کە بۆ دوو جۆر پۆلێندەکرێت : جوڵەی هێواش (خاوکردنەوە) ، جوڵەی خێرا (تەوافکردن).

بە سەرنجدان لە نمونەکان، تێهەڵکێشی حاڵەت و جوڵە لە زمانی کوردیدا، خاوەن زۆرترین ڕێژەن، زۆربەی کردارە جوڵاوەکانی زمانی کوردی واتای (جوڵە)یان تێدایە؛ وەك تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی پێوەی شێلراوە، هەروەها زۆربەی کردارە نسادەکان (لێکدراو)، بەشە ناکردارییەکەی واتای خۆی پاراستووە، وەك بەشێك لە واتای فەرهەنگی هەموو دەربڕینەکە تەماشادەکرێت.

کرداره سادەکانی زمانی کوردی خاوەن تێهەڵکێشی (حاڵەت+جوڵە)ن، لە پلەی یەکەمی هەرەمی دەربڕینە بە فەرهەنگبووەکاندا دادەنرێن، ئەو دەربڕینە ناسادانەی کە کردارسەنتەرن؛ واتە بە واتای کردارەکەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، بە پلەی دووەم لەنزیك کرداره سادەکانەوە، لە پەیکەری بە فەرهەنگیبوونی کردارەکاندا دادەنرێن، ئەو کردارانەی کە بە شە ناکرداریەکەیان واتای خۆیان پاراستووە، بە پلەی سێیەم دێن، لە پەیکەری کرداره بە فەرهەنگبووەکاندا.

## 2-4/3) تێهەڵکێشی جوڵە و ئاراستە

جۆری دووەمی کرداری جوڵاو ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا، ڕەگی کردارەکە لە یەك کاتدا جوڵە و ئاراستە لەخۆ دەگرێت. دەتوانین ئەم حاڵەتە بە دوو شێواز پۆلێنبکەین:

ا- لەسەر بنەمای کەسەکان؛ قسەکەر لە شوێن/زەمینەی نەگۆڕدایە، ئەو کاتە جوڵەکە یان بە ئلراستەی قسەکەرە، یان دوورکەوتنەوەیە لە قسەکەر.

ب- پۆلکردن لەسەر بنەمای ئاراستەی جوڵەکە، وەك جوڵە بۆ پێشەوە، جوڵە بۆ دواوە. جوڵەکان دەتوانن پەیوەست بن بە ڕەگەزی بەرجەستە و زەمینەوە.

ا- ئاراستە لە سەر بنەمای کەسەکان/زەمینە

ا/1- بە ئاراستەی زەمینە : هاتن، گەڕانەوە، گەشتن، نزیکبونەوە...

ا/2- دورکەوتنەوە لە زەمینە : ناردنەدەرەوە، بەجێهێشتن، پاشەکشەکردن، گەڕانەوە، کشانەوە، دوورکەوتنەوە، دوورخستنەوە، بەڕێکردن، ڕۆشتن، مەودا وەرگرتن، ڕاکردن، بۆکشان، بەرکەناربوون، سەفەرکردن، وێڵکردن، لەڕێگەدەرچوون، لەڕێگەلادان، بەرەلاکردن...

ا/3- بەئاراستەی پێشەوە لە ڕوانگەی زەمینەوە، یان ڕەگەزێکی بەرجەستە: پێشڕەویکردن، پێشکەوتن، پێشخستن، پێشبڕکێکردن...

ا/4- بەئاراستەی دواوە، لەتەنیشت زەمینەدا : دواکەوتن، دواخستن، پاشەکشەکردن، کەنارخستن، کێشانەکەنار، بەگدانان...

➤ نموونەکانی گروپی (ا/1) ئاراستەی جوڵەیان بەرەو زەمینەیە، واتە بەرەو ئەو شوێنەیە کە قسەکەر قسەی تێدا دەکات، نموونەکانی (هاتن، گەڕانەوە) ئەم جوڵەیە پیشاندەدەن، لە لوتکەی پەیکەری فەرهەنگیدان. دەربڕینی وەك (گەڕانەوە، هاتنەوە) بەپلەی دووەم لە نزیك لوتکەی پەیکەرەکەدان. (نزیکبوونەوە) لەو جۆرەی کردارە کە (نزیك) واتای خۆی پاراستووە پلەی سێیەمی لە بە فەرهەنگیبووندا دەبێت.

➤ گروپی (ا/2)، ئاماژە بە ئاراستەی جوڵە لە زەمینەوە دەکەن. دەربڕینی وەك (ناردنەدەرەوە، بەجێهێشتن، تیاچوون..) ئەو جوڵەیە پیشاندەدەن. فۆرمە سادەکان (ڕۆشتن، جێهێشتن) لە لوتکەی فەرهەنگیبوندان، فۆرمە ناسادەکان بە هاوکاری (بوون)، لە (دووربوون، بەرکەناربوون...)، تا ڕادەیەك واتای بەشە ناکردارییەکە بووە بە سەنتەر و بەو واتایەوە بووەتە یەکەیەکی فەرهەنگی.

➤ لە گروپی (ا/3، ا/4) دا شێوازی جوڵەکە ئاسۆییە و بە ئاراستەی پێشەوە و دواوەوەیە. جیاوازی کرداری (پێشکەوتن) و (پێشخستن) لە هۆکاردایە؛ پێشکەوتن جوڵەیەکی ئاساییە، تێهەڵکێشی هۆکار نەبووە، بەلاَم (پێشخستن) چەمکی (هۆکار)ی تێهەڵکێش بووە (جوڵە+هۆکار)، جیاوازییەکی دیکەی ئەم دوو کردارە لە ڕێژەی کاتدایە، کرداری (پێشخستن) چرکەساتیترە، بە بەراورد بە (پێشکەوتن) کە کاتی خایاندی زیاترە.

➤ لە زمانی کوردیدا دەتوانین ئەو نمونانە بدۆزینەوە کە ئاراستەی جوڵەی( سەر، خوار) دیاریدەکەن، بۆیە دەتوانین دووجۆری دیکەی وەچە پۆلێنی جوڵە دەستنیشانبکەین:

ب- ئاراستەی جوڵە سەبارەت بە زەوی

ب/1- بە ئاراستەی سەرەوە : هەڵچوون، هەڵدان، چونەسەر، بەهەواچوون[22]

---

22 بەشێکی پێکهاتەی واتای ( بەهەواداچوون)، کە (هەوا) یە بە واتای (بەرزی/باڵا) دێت، بەم پێیە، حاڵەتی ( ئاراستە و جوڵە ) تێهەڵکێش بون، ئەگەر هەوا بۆ واتای بنەڕەتی خۆی بەکارهات وەك( هەواهەڵکردن) ئەو کات وشەی (هەوا) بە دوو واتای جیاواز لە دەربڕینەکاندا بووەتە کەرەستەیەکی فەرهەنگی.

ب/2- بە ئاراستەی خوارەوە : کەوتن، بارین، بارین[23] ، ڕشتن، ڕژاندن، نیشتنەوە، دانشتن، کەوتن، دانشتن، کەوتنەخوارەوە، وردکردن، بەربوونەوە، داکەوتن، بەردانەوە..

➤ یەکەم گروپ (ب/1)، ئاماژە بە جوڵە بۆ سەرەوە دەکات، نموونەی وەك (بەرزبوونەوە، بەهەواداچوون) وەك یەکەیەکی فەرهەنگی سەیر دەکرێن، واتە لەبەرئەوەی هەمان جوڵە و هەمان حاڵەتیان هەیە، کەواتە هەردوو فۆرمەکە خاوەنی یەك واتان. بەراوردی بکە بە (ڕۆشتنەسەرەوە، چوونەسەرەوە) ئەوانیش هاوئاراستە و هاوئاماژەن، بەڵام زەمینە دەتوانێت جیاوازی بخاتە نێوان (ڕۆشتنە سەرەوە، هاتنە سەرەوە).

1 بە قادرمەکاندا هاتە سەرەوە.

2 بە قادرمەکاندا ڕۆشتە سەرەوە.

زەمینە/شوێنی قسەکەر، لەو دوو ڕستەیەدا جیاوازە : لە (1)دا بکەر بە ئاراستەی نزیکبوونەوە لەقسەکەر دەڕوات، بەڵام لە (2)دا بکەر بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە لە قسەکەر دەڕوات.

---

[23] ( بارین) دوو جۆر تێهەڵکێشی تێدایە : ا- ئاراستە و جوڵە ، جوڵەکەش بۆ خوارەوەیە. ب- تێ هەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و جوڵە، دڵۆپی باران ڕەگەزی بەرجەستەیە و جوڵەکەش بۆ خوارەوەیە.




(نواندی ڕستەی یەکەم)




(نواندنی ڕستەی دووەم)

- لە گروپی (ب/2)دا ئاراستەی جوڵە بۆ خوارەوەیە، فۆرمە سادەکانی، وەك (کەوتن، بارین، ڕشتن..) لەم گروپەدا لە پلەی یەکەمی پەیکەری فەرهەنگیدان، ئەم یەکانە بۆیان هەیە، بۆ واتای دیکە بخوازرێن. کردارێکی وەك (بارین) لە فەرهەنگدا، بە ڕەگەزێکی بەرجەستە تۆمارکراوە؛ (باران) ڕەگەزە بەرجەستەکەیە، ئاراستەی جوڵەکەی بۆ خوارەوەیە، تکەتکەی بارانیش حاڵەتەکە پیشاندەدات، بەلاّم کە دەڵێین: (لە ئاسمانەوە ئاگر دەبارێت.)، ( ئاگر ) لەو ڕستەیەدا ڕەگەزە بەرجەستەکەیە، (بارین) کردارێکی جولاّوە، ئاراستە و جوڵە، تێیدا تێهەڵکێشی یەکتری بوون، ئاماژە بە ئاراستەی ڕەگەزی بەرجەستە دەکات لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

ئاراستەی جوڵە سەبارەت بە شوێنێکی تایبەت، لەو ئاراستانەی دیکەیە، کەبووەتە واتای فەرهەنگی بۆ هەندێك لە کردارەکانی زمانی کوردی، ئەمەش بە دوو جۆر دابەشدەکرێت:

ا- بە ئاراستەی دەرەوەی شوێنەکە : کردنەدەرەوە، دەرهاتن، چوونەدەرەوە ..

ب- بە ئاراستەی ناو شوێنەکە : هاتنەناوەوە، چوونەناوەوە، کردنەناوەوە ..

دەتوانین هەندێك کرداری فرە ئاراستە/چەند ئاراستە لە کردارەکانی زمانی کوردیدا ببینین؛ واتە لە یەك ڕوداوی جوڵەییدا، چەند ئاراستەیەك ببینین:

د- فره ئاراسته/چەند ئاراسته

د/1- فره ئاراسته : پژان، پژاندن، ڕشتن، ڕژاندن، ئاوڕشێنکردن، تۆووەشاندن، لێدان..

➤ نمونەکانی (لێدان، ڕشتن) لە یەکێك لە واتاکانی خۆیاندا چەمکی ئاراستەیان تێهەڵکێشی خۆیان کردووە، واتای فره ئاراستەکەشیان لە دەربڕینە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت.

- هەستە ئاو بپژێنە بە دەموچاوتدا.
- هەستە ئاو بدە بە دەموچاوتدا.
- هەستە ئاو بکە بە دەموچاوتدا.

گۆڕانی کردارەکە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئاراستەکە هەیە :

- دانم پژاند بۆ باڵندەکان.
- دانم ڕژاند بۆ باڵندەکان.

کۆتا گروپی تێهەڵکێشی ئاراستە و جوڵە، تێپەڕینە بەناو زەمینەدا، تالمی (54:2000b) فۆرمەکانی، وەك (pass تێدەپەڕێت، cross بڕین) لە زمانی ئنگلیزیدا لە پۆلێنی ئاراستەدا دادەنێت. (مورلیتو) لە (ندا ازکیا،1391: 196)، باوەڕی وایە ئەو کردارانەی لە خودی خۆیاندا خاوەن چەمکی ئاراستەیین، لەسەر بنەمای هێڵی ڕێڕەو trajectory پۆلێندەکرێن. یەکێك لەو وەچە پۆلێنانەی، کەبۆ ئاراستە دایدەنێت (ڕێڕەوی تێپەڕین trajectory of traverasal)ە، بۆ ئەو مەبەستە دەربڕینی ( تێپەڕین، بڕین)، بەنموونە دەهێنێتەوە. لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە جوڵەیە بەم شێوەیە:

هـ- تێپەڕین بەناو زەمینەدا : تێپەڕین، تێپەڕاندن، تێپەڕکردن، ڕەتبوون ..

➤ لە نمونەکانی (هـ)دا، (تێپەڕین) فەرهەنگیترینە، (تێپەڕکردن) کردار سەنتەری واتاکە نییە، چونکە (تێپەڕ<تێپەڕین) واتای خۆی پاراستووە. لە (ڕەتبوون) دا جۆری واتای تێپەڕین بە ناو زەمینەدا لاوازترە لە نموونەکانی دیکە. لەم جۆرەدا کردارە سادەکان بە بەراورد بە ناسادەکان پڕ واتا ترن بۆ بەکارهێنانیان لە واتای جوڵە بە ناو زەمینەدا بە بڕشتترن.

### 3-4/3) تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و جوڵە

لەم جۆرەی تێهەڵکێشدا، ڕەگی کردار هەوڵی ئەوە دەدات کە واتای ڕەگەزی بەرجەستە لە خۆیدا بتوێنێتەوە؛ بیکاتە بەشێك لە واتای فەرهەنگی خۆی. ڕەگەزی بەرجەستە لە زمانی کوردیدا بە دوو شێواز بەرچاو دەکەوێت:

ا- ڕەگەزی بەرجەستە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگیبوون و دەکەوێتە ژێر واتای حاڵەتەوە.

ب- ڕەگەزی بەرجەستە بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگیبوون. (تالمی) لە پۆلێنەکەی خۆی لە زماندا، خۆی لە ڕەچاوکردنی فەرهەنگی لادەدات؛ لەسەر ئەو بنەمایە، شیکاریەکانی بەردەست، بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی لە ناو فۆرمەکاندا تێهەڵکێش ئەنجامدەدات، هۆکارێکی دیکەی لەبەرچاونەگرتنی فەرهەنگیبوون لای تالمی ئەوەیە، کە واتا بە فەرهەنگبووەکان بەشێکی چەمکەکەن لە فۆرمەکەدا؛ واتە لەبەرچاونەگرتنی فەرهەنگ ئەو بوارەمان پێدەدات، لەپاڵ کردارەکەدا کۆمەڵێك کەرەستەی ناکرداری دابنێین و بیانگونجێنین بۆ واتاگەلی جۆرا و جۆر، بە مەرجێك لەگەڵ ئاوەزدا گونجاو بێت، ئەمەش زیاتر دەمکراوە و دەستکراوەمان دەکات بۆ بەکارهێنانی فۆرمی زیاتری زمانی لە جۆری کردار. ئەگەر ڕەچاوی واتای فەرهەنگی بکەین ئەوا زیاتر کۆت و پێوەند بۆ خۆمان دادەنێین.

لە زمانی کوردیدا پێشبینی فۆرمی کرداری لەو شێوەیە دەکرێت:

ا- ڕەگەزی بەرجەستە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی بوون : ئوتولێدان، ئوتوپێداهێنان، ئوتوکردن، باڵەفڕێکردن، باڵبادان، بالگرتنەوە، گسکلێدان، گسککردن، گسکپیاهێنان، شانەکردن، شانەلێدان، شانە پیاهێنان، بانگردێن لێدان، لفکە لێدان، لفکە پیێداهێنان، لفکەدروستکردن..

- لە نمونەکانی (ا)دا، بە فەرهەنگیبوون لە بەشی کرداردا بەرجەستە دەبێت. (لێدان) لە نمونەکاندا ئاماژەی چرکە ساتییە، (پیاهێنان) کەمتر چرکە ساتییە، (کردن) حاڵەتی ئاساییە.

- (لەدایکبوونی نوێ، یاسامەندی) دوو تایبەتمەندیی نموونەکانی (ا)ن، کە هەم وشەی نوێ بۆ واتای نوێ لەدایکبووە، هەم لەگەڵ یاسای دروستبوونی کرداری ناسادەدا هیچ کێشەیەکی نییە. بەکارهێنانی بەشی ناکرداری، لەگەڵ (لێدان، پیێداهێنان) بووەتە هۆی ئەوەی کە کردارەکان جگە لە واتای خۆیان، واتایەکی لاوەکیش ببەخشن، وەك ئاماژەمان پێدا دەربڕینی (ئوتولێدان) چرکەساتیترە لە

(ئوتوپێداهێنان)، واتە کاتی زیاتری پێویستە. ئوتوکردن واتای ئاساییە. کەواتە لە پاڵ (ئوتوکردن)دا دوو واتای دیکەمان دەستدەکەوێت، کە دەتوانین لە ڕستەکاندا بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریان بهێنین.

- خێرا ئوتویەك بدە لەو کراسە. > چرکە ساتی
- هەروا ئوتویەك بهێنە بەو کراسەدا. > کەمتر چرکە ساتییە، بەگرنگی وەرنەگرتن.
- ئەو کراسەم بۆ ئوتوبکە. > حاڵەتی ئاسایی ئوتوکردن.

➤ واتای فەرهەنگی لە واتای سەرجەمی دەربڕینەکە پێکدێت ، چونکە بەشی ناکرداریی دەربڕینەکە واتای خۆی پاراستووە، ئەو دوو تایبەتمەندییە (لەدایکبوونی نوێ و یاسامەندی)، وا دەکەن بە تێپەڕبوونی کات ئەو جۆرە کردارانە ببنە یەکەیەکی فەرهەنگی.

➤ جۆری جوڵەی زۆربەی کردارەکانی (ا)، سنورێکی دیاریکراویان هەیە، بۆیە دەتوانین لە جۆری جوڵەی (جوڵە لە خودی خۆیدا) دایانبنێین.

ب- ڕەگەزی بەرجەستە بە لەبەرچاونەگرتنی فەرهەنگیبوون : پارو کردن، پارو لێدان، پێلێدان، پەڕوباڵ گرتنەوە، پل لێدان، پل تەقاندن، تف کردن، شان لێدان، تیر لێدان، دەست لێدان، دەستیدەستی پێکردن، دەستوپێ سپیبوون، سەر لێدان، شان لێدان، چەپڵە لێدان، دەموچاو هەڵگرتن، ملدرێژ کردن، لارولەوێر بوون، بۆیاخ کردن، شاوڵ لێدان، قورسایی بەرزکردنەوە، فیکە لێدان...

➤ لە سەرجەم نموونەکانی (ب)دا، ڕەگەزی بەرجەستە تێکەڵی جوڵە بووە و ئاماژە بە ڕووداوێکی جوڵەیی دەکەن، ئەم نموونانەش، وەك نمونەکانی(ا)، بەشی ناکرداری واتای خۆی وننەکردووە، کە ئەمەش خۆی بەڵگەیە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بە فەرهەنگیبوون لەم کردارانەدا، چونکە کردارەکان نەبوونەتە سەنتەری تەواوی واتای دەربڕاوەکە، جوڵەکەشیان لە جۆری جوڵەیە لە خودی خۆیدا.

➤ تەواوی ئەو نموونانەی، کە تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و حاڵەت پیشاندەدەن، ناسادەن؛ واتە هیچ یەکێك لەو نمونانە ناتوانن لە بەشی سەرەوەی پەیکەری بە فەرهەنگبووندا شوێن بگرن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کرداری سادە ناتوانێت ئەم جۆرە واتایە – تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و حاڵەت – لە خۆیدا هەڵبگرێت، تەنها کرداره سادەکانیش دەتوانن پلەی یەکەم و سەرەوەی پەیکەری بە فەرهەنگبوون بگرن، کەواتە بەفەرهەنگبوون لەم جۆرەدا لە ئاستێکی لاوازدایە.

نموونەکانی زمانی کوردی، پەیکاڵی تیۆرە سێ پەلکیەکەی تالمی (حاڵەت+جوڵە)، (ئاراستە+جوڵە)، (ڕەگەزی بەرجەستە+جوڵە) دەبن و هەر سێ جۆرەکە لە دەربڕینەکانی زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون. بە پێی نموونەکان جۆری یەکەم (حاڵەت+جوڵە) لە هەردوو جۆرەکەی دیکە لە زمانی لۆردیدا زیاترە، هەروەها ئەم جۆرە زیاتر فەرهەنگین و لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، زۆرترین کرداری سادە لەم جۆرەیاندایە، کردارە سادەکانیش فەرهەنگیترین جۆری کردارن، واتە کردارەکان دەبنە سەنتەری واتا. بوونی ڕێژەیی لە کردارەکانی زمانی کوردیدا ڕاستی قسەکەی تالمی دەسەلمێنێت " تەواوی زمانە هندۆ ئەوروپیەکان جگە لە زمانەکانی ڕومنیس خاوەن ژمارەیەکی زۆر لە نمونەی کرداری بە فەرهەنگبووی جۆری (حاڵەت+جوڵە)ن." ( تالمی؛61:2000b).

پوختەی بابەتەکە لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە کردارەکانی زمان دابەشدەبن بۆ:

ا- کردارە تەواو فەرهەنگیەکان: کردارە سادەکان پلەی یەکەمی کردارە فەرهەنگیەکانن و خاوەنی ئەدگاری تەواوی فەرهەنگین، بۆ نمونە (کەوتن، هەستان، وەستان، گەڕان، خزین، چنین، سوڕان، خزان، نوستن، خواردن، ڕۆشتن، خوڕین، وەشان شەلین، کشان، کوتان، گەڕان، لەرزین، لەنگین، ماڵین، نیشتن)، ئەمانە:

- کرداری سادەن.
- فەرهەنگیترین جۆری کردارن.
- خاوەن جوڵەی جۆری( حاڵەت+جوڵە)ن.
- کرداری جوڵاو/داینامیکین.

نموونەکانی ( هاتن، کەوتن، بارین، گەڕان، پژان، فڕین، گەڕان، گەشتن، ڕۆشتن، ڕشتن، کوتان، کێشان):

- کرداری سادەن.
- فەرهەنگیترین جۆری کردارن.
- کرداری جۆری خاوەن جوڵەن.
- لە جۆری تێلهەڵکێشی (ئاراستە+جوڵە)ن.

ب- دەربڕینە نسادە کردار سەنتەرەکان لە پلەی دووەمی فەرهەنگیبووندان؛ واتە واتای تەواوی دەربڕاوەکە لە کردارەکەدایە.

ج- تالی جۆری دووەم ناودەنێت «satellite»، مەبەستی ئەو کردارە ناسادانەیە کە بەشە ناکردارییەکەیان واتای خۆیان ون ناکەن. لە فەرهەنگیبووندا، کردارە سەتەلایتیەکان پلەی سێیەم دەگرن. کەواتە هەموو ئەمانە کەرەستەی فەرهەنگین، بەلاَم بە پلەی جیاواز. ئەم بۆچوونە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێت، کە لە داهاتوودا دەربڕینی دیکەی وەك (مامۆستا بوون، دکتۆر بوون، پزیشك بوون...) لەناو کردارەکانی زمانی کوردیدا لە جۆری کرداری سەتەلایتیدا بکرێنە یەکەی فەرهەنگی.

## 5/3) هەندێك تێهەڵکێشی تایبەت بە زمانی کوردی

تیۆرە سێ پەلکیەکەی تالی بۆ هەموو زمانەکانە بە گشتی، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر زمانێك بە پێی تایبەتمەندی خۆی دەکرێت جۆری دیکەی جوڵە و تێهەڵکێش لەو زمانەدا هەبێت. لە زمانی کوردیدا دەتوانین هەندێك جوڵە و حاڵەتی تێهەڵکێش ببینین.

5/3-4-1- جوڵە : دەتوانین، جوڵە خۆی بە بێ تێهەڵکێش لە چەند نمونەیەکدا ببینین (جێبەجێکردن، جوڵەکردن، ڕۆشتن، درێژکردنەوە، پێوانەکردن، گەڕان، تەیکردن..). بۆ نمونە لە ( ڕۆشتن )دا نە ئاماژە بە ئاراستەکراوە، نە ئاماژە بە ڕەگەزی بەرجەستە کراوە. ( تەواوی ڕێگەکە بە ئۆتۆمۆبیل ڕۆشتم.)

5/3-1) تێهەڵکێشی جوڵە و زەمینە

تالی (61:2000b) بڕوای وایە زەمینە مەیلێکی کەمی هەیە، لەگەڵ جوڵەدا تێهەڵکێش ببێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەتوانین تێهەڵکێشەکان لە سەر بنەمای ڕێژەی ڕەواج prevalence پۆلێنبکەین، بەم پێیەش بێت، ئاراستە پلەی یەکەمی هەیە و دوای ئەویش حاڵەت دێت، دواتریش تێهەڵکێشی ڕەگەزی بەرجەستە و جوڵەیە. تێهەڵکێشی جوڵە و زەمینە لە گەڵ ئەوەی بوونیان هەیە، بەلاَم نەیانتوانیوە لە هیچ زمانێکدا بالاَدەست بن، بۆیە خاوەن نموونەیەکی کەمن لە زمانی کوردیدا.( بەهەوادا چوون، کردنەکۆڵ، گۆڵکردن، گۆڵتۆمارکردن..)

### 2-5/3) تێهەڵکێشی هۆکارو جوڵە

هۆکار، بە بێ هیچ حاڵەتێك یان ئاراستەیەك، فاکتەری ئەنجامدانی ڕودانێکی جوڵەیە، ئەمە بە تێهەڵکێشی (هۆکار+جوڵە) دەژمێردرێت. ( بارکردن، گواستنەوە، جوڵەپێکردن، بارکردن..) نمونەن بۆ ئەم حاڵەتە. لەگەڵ بوونی هۆکار بۆ جوڵەکە، دەکرێت جۆری جوڵەکەش، بۆ (گواستنەوە، جوڵە لە خودیخۆیدا) پۆلێنبکەین. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین نموونەکانی ( جێبەجێکردن، گواستنەوە، بارکردن)، بە جۆری جوڵەی گواستنەوە دابنێین، نموونەی وەك (جوڵە پێکردن) بە جۆری دووەمی جوڵە دابنێین. دەگونجێت بە پێی جۆری دەربڕینەکە، جۆری جوڵەکەش بگۆڕێت، یان ئاماژە بە هەردوو جۆری جوڵەکە بکات.

- سەری جولاند و هەناسەیەکی هەڵکێشا. > جوڵە لە خودی خۆیدا.
- خێرا بجوڵێ، با زوو بگەین. > جوڵەی جۆری گواستنەوە.

دەگونجێت سێ ڕەگەز تێهەڵکێشی یەکتری ببن:

### 3-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+هۆکار+جوڵە

(دبیر مقدم)(1384: 49) ئەم جۆرە تێهەڵکێشانە لە سەر بنەمای هۆکار بۆ سێ جۆر دابەشدەکات:

ا- لە ئاستی ڕەگدا : ئەو دەربڕینانە دەگرنەوە تەنها لە واتای ڕەگی کردارەکەدا ئاماژە بە بوونی هۆکار دەکەن. دابەشدەبن بۆ:

ا/1- جوڵە و حاڵەت و هۆکاری یەکسان لە ڕەگدا :ماڵین، کێشکردن..

ا/2- جوڵە و حاڵەت و هۆکاری نایەکسان لە ڕەگدا : هەڵدان، هاندان، هەڵفڕین، خۆبادان، تەکاندان، سوڕانەوە، جوڵە پێکردن، خوراندن، ڕماندن، سواریکردن، تەوافکردن، تلاندن، تلدان، تللکردنەوە، گەوزاندن، بلاوکردنەوە، جێبەجێکردن، لارکردنەوە، درێژکشان، سەرەوژورکردن، دەقکردن، کۆکردنەوە، گوشین، شۆڕکردنەوە، بلاوەپێکردن، خاوکردنەوە...

ب/لە ئاستی مۆرفیمدا: واتا تێهەڵکێشبووەکان لە ئاستی تەواوی دەربڕین/مۆرفیمەکەدا، ئازاد دەبن: گەڕاندنەوە، باڵپێگرتنەوە، پێچاندن، تەکاندن...

**4-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+هۆکار :**

ئەم جۆرەی تێهەڵکێشیش بە پێی پۆلێنەکەی (دبیر مقدم) دابەشدەبێت بۆ:

ا- تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+هۆکار لە ئاستی ڕەگدا:

ا/1- جوڵە و ئاراستە و هۆکاری یەکسان لە ڕەگدا : ڕشتن، لێخوڕین ..

ا/2- جوڵە و ئاراستە و هۆکاری نا یەکسان لە ڕەگدا: هێنان، پاڵپێوەنان، فڕەدان، بردن، گەیاندن، گوزەراندن، پێشخستن، تێپەڕاندن، ڕاونان، کۆچپێکردن، بەرزکردنەوە، کردنەدەرەوە، پەخشکردن، بلاّوەپێکردن، پێلادان، نزیککردنەوە، کردنەژوورەوە، بەرێکردن، ڕەوانەکردن، بلاّوەپێکردن، نزیککردنەوە، ئازادکردن، بەرەلاّکردن، پاڵپێوەنان ..

ب- تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+هۆکار لە ئاستی مۆرفیمدا: گەڕاندنەوە، خەواندن، کۆچپێکردن..

**5-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە+ئاراستە+زەمینە:** سواربوون، پیادەبوون، دابەزین. وشەکانی (سوار، پیادە) لەو دوو دەربڕینە ناسادەدا ئاماژەی جوڵە و ئاراستە ( بەرەو ناوەوە و بەرەوە دەرەوە) لە خۆ دەگرێت، زەمینەی جوڵەکەش دەستنیشاندەکات، جۆری جوڵەکەشیان جوڵەی گواستنەوەیە. بۆنمونە (سوار بوون) جوڵەیە لە جۆری گواستنەوە، ئاراستەیە بۆ سەرەوە، شوێنی سواربوونەکەش کە جوڵە و ئاراستەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، دەبێتە زەمینەی ئەنجامدانی کارەکە.

**6-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+ئاراستە+جوڵە :** هێرشبردن، هێرشهێنان، ڕاکردن، هجومکردن..

**7-5/3) تێهەڵکێشی حاڵەت+ڕەگەزی بەرجەستە+جوڵە :** تکە کردن، تکاندن، مژین...

**8-5/3) تێهەڵکێشی جوڵە+ جوڵەی هاوڕێ :** وەك ئاماژەمان بۆکرد، (تالمی) لە توێژینەوەکانی خۆیدا پێنج ڕەگەزی چەمکی لە کردارە جوڵاّوەکاندا دەستنیشاندەکات: ( جوڵە، ئاراستە، حاڵەت، زەمینە، ڕەگەزی بەرجەستە)، (حاڵەت+هۆکار)یش لە پەراوێزدا باسدەکات، بەلاّم فرز(2006: 151) ئاماژە بەوە دەکات، کەپێویستە ڕەگەزێکی دیکەی چەمکی زیادبکرێت بۆ ڕووداوە جوڵەییەکان، ئەویش( ڕەگەزی بەرجەستەی

هاوڕێ)یه، كه دهتوانرێت به جوڵهى هاوڕێ ناو ببرێت. ( پاسهوانیكرن Escort ، هاوڕێیهتیكردن accompany ، پێهەڵگرتنlead ) وهك نمونه بۆ ئهم حاڵهته دههێنێتهوه. لوین له (ندا ازكیا:1391؛ 212)هوه باوهڕیوایه، كهئهم دهربڕینانهجوڵهى تاكێك له پاڵ جوڵهى تاكێكى دیكهدا پیشاندهدهن، له زمانى كوردیدا دهتوانین نموونهكانى (پێشوازیكردن، هاوڕێیهتیكردن، پاسهوانیكردن، پێهەڵگرتن..) بۆ ئهم جۆره تێههڵكێشه بهێنینهوه. نموونهكان ههم حاڵهتى جوڵه و ههم جوڵهى هاوڕێیان تێدایه.[24]

پوختهى ئهوهى كه باسكرا، دهمانگهیهنێته ئهو ئهنجامهى، كه ئهگهر ئاوهزیانه، كه یهكێكه له بنهماكانى سیمانتیكى دركپێكردن، له كردارهكانى زمانى كوردى بڕوانین، ئهوا دهگهینه ئهوهى، كه كردارهكان ههڵگرى ڕهگهزى چهمكهكانن، لێكدانهوهشیان به پێى بنهماكانى سیمانتیكى دركپێكردن، دهوڵهمهندى واتایى كردارهكانى زمانى كوردیمان بۆ دهسهلمێنن.

1 -له زۆر حاڵهتدا قسهكهرى كورد دهتوانێت چهند ڕهگهزێكى چهمكى پێكهوه له یهك كرداردا كۆبكاتهوه.

2 -ئهم پێڕهوى شیكردنهوهیه، پهیكاڵى ئاوهزى كورده، چونكه زۆربهى وهچه پۆلێنهكانى ئهم ڕێبازه له زمانى كوردیدا نمونهى بهرجهستهى ههیه.

3 -كردارهكان له زمانى كوردیدا، یان فهرههنگین، وهك سهرجهم كرداره سادهكان، یان واتاى كردارهكه بووه به واتاى فهرههنگى، یان به شه ناكردارییهكه، له كرداره نا سادهكاندا واتاى خۆیان پاراستووه..

4 - گرفت له كردارهكانى زمانى كوردیدا ئهوهیه، كه به پێى داتایهك/ئامارێك ژمارهى كردارهكان نهخراونهته ڕوو. بۆ نموونه نازانرێت، سهرجهمى كردارهكان چهندن؟ چهندیان سادهیه و چهندیان ناسادهیه؟ چهندیان جوڵاوون/داینامیكى و چهندیان جێگیرن؟ ئهمهش به هۆى نهبوونى فهرههنگێكى زانستى تۆكمهیه له زمانى كوردیدا.

---

[24] ا- بۆنموونهله (پێههڵگرتن) دا ههردوو(پێ) دهبنه هاوڕێى یهكتر و جوڵهى تاكێك له پاڵ جوڵهى تاكێكى دیكهدا دهستنیشاندهكهن.

ب- بۆ جۆرى تێههڵكێشه تایبهتهكانى زمانى كوردى سود لهو جۆره تێههڵكێشانه بینراوه، كه ندا ازكیا له نامهى دكتۆراكهیدا بۆ زمانى فارسى بهرههمى هێناوه. بڕوانه ( ندا ازكیا:1391: بهشى چوارهم)

5 -**دەتوانین، جگە لە واتای فەرهەنگی، تایبەتمەندیی هەر کردارێکی زمانی کوردی وەك لەم خشتەیەدا هاتووە، نیشانبدەین:**

| کرداری جولاو | جۆری جولە | ڕەگەزی جولە | وردەکاری | واتای فەرهەنگی | نمونەیەك لەدەربڕینە زمانیەکاندا |
|---|---|---|---|---|---|
| شەلین | گواستنەوە | حالەت | بە نایەکسانی بە ڕێگادا ڕۆشتن | - بەشەلی ڕۆشتن<br>- پێ سەقەت<br>-بەرزبونەوە و نزمبونەوە لە کاتی ڕۆشتندا | دارەکە بە قاچمیدا داو تامالەوە هەر دەشەلیم. |
| بلاوەپێکردن | گواستنەوە | ئاراستە+هۆکار | هۆکار لە دەرەوەی توانای خۆت، بەرەو ئاراستەیەك بردن بە زۆرەملێ | جیاکردنەوەی هەندێك شت/کەس لەیەکتر | پۆلیس خۆپیشاندەرانی بلاوە پێکرد. |
| نزیککردنەوە | گواستنەوە | ئاراستە+هۆکار | جولە بە ئاراستەی زەمینە | کەمکردنەوەی بۆشایی، بوونی بۆشاییەکی کەم لەگەل کەسێك/شتێك/شوێنێك | بە هێواشی خۆمم لێنزیککردەوە. |

**6/3 ) ناو: ناوەکان ئاسایی ئاماژە بۆ شتەکان دەکەن، لە نێویاندا، خەلکەکان، هەروەها بیری موجەڕەدەکان، بۆ نمونە، (شەڕ و ئاشتی). ناوەکان بە گشتی نیشانەی ڕێزمانی وەردەگرن بۆ نمونە، نیشانەی کۆی (ان)، (پیاوەکان، سەگەکان یان خانوەکان)، بەلام لێرەدا هەلاواردنیش هەیە، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا man دەبێ بە men، واتە نیشانەی کۆ وەرناگرێت. ناوەکان نیشانەی خۆیەتی وەردەگرن. ناوەکان دەتوانن بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا، دابەش ببن:**

**ا- ناوە گونجاوەکان/تایبەتەکان proper nouns . مەبەست لە گونجاندن ئەوەیە کە لە پەیوەندیی نێوان هێما و هێما بۆکراوەکەدا دروستدەبن، یان ڕێکەوتنی کۆمەلگە، یان هەر ڕێگەیەکی لەوانە، کە بتوانێت مەبەستەکان بگەیەنێت. نمونەی ناوە گونجاوەکان وەك ناوی خەلك، یان شوێن (باپیر، سلێمانی).**

ب- ناوە باوەکان common: ئەم جۆرە ناوانە ناتوانن ناوە کەسیەکان هەڵبژێرن، واتە ناتوانن بە هۆی ناوەوە دەستنیشانی کەسەکە، یان شتەکە بکەن، بەڵکو ئاماژە بۆ پۆلەکان دەکەن. ئەوانە ناوی ئاسایین، بۆ نمونە (پشیلە) ئاماژەیە بۆ هەموو پشیلەکان چونکە وەك مرۆڤەکان نیین بڵێی (قادر) یان (باپیر) و هەروەها، یان (ئاو) و (خانوو).  ناوە باوەکان دانەیەك لە زۆرینەی کاتەگۆریەکە زمانیەکان پێشکەشدەکەن، کلن دەیخەنە ڕوو، دەتوانین ناوە باوەکان دابەش بکەین بۆ ناوی ژمێررا و ناوی کۆمەڵ. ئەو ناوانەی دەژمێردرێن بۆ نمونە ( کتێبێك > دوو کتێب)، دەتوانرێت ئەو ناوانە لەگەڵ دیاریکەرەکانیشدا بێن، بۆ نمونە کاتێك ناوەکە تاك بوو (ەکە) وەك دیاریکار دەچێتە سەریان، ناوەکە. (کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە)، لە کاتێکدا ناتوانرێت بگوترێت "کتێب لەسەر مێزەکەیە" ئەو ناوانەی دەبژێردرێن، دەتوانن ڕووبدەن، بەبێ ئەوەی دیاریکەر واتە نیشانەی ناسراویش وەربگرن، (کتێب گرانە لە بازاڕدا). ناوە کۆمەڵەکان ناتوانرێت بژمێردرێن، یان  کۆ بکرێنەوە، بۆ نمونە، ناتوانرێت بگوترێت (دوو لم یان دوو چەو)"




( هێڵکاری 1 )

یەکێك لە بنچینەکانی سێمانتیکی درکپێکردن ( تۆڕی سێمانتیکیی)ە، (بڕوانە بەشی دووەم: )ناو لە زمانی کوردیدا هەروەك چۆن ئەرکی ڕێزمانیی جۆراو جۆری هەیە، بە هەمان شێوە دەتوانین بۆ واتای جۆراوجۆریش بەکاری بهێنین، بۆ سەلماندی ئەم وتەیە، نمونەیەك لە ناوەکان بە پێڕەوی (تۆڕی سێمانتیکی) لێکدەدەینەوە، پاشان بە بەرهەمی واتای ناو دەبینین لە زمانی کوردیدا.

## 1-6/3 ) تۆڕی سێمانتیکی واتای وشەی (دەم) وەك نمونەیەك لە ناوەکانی زمانی کوردی

وشەی (دەم) ناوێکی سادەی بنجییە، ئەندامێکی لەشە و کەوتۆتە بەشی خوارەوەی دەموچاوی مرۆڤ. کاری سەرەکی دەم بۆ خواردن و خواردنەوەیە بە پلەی یەکەم، هەناسەدان پلەی دووەمە و کاری ئاخاوتن کاری پلە سێی ئەم ئەندامەیە. کاتێك گوێمان لەم وشەیە دەبێت، یان دەیبینین، یەکەم واتایەك کە

**بە مێشکماندا دێت ئەوەیە کە ئەندامێکی لەشە و ئەو کارانەی هەیە، بەڵام نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەم وشە بۆ واتای خۆی و چەندین واتای دیکە بە کار دەهێنرێت. شیکردنەوەی واتای وشەکە بە پێی تۆڕی سێمانتیکی دەوڵەمەندی واتای وشەکەمان زیاتر بۆ ڕووندەکاتەوە.**

**ا- واتای (دەم) وەك ئەندامێکی کەتیگۆری ناو**

**ا/1- واتای کرۆکی/فەرهەنگی وشەکە : ئەندامێکی لەشە.**

**ا/2- واتای دووەمی وشەی دەم بریتیە لە ئەندام و ئۆرگانی خواردن و خواردنەوە: - خواردنەکە دەمی سوتاند. – خواردنەکە دەڵێی ژەهرە لە دەممدا.**

**ا/3- (دەم) بە واتای ئەندام و ئۆرگانی هەناسەدان: - بەدەم فووی لە ئاگرەکە کرد. –دەستی لەسەر دەمی دانا و خنکاندی.**

**ا/4- (دەم) بە واتای ئۆرگانی قسەکردن: دەمت داخە.**

**ا/5- (دەم) بە واتای ئەندام و ئۆرگانی دەربڕینی هۆشەکی: - تاقیکردنەوەکە زارەکییە. – دەمسپی/دەمڕاستی هۆزەکەیەتی. – دەموپلی شیرینە. – دەم و دووی خۆشە. – مرۆڤ بیرەکانی خۆی بە دەم دەردەبڕێت. – چیرۆکی فۆلکلۆری دەماودەم بە ئێمە گەشتووە.**

**ب- (دەم) بە واتای وشەیەکی وەسفی/ئاوەڵناو:**

**ب/1- توانای دەربڕین: بە دەم و پلە. > قسەزانە و لە جێگەی خۆیدا قسەدەکات.**

**ب/2- وەڵامدەرەوەی دەستبەجێ: کەسێکی بەدەمە.**

**ب/3- قسەی باش و ئەرێنی: دەم بەخێر، دەم بەویرد، دەم بەدوعا**

**ب/4- قسەی خراپ و نەرێنی: دەمەوەر، چلدەم، دەمشڕ، دەمدرێژ، دەمهەراش، دەمپیس، دەمبۆگەن، دەمەدەمێ، دەمڕەش..**

ب/5- پێوانەی ئاستی قسەکردن: دەمخاو، دەمگەرم، دەممردوو، دەمڕاست، بەڕوی لە دەمدا تەقیووە..

ب/6- دەربڕینی خۆشی: دەم بەخەندە، دەم بە پێکەنین، دەمولەفزشیرین..

ب/7- دەربڕینی ناخۆشی: دەم بە گریان، دەم بە هاوار، خێری بە دەمدا نایەت..

ج- (دەم) بە واتای کردار/کردەیی

ج/1- دەربڕینی دەروونی: دەم وپڵ داوە بە یەکدا. > کەسێکی زویر.، دەمولێو بە یەکدادان. >کەسی مڕومۆچ و بێقسە.، دەمەتەقێکردن، دەمەقاڵە. > شەڕکردن بە قسە.، دەمەبۆڵێ، دەمەدەمەکردن، هەر ئەوەندە دەمم سوتا...، دەمپانکردنەوە، لەدەمدەرچوون...

ج/2- دەربڕینی ترس: دەمولێو لەرزین..

ج/3- دەربڕینی مردن: دەمبەیەکدادان > مردن، دەمداچەقاندن > سەرەتای دەستپێکردنی مردن.

ج/4- پێشگرتن لە لەناوچوون: دەمبەست > بۆ نەخواردنی ئاژەڵ لە لایەن گورگەوە.

د- ناوی شت: دەمەوانە، دەمەشێر، دەمکەل، دەمەپاچ..

ح- ئاوەڵکردار

ح/1- ئاوەڵکرداری کاتی: دەمودەست، سەردەم، دەمی نیوەڕۆ، دەمی بەیانی، دەمی ڕاپەڕین..

ح/2- ئاوەڵکرداری شوێن: بەردەم ..

ح/3- ئاوەڵکرداری چۆنیەتی: دەمدرێژ. > زۆر دەمدرێژانە قسەی دەکرد. بڕوانە هێڵکاری(2) تۆڕی واتای وشەی (دەم):


ب- ئاوەڵناو:
1/ا- واتای فەرهەنگی
ئەندامێکی لەش:
ج-کردار
کردەیی




**هێڵکاری(2) تۆڕی واتای وشەی (دەم)**

## 7/3 ) ئاوەڵکردار

ئاوەڵکردارەکان پۆلێکن لە وشە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوویەکی کرداری رستەکە، لەگەڵ کاری ڕستەکەدا دێن، وەسفی چۆنیەتی و چەندێتی و کات و شوێن و...هتد کردارەکە دەکەن بۆ نمونە، (کتوپڕ، لە پڕ، خێرا و ....)، ئەوانە ئاسایی زانیاریەك دەردەبڕن ئاماژە بۆ کات، چۆنیەتی، شوێن و ... دەکەن، هەروەها ئەرکی گۆڕان لە ناو ڕستەدا دەبینن. (پێشکەشکردنی زانیاری، بۆ نمونە، سەبارەت بە چۆن، لە کوێ یان کەی شتێك ڕویداوە. لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر جار نیشانەی وشە دارێژی کە توانای بەفۆڕمکردنی ئاوەڵکرداری هەیە (ly)ە، لە زمانی کوردیدا نیشانەی واتای و سینتاکسی خۆی هەیە، هەندێك لەو ئاوەڵکردارانە، پلە پیشان دەدەن و بەو مەبەستەوە بەکاردەهێنرێن، (خێرا>خێراتر)، بەڵام ئەوە بە گشتی گرانە، بەهۆی وشەسازیەوە ئەوە دیاریبکرێت، یان دابەشبکرێت، چونکە ئەوانە فراوانترین هاوبەشی کەرن لە هەموو پۆلە وشەکانی زماندا. گرفتێکی دیکەی ئەو پۆلە ئەوەیە، کە ئەندامانی پۆلە وشەی تر دەتوانن هەمان ئەرکی ئاوەڵکردار ئەنجام بدەن، واتە لێرەدا دیاریکردنی سنوری ئاوەڵکار زەحمەتە، چونکە وشەی تر لە پۆلە وشەکان دەتوانن هەمان ئەرك ببینن. ئەوەش پێی دەگوترێت ئەرکی ئاوەڵکردای، کە ئەوە دەگەیەنێت، شتێ بە هەمان ڕێگا وەك ئاوەڵکردار ڕەفتار دەکات. زانیاری ڕونکردنەوە سەبارەت بە شوێن، چۆنیەتی، کات ... دەدات. بەبێ لەبەرچاوگرتنی پۆلی وشە. بۆ نمونە، دەربڕینی "دوای خەوتنان" ئەرکی ئاوەڵکاری لە ڕستەیەکی وەك " باپیر دوای خەوتنان گەیشت"، لە کاتێکدا ئەوە ئاوەڵکار نیە. ئەوە بریتیە

له PP  واته فریزی پریپۆزیشنیه، پێکهاتووه لە پریپۆزیشن و فریزێکی ناوی. زاراوەی ئاوەڵکار ئاماژه بۆ جۆرێك له ئەرکی ڕێزمانی دەکات. پۆلەکراوەکان توانای دیاریکردنی واتاکانیان هەیه و خاوەن ئەو کەرەستانەن، که بەردەوام له گۆڕاندان، وەك وشەی تازه دێنه ناوەوه و وشه کۆنەکان وندەبن. له کاتێکدا پۆلەکراوەکان له دەربڕینەکاندا واتای ناوەرۆك دەدەن، لێرەدا چەندان وشەی گرنکی پۆلی کراوه هەن لە وشەی ڕێزمانی/پۆلی داخراو لەخۆدەگرن. ئەمانە کەمتر دەتوانن واتاکانیان دیاریبکرێن (زۆر جار ئەوانه وەك "وشه ئەرکیەکان" وەسف دەکرێن)، و سەر به پۆلگەلێکن که بچوکن و زیاتر بەرگری له گۆڕانکاری دەکەن. واته لەبەردەم گۆڕانکاریدا خۆڕاگرن. لەگەڵ هەڵاواردنی هەندێك له دیاریکەرەکان، هیچ کام لەو پۆله وشانه تایبەتمەندێتی نیشانەی وشه داڕێژ و وشه گۆڕیان نیە. بەڵام ئەوانه هەندێك نمونەن، توانای پێشبینیکودنی دابەشکردنی بەشی کاری پیشان دەدەن.

ڕووه فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیەکەی ئەم کەتیگۆریە هەرچۆنێك بێت، لەوه کەمناکاتەوه که ئەم یەکانه خاوەن ڕۆڵی گرنگی واتاین له ڕستەکانی زمانی کوردیدا، خودی خۆشیان وەك ئەندامێك له پۆلی کراوەی بەشەکانی ئاخاوتندا چەندین چەمکی واتای گرنگیان له خۆیاندا هەڵگرتووه.

شیکردنەوەی نموونەیەك لەم کەتیگۆریه وەك نوێنەری سەرجەم کەتیگۆریەکە کراوەی و دەوڵەمەندی واتایی ئەم کەتیگۆریانەمان بۆ دەردەخات. وشەی (بەر) وەك ئاوەڵکودایکی شوێنی به پێی بنەمایەکی سێمانتیکی درکپێکردن (تۆڕی واتای سیمانتیکی) ڕاڤه دەکەین.

## 1-7/3 ) تۆڕی سێمانتیکی واتای وشەی (بەر) وەك نمونەیەکی ئاوەڵکردار

واتای فەرهەنگی ئەم وشەیه به واتای (پێش)، وەك ئەندامێکی کەتیگۆری ئاوەڵکردار دادەنرێت، هەرچەنده وشەی (پێش)، کەئەویش ئەندامێکی هەمان کەتیگۆریە، زیاتر چالاکه و تەنگی به وشەی (بەر) وەك ئاوەڵکردار هەڵچنیوه. ئەمه وای لەم وشەیه کردووه که سنوری کەتیگۆریەکەی خۆی ببەزێنێت و چالاکانه له چەند کەتیگۆریەکی زماندا بەشداریبکات. شیکردنەوەی وشەکه له سەر بنچینەی تۆڕی واتای سێمانتیکی ڕووه چالاکەکانی ئەم وشەیەمان دەخاته بەر چاو.

**ا- (بەر) لە کەتیگۆری ناودا:**

ا/1- بە واتای بەرهەم: بەری دار، بەری درەخت، بەرخۆر. > کۆمەڵگەی بەرخۆر ژێرخانی ئابوری لاوازە. ئەمساڵ بەری باخەکە باش نەبوو.

ا/2- بەواتای لەش: گیانی هاتەوە بەر، لەبەرکردن > لەبەرمکرد.

ا/3- بەواتای سەرەتا: بەرودوای کارەکە ~ پێش و دوای کارەکە.

ا/4- ڕادە و ئەندازە: بەرپان، بەر تەسك، بەرەدۆشەك، بەر ئەستور..

ا/5- بە واتای ڕوو: بەر و پشتی قوماشەکە، بەروپشتکردن..

ا/6- بە واتای دەستە: بەرەی کوردستانی، بەرەباب، بەرەی نیشتمانی..

ا/7- بە واتای بێچو: بەری خست.> بێچوەکەی مردار بویەوە. > بەرهەمەکەی لەناو چوو.

8/1- ناوی واتایی: بەرخۆدان > شۆڕش > بەرگری..

ا/9- ناوی شوێن: بەرماڵ > ئەو پارچە قوماشەیە نوێژی لەسەر دەکرێت.

ا/10- دەسەڵات: بەرپرس

**ب- (بەر) وەك ئاوەڵکردار:**

ب/1- ئاوەڵکرداری شوێن/ پێش: بەرپێ > بەرپێی خۆی نابینێت.، بەردەم، بەرخۆر > بەرهەتاو، بەردەرکی سەرا، بەردەرگای ماڵ، ، ئەمبەر، ئەوبەر، بەرچاو> پێشچاو> خستمە پێشچاوی.، بەرئاگر..

ب/2- کات: بەرەبەیان، بەرلەنۆ، بەرکوڵ> کاتی پێش کوڵان، بەرەجەژنان.

ب/3- چۆنیەتی و ئاراستە: بەرەودوا، بەرەوپێش، بەرەوپیر، بەرەوژوور، بەرەوژێر، بەرەوناو، بەرەودەر..

پ- دیاریکردنی شتی جوڵاو و جێگرەوە: بەرانبەر، بەرەنگار..

ت- بە واتای لەگەڵ: بەرچا، بەرچایی..

ت- بە واتای گەدە: بەردڵ> شیرینیەکە بەردڵی گرتم.>گەدەم پڕبوو.

ج- بە واتای پێشەوا: بەرنوێژ (امام)

چ- واتای دەروونی: بەرهەست، بەرۆکی بەردام، بەرگەگرتن، بەرەڵا، بەرهەڵست، بێسەر و بەر..

ح- بە واتای مێژوو: بەروار

خ- بە واتای دوژمن: هێرشی بەرانبەر تێکشکا.

ر- بە واتای ئازادکردن: لە زیندان بەربوو، ئەسپەکە بەربوو..

ز- بەر وەك پێشگر: بەردان، بەرکەوتن، بەربوون..

ژ- بەواتای کێشان>ڕاکێشان>هەڵگرتن: ڕەنجبەر>ڕەنجکێش.، باربەر>بارهەڵگر، فەرمانبەر..

س- بە واتای وەرگر: میراتبەر، بەشبەر> میرات/بەشی خۆی وەردەگرێت.

ش- بە واتای تەماشا: بەرکە بەولاوە> تەماشای ئێرە مەکە، بەرکە بەم لاوە>ڕوم تێکە> تەماشای من بکە.

ع- بە واتای داهات: ئەمساڵ بەروبوومت چۆن بوو؟

غ- ئاراستە: بەرەو بۆکان دەچم.

ف- بەش: زۆرم بەرناکەوێت> زۆرم بەش ناکەوێت.

ق- جۆرێکی نەخۆشی: بەرهەنگ

ك- وەڵام: بەرسڤ. بۆ زانیاریی دەربارەی وشەی (بەر) بڕوانە ( گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: 1978: بەرگی شەشەم: 344 – 354). بڕوانە هێڵکاری (3) تۆڕی سێمانتیکی واتایی وشەی ( بەر )




هێڵكاری (3) تۆڕی سێمانتیكی واتایی وشەی ( بەر )

## 8/3) تۆڕی سیمانتیکی واتایی پریپۆزشنی (له):

پریپۆزشنی (له) له شیکردنەوەکاندا هەندێکجار بە ئامراز لەقەڵەمدراوە، گوایە بۆ دەرخستنی شوێنە. بڕوانە( عبداالواحد مشیر دزەیی:2014: 74)، یان ناوی ئامرازی پەیوەندییان لێناوە و بۆ دەرخستنی پەیوەندیی ناو یان جێناو یان ئاوەڵکردار ... لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەکەدا بەکاردێت. بڕوانە (نوری علی ئەمین:2013: 199)، هەندێکجاریش بە ناوی ( پێشناو) بەکارهاتووە و ئەرکی جوڵە و ئاراستەی خراوەتە پاڵ. بڕوانە( ئەبوبەکر عومەر قادر:2003: 55)، تێڕوانینی زمانەوانەکان پێش سیمانتیکی درکپێکردن بەشێوەی یەکەیەکی ئایتیمی instrumental iteme بووە بۆ پریپۆزشنەکان؛ واتە ئەو یەکانەن واتای سەربەخۆیان نییە و واتای خۆیان لە واتای وشەکانی دیکەی وەك کردار بەدەست دەهێنن. بەپێچەوانەوە سیمانتیکی درکپێکردن پێیوایە کە پریپۆزشنەکان یەکەی فەرهەنگیlexical itme سەربەخۆن و خاوەن دروستەی واتایی دیاریکراوی خۆیانن. پریپۆزشنی (له/ له ـــ دا/له ــ وه) بەپێی پێڕەوی تۆڕی واتایی ces semanitcs Netwerk لە سیمانتیکی درکپێکردندا، خاوەنی کرۆکەواتا و توێکڵەواتای خۆیەتی. کرۆکە واتای (له) بریتیە لە ئاماژەدان بە شوێنێکی نەگۆڕ، لەو شوێنە نەگۆڕەوە ئاراستەیەکی بزواوی گۆڕاو دروستدەبێت. بڕوانە نمونەکان:

1- کرۆکە واتای ( له):

1- ئاوی حەوزەکە لە بیرەکەوە هاتووە.

(بیر) شوێنێکی نەگۆڕە و ئاراستەی ئاوەکە بزواوە، بە ئاراستەی شوێنێکی دیکە لەچەقەکەوە دەڕوات. کەواتە ئەم واتای (لەشوێنەوە ڕۆشتنە) بە ئاراستەیەکی تر، دەبێتە کرۆکە واتای پریپۆزشنی(له) .

ب- توێکل/تیشکەواتای (له)

2- (له) واتاگەلی خوازەیی هەیە.

ا- ئەم هۆنراوەیە لە گۆرانەوەیە. > بە واتای (بەرهەم) هاتووە > بەرهەمی گۆرانە.

ب- ئەم نامەیە لە گۆرانەوەیە. > بە واتای خاوەندارێتی هاتووە .

پ- لە تاوا مرد. > بۆ واتای دەلالەت و هۆکار هاتووە.

ت- باسێك لە خۆت بكە.> واتای تایبەت دەبەخشێت.

ج- لە تاوا هەر دەهات و دەچوو. > بە واتای حاڵەت هاتووە.

چ- بنمیچی خانووەكەمان لە ئاسن دروستكراوە.> بە واتای مادە و جنس هاتووە.

ح- شتێك لە شەو تێنەپەڕیبوو.> بۆ بەیانكردنی ڕێژە و ئەندازەی شتێك.

2/خ- لە (2/خ)دا، (لە) واتای پەیوەندیی هێشووی contact custer هەیە:

2/خ-1- گۆران لە تەنگانەدا لە پشتت دەوەستێت.> بە واتای هاوكاری هاتووە.

2/خ-2- هەولێر لە دهۆك گەورەترە.> بە واتای بەراورد هاتووە.

2/خ-3- دۆست لە دوژمن جیا ناكاتەوە. > بە واتای دەستنیشانكردن و جیاوازی هاتووە.

2/د- (لە) لە (2/د)دا، واتای هایپۆنیمی و هێشووی دەبەخشێت hyponyme cluster.

2/د-1- لە مامۆستا نموونەییەكانە.> بە واتای پێدانی بەش لە گشت یان تاك لە كۆمەڵێك.

2/د-2- هەر لە باوكان و مامۆستایانەوە، تا قوتابیانیش هاتبوون. > بۆ گشتاندن و پیشاندانی هەموو ئەوانەی كە باسكران.

3- لە (3) دا تۆڕی هاوواتاییە؛ واتە (لە) لەگەڵ پریپۆزشنێكی دیكەدا هاوواتایە و دەتوانرێت لەبری یەكتر بەكار بهێنرێن:

3/ا- لە تۆ جوانە. > بە واتای بە تۆوە جوانە. (بە) لەبری (لە).

3/ب- بۆ كوشتنی دوژمن لە تفەنگ كەڵك وەرگرە. > بە واتای بە تفەنگ بیكوژە.

4- (لە) دەبێتە هۆی كرتاندنی بەشێك لە پێكهاتەكە و خۆی جێگەی بەشە كرتێنراوەكە دەگرێتەوە:

4/ا- لە/بە ئاسنگەری سكی مناڵەكانی تێر دەكات . لێرەدا كارێك بە هۆی كارێكی دیكەوە ئەنجامدراوە (پارە پەیداكردن بە هۆی ئاسنگەریەوە)، پارە پەیداكردنەكە كرتێنراوە > لە ئاسنگەریدا پارە پەیدا دەكات و سكی مناڵەكانی پێ تێر دەكات.

4/ب- له جوانیدا وێنەی نییە. کرتاندنی ( ئەو ).

4/پ- لەبەر ئەوەی لە لۆجیکەوە لە بابەتەکە دەڕوانیت، بەئەنجام دەگەیت. کرتاندنی ( لە ڕووی )

5- (له) به واتای تێگەشتنه بۆ سەرەتایی کات/شوێن/ڕوداوێك.

5/ا- لە سلێمانی تا هەڵەبجە خەوتم . > سەرەتا و کۆتایی شوێن پیشاندەدات.

5/ب- هەر لە بەیانی، تا شەو کتێبم خوێندەوە. > سەرەتا و کۆتایی کات پیشاندەدات.

5/پ- لە شکست، تا سەرکەوتن نێوانێکی زۆر نییە. > دیاریکردنی گشتیی کارەکەیە لە شوێنکاتی شکستەوە تا شوێنکاتی سەرکەوتن. بڕوانە ( کیوان زاهیدی، عاطفه محمدی زیارتی:1390، 77)

بڕوانە هێڵکاری (5) تۆڕی واتای پریپۆزشنی (لە):




( هێڵکاری (5) تۆڕی واتای پریپۆزشنی (لە) )

لە نموونەکانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە دەتوانین تۆڕی واتایی سێمانتیکی بەسەر مۆرفێم و وشەکاندا جێبەجێ بکەین، ڕەهەندە واتاییەکانی هەر مۆرفیم، یان وشە و ڕستەیەك، بە پێی ئەم

زانستە لێکبدەینەوە و تۆڕی واتای بۆ هەر یەکەیان دەستنیشانبکەین و سنوری وشە و مۆرفیمەکان لە یەکتری جیا بکەینەوە، واتای سەرەکی/کرۆکە واتای هەر وشەیەك دیاریبکەین و توێکڵەواتا/تیشکە واتاکانیان دەستنیشانبکەین، بگەین بەو واتایەی کە قسەکەر مەبەستیەتی، یان گوێگر دركیپێدەکات، کە ئەمەش لەسەر شارەزایی و ئەزموون و سەلیقە و لایەنی دەروونی وەستاوە و کاری سێمانتیکی درکپێکردنە. کرۆکە واتا ڕەنگدانەوەی تاکە کەسی نییە و کۆدەنگی لە سەرە؛ جیاوازە لە ناوەرۆك cotent[25] ، چونکە ناوەرۆك هەمان واتای پەسەندکەرانەیە[26] ، واتای پەسەندکەرانەش جیاوازە لە واتای بەخشکەی دەربڕین[27]

## 9/3) لاگری دیارخەری (نیشانەی دیاریکردنی (ەکە) :

(ەکە)، لاگرێکی دیارخەرییە، دەچێتە کۆتای وشە و ڕۆڵی ناساندن و دیاریکردن دەبینێت. ئەم لاگرە چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە، کە بریتین لە (/-ەکە/، /ە/، /یەکە/، /ۆکە/)، ئەم لاگرە، وەك مۆرفێمێکی ڕێزمانی، ناسێنراوە و تەنها ئەو ڕۆڵەی خراوەتە پاڵ، کە دەچێتە سەر وشەیەك و دەیکات بە ناسراو.

بە پێی سێمانتیکی درکپێکردن، وێڕای ئەرکی دیاریکردن، ئەرکی واتایی دیکەش دەبەخشێت.

ا- ڕۆڵی واتایی دیاریکردن

ا/1- دار >دارەکە

[25]- ناوەرۆك content : ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە وشەیەك لە ئاوەزی کەسێکدا هەیەتی، شێوازی تێگەشتنی تاکە لە وشەیەك یان ڕستەیەك. ناوەرۆك واتایەکی بە دەستهاتووە، بە دەستهێنەرەکەی، تاکە کەسە، واتە مەرج نییە ، کۆدەنگی لەسەر بێت، یان مارکەی کۆمەڵگەیەکی لێدرابێت. ناوەرۆك سەرنجی تاکەکەسە بۆ بابەتێك، کەواتە بابەتێك دەتوانێت، کۆمەڵێك ناوەرۆکی هەبێت . بڕوانە (محەمەدی مەحوی :2009: 76)، (ابراهیم چگنی:1384: 109).

[26]- واتای پەسەندکەرانە descoriptive meaning : ئەو واتا ئاوەزیی تاکەکەسییە، یان ناوەرۆکە واتاکەیە، بەڵام پێویستە پەسەند بکرێت. پەسەندکردن واتە یان ڕاستە، یان هەڵەیە، چونکە واتای پەسەندکەرانە " یەکەی زانیاری نییە و لە ڕێگەی شیکردنەوەی ڕاستەقینەییەوە شیناکرێتەوە" بڕوانە ( محەمەدی مەحوی:2009: 129).

[27]- واگەیاندن/ بە خشکەیی دەربڕین Implecatare : دیاردەیەکی سێمانتیکییە و پەیوەندیی نێوان دەربڕاوەکان دیاردەکات، ئەو پەیوەندییەش لۆژیکییە و لە نێوان هێماو هێمابۆ کراوەکەدایە. مەبەست لەو پەیوەندییانەیە کە دەربڕینەکە بە واقیعەوە گرێ دەدەن، پەیوەندیی نێوان p و q پەیوەندییەکی هەنوکەییە، چونکە واتای q لە واتای p وە وەردەگیرێت. واگەیاندن، واتە قسەکەر قسەیەك دەکات، واتاکەی جیاوازە لە ئەو واتایەی، کە مەبەستیەتی، لە ڕێگەی ئەو قسەیەوە مەبەستەکەی بەخشکەی دەردەبڕێت. بڕوانە( محمود فتح الله:2008: 163)، (کاروان عومەر قادر:2012: 264)

ا/2-یاری >یاری یەکە

ا/3- خانوو >خان ۆکە

ا/4- منداڵ >منداڵ ەکەان

ا/5- کوڕە > کوڕ ە > کوڕە وتی > کوڕەکە وتی

نموونەکانی (ا) بریتییە لە ئەلۆمۆرفەکانی (ەکە)، کە چونەتە سەر وشەکان و ڕۆڵی واتای دیاریکردن دەنوێنن.

کاروان عومەر(2012: 89) بە پێی بنەمای ( خێزانی هاوشێوە ) لە سێمانتیکی درکپێکردندا چەند واتایەکی بۆ (ەکە) دەستنیشانکردووە:

ب- کەر{ە}، کەر{ەکە}.

- کەر{ە} تۆ بە گوێم بکە بزانە قازانج ناکەیت!

- بەخوا بێگوێیە! هۆش کەر{ەکە}

نموونەکانی (ب)ی پاشگری (ەکە ) واتای گاڵتەجاڕی و سوکایەتی پێکردن دەبەخشن، لێرەدا وێنەی گوێگر لە ئاوەزی قسەکەردا کەسێکی گێل و نەزانە، کە بە هۆی ئەم پاشگرەوە خراوەتە ڕوو.

پ- ناسک و نازداری وئەرێنی

پ/1- کاروان >{کارە} گیان وانەکانت باش خوێندووە؟ >خۆشەویستی

پ/2- سەرکۆ>{سەرە} کوڕی باوکی خۆیەتی.>شانازی

پ/3- محەمەد>{ح ەمە } گیان کوڕە تاقانەکەی دایکی.>شانازی

لە نمونەکانی (پ)دا، لاگری (ەکە) وێڕای دەربڕینی واتای دیاریکردن، واتای شانازی و ناسک و نازداری دەبەخشێت .

ت- بچووککردنەوە

ت/1- عەلی> {عەلە} جوان دانیشە.

ت/2-مستەفا> {مچە} تۆ هەر قسە مەکە.

ت/3- فەتاح> {فەتە} هەر نازانێت قسەبکات.

له نمونەکانی (ت) دا ئەم لاگرە لەگەڵ ئەوەی واتای دیاریکردنی بینیوە، واتای بچوککردنەوە و سوکایەتیشی بەخشیوەتە وشەکان.

ج- بەرزکردنەوەی چڕێتی پلەی ئاوەڵناو

ج/1- جوان> جوان {ە}

ج/2- جوان> گوڵە جوان{ەکە}! هات.

ج/3- جوان> جوان{ەکە}!هات.

له نموونەکانی(ج)دا، ئەم پاشگرە چوەتە سەر ئاوەڵناو و چڕێتی پلەی ئاوەڵناوەکەی بەرزکردۆتەوە.

کەواتە پاشگری (ەکە )، خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە، وەك له نموونەکاندا ئەوەمان چەسپاند، بە هۆی ئەو واتا جیاوازانەوە له مەودایەکی فراوانتردا پێکەوە پەیوەستن، دەتوانین هەموو ئەو واتایانە وەك (خێزانێکی هاوشێوە) تەماشا بکەین. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (ەکە) بڕوانە: (کاروان عومەر:2012: 89-90)، ( ئەورەحمانی حاجی مارف:2001: 188)، (کامل بصیر:1986: 3-12)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:2005: 7-10)، (شیلان عومەر:2012: 48).

## 10/3 ) سەرسوڕمان

له ژێر ئەم ناونیشانەدا و له ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردنەوە، بە پێی بنچینەی وێنەی ئاوەزی جۆری قەبارە، تیشك دەخەینە سەر حاڵەتی سەرسوڕمان، وشەی سەرسوڕمانی (چ، چەند، چەندێك) دەکەینە دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە پێی دەگوترێت سەرسوڕمان. له ڕێزمانی باودا، دەربڕینەکانی سەرسوڕمان "بەو بەشە گوتنە هەستدارانە دەوترێن، کە بە گشتی دروستەی ڕێزمان تیایان دا ناتەواوە و بە ئاوازێکی تایبەت دەردەبڕد رێن"(کریستاڵ :2008:

177)له (فرزانه تاج ابادی :1392: 3)، كەواتە سەرسوڕمان بریتیی‌ە لە دەربڕینێك كە هەستی قسەکەر بەیاندەکات، یان ڕستەیەك واقیعێکی هەست ئامێز پیشاندەدات . ئەو هەستەی ، کە دەربڕینێکی سەرسوڕمان دەریدەبڕێت بریتیی ە لە (پەشێوی، ئازار، خەمخواردن، هەستی خۆشی ....هتد ). ابوالقاسمی (10375: 126-127) باوەڕی وایە کە ڕستەی سەرسوڕمان لە ڕووی داڕشتنەوە سادەیە، وشەی سەرسوڕمانی(چ، چەند، چەندێك)، وەك ئاوەڵکردار، جێناو، ئاوەڵناو ) خۆی دەنوێنێت.

( Elliott: 2000، Grimshaw: 1974،2003، Lambrecht & Michaelis: 1979، Zanuttini & Portner, : 1996 ) له (فرزانه تاج ابادی:1391)، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەم بارەیەوە سێ تایبەتمەندی بۆ ڕستەی سەرسوڕمان دیاریدەکەن:

ا- بوونی هەستی سەرسوڕمان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو . — وای گۆران چەند قەڵەو بووە! ڕستەکە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە قسەکەر چاوەڕێی ئەوەی نەکردووە، کە گۆران هێندە قەڵەو بێت.

ب- ڕستەی سەرسوڕمان کاتێك دروستدەبێت، کە گوزارەی ڕستەکە ڕاستەقینە بێت و هەستی سەرسوڕمانی تێدا بێت؛ گوزارەکە و هەستەکە لەگەڵ فۆرمی ڕستەکەدا پەیکاڵ بێت. بوونی مەرجی ڕاستی لە خودی کردارەکەدا دەبێتە هۆی سەر سوڕمان؛ ئەو گوزارەیەی کە لە هەناوی ڕستەکەدایە پێویستە ڕاست بێت، ئەمەش بە هۆی کردارێکی تەواوەوە دەردەبڕدرێت. بوونی کرداری وەك (وادەزانم، لەوانەیە، نازانم....) نابنە هۆی دروستبوونی هەستی سەرسوڕمان لە ڕستەکەدا، هەروەها بۆ دروستبوونی سەرسوڕمانەکە، پێویستمان بە کەسی یەکەم و کاتی ئێستا دەبێت.

ا- گۆران دەزانێت، کە ئەوان چ خەڵکێکی پەست و زەبوونن!

ب- ×گۆران لە منی پرسی، کە ئەوان چ خەڵکێکی پەست و زەبوونن!

پ- ×من نازانم، کە ئەوان چ خەڵکێکی پەست و زەبوونن!

له ڕستەی (1)دا، گوزارەی ڕستەکە هەستی سەرسوڕمانی تێدایە، پەستی و زەبوونی خەڵکەکە ڕێژەی ستانداردی تێپەڕاندووە، بەلاّم له ڕستەی (ب، پ)دا بە هۆی بوونی جێناوی (من، کاتی ئێستا، نازانم) هەستی سەرسوڕمان هەست پێناکەین.

3- ئاماژەی پله بەندی scalar implicatare

لەگەڵ دەربڕینه زمانییەکاندا، که تایبەتن بە سەرسوڕمان، پەیبردن بە شتێك بە شێوەیەکی تایبەت و سەرسوڕهێنەر لای قسەکەر بەرجەسته دەبێت، ڕستەکانی سەرسوڕمان ئەو پەیپێبردنه بەیاندەکەن" ئەم بەیانکردنه خاوەن پله بەندیەکی نمرەییه"(Milner:1987) له(فرزانه تاج ابادی:1392: 7). مەبەست له پله بەندی نمرەیی ئەوەیه که له ئاوەزی تاکدا پلەیەکی ستاندارد هەیه، بۆنمونه (کێشی لەش) درێژی باڵا-100 = کێشێکی ستاندارد بۆ لەش، ئەگەر لەو ڕێژەیه زیاتر بوو ئەوە قەڵەوە، ئەگەر کەمتر بوو لاوازە. قەڵەوییەکەش پلەی خۆی هەیه ( قەڵەو> تا ڕادەیەك ئاسای، زۆر قەڵەو، زۆر زۆر قەڵەو ...)، که دەڵێین (گۆران چەند قەڵەوە!) ئەم ڕستەیه تایبەتمەندی قەڵەوی گۆران له بەرزترین پلەدا دەخاتە ڕوو. ڕستەکانی سەرسوڕمان خاوەن ئاماژەیەکی ڕێلێکەوتن له سەر کراوی پله دارن، ئاماژەکه له ئاوەزدا لێکدەدرێتەوە، پلەکەی له پلەی ستاندارد بەرزترە، ئەم پلەیه له ئاوەزدا لێکدەدرێتەوە؛ کاتێك زانیاریەکە بەراوردی زانیارییه ئاساییەکان دەکرێت، که له وێنەی ئاوەزی ناو مێشکی مرۆڤدایه، ئاماژەکە پلەیەکی بەرزتری هەیه لەو، بەپێی زانیارییەکانی ئەو مرۆڤە، بۆیه لەوێدا سەرسوڕمانەکە دروستدەبێت، نەك بەهۆی دەربڕینەکانەوە، کاری دەربڕینەکانی سەرسوڕمان، تەنها گوێزانەوەی ئەو هەستانەیه، که به پێی ئاوەزی ئەو کەسە جێگای تێڕامانە، له ڕێگەی پەیپێبردنەوە درکیپێکردووە. کەواتە لێکدانەوەی ئاماژەکه و بوونی مەرجی ڕاستی له ڕستەکەدا، پلەیەکی نائاسای له ڕێژەکەدا تۆمار دەکەن، دەبێته هۆی دروستبوونی هەستی سەرسوڕمان. ئەم واقعەی ناوەرۆکی ڕستەکە جێگای سەرنجە، نەك فۆرمی ڕستەکە، ڕستەکە تەنها ئەو ناوەرۆکە دەگوازێتەوە، که له ئاوەزدا دروستبووە. لێرەوە دوو ئەنجام دەکەوێتەوە، که دەیسەلمێنن ئەمە ڕستەیەکی سەرسوڕمانە و هەڵگری ئاماژەی وەك ( سەرسوڕمان، حەیرانی ...) ه و هەرگیز ناتوانێت نەرێنی بێت؛ ئەنجامی یەکەم ئەوەیه، ڕستەکانی سەرسوڕمان ئاماژەی سەرسوڕمانایان له دیوی قوڵدا هەڵگرتووە و ناتوانرێت نەرێ بکرێن، ئەوە رستەی سەرسوڕمان نییه که بڵێین ( ×گۆران چەند قەڵەو

نییە.). (بلقیس روشن)(1392: 172) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کاتێك ڕستەیەك نەرێ دەکرێت ، واتە زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، بەڵام ڕستەی سەرسوڕمان بۆ دەربڕینی زانیارییەکە، کە لای قسەکەر نائاسایییە و گوێگریش زانیاری لەسەری نییە. دووەم ئەنجام ئەوەیە، کە ناتوانرێت ئاماژەی پلەدار بخەینە سەر شێوازی پرسیار. بۆ نمونە ناتوانین بڵێین (×ئایا ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە گۆران چەند قەڵەوە.).

4- پەیوەندیی پرسیار و وەڵام

ئەگەر چی ڕستەکانی سەر سوڕمان بەهۆی وشە پرسەکانی وەك (چەند) دەوی دەرەوەیان

فۆرمێکی پرسیاری دەنوێنێت، ئەمە بەو واتایە نییە، کە ڕستەیەکی پرسیاری بێت، چونکە ڕستەکانی سەرسوڕمان پێویستیان بە وەڵامدانەوە نییە، بە پێچەوانەی ڕستەی پرس کە هەموو کات پێویستی بە وەڵامە، ئەمە تاکە جیاوازی سەرەلکیی نێوان ڕستەی سەرسوڕمان و ڕستەی پرسیارییە، ڕستەی سەر سوڕمان لەبەر ئەوەی دەربڕی هەستێکی نێو ناخی مرۆڤە و بەس"ناتوانێت لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا دەرببڕدرێت"(2000:zanuttini and portner ) لە (فرزانە:1392: 8) . شێوازی دەربڕینی پرسیار و وەڵام دوانەیەکی پێکەوە هاتوون، کە تەنها لە ڕستەی پرسیاریدا هەیە. ڕستەی سەرسوڕمان بەوە لە ڕستەی هەواڵی جیادەکرێتەوە، کە هەستێکی تێدایە، ئەو هەستە ڕێژەی ستانداربوونی هەواڵی ئاسایی تێپەڕاندووە و پلەکەی ئاسایی نییە، لە کاتێکدا ڕستەی هەواڵی ئاماژە بۆ ڕوداوێکی ئەرێنی یان نەرێنی دەکات و ڕێژەکەی پلەیەکی ئاساییە.

1/ا- باڵای چەندە؟ (چەندە باڵای؟)

1/ب- یەك مەتر و هەشتا سانتیمەتر.

2/ا- چەند (باڵا)ی بەرزە!

2/ب- ×یەك مەتر و هەشتا سانتیمەتر./ئەو لە ڕاستیدا باڵای بەرزە!/لە ڕاستیدا!/نا ئەوندە نابێت.

له نمونەی (1/ا)دا، پرسیارەکە کۆمەڵێك پرسیاری گریمانکراو لەخۆدەگرێت؛ لەبەر ئەوە وەڵامی (1/ب) یەکێکە لەو وەڵامانەی پرسیارە گریمانکراوەکان و دەبێتە وەڵامی (1/ا)، بەڵام لە نمونەی (2/ا)دا وەڵامی (2/ب) ڕازیبوون یان ڕازینەبوون ڕوندەکاتەوە.

3- بالاّی چەندە؟ یەك مەتر و حەفتا، یان یەك مەتر وهەشتا سانتیمەتر؟

4- بالاّی چەند بەرزە! ×یەك مەتر و حەفتا، یان یەك مەتر وهەشتا سانتیمەتر؟

لەبەر ئەوەی وەڵامی پرسیاری(3) کۆمەڵێك وەڵامی گریمانکراو لە ئاوەزی گوێگردا گریماندەکات، لە ناو ئەو گریمانەشدا دوو وەڵام هەڵبژێردراوە، ئەوە دەسەلێنن، کە ڕستەی (1) پرسیارییە. کەواتە

دەربارەی جیاوازی نێوان ڕستەی سەر سوڕمان و ڕستەی پرسیاری دەڵێین، "ناتوانین بۆ وەڵامدانەوەی ڕستەی پرسیاری سود لە ڕستەی سەر سوڕمان ببینین" ( grimshaw:1979:321 )؛ واتە ناکرێت بە ڕستەی سەر سوڕمان وەڵامی ڕستەی پرسیاری بدەینەوە.

5- بالاّی کوڕەکەی گۆران چەندە؟

وەڵام: ×چەند بالاّی بەرزە!

پرسیاری (5)، پێویستی بە وەڵامێکە، کە پلەیەك بۆ بالاّی کوڕەکەی گۆران دابنێت، کەواتە ڕستەی سەرسوڕمانی (ب)، بۆ ڕستەی (5)، وەڵامی گونجاو نییە، بەڵام دەکرێت "ڕستەکانی سەر سوڕمان ببنە وەڵامی پرسیارە بەڵێ و نەخێرەکان yes/no question" (Mccawley:1973) لە (فرزانە:8:1392) . بۆ نمونە:

6 -کوڕەکەی گۆران بالاّی بەرزە؟

7 -وەڵام: زۆر بەرزە!/بەڵێ بەرزە، زۆریش بەرزە!

### 1-10/3 ) جۆرەکانی ڕستەی سەر سوڕمان

1 - ڕستەی سەرسوڕمانی هەواڵئامێز: لەم جۆرەدا قسەکەر سود لە ڕستەی هەواڵی وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی هەستی سەرسوڕمان.

- بەڕاستی جوانە!

- زۆر جوان ساز دەژەنێت!
- هەرا و هەلآیەکە ، کاکە/برا!

2- ڕستەی سەرسوڕمانی پرسیار ئامێز: لە دەربڕینەکانی زمانی کوردیدا هەندێکجار وشە پرسەکانی وەك (چ، چەند، چەندێك) لە بری دەربڕینی پرسیار، سەرسوڕمان دەردەبڕن، لەم حاڵەتەدا جیاکردنەوەیان بەوە دەبێت، کە کاتێك ئەم وشەیە دێت دیوی ناوەوەی ڕستەکەLF، هەستی سەرسوڕمانی لە خۆ گرتبێت، بۆیە گوێگر درك بەوە دەکات، کە ئەم ڕستەیە پیشاندانی هەستی سەرسوڕمانە، نەك بۆ دەستخستنی زانیاری بێت لە ڕێگەی ڕستەی پرسیاریەوە. لێرەدا ئاوەزی مرۆڤ ڕۆڵی تەواوی بۆ لێکدانەوە هەیە. هەندێك هۆکاری دیکەش کاریگەریان هەیە لە لێکدانەوەکەدا، کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، وەك ئاوازە؛ لە ڕستەی پرسیاریدا پێویستمان بە بەرزترین ئاوازە هەیە، دواتر ڕستەی سەرسوڕمان، دوای ئەو ڕستەی داخوازی، لە ڕستەی هەواڵیدا ئاوازە بە ڕێکی/ئاسایی دەمێنێتەوە. بۆ زانیاریی دەربارەی ڕۆڵی ئاوازە بڕوانە(سۆران عبدالرحمن ئەحمەد:2014: 134).

بۆیە، هەم فۆرمی ڕستەکە و هەم ئاوازی دەربڕینی ڕستەکە، دواجار پێویستە لە ئاوەزدا درکبکرێن، لەگەڵ زانیاریی ناو وێنە ئاوەزییەکەی مێشکی مرۆڤدا، بەراورد بکرێن، بۆ خستنەڕووی ئەنجامێك.

## 2-10/3 ) لێکدانەوەی واتای ڕستەکانی سەرسوڕمان

وێنە ئاوەزییەکان لە لایەن ئەزموون و هەستەکانەوە دروستدەکرێن، لە هەموو وێنەیەکی ئاوەزیدا پلەیەکی ستاندارد هەیە، کە وەك حاڵەتێکی ئاسایی تەماشا دەکرێت، بەڵام بەرزبوونەوەی پلەی حاڵەتی شتەکان، یان نزمبوونەوەی، دۆخێکی نائاسایی دروستدەکات، بۆ نمونە لەشی مرۆڤ پلەیەکی گەرمیی جێگیری هەیە، ئەگەر ئەو پلەیە بەرزبووەوە، حاڵەت نائاساییە و دەگۆڕێت بۆ تا، کە نیشانەی نەخۆشییە. دەوترێت (پلەی گەرمی لەشی زۆر بەرزە !) ئەم گەرمایە هیچ کات بە ئەندازەی پلەی گەرمیی زۆپایەك بەرز نییە، کە لە پلەی ئاسایی خۆیدایە و بۆ گەرمکردنەوە بەکار دێت، مرۆڤ ئەمانە لە ڕێگەی ئەزموونەوە فێربووە، کە وەك زانیاری لە وێنە ئاوەزییەکەیدا هەڵیگرتووە، زانیاری دەربارەی گەرما و جۆرەکانی گەرما ....هتد تێدایە. بەهۆی بیستنەوە، دەنگی ئاسایی و بەرز و نزم درکپێدەکات، بەهۆی بەرکەوتنەوە ڕەقی و نەرمی و تیژی ...هتد جیادەکاتەوە، بەهۆی بۆنکردنەوە بۆنی خۆش و ناخۆش درکپێدەکات، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەکات بە ئەزموون و لە

شێوەی پەیکەرێکی زانیاریدا لە مێشکیدا هەڵیاندەگرێت، پاشان بە پێودانگی ئەو پەیکەرە زانیارییەی ناو مێشکی دەربارەی شتەکان، مامەڵە لەگەڵ جیهانی واقعدا دەکات. ئەگەر لە ڕوانگەی وێنە ئاوەزییەکانەوە، کە یەکێکە لەبنەماکانی سێمانتیکی درکپێکردن، بڕوانینە دیاردەی سەرسوڕمان، کەبە کەرەستە ڕێزمانییەکان دەردەبڕدرێن، پێویستە ئەوە بڵێین هەر کات مرۆڤ سەرسوڕمان بەرانبەر بە یەکێك لە شتەکان پیشاندەدات، پێویستە وایلێکبدەینەوە، کە بە پێی ئەو زانیاری و ئەزموونەی ناو وێنە ئاوەزیەکەی، پلەی ئاسایی/ستانداردی ئەو حاڵەتەی تێپەڕاندووە.

ئەگەر ئاوەزییانە بڕوانینە وشەی پرسی(چەند، چ، چەند، چی) هەڵگری ئەو واتایانەن، کە پلەی ئاسایی حاڵەتی قەبارەکانیان تێپەڕاندووە، بەمەش دەتوانین لە جۆری وێنەی ئاوەزی قەبارەییدا پۆلێنی بکەین، لەم جۆرەدا مرۆڤ بەهۆی قەبارە فیزیکییەکانەوە ئەزموونێکی بۆ دروستدەبێت، ئەم ئەزموونە بۆ شتە نافیزیکییەکانیش بەکار دەهێنێت، ئەگەر فێری قەبارەی فیزیکی ژوورێك بووین، ئەو کات قەبارەی خەیاڵێك، قەبارەی خۆشییەك، قەبارەی کێشەیەك...هتد، کە نافیزیکیەیە درکپێکەین.(بڕوانە بەشی دووەم: **2/3-3-2-1**). لەبەر ئەوەی وشەی پرسی (چەند، چ، چەند، چی) لەگەڵ تەکخراوەکانیدا "واتای ئاوەڵکردار، ئاوەڵناو، جێناو دەگەیەنن"(فرزانە:1392: 4) ئەوا ئەو ئاوەڵکردار، ئاوەڵناو، جێناوانە قەبارەی ستانداردی خۆیان تێپەڕاندووە، ئەم تێپەڕاندنەش بووەتە هۆی دروسبوونی هەستی سەرسوڕمان. بۆ نمونە:

1- چ بێعەقڵانە ڕەفتار دەکات ! (ئاوەڵکردار)

2- چ ڕفتارێکی بێعەقڵانە بوو ! (ئاوەڵناو)

3- چی کرد و چی وت ! (جێناو)

هەموو مرۆڤێك کردارەکان بە شێوەی ئاسایی جێبەجێ دەکات. لە (1) دا، پلەی ئاسایی کردنی ڕەفتارەکە لە قەبارەی خۆی چووەتە دەرەوە و بووەتە هۆی سەرسوڕمانی قسەکەر، لێرەدا جەخت لەسەر شێوازی ئەنجامدانی کردارەکەیە. لە (2)، دا خودی ڕەفتارەکە سنوری ئاسایی بەزاندووە و وەك ڕەفتارێکی نامۆ لە ئاوەزی قسەکەردا لێکدەدرێتەوە. لە (3) دا کەسەکە خۆی لە پلەی ئاسایی تێپەڕیوە و بووەتە جێگای سەرسوڕمان.

هەندێك لە لێکۆڵەران (castrorijo Mir:2006, Rett:2008, Villalba:2003) لە ( سەرچاوەی پێشوو) جەخت لەسەر پلەبەندی لە ڕستەکانی سەرسوڕمانی پرسیارئامێز دەکەنەوە و دوو تایبەتمەندیی ئەم جۆرە ڕستەیە دەستنیشان دەکەن، ئەم دوو تایبەتمەندییە، ڕستەی سەرسوڕمانی هەواڵئامێز ناگرنەوە:

**ا- سنوربەندیی پلەیی/نمرەیی degree restriction :**

**ب- سنوربەندی خەملاَندن eraluatrie restriction**

کەواتە ڕستەکە هەم پلە دەدات بە قەبارەی ئەو شتە کە مایەی سەرسوڕمانە، هەم خەملاَندنی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی بزانرێت، پلەی ستانداردی تێپەڕاندووە، یان نا. لە ڕستەی سەرسوڕمانی هەواڵئامێزدا پێویستە ناوەڕۆکەکە بەرجەستە ببێت، قسەکەر لەو ناوەڕۆکە سەری سوڕبمێنێت، واتە لە گوزارەی ڕستەکەدا ئاماژەی سەرسوڕمانی تێدا بێت. کەواتە جیاوازییان ئەوەیە، کە ڕستەی سەر سوڕمانی هەواڵئامێز کاردانەوەیەکی گوزارەیی هەیە، بەلاَم ڕستەی سەر سوڕمانی پرسیارئامێز پلە دارە. هەردووکیان خالَێکی لێکچووشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە خاوەن هەمان نرخن؛ هەردووکیان سەرسوڕمان پیشاندەدەن.

- گۆران بە شەش زمان قسەدەکات ! > ڕستەی سەرسوڕمانی هەواڵئامێز .
- چ زمانگەلێکن گۆران قسەیان پێدەکات ! > ڕستەی سەرسوڕمانی پرسیارئامێز .

سەبارەت بە سنوربەندی لە ڕستەی (2) دا باسی بڕ و چەندایەتییە، (چ) واتایەکی ڕێژەیی لێهەلَدەهێنجرێت، بۆ کەسێك کە ئەو هەموو زمانە بزانێت ئاسایی نییە، قەبارەی توانای گۆران، پلەی ستانداردی تێپەڕاندووە و ڕێژەکەی لە ئاستی ئاسایی بەرزترە. سەبارەت بە سنوربەندیی خەملاَندن، گریمان هاوڕێکەی تۆ و هاوسەرەکەی بالاَیان کورتە، چاوەڕێدەکرێت، منداڵەکەیان کورتە بالاَ دەربچێت، بالاَی منداڵەکە بە سەدوبیست سانتیمەتر دەخەملێنین، بەلاَم کاتێك منداڵەکە دەبینیت بالاَی سەدوپەنجا سانتیمەترە، لەم کاتەدا ناتوانیت بلێیت ( وای چ کوڕێکی بالاَ بەرزە !)، چونکە ئەو منداڵە لە جیهانی واقعدا بالاَی بەرز نییە، لە وێنەی ئاوەزیماندا ئەو زانیارییە هەیە، کە (150سم)

لە خوار پلەی ئاسایی باڵای مرۆڤێکی ئاساییەوەیە، ئەگەر ( 150سم) یش بە ئاسایی دابنێین، هێشتا ناگاتە پلەیەك، کە جێگای سەرسوڕمانبێت. بۆیە هەرکاتێك شتێك دەخەملێنین، پێویستە لەگەڵ ئەزموون و زانیارییەکانمان، کە لە وێنەی ئاوەزیماندایە، بەراوردی بکەین ئەوکاتە خەملاندنی بۆ دەکەین و بڕیار دەدەین، کە ئەو باڵایە کورتە یان ئاساییە یان بەرزە. لە ئاوەزی تاکی کۆمەڵگەی ئێمەدا درێژی باڵا ئەگەر لە (190سم )یان( 2م )بەرزتر بوو ئەوە جێگەی سەرسوڕمانە و بە ڕستەیەکی سەرسوڕمانی وەك، (ئەك چەند باڵای بەرزە !) دەردەبڕدرێت، یان ئەگەر ڕستەیەکی لەو شێوەیەمان بەرگوێکەوت، ئەوا دوای پرۆسەی خەملاندن بە پێی زانیارییەکانی وێنەی ئاوەزی، درك بەوە دەکەین، کە ئەو مرۆڤە باڵای لە ئاستی ئاسایی بەرزترە.

# ئەنجام

## ئەنجام

واتا خاوەن پانتاییەكی فراونە، ئەم فراوانییە وا لە توێژەران دەكات ڕوانگەیەك بۆ لێكۆڵینەوەكانیان دەستنیشان بكەن. لێكدانەوەی واتا بەپێی سیمانتیكی دركپێردن چەند ئەنجامێك دەستەبەر دەكات، هەندێك لەو ئەنجامانە بریتین لە:

1- لێدانەوەی واتا و ڕێكخستنی پۆلێنكردنی جۆرەكانی، لە بنەڕەتدا بریتین لە (واتای فەلسەفی، واتای هۆشەكی، واتای زمانەوانی/فەرهەنگی)، هەر یەك لەم جۆرانە بوونەتە بنەمای چەند تیۆرێكی زمانەوانی، هەریەكێك لەو تیۆرانەش داهێنەرێكی هەیە و دواتر گەشەی كردووە.

2- تیۆری دركپێكردن لە بنەڕەتدا تیۆرێكی دەرونییە و لە لایەن زانایانی دەرونییەوە داهێنراوە، پاشان ئەم تیۆرە دەروونییە گواستراوەتەوە ناو زمانەوانی و بەو پێیە زمانی پێلێكدراوەتەوە، لە بواری زمانەوانیدا كۆمەڵێك داهێنانی گەورەی تێدا كراوە، وەك سیمانتیكی دركپێكردن وبنەماكانی.

3- سیمانتیكی دركپێكردن وەك پێڕەوێكی نوێی زمانەوانی خاوەن وەچە تیۆری سیمانتیكی دركپێردنە، سیمانتیكی دركپێردنیش لە كۆمەڵێك بنەمای گرنگ پێكهاتووە، كە ئاوەز و هەست و دەرون و ئەزموونی مرۆڤ دەكاتە سەرچاوە بۆ لێدانەوەی واتا.

4- دروستە چەمكیەكان هۆكاری هاتنە ناوەوەی فۆرمە زمانیەكانن، لە وێنەی ئاوەزی ناو مێشكەوە سەرچاوە دەگرن، دیاریكردنی نمونەی بنچینەیی هەر پۆلێك بە پێی ئاوەز، واتایی یەكەمی فۆرمەكەیە و دواتر توێكڵە واتاكانی بە پێی پلەی دەركەوتنیان لە تۆڕێكی سیمانتیكیدا كۆ دەبنەوە و پێكەوە پەیوەستن، ئەگەر چی لە واتای بنچینەیی خۆشیان بترازێنرێن.

5- دەوڵەمەندی واتایی بەشە ئاخاوتنەكانی زمانی كوردی ئاشكراتر دەبن، كاتێك بە پێی بنەماكانی سیمانتیكی دركپێكردن لێكدەدرێنەوە، (كردار) وەك بەشە ئاخاوتنێكی سەرەكی، خاوەن چەندین ڕەگەزی گرنگی واتایی وەك جوڵە و هۆكار و زەمینە و ئاراستە و ڕەگەزی بەرجەستەیە، كەئاوەزیانە لە كردارەكاندا هەندێك لەم چەمكانە تێهەڵكێش كراون، پاشان بنەمای خێزانی هاوشێوە دەیسەلێنێت، كە پریپۆزشنەكان چ

ڕۆلێکی واتاییان هەیە، چەندین چەمکی گرنگ و واتای جۆربەجۆری فیزیکی و نافیزیکی و دەروونی و کۆمەلآیەتی و ...هتد لە فۆرمە زمانیەکانی زمانی کوردیدا ئاشکرا دەبن کاتێك، بە تۆڕی واتایی سێمانتیکی لێکدەدرێنەوە . بۆیە دەتوانین بلێین سیمانتیکی درکپێکردن پێڕەوێکی گونجاوە بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕینەکانی زمانی کوردی، لەو ڕێگەیەوە دەتوانین باشتر دەوڵەمەندیی ئاوەز، ئەزموون و لایەنی دەروونی قسەپێکەرانی زمانی کوردی بخەینە ڕوو.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

## ا/کتێب:

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2001)، ڕێزمانی کوردی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ژمارە و ئاوەڵکردار، کردار)، کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەیان لە یەك کتێبدا، ئۆفیسێ تیشك، سلێمانی.

2- ئاڤێستا کەمال مەحموود (2012، پرۆسە سایکۆ لۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا- سلێمانی.

3- تالیب حوسێن عەلی (2011)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

4- پ. هـ. د . ویدۆرسن (2008)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، و: هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆك.

5- حاتەم ولیا محەمەد، (2009) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسیەکان، دەزگای موکریانی – هەولێر.

6- ڕەفیق محەمەد شوانی (2003)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

7- سەلام ناوخۆش (2014)، فەرهەنگی زمانەوانی ناو خۆش، چاپخانەی هێڤی –باشوری کوردستان.

8- شهاب شیخ طیب (2014)، دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی نارین – هەولێر.

9- شیلان عومەر (2012)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ – سلێمانی.

10- عبدالواحد موشیر دزەیی، (2014)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر – هەولێر.

11- عبدالواحد موشیر دزەیی (2014)، زمانەوانی دەرونیی، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

12- ________ (2011)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین- هەولێر.

13- ________ (2009)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- هەولێر.

14- ________ (2011)، زانستی پراگمانتیك، چاپخانەی پاك - هەولێر.

15- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی – سلێمانی.

16- عبدالله ئیبراهیمی (2012)، کاوە فەرهەنگی فارسی – کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

17- فاروق عومەر سدیق (2011)، لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان – سلێمانی.

18- کاروان عومەر قادر (2012)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی- سلێمانی.

19- کوڵدرجمان ، ڕمۆ لۆبلان (2006)، واتاسازی، و: یوسف شریف، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

20- کۆمەڵێك زمانەوان (2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەمەدی مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی – سلێمانی.

21- محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد (2004)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر،سلێمانی.

22- محەمەد مەحویی و کاروان عومەر قارد و شیلان عومەر حسێن (2010)، دروستەی کردار بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی.

23- محەمەد مەحوی (2006)، ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەرۆك - وابەستە، زانکۆی سلێمانیی.

24- ـــــــــــــ، (2001)، ڕستە سازی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

25- ـــــــــــــ (2009)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەنی پەیوەند، سلێمانی.

26ـــــــــــــ (2009)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم، چاپخانەنی پەیوەند، سلێمانی.

27- ـــــــــــــ (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

28- محمد معروف فتاح (1990)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاّحەدین – هەولێر.

29- نووری عەلی ئەمین (2013)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی شەهاب – هەولێر.

20- هەژار (1388)، فرهنگ کردی – فارسی، سروش، تهران.

31- وریا عومەر ئەمین (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ئاراس – هەولێر.

## ب- نامەی زانکۆیی بلاَونەکراوە:

1- ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆ سینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

2- بەشدار محەمەد ئیبراهیم (2014)، واتاسازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3- تارا موحسن قادر (2011)، زمانی کوردی و مینیمالٌ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4- تریفە عومەر ئەحمەد (2013)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکدا چوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

5- حاتەم ولیا محەمەد (2009)، پەیوەندییە ڕۆنانیەکانی نواندنە سینتاکسەکان، دەزگای توێژینەوە و بلاَوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

6- سۆران عبدولڕەحمان حەمەد (2014)، ڕۆلی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

7- شێروان حسین محەمەد (2014)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

8- فەرهاد تۆفیق حەسەن (2015)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

9- ــــــــــــــــ (2010)، پەیوەندییە سیمانتیکیەکان و هەندێك بواری واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

10- گۆنا عومەر عبداللە (2013)، دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

11- مستەفا ڕەزا مستەفا (2013)، ناوی ئەبستراکت و پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی ئەبستراکت لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

12- هۆگر مەحمود فەرەج، (2000)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

13- ـــــــــــــــــ (1993)، بواره واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

14- هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم (2014)، مۆرفۆ پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## پ- گۆڤار:

1- ئاڤێستا کەمال مەحمود (2014)، ئاوەزداری و درککردنی زمانی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (45).

2- بەکر عومەر عەلی – محەمەد عومەر عەول (2010)، ئاواز و پراگماتیك لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (28).

3- ساجدە عبداللە فرهادی (2002)، پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (9).

4- سەلام ناوخۆش (2007)، ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان(پوختەیەك لە بارەی پێوەندییە واتاییەکان)، گۆڤاری ڕامان، هەولێر، ژمارە (120).

5- فاروق عومەر سدیق (2013)، جێبەنجەی فرێزی بە لێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (43).

6- فتاح مامە (2004)، تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (13).

7- کاروان عومەر قادر (2012)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (34).

8- لیژنەی زمان و زانستەکان (1978)، پێشگری بەر، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا.

9- محمود فتح الله احمد (2008)، واگەیاندن لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، سلێمانی، ژمارە (24).

## ت- وانەی خوێندنی باڵا

فاروق عومەر سدیق (2013-2014)، وانەی خوێندنی باڵا، کۆلێژی زمانن زانکۆی سلێمانی.

## ح- چاوپێکەوتن:

د. شیلان عومەر حسەین(2015/1/4)، زانکۆی سلێمانی.

## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

### ا- کتێب:


1 - ابراهیم چگنی (1384)، فرهنگ توصیفی اموزش زبان و زبانشناسی کاربردی، راهنما – تهران.

2 - ابوالقاسمی، محسن (1375)، دستور تاریخی زبان فارسی، سمت، تهران.

3 - بلقیس روشن، لیلا اردبیلی (1392)، مقدمه‌ای بر معنی شناسی شناختی، چاپ اول، نشر علمی – تهران.

4 - جان لایز (1385)، مقدمه‌ای بر معنا شناسی زبان شناختی، چاپ دوم، مترجم: حسین واله، چاپ: غزال – تهران.

5 - جورج یول (1389)، بررسی زبان، مترجم: علی بهرامی، راهنما –تهران.

6 - ــــــــ (1392)، نگاهی به زبان ( یك بررسی زبان شناختی)، مترجم: نسرین حیدری، چاپ یازدهم، چاپ و صحافی نگین – تهران.

7 - حمید رضا شعیری ( 1381)، مبانی معنا شناسی نوین، چاپ دوم، چاپ و صحافی: مهر – قم.

8 - حسن عمید (1375)، فرهنگ فارسی عمید، موئسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

9 - دیرك گیررتس (1393)، نظریة‌های معنی شناسی واژگانی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ اول، چاپ: مهارت – تهران.

10 - گرور هادسن (1382)، مباحث ضروری و بنیادین زبانشناسی مقدماتی (چروریات زبان شناسی مقدماتی)، مترجم: علی بهرامی، رهنما – تهران.

11 - غلامحسین کریمی دوستان – رویا ازادفر (1391)، فرهنگ توصیفی معنی شناسی، انتشارات باور عدالت – تهران.

12 - فائقه شاه حسینی (1392)، زباشناسی همگانی، چاپ اول، انتشارات پوران پژوهش – تهران.

13 فرانك ر. پالمر ( 1385)، نگاهی تازه به معنی شناسی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ چهارم، نشر مرکز – تهران.

14 - فردینان دوسوسور (1392)، دوره زبان شناسی عمومی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ چهارم، چاپ و صحافی معراج – تهران.

15 - محمد معین (1387)، فرهنگ فارسی (معین)، رهنما، تهران.

16 - کورش صفوی (1392)، درامدی بر معنی شناسی، چاپ پنجم، چاپ و صحافی: واژه پرداز اندیشه: چاپ اندیشه – تهران.

17 - ــــــــــــــ (1392)، معنی شناسی کاربردی، چاپ دوم، چاپ و صحافی: همشهری –تهران.

18 - ــــــــــــــ (1391)، نوشتههای پراکنده (دفتر اول) معنی شناسی، نشر علمی – تهران.

19 - محمد رضا باطنی ( 1390)، زبان و تفکر (مجموعه مقالات زبان شناسی)، چاپ دهم، نشر اگه – تهران.

20 - نوام چامسکی (1392)، زبان و ژهن، ترجمه: کورش صفوی، چاپ ششم، انتشارات هرمس، چاپ و صحافی: خجستگان – تهران.

21 - ویکتوریا فرامکین، رابرت رادمن، نینا هیامز (1387)، مترجم: علی بهرامی، سهیلا ضیاءالدین، چاپ اول، چاپخانه گوهر اندیشه، تهران.

22 - ویلیام اگریدی، مایکل دابروو لسکی، مارك ارنف (1388)، درامدی بر زبانشناسی معاصر، ترجمه: علی درزی، چاپ و صحافی مهر – قم.

23 - ویلیام جی. لایکن (1392)، درامدی به فلسفه زبان، ترجمه: میثم محمدامینی، چاپ دوم، چاپ و صحافی چاپ معاصر ، انتشارات هرمز- تهران.

24 - ــــــــــــــ (1391)، درامدی تازه بر فلسفه زبان، مترجم: کورش صفوی، نشر علمی – تهران.

## ب- نامەی زانكۆیی بلاۆنەكراوە:

1- ازیتا افراشی (1381)، معنی شناسی بازتابی: فرضیه های تازة در شناخت تبین معنی، پایاننامەی دكتۆری زبانشناسی، دانشگاه علامه طباطبای، تهران.

2- ساخر جهانشاهی (1392)، بررسی ساخت واژه در منظومة خسر و شیرین نظام گنجوی، پایاننامەی ارشد، دانشكده زبانهای خارجی-گروه زبانشناسی، دانشگاه ازاد اسلامی – تهران.

3- ندا ازكیا ( 1391)، حركت در زبان فارسی: دیدگاه شناختی و ردەشناختی، پایاننامەی دكتۆری زبانشناسی، دانشگاه ازاد اسلامی واحد علوم و تحقیقات، تهران

## پ- گۆڤار:

1- زهرا چراغی (1392)، گبقه بندی افعال زبان فارسی بر اساس ساخت رویداد نمودی، پژوهشهای زبانی، شماره (2).

2- علیرضا قائمی نیا (1387)، شبكەهای شعاعی در معناشناسی قران، مجله ذهن، تهران، شماره (38).

3- فرزانه تاج ابادی، ارسلان گلفام، بهروز محمود بختیاری (1392)، ساخت های تعجبی در زبان فارسی، فصلنامه جستارهای زبانی، تهران، شماره (15).

4- كورش صفوى (1380)، نگاهى تازه به مسئله چند معنايى واژگانى، نشريه: نامه فرهنگستان، تهران، دوره (5) شماره (2).

4- كيوان زاهدى، عاطفه محمدى زيارتى (1390)، شبكه معنايى ح رف اچافه فارسى"از" در چهارچوب معنى شناسى شناختى، تهران، فصلنامه تازەهاى علوم شناختى، شماره (1).

5- ليلا صادقى (1391)، شناخت جهان متن رباعيات خيام بر اساس نگاشت نظام با رويكرد شعر شناسى شناختى، فصلنامه جستارهاى زبانى، تهران، شماره (175).

6- ليلى شريفى (1388)، رويكرد شناختى به يك فعل چند معناى فارسى، فصلنامه تازەهاى علوم شناختى، تهران، شماره (4).

7- محمد خانى (1382)، درامدى بر معنى شناسى، مصاحبه، فصلنامه كتاب ماه ادبيات و فلسفه، تهران، شماره (75، 76).

8- محمد راسخ مهند (1389)، بررسى معناى حروف اضافة مكانى فرهنگ سخن بر اساس معنى شناسى شناختى، مجله ادب پژوهى، رشت، شماره (14).

9- ________ (بلاَونەكراوە)، اصول و مفاهيم بنيادى زبانشناسى، بەشێكە لە كتێبێكى چاپنەكراوى توێژەر.

10- مريم مسگر خوى (1392)، بازنمود مسير در افعال حركت فارسى، دستور، ويژه نامه فرهنگستان، شماره (9).

## بە زمانى عەرەبى:

1- احمد مختار عمر (1998)، علم الدلالة، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، قاهرة.

2- ستيفن اولمان (1986)، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة: كمال محمد بشير، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب.

3- شاهر الحسن (2001)، علم الدلالة السيمانتيكيية والبراجماتية فى اللغة المعاصر، الطبعة الاولى، دارالفكر –عمان.

4- عبدالقادر ابوشريف، حسين لاى، داود عكاشة (1989)، علم الدلالة و المعجم العربى، الطبعة الاولى، دارالفكر.

5- كولدرجمان، ريموت ليلون (1997)، ترجمة: نور الهدى لوشن، منشورات جامعة قار يونس – بنغازى.

## بە زمانى ئنگليزى:

1- *Crystal, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. and Edition. Blackwell: Oxford.*
2- *Grimshaw, J. (1979). "Complement Selection and the Lexicon". Linguistic Inquiry.*
3- *James R.hurford, Brendan Heasley & Michael B.(1392), semantics a course book, تهران, چاپخانه نقره فام, چاپ سوم.*

4- JACKENDOFF,R(1990), *Semantic structure, MIT press Cambirdge, Massachusetts London, England.*
5- *Talmy, 2000a. toward a cognitive semantics: vol 1. Cambridge, MA: MIT Press.*
6- *___ , 2000b. toward a cognitive semantics: vol 2. Cambridge, MA: MI Press.*
7- *___ , Talmy, Leonard (1985) 'Force dynamics in language and thought', in W. Eilfort, P. COGNITIVE LINGUISTICS: AN INTRODUCTION n.*
8- *Kroeber and K. Peterson (eds), Papers from the Parasession on Causatives and Agentivity. Chicago: Chicago Linguistics Society, pp.*

# الملخص

## عنوان البحث (البنية الدلالية في اللغة الكوردية)

البحث يتضمن تفسير المعنى و تصنيف أنماطها من الاساس ، الانماط مثل النمط الفلسفي ، النمط العقلي ، النمط اللغوي / المعجمي . حددت البداية والنهاية لنمط المعنى ، وبعد ذلك عرضت النظريات التي تبلورت نتيجة لتلك الانماط . ويتضمن البحث رواد النظريات في المعنى . بدأت النظرية الادراكية (العرفنية) كنظرية في علم النفس ، وكان روادها من العلماء النفسانيين . وبعدها أستخدمت النظرية النفسية في حقل علم اللغة واللسانيات كنظرية لدراسة المعنى قي علم اللغة . تطورت النظرية في علم اللغة و نتج عنها حقل (علم الدلالة الادراكية/السيمنطيقية الادراكية).

علم الدلالة الادراكية كنظرية حديثة في علم اللغة له أطار دلالي لادراك المعنى. و تتضمن النظرية مجموعة من الاسس المهمة ، التي تنطلق م ن العقل و الاحاسيس و النفس والتجربة البشرية كمرجع لتفسير المعنى.

البنية المفهومية/المفاهيمية دافع و سببا لبلورة الاشكال اللغوية ، تتشكل صورة الاشكال اللغوية داخل المخ. تحديد نموذج اساسي لكل صنف من الاشكال اللغوية ؛ بحسب العقل البشري ، يعتبر المعنى الاولي و البدائي للشكل اللغوي و بعدها تتجمع المعاني الثانوية بحسب درجة ظهورها في الشبكة الدلالية . عندما يفسر المعنى في أقسام الكلام اللغة الكوردية حسب مبادى نظرية علم الدلالة الادراكية ، تظهر بوضوح كثرة المعاني وغناها . ولذلك يمكن استخدام علم الدلالة الادراكية كنظرية و منهج لتفسير التعابير و كلمات اللغة الكوردية ، وعبر نتائج الدراسات ضمن هذه النظرية نستطيع ان نعرض التجربة البشرية و الظواهر النفسية لمتكلمي اللغة الكوردية بشكل أفضل.

# Abstract

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM , RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM .

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM , WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM , WWW.KU.UEUO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM , RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM . WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM.

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM .

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM , WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM .

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM ,

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM -

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM -

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM ,

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM

WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM . WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM-
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM , WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM -
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM. WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM -
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM ,
WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM-

RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COMWWW.KU.UEUO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COMWWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COMWWW.KU.UEUO.COM
WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COMWWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM
RIBAZ_FONT@YAHOO.COM WWW.KU.UEUO.COM WWW.KU.UEUO.COM.